CFS

# ئایندەناسی

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات. ژمارە (٢٢) ساڵی پێنجەم، تشرینی یەکەم ٢٠٢٤

ئایندەناسیی سیاسی

پەرلەمانێک بۆ ئایندە؛ بچووکتر و کاراتر

مەرجەعیەتی باڵای نەجەف و قۆناغی پاش سیستانی بژاردە و سیناریۆکان

ڕێگای گەشەپێدان؛ پرۆژەیەکی کیشوەربڕ( پێگەی عێراق لە ئێستا و ئایندەی ڕێگاکەدا)

# ئایندەناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

ژمارە (٢٢) ساڵی پێنجەم، تشرینی یەکەم ٢٠٢٤

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: د.هەردی مەهدی میکە

بەڕێوەبەری نووسین: د.ئەژی ئازاد ئەبوبەکر

بۆردی ڕاوێژ

د. یوسف گۆران

د. ئومێد رفیق فتاح

د. عابد خالد رسول

هەڵەگر: باخان ئەحمەد

نەخشەساز: ڕەوشت محەمەد

شوێن: عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی K، نهۆمی G، شووقەی 4

Address: Iraq, Kurdistan, Slemani

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

SCAN ME

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. وەرزی جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەترێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان...تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەترێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەند پسپۆڕێتی (Multidisciplinary) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئامارییی.

هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.

# پێڕستی ناوەڕۆك


**سەروتار**

پەرلەمانێک بۆ ئاینده؛ بچووکتر و کاراتر ● ........................................................ د. هەردی مەهدی میکە ٤

**توێژینەوەی ناوخۆیی**

مەرجەعیەتی باڵای نەجەف و قۆناغی پاش سیستانی بژاردە و سیناریۆکان ● ......................... د. یاسین تەها ١٠

ڕێگای گەشەپێدان؛ پرۆژەیەکی کیشوەربڕ (پێگەی عێراق لە ئێستا و ئایندەی ڕێگاکەدا) ● کازم ئەحمەد سەدرەدین ٢٩

سیاسەتی ئاویی و ئایندەی ئاو لە سووریا ● ..................................... د. عەبدولموتەڵیب ڕەفعەت سەرحەت ٦١

پرسە هەڵواسراوەکانی چین؛ مافی مرۆڤ و ژینگە و ئایندەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی (عێراق بە نموونە)
● ........................................................................................................ د. سەلام عەبدولقادر عەبدولڕەحمان ٧٨

ڕێکارەکانی بەگژداچوونەوەی تاوانە ئەلکترۆنییەکان ● ........................................................ د.کارزان محەمەد ٩٣

بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنیکی ● ..................................................................................... پەیام محەمەد تاهیر ١٠٧

**توێژینەوەی وەرگێڕاو**

ئایندەناسیی سیاسی ● ..................... محەمەد ڕەحیمی عیوەزی| و. لە فارسییەوە: جوتیار نەریمان ١٣٣

پراکتیزەی دیکۆلۆنیالیزەکردنی ئاینده: دەستپێکردنی جێگرەوەی ئایندەیەکی دروستتر ● کێڤن جەی | لۆنا شێرزاد ئەیوب ١٦١

**ڕاپۆرتی ئایندەیی**

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە سەردەمی دووەمی ترەمپ-دا ● ................. ئامادەکردن: ژیلوان لەتیف یارئەحمەد ١٨٤

**کتێبی ئایندەیی**

فراوانی: ئاینده باشترە لەوەی بیری لێ دەکەیتەوە ● ................................................ ئامادەکردن: ئایندەناسی ٢٠٣

**فەرهەنگی ئایندناسی**

حکومەتی هاوپەیمانی ● ................................................................................ ئامادەکردن: د. عابد خالد ٢٠٨

سەروتار



د. هەردی مەهدی میکە

# پەرلەمانێک بۆ ئاینده؛ بچووکتر و کاراتر

## لە بەر ڕۆشنایی ئامانجەکانی بزووتنەوەی ڕزگارییخوازیی کوردستاندا

پەرلەمانی کوردستان و بەدوویدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە وەزیر و گزیریەوە، تا ئەم سی و دوو ساڵەی هێناویانە، بە جۆرێک بەشێک بوون لە کێشە سیاسی و حزبییەکان لە بریی بەشێکی چارەسەر و چارەدۆزی. پەرلەمان لەو کاتەی کە دەبوو وەک دەزگایەک ڕێگر بێت لە لەتبوونی نێوماڵی کوردستان و دروستبوونی گوتاری مەترسیداری دووجەمسەری و شەڕی نێوخۆ و خراپ بەڕێوەبردنی کوردستان، ڕێک بوو بە بەشێک و بەرهەمهێنەری ئەو دۆخەی ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان و هاونیشتمانییەکانی گیرۆدەی بوون. بۆ ئەوەی ئەمە ڕوو نەدات، دەبێت گوتارێکی کۆکەرەوە بینا بکات کە بیرکردنەوە لە کوردستان پێش پەرلەمان و پەرلەمان بەر لە حکومەت و حکومەت پێش حزب و هەرێم پێش نێوچەگەرێتی و کوردستان و هاونیشتمانیانی پێش هەموو پرسێکی دیکە بن.

چی بکرێت بۆ ئەوەی پەرلەمان کارا و نیشتمانساز و پەرلەمانتار بیرکەرەوە و بەشێک بێت لە چارەسەر و تێپەڕاندنی قەیران نەک قەیرانساز بێت؟

## - دیاریکردنی مەترسییە هەنووکەییەکان

ئەو کێشانەی ئێستا یەخەی هاوڵاتییانی هەرێمی گرتووە (تێیدا پەرلەمان بەشێک نەبووە لە چارەسەر)، بوونەتە هەڕەشە لەسەر هاوڵاتی و قەوارەکەی، ئەمانەن: لەتبوونی نێوماڵی کورد، ونیی گوتارێکی ڕاستەقینەی نیشتمانساز، دووجەمسەریی مەترسیداری سیاسی، بەڕێوەبردنی فرە جەمسەری ناتەبای هەرێم، بژێویی ناجێگیر و ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتییان و نادیاریی داهاتی هەرێم و نەبوونی یاسای بودجەی حکومەت و حزب و داهاتیان... تاد.

گەر وردی بکەینەوە، لە بنچینەدا یەکنەخستنی دیدگای بەڕێوەبردن (بە مانای تەگبیر و ئیتیفاق نەک یەکگرتن وەک کەرەستەی سڕینەوەی یەکدی) و جڵەودارێی پەرلەمان و حکومەت سەرچاوەی کێشەی مووچە و بژێویی هەرێمی کوردستانن، چونکە گەر بە گوتارێکی بیرلێکراوە و یەکخراوەوە کورد بچێتە بەغدا و لەسەر بنەمای سێکوچکەی شەراکەت لە هەرێم، یەکگووتاری لە بەغدا و دانوستاندنی هەرێم تەوەرانە (وەک ئەزموونی ساڵانی (٢٠٠٦-٢٠١٢))، ئەوا جەمسەرە جیاوازەکانی بەغداش هێندەی دی بەشێک نابن لە لەتکردنی نێوماڵی هەرێم و مل دەدەن بۆ یەک ئیرادەیی هەرێم نەک یاریکردن بە ئیرادە جیاوازەکانی.

## - ڕێکخستنەوەی دیدگا

لە وڵاتێک کە بەڕێوەبردنی تا ڕادەیەک تەندروستە و پەرلەمانی کارایە، سیاسییە پلەیەکەکانی لە ڕیزی پێشەوەی کورسییەکانی نێو پەرلەماندان (بە ئۆپۆزسیۆن و حکومەتدارەوە) و ململانێ سیاسییە حزبییەکان و کێشەکان بۆ بەرژەوەندیی هاوڵاتییان و نیشتمان ئاڕاستە دەکەن و بگرە ململانێ توندەکان بە فەڕ و بەهات بە دیوی خزمەتدا دەشکێننەوە و ناکۆکییەکان دەکەنە داینەمۆی تەواوکاری بۆ باشترکردنی بژێویی خەڵکەکەیان و وێنا گشتییەکەی نیشتمان و نیشتمانسازی کە پرۆسەیەکی بەردەوامە و ئێمە هێشتا دەستمان پێ نەکردووە.

دەبێت ئەوە وەک خەتی سووری سیاسەت بچەسپێنرێت کە دەزگا نیشتمانییەکانی هەرێمی کوردستان (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری) بەر لەوەی بەرهەمی هەڵبژاردن و خەڵک و دۆخی هەنووکەیی بن، بەشێکن لە ئامانج و ئەنجامی بەرخودانەکانی جووڵانەوەی

ڕزگاریخوازیی هەموو کوردستان (نەک تەنها هەرێم)، ئەمە لە پەرلەمانی هەرێمەوە بیگرە تا دەگاتە بنکەیەکی پاسەوان و پۆلیسی سەرسنوور پێویستە بەر لەوەی ئاگایان لە ئەرکی ڕۆژانەیان بێت، لە چوارچێوەی دیدگای ئامانجە گشتییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا ئەرک و ڕەفتاریان ڕێک بخەنەوە.

دامودەزگایانێک کە بە جۆرێک پەیوەندییان بە ئازادیی تاکی کوردستان و ڕەوایەتی و شوناسی کولتووری و نیشتمانیی کوردستان و هەرێمی کوردستانەوە هەیە، دەبێت سەرووتر لە کاری هەنووکەیی؛ دیدگا و کار و ئەرکی خۆیان ڕێک بخەنەوە و هەستیار بن بەرامبەر پرسێکی دەیان ساڵە کە تێیدا کورد خەباتی بۆ ئەوە کردووە تا ڕۆژانێک دابێت ئەم دەزگایانە دابمەزرێنێت لە لایەک شکۆی مرۆڤی کورد بپارێزێت و چیتر وەک پلەدوویەک تەماشا نەکرێت لە بەردەم داگیرکەرە سەردەستەکانی دراوسێیدا، لە لایەکی دیکەشەوە وەک بەشێک لە خەباتی پێشینەی، ئەم دەزگایانە بەکار بهێنێت بۆ پارێزگاری لە ئامانجەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و پارێزگاریی سنوور و شوناس و جوگرافیا و بەهەدەرنەدانی ئاواتی هەبوونی نیمچەکیانێکی ئاوا، نەک بە پێچەوانەوە ببێتە هۆی نائومێدی و بەرهەمهێنانی دیدی پووچگەرایی کوردستانیانی پارچەکانی دیکەش بەرامبەر خەباتی نیشتمانی و شوناستەوەریی کورد.

بۆیە دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان وەک چۆن دروستبوونیان تەنها بەرهەمی پرۆسەکی کارگێڕی و دەستوور و یاسایی نییە، ئاواش ئەرکیان قەتیس نابێت لە جێبەجێکردنی دەستوور و یاسا بەرکارەکانی عێراق و ڕێکخستنی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان و سنوورەکانی.

**- ئەرکە هەنووکەیی و ئایندەییەکان**

ڕابردووی ئەو پەرلەمانەی هەمانبووە، دیارە کە خۆی بەشێک بووە لە کێشەکان، نە قەبارەکەی و نە دیدگاکەی و نە جۆری بەڕێوەبردنی و نە ئەو پەرلەمانتارانەی کە دەستەسێی حزبەکانن ئەندامن، گەر وەک ڕابردوو بن ناتوانن بەشێک بن لە چارەسەر و بنیادنان. بۆ ئەوەی پێچەوانەی ئەمە بسەلمێنرێت و نوقڵانەکەی ئێمە بە ڕاست وەرنەگەڕێت، دەبێت لەسەر چوار ئاست ئەم هەنگاوانە بنرێن:

١. کارکردن بە ئاڕاستەی پێکهێنانی حکومەتێک کە بنەمای پێکهێنانی هاوبەشی

ڕاستەقینە، ڕێکخستنەوە و ئامادەکردنەوەی ساڵانەی یاسای بودجە و دابەشکردنەوەی داهاتی نێوخۆ کە تێیدا مووچە و بژێوی خەڵک پێشینەی ئامانجەکانی بێت، تا لە هەڕەشەی هەنووکەیی نائومێدی دەرباز ببین و هاوڵاتییان متمانەدار بکرێنەوە، پاشان یەکگووتاری و کوردستانتەوەری بۆ مامەڵە لەگەڵ بەغدا پێشمەرجی دەنگدان بە حکومەتی هەرێم بێت.

٢. سیاسەتی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم کە ئێستا بەم دوو جەمسەرییەی هەرێم و بەو دیدگا دەستووری و یاسایی و سیاسییانی جەمسەرانەی بەغدا کە هەن، جۆرێک دڵنیایی تاڵ دەدەن کە ئایندەی پەیوەندییەکانی هەرێم و نووسینگەکانی و دەسەڵاتەکانی لە مەترسیدان و بگرە دوور نییە سەرجەمیان بچووک یان دابخرێن و ببنە بەشێک لە پاشکۆی کولتووریی باڵوێزخانەکانی عێراق، ئەمەش واتە هەڕەشەیەکی مەترسیدار، نەک ئایندەی پەیوەندیی هەرێم بگرە ئایندەی هەبوونی قەوارە و خودی حزبەکانیش دەخاتە مەترسییەوە. گرنگە ئەم پەیوەندییانە نیشتمانی و کوردستانتەوەر و یەکخراو و یەکگووتار بن تا بتوانرێت بە ئیرادەی هاونیشتمانییان و بە ئیدارەی یاسایی هەرێمی کوردستان پشتیوانییان لێ بکرێت، نەک تەنها یەک دوو حزبێک پشتیوانیان بن و پاشان بکەون.

٣. پرسی دۆسێی نێوچە دابڕێنراوەکانی هەرێم و مادەی ١٤٠ و مافە دەستوورییەکانی بەغدا بکرێتە بەرنامەی لەپێشینە بۆ کارنامەی پەرلەمان و حکومەتی ئەم چوار ساڵە، لە لایەک وەک بەشێک لە ئەرکی پاراستنی شوناسی کوردستان و جووڵانەوەکەی بەرگرییان لێ بکرێت و لە لایەکی دیکەوە وەک «پشتیوانە»یەک بۆ گفتوگۆکانی هەولێر-بەغدا بکەونە کار و پرسی خاک و ئاسایش و خەڵکی هەرێم بکرێتە ئەولەویەتی دانوستاندن لە بریی پرسی بڕێکی مووچە و بڕە پارەی هەناردەکراوی بەغدا بۆ هەولێر.

٤. پرسی کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بکرێتە پرسێکی نیشتمانی و کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان و وەک پاکێجێک و نەگۆڕی سیاسی و هێڵی سوور و سەوز بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەو هێزانەدا دیاری بکرێت و ئەرک و مافیان بڕێکی ئاشکرا و بڕێکیشی نیمچەنهێنی بۆیان دیاری بکرێت، نەک وەک ئێستا هەر حزبە و بە جیا یاری و موزایەدەیان بەسەردا دەکات، چونکە وەک وترا پەرلەمانی کوردستان (بەدەر لە دیوە یاسایی و فیدراڵییە عێراقییەکەی) تەنها موڵکی ئەم پارچەیەی هەرێم نییە و دەبێت لە

چوارچێوەی ئامانجی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و وەک ئومێد و نموونە دیدگا بنیات بنێت نەک وەک ئەرکێکی بەڕێوەبردنی یاسایی ڕووت.

**- کەمکردنەوەی ژمارەی پەرلەمانتار لە پێناو کارایی‌دا**

کەمکردنەوەی ژمارەی پەرلەمانتارانی پەرلەمان گرنگە ئەرکی خولەی پەرلەمان بێت، ئەم قەبارەیە (بەراورد بە دانیشتووان و ژمارەی پەرلەمانتارانی وەک تورکیا، ئێران، ئازەربایجان، ئەمەریکا و بگرە عێراقیش) هەر زۆر زیاترە بۆ دانیشتووانێکی (بە نزیکەیی) شەش ملیۆنی، ١٠٠ پەرلەمانتار زۆرە و ٥١ پەرلەمانتار زۆریشی زیادە. بڕوانن:

- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زیاتر لە ٣٤٥ ملیۆن دانیشتووانی هەیە، بە هەردوو ئەنجوومەنی پیران و نوێنەرانەوە ٥٣٥ ئەندامیان هەیە (١٠٠ پیران و ٤٣٥ سیناتۆری نوێنەران).

- پەرلەمانی تورکیا (ئەنجوومەنی گەورەی ئوممەتی تورکی): بۆ زیاتر لە ٨٧ ملیۆن دانیشتووان، ٦٠٠ ئەندامی هەیە.

- پەرلەمانی ئێران بۆ زیاتر لە ٩١ ملیۆن دانیشتووان، ٢٩٠ کورسیی پەرلەمانی هەیە.

- پەرلەمانی (ئەنجوومەنی نەتەوەیی) کۆماری ئازەربایجان، بۆ زیاتر لە ١٠ ملیۆن دانیشتووان، ١٢٥ پەرلەمانتاری هەیە.

کەواتە بە بەراوردی دانیشتووان و ئەرک و بەرپرسیارێتیی ئەو پەرلەمانانەی ئەو وڵاتانە ئاماژەیان پێ درا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئەو ڕێژەیە وەک ئەندام چەند بەرامبەر زیاترە و وەک ئەرکیش نیوەی ئەوان ئەرک و بەرپرسیارێتیی هەڵنەگرتووە و بەشێک نەبووە لە چارەسەری قەیران و کێشەکانی هەرێم و نێو ماڵی کوردستان، بۆیە بچووکردنەوەی ئەرکە و هەم وەک کاراکردن و سەنگینیبەخشین پێی و هەم وەک کەمکردنەوەی بارگرانی دارایی لەسەر هاوڵاتییان.

ئەمەش وا دەکات کە حزبەکان ناچار بن کەسانی بەهێز و کاریگەر و دەستەیەک بنێرنەوە پەرلەمان و بەرپرسیارێتیی نیشتمانیی هەرێم و ئامانجەکانی جووڵانەوەی درێژخایەنی سەرجەم کوردستانییانی نێوخۆ و دەرەوەی هەرێمیش وەئەستۆ بگرن.

توێژینەوەی نێوخۆیی

ئایندەناسی

# مەرجەعیەتی باڵای نەجەف و
# قۆناغی پاش سیستانی
## بژاردە و سیناریۆکان



د. یاسین تەها / توێژەر



## بەرایی

قۆناغی مەرجەعیەتی سیستانی کە تەمەنی دەوروبەری سێ دەیەیە، لە مێژووی نوێی نەجەفدا گرنگ و جومگەییە، بەو پێیەی لە سەردەمی ئەودا جارێکی دی شیعە لە عێراق لە پەراوێزەوە هاتنەوە سەر شانۆی سیاسی و حوکمڕانی (٢٠٠٣). بە هۆی هەڵکشانی تەمەنی مەرجەعی باڵای نەجەفیشەوە (٩٤ ساڵ) و نەبوونی جێگرەوەیەکی ڕوون و ئاشکرای تا ئێستا، پرسیار و و گومانی زۆر لە بارەی چۆنیەتیی جێگرتنەوەی لەئارادایە. ئەم توێژینەوەیە لە بارەی چەمک و پێگەی مەرجەعیەت و ئەرکەکانی، هەروەها قۆناغی پاش ئایەتوڵڵا سیستانی هەڵوەستە دەکات لە بەر ڕۆشنایی پێدراوە بەردەستەکان و دۆخی ئێستای حەوزەی ئایینی نەجەف کە پایتەختی پیرۆزی شیعەیە؛ لە سەر ئاستی جیهان.

## چەمک و پێگەی مەرجەعیەت

مەرجەعیەت سەرچاوەی «تەقلید»ی پەیڕەوانی شیعەیە، پۆستێکە نوێنەرایەتیی باڵاترین دەسەڵاتی شەرعیی شیعی دەکات و ڕاڤەکردنی دەقەکانی شەریعەتی بەدەستە، سەرپەرشتیی کاروباری کۆکردنەوە و دابەشکردنی باجی ئایینی دەکات (زەکات و خومس)، هەروەها دامەزراوە حەوزەوی و فێرکارییەکانی مەزهەبی شیعی بەڕێوە دەبات، بۆنە و سرووتە شیعییەکان ئاڕاستە دەکات و کۆنترۆڵی کۆمەڵگای ئایینی لە ڕێگای فەتواوە دەکات[١]. «مەرجەعیەت» لە شێوەی دامەزراوەیەکی ئایینیی گریمانکراودایە و هەڵسووڕێنەری کاروباری پەیڕەوانی شیعەیە کە ژمارەیان لە سەرانسەری دنیادا دەوروبەری ٢٠٠ ملیۆن کەسن[٢]. لە سەروو ئەم دامەزراوەیەشەوە کەسایەتیی «مەرجەعی باڵا» هەیە کە هەلومەرج و بارودۆخ و زۆریی ژمارەی شوێنکەوتووانی دەیکەنە مەرجەعی یەکەم، ئەم پێگەیەش تەنیا بۆ شەرعزانی زۆر ناسراو و هەڵکەوتوو بەردەست دەبێت و هەموو مەرجەعەکان پێی ناگەن[٣]، چونکە «مەرجەعی باڵا» جگە لە شارەزایی مەزهەبی؛ پێویستی بە تۆڕێکی پەیوەندیی ئابووری و ژێرخانێکی کۆمەڵایەتیی بەرفراوان هەیە لە ڕێگای کەسایەتییەکانی ناو حەوزەی ئایینی و هەروەها بزنسمان و دەسەڵاتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و میدیاییەکانی کۆمەڵگە شیعییەکان و دەرەوەی ئەوانیشەوە[٤].

## مێژووی سەرهەڵدانی مەرجەعیەت

مەرجەعیەت لە ئایینزای شیعەدا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ئیمامی دوازدەیەمی کۆتا زنجیرەی ئیمامەتی شیعەیە (المهدي المنتظر)، کە بە پێی بیروباوەڕەکانی ئەم ئایینزایە لە ئێستادا پەنهان و غەیبە، تا ئەو کاتەشی ئەو ئیمامە پەنهانە سەرلەنوێ دەردەکەوێتەوە، ئەوە پەیڕەوانی شیعە لەسەریان فەرزە بۆ ڕاییکردنی کاروباری ئایینیی خۆیان بگەڕێنەوە بۆ ئەو شەرعزانانەی پلەی «موجتەهید»یان هەیە لە هەڵهێنجانی حوکمەکانی شەریعەت، یان ئەوانەی مۆڵەتیان هەیە بۆ فەتوادان و پلەکەیان «عەللامە» و «ئایەتوڵڵا»یە[٥]. لە سەرچاوە عەقیدەییەکانی شیعەدا، «ئیمام مەهدی» ڕابەر و پێشەوای کۆتاییە لە زنجیرەی ئیمامەتدا، غەیببوونیشی دوو قۆناغی هەیە؛ یەکێکیان کاتی و بچووک بووە (الغيبة الصغرى)، ئەوی تر درێژخایەن و تا کۆتایی دنیایە (الغيبة الكبرى). لە غەیببوونە بچووکەکەشدا پەیڕەوانی شیعە گەڕاونەتەوە بۆ سەر چوار کەسایەتی کە بانگەشەی بریکاری و نوێنەرایەتیی «ئیمام مەهدی»یان کردووە و بە «السفراء الأربعة» ناسراون[٦]، ئەم چوار کەسە: (عثمان سعيد العمرى، محمد عثمان سعيد العمري، والحسين روح النوبختي، وعلى محمد السمري)، نزیک لە حەفتا ساڵ مەرجەعی شوێنکەوتەکانی ئایینزای شیعە بوون[٧]. بە مەرگی کۆتا کەس لەو چوارەش (٣٢٩ک/٩٤١ز)، قۆناغی نوێنەرە ڕاستەوخۆکانی «ئیمام مەهدی» کۆتایی هاتووە، ئەمەش بوو بە دەستپێک و سەرەتای قۆناغێکی نوێ کە سەرهەڵدانی مەرجەعیەتە لە ناو جیهانی شیعە کە بریکار و نوێنەری ئیمامی زەمان (المهدي)ن لە جێگەی نوێنەرەکانی پێشوو[٨]. ئەم قۆناغەش تا ئەو کاتە درێژە دەکێشێت کە « ئیمام مەهدی» خۆی دەگەڕێتەوە سەر زەوی لە کۆتایی دونیا بۆ «بەرپاکردنی دادگەری»[٩]، ئەمەش هاوکات دەبێت لەگەڵ کۆتاییهاتنی دنیا بە پێی بیروباوەڕی ئایینی کە «القيامة»یە.

## دەسەڵات و سنووری نفووزی مەرجەع

دەسەڵات و هەژموونی مەرجەعی شیعی بە جوگرافیا و بە وڵاتێکی دیاریکراوەوە پەیوەست نییە، پەیڕەوکەری بیروڕاکانی مەرجەع درێژ دەبنەوە بۆ دەرەوەی سنووری وڵاتە بنەڕەتییەکەی، بۆ نموونە «ئایەتوڵڵا سیستانی» کە مەرجەعی باڵای شیعەیە لە عێراق، بە ڕەگەز ئێرانییە کەچی مەڵبەندی کارکردنی شاری نەجەفە، شوێنکەوتەی زۆریشی لە وڵاتانی کەنداو و هیندستان و پاکستان و لە نێو شیعەکانی تاراوگەدا هەیە. هەمان شتیش بۆ «ئایەتوڵڵا عەلی خامنەئی»

ڕاستە کە سەرباری هەبوونی مشتومڕ لەسەر لێهاتوویی و پلە مەزهەبییەکەی، پەیڕەوکەرانی بۆچوونە ئایینییەکانی سنووربڕن. ئەڵبەت ئەم دەرفەتەش بۆ هەموو مەرجەعەکانی شیعە بەردەستە نییە، لە نێو ژمارەیەکی زۆری ئەوانەشی هەڵگری پلەی «مجتهد»ن لە نێو حەوزەکانی شیعە، مەرجەعە ناسراوەکانیان ئەوانەن کە بارودۆخیان بۆ دەڕەخسێت کە لایەنگر و پێگەیان هەبێت و تۆڕێکی ئاینیی کۆمەڵایەتیی بەرفراوانی سنووربڕیان لە بەردەستە[١٠]. ئەوەشی یارمەتییان دەدات شوێنکەوتەیان زۆر بێت، سروشتی ئایینزای شیعییە کە شوێنکەوتنی مەرجەع و تەقلیدکردنی فەتواکانی دەکاتە ئەرك و ناچاری و بە پێی گێڕانەوەکانی شیعە هەر کەس لاریی لە «تەقلیدی مەرجەع» هەبێت، ئەوە تانەی لە حوکمی خودا داوە[١١].

### مەرجەکانی بەمەرجەعبوون

ئەو شەرعزانانەی سیفەتی مەرجەعیان پێ دەدرێت و خەڵک شوێنیان دەکەون بۆ تەقلیدی ئاینی، لە ئایینزای شیعیدا پێویستە هەڵگری چەند مەرجێک بن، لەوانەش: شیعەی ئیمامی بن، نێرینەیی واتە نابێت ژن بن، دادگەری کە مەرجێکی گریمانەییە، گەیشتن بە پلەی «ئیجتیهاد» کە کۆششکردن و توانای هەڵهێنجانی حوکمی شەرعە، لەگەڵ مەرجی زانایی (الأعلمية) لە ئەحکامە ئایینییەکان[١٢]. بەڵام بە هۆی ئەوەی دیاریکردنی «دادگەر» و «زاناترین» پێوەرێکی کۆنکرێتی نییە و ڕاجیایی زۆر هەڵدەگرێت، هەمیشە جیاوازی لە نێوان پەیڕەوانی شیعەدا هەیە بۆ دیاریکردنیان، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی پەرتەوازەبوونیان بەسەر چەند مەرجەعیەتێکی جیاوازدا کە هەریەکە لەوانە بانگەشەی «زاناترین» دەکەن و هەر کۆمەڵە کەسێکیش شوێن یەکێک لە مەرجەعە دڵخوازەکانی خۆیان دەکەون و ئەوانەیان پێ زاناترین و دادگەرترینە. لە پەنا مەرجەعە ناسراوەکانیشدا، هەمیشە مەرجەعی تری بچووک و مامناوەند هەن، چونکە لە ئایینزای شیعیدا ڕێگە بە فرەیی مەرجەعەکان دراوە و دەرگای «ئیجتیهاد» کراوەیە. هەموو شەرعزانێکیش کە لە خۆی ڕاببینێت، مافی فەتوادانی هەیە. خەڵکیش دوای ئەوانە دەکەون کە پێیان وایە مەرجەکانی مەرجەعبوونیان تێدایە. شیعەکان ئەم فرەیی مەرجەعیەتەش بە نیشانەی زیندوویی ئایینزاکەیان دەزانن کە وای کردووە ڕکابەری و جۆراوجۆرێتی دروست ببێت[١٣]. هەروەها پێیان وایە ئەگەر یەک مەرجەع هەبوایە لە پاش «ئیمامی مەهدی»، ئەوە دەکرا تووشی لادان و گۆڕینی ئایینزاکە ببێت، بەڵام لە سایەی فرەییدا ئەو مەترسییە لەئارادا نییە[١٤].

## پارێزبەندیی مەرجەعەکان

هەر چەندە لە ئایینزای شیعەدا مەرجەعەکان وەک دوازدە ئیمامەکە مەعسوم نین و دەشێت بکەونە هەڵەوە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ڕەخنەلێگرتن و هێرشکردنە سەریان بە کراوەیی کارێکی ڕەوا و ڕێگەپێدراو نییە، مەگەر ڕەخنەکان کۆمەڵێک مەرجیان تێدا بێت کە بریتین لە: بابەتیبوون، شەرعیبوون، شایستەیی و لێوەشاوەیی کەسی ڕەخنەگر بە جۆرێک ئاستێکی هەبێت لە مەسەلە شەرعییەکانی ئایینزای شیعی، سەرباری ئەمانەش دەبێت ڕەخنەکە لە ئەدای مەرجەعەکە بگیرێت نەک فەتواکەی، چونکە بە پێی سەرچاوە شیعییەکان ڕەخنەگرتن لە فەتوا و هەڵسەنگاندنی نێوەرۆکەکەی کاری شەرعزانەکانە نەک ڕەخنەگران و چاودێران[١٥]، بەم پێیەش مەرجەعەکان جۆرێک لە پارێزبەندییان هەیە و ڕەخنەلێگرتنیان هەر وا کارێکی سانا نییە.

### مەرجەعیەتی نەجەف

مێژووی دروستبوونی حەوزەی ئایینیی نەجەف و مەرجەعەکەی وابەستەی مێژووی مەزهەبی شیعەیە، چونکە جگە لەوەی شارەکە پایتەختی دەسەڵاتی «ئیمام عەلی» بووە (٣٥-٤٠ک/٦٥٦-٦٦١ز)، نزیکە لە پیرۆزترین پێگەکانی شیعەشەوە لە عێراق کە ئارامگای ئیمامەکان و نەوەکانیانە[١٦]، بەشی زۆری ئەو ڕووداوە مێژووییانەشی تانوپۆی مەزهەبی شیعە پێک دەهێنن؛ هەر لە عێراق ڕوویان داوە[١٧]، بەڵام بە شێوەیەکی دیاریکراو مێژووی حەوزەی ئایینیی نەجەف دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (٥ک/١١ز)، چونکە بەشی زۆری ڕێبەرە شیعەکان بە هۆی باڵادەستبوونی تورکە سەلجوقییە سوننەکانەوە لە بەغدای پایتەخت بارگە و بنەی خۆیان پێچایەوە بۆ شاری نەجەف. ئەم کۆمەڵە شەرعزانەش کە شێخی تایفەکە «أبو جعفر الطوسي» (٣٨٥-٤٦٠ک/٩٩٥ – ١٠٦٧ز) ڕێبەریان بووە، پەنا و سایەی گڵکۆی ئیمام عەلییان کردووەتە پایتەختی ڕێبەرایەتیی ئایینی خۆیان[١٨]. بە پێی گێڕانەوەکان، لە ساڵی (٤٤٩ک/١٠٥٧ز) بە هۆی گرژییە مەزهەبییەکانی بەغداوە، ماڵی «أبو جعفر الطوسي» تاڵان کراوە و کتێبەکانی سووتێنراون، ئەویش هاتووەتە پەنای ئارامگای «ئیمام عەلی» لە نەجەف و قوتابخانەی کردووەتەوە، لەوەبەدواش بووەتە ڕووگەی فێرخوازانی زانستە ئیسلامییەکانی پەیڕەوی شیعە[١٩].

گرنگیدان بە نەجەف بەرەنجامێکی ئاسایی تێڕوانینی شیعەکانە بۆ گرنگیی شارەکە، چونکە بە پێی گێڕانەوەکانیان نەجەف پێگەیەکی زۆر گرنگی هەیە تا ئاستی ئەوەی نێژراوی گۆڕستانەکەی پارێزراوە لە لێپرسینەوە[٢٠]. بە شێوەیەکی گشتییش دەکرێت نەجەف بە پایتەخی مەرجەعیەتی شیعی دابنرێت. لە مێژووی ئایینزای شیعەدا دەوروبەری ٨٠٪ی مەرجەعەکان لە نەجەفەوە پێگەیشتوون و بەشی هەرە زۆری بەرهەمە شەرعزانی و کەلامی و ئایینزاییەکانی شیعەش هەر لەم شارە گەڵاڵە کراون یان لە لایەن ئەو شارەزا ئایینیانەی کە دەرچووی نەجەفن؛ بەرهەم هاتوون[٢١].

لە سەدەی بیستەمدا جگە لە «حسين الطباطبائي البروجردي» کە بۆ ماوەی ١٥ ساڵ مەرجەعی ڕەها و بێڕکابەری شیعە بووە لە شاری قوم (مردووە: ١٩٦١)[٢٢]، هەرە ناسراوترین مەرجەعەکانی دیکەی شیعە کە نوێنەرایەتیی ڕەهای تایفەی شیعەیان کردووە؛ لە شاری نەجەف بوون و ڕیزبەندیی مێژووییشیان بەم جۆرەیە: «ئەبو حەسەنی موسەوی ئیسفەهانی» (١٩٣٦-١٩٤٦)، «موحسین ئەلحەکیم» (١٩٦٠- ١٩٧٠)، «ئەبو قاسمی خوئی» (١٩٧٠-١٩٩٢)[٢٣].

### مەرجەعیەتی سیستانی

«ئایەتوڵڵا سیستانی» مۆڵەتدراوی «ئایەتوڵڵا حسێن ئەلحلی»یە (مردووە: ١٩٧٤)[٢٤]، هەروەها خوێندکار و جێگرەوەی مەرجەعی هەرە ناسراوی شیعە «ئایەتوڵڵا ئەبولقاسمی خوئی»یە کە ساڵی ١٩٩٢ لە تەمەنی ٩٢ ساڵیدا لە نەجەف کۆچی دوایی کرد[٢٥]. «ئایەتوڵڵا خوئی» مامۆستای زۆر لە پیاوە ئایینییەکانی شیعەیە و ڕکابەری «خومەینی» ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئێرانی بوو لە مەرجەعیەت و ڕێبەرایەتیی شیعەدا. «خوئی» بە ئیمزای خۆی و بە شێوەی دەستخەت بەر لە مردنی مۆڵەتی «ئیجتیهادی ڕەها»ی داوە بە «سیستانی»[٢٦]، ئەمە و مۆڵەتنامەکەی تری (ئەلحلی) ڕۆڵی هەبووە لە پێشخستنی بەسەر هاوڕێکانی و بەسەر ئەوانەی لەسەر پێگەی مەرجەعیەت ڕکابەریان دەکرد، چونکە لە پاش «خوئی» لە ساڵانی نەوەدەکان؛ مەرجەعی تری هاوئاستی «سیستانی» لە گۆڕەپانی نەجەفدا هەبوون و یەکێکیشیان بە ناوی «ئایەتوڵڵا عەبدولئەعلا سەبزەواری» جێگەی گرتەوە، بەڵام پاش چەند مانگێک لە مردنی «خوئی»، ئەویش کۆچی دوایی کرد (١٩٩٣)، لە پاش ئەویش چەند کەسێک چالاک بوون لە کایەی ئایینی نەجەف و ڕکابەری «سیستانی» بوون، لەوانەش: «مورتەزا بروجەردی» (کوژرا:

١٩٩٨)، «میرزا عەلی غرەوی» (کوژرا: ١٩٩٨) «محەمەد سادق سەدر» (کوژرا: ١٩٩٩)، تیرۆرکردنی ئەمانەش لە سایەی ڕژێمی بەعسدا بوو بە هۆی ئەوەی دەرفەت لە بەردەم «سیستانی» برەخسێت ڕێبەرایەتیی ئایینیی نەجەف بگرێتە دەست، لە پاش کەوتنی بەعسیش (٢٠٠٣) بوو بە ڕێبەری باڵای شیعە و چاوساغی ئەم پێکهاتەیە لە دارشتنەوەی دەوڵەتدا[٢٧].

بە گەڕانەوەش بۆ ژیاننامەکەی، ئەوە دەردەکەوێت کە سیستانی لەدایکبووی مانگی ئابی ساڵی ١٩٣٠ی شاری مەشهەدە، بەڵام خێزانەکەی لە سیستانی ئێران کاری قەزاوەتیان کردووە و لەوێ نیشتەجێ بوون، جگە لەوەش لە نێوان عێراق و ئێراندا هاتوچۆیان کردووە بۆ خوێندن. دوای ئەوەشی باپیری لە ١٩٠٠ لە عێراقەوە چووەتەوە بۆ ئێران، عەلی سیستانیی کوڕەزای (علي بن محمد بن باقر) لە ١٩٥٠ هاتووەتەوە بۆ عێراق و لە نەجەف بە هەمیشەیی نیشتەجێ بووە، ڕەچەڵەکیشی لە هەردوو سەرەوە براوەتەوە بۆ سەر ئالوبەیت[٢٨]، ئەمەش شوناسێکی سنووربڕە. لە بارەی باری تەندروستیی سیستانییشەوە زانیاریی زۆر بەردەست نییە، ئەوەی زانراوە لە ساڵی ٢٠٠٤ لە شاری لەندەن و لە نەخۆشخانەی «هاتفیڵد» نەشتەرگەرییەکی دانانی گوێچکەڵە (صمام)ی دڵی بە سەرکەوتوویی بۆ کراوە[٢٩]، لە ساڵی (٢٠٢٠)یش نەشتەرگەرییەکی جومگەی قاچی بۆ کراوە لە نەخۆشخانەیەکی تایبەتی سەر بە دامەزراوەکانی خۆی لە شاری کەربەلا[٣٠]. بە پێی نوێترین وێنەش کە حوزەیرانی ٢٠٢٤ بڵاو کراوەتەوە، نیشانەکانی لاوازی و پیری بەسەر سیما و جەستەیدا بە ڕوونی دیارن[٣١]، مانگێک بەر لەوەش کە لە ڤیدیۆیەکدا لەگەڵ بریکارەکەی دەرکەوتووە[٣٢]، هەمان شت هەستی پێ دەکرێت، ئەمەش بۆ تەمەنەکەی ئاساییە.

**مەرجەعەکانی دیکەی نەجەف**

لە نەجەفەدا مەرجەعی باڵا « ئایەتوڵڵا سیستانی»یە کە پلەی «عوزما»ی هەیە، جگە لەویش «ئایەتوڵڵا بەشیر نەجەفی»ی پاکستانی و «ئایەتوڵڵا محەمەد ئیسحاق فەیاز»ی ئەفغانی پەیڕەوکەریان هەیە، لە دەرەوەی ئەوانیش چەند وردەمەرجەعێکی دیکە هەن، وەک: «محمود الصرخي»، «محەمەد یەعقوبی»، «عودەی ئەعسەم» و «فاضل المالکي»، ئەمانەی تر سەرجەم مەرجەعەکان دانیان پێدا نانێن و هەریەک کۆمەڵێک پەیڕەوکەری کەمیان هەیە. هەندێک مەرجەعی تری عێراقی لە قوم دادەنیشن، وەک: «محەمەد تەقی مودەڕیسی»، «صادق شیرازی»[٣٣]، ئەوانیش زیاتر لە ناو توێژێکی دیاریکراودا لایەنگریان

هەیە کە قوتابخانەی شیرازین و زیاتر ئیش لەسەر سرووتەکان دەکەن و میدیای ئایینی و بازرگانەکانیان لە دەورە، بەڵام زۆر میللی و جەماوەری نین و زیاتر لە نێو دەستەبژێرە شیعییەکان و خەڵکە توندڕەوەکەدا جەماوەریان هەیە، پەیوەندیشیان لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ئێران و عێراقدا باش نییە.

## خێزان و تۆڕی یاریدەدەرانی سیستانی

سیستانی جگە لە دوو کوڕ بە ناوەکانی «محەمەد ڕەزا» و «محەمەد باقر» کە لە بۆنە گشتییەکاندا دەردەکەون[٣٤]، دوو زاوای ناسراویشی هەیە کە پیاوی ئایینین. زاواکانی وەک بریکاری ئەو کار دەکەن، یەکەمیان لە شاری قوم دادەنیشێت بە ناوی «جواد الشهرستاني»، دووەمیش «مورتەزا کشمیری» نوێنەری سیستانییە لە ناو شیعەکانی ئەورووپا. بە هۆی ئەوەشی سیستانی تۆڕێک نوێنەری لە شار و ناوچە جیاجیاکان هەیە و تەمەن و تەندروستیی خۆی یارمەتیی ئەوە نادات بتوانێت ڕاستەوخۆ سەرپەرشتییان بکات، باوەڕی زاڵ ئەوەیە کوڕەکانی بە تایبەت «محەمەد ڕەزا» و زاواکانی بە تایبەت «شەهرستانی» ئەم ئەرکە زۆرانە جێبەجێ دەکەن. «محەمەد ڕەزا» وەک بەرپرسی نووسینگەی باوکی کار دەکات و نهێنیپارێز و دەرگاوانی ژوورەکەیەتی و هەموو ئەو شتانەی دەچنە بەرچاو و بەرگوێی مەرجەعی باڵا؛ بە فلتەری ئەودا گوزەر دەکەن. لە بارەی کاریگەریی زاواکەی ئێرانیشیەوە (جەواد شەهرستانی)، قسەوباسی زۆر هەیە بە تایبەت کە ناوبراو لە قوم سەرپەرشتیی نووسینگە و چالاکییەکانی سیستانی دەکات. باوەڕێکی زاڵیش هەیە کە «جەواد شەهرستانی» ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە گەیاندنی «سیستانی» بەم پێگەی ئێستای لە کایەی مەرجەعیەتدا لە ڕێگای چالاکی و دامەزراوە و جموجوڵی زۆرەوە لە نێو گرووپە حەوزەییەکانی قوم کە لانکەی فێرخوازانی ئایینییە، بە تایبەت کە «شەهرستانی» لە بنەماڵەیەکی ئایینیی ناسراوە و دەستکراوەش بووە لە کارکردندا[٣٥].

## بوارەکانی کاری مەرجەعیەتی سیستانی

ئەگەرچی وا باوە کە سیستانی پەیڕەوی لە «ویلایەتی فەقیهـ» ناکات لەسەر شێوازە ئێرانییەکەی و لەگەڵ باڵادەستیی دەسەڵاتی گەلدایە (شوورا)[٣٦]، بەڵام لە هەبوونی هەلومەرجدا پشتیوانی لە فراوانکردنی دەسەڵاتی شەرعزان دەکات[٣٧]، بە شێوەیەکی کردەییش مەرجەعیەتەکەی ژمارەیەکی زۆر ئەرک و چالاکیی لەئەستۆ گرتووە کە

هاوشێوەی دامەزراوەیەکی گشتگیرە، لەوانەش[٣٨]:

- پێکهێنانی لیژنەی فەتوا لە خوێندکارە دەرکەوتووەکانی سیستانی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار و نامەکانی خەڵک بە پێی میتۆدی مەرجەعی باڵا و لەبەر ڕۆشنایی نووسراو و وانە و کتێبەکانی.

- دابینکردنی مووچە و کەرەستە و پێداویستی و بەشەناوخۆیی ٣٠٠ خوێندنگای ئایینی لە ئێران، بە تایبەت لە قوم کە ٣٥ هەزار قوتابی لە حەوزەکانی سیستانیدا دەخوێنن و لە مەشهەد ١٠ هەزار و ئیسفەهان چوار هەزار، ئەمە جگە لە چەندین حەوزە و قوتابخانەی تر لە شارەکانی تری ئێران.

- کردنەوەی خوڵ و ناردنی بانگخواز بۆ شارە جیاجیاکانی ئێران لە بۆنەی جیاجیادا.

- کۆمەککردنی چالاکییە بانگخوازییەکانی شیعە لە کۆمەڵێک وڵات، لەوانەش: سووریا، لوبنان، پاکستان، هیندستان، ئەفغانستان، هیندستان.

- کۆمەککردن و پارەدارکردنی سەنتەر و بنکە شیعییە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵێک ناوچە وەک ئاسیا و ئەفەریقا و ئەورووپا.

- سەرپەرشتیکردنی نێردەکانی حەجکردن و چالاکیی بانگخوازی لە نێو کاروانەکانی حەجی شیعە و گرێدانی پەیوەندی لەگەڵ چالاکی و گرووپ و ڕێکخراوە شیعییەکانی تری بەشدار لە حەج و سەردانکردنی ڕێبەرەکانیان.

- ناردنی بانگخوازی شیعە لە مانگەکانی موحەڕەم و ڕەمەزان بۆ ئێران، وڵاتانی عەرەبی، وڵاتانی ئەفەریقی، قەوقاز، باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ئوستورالیا، وڵاتانی ئەسکەندەنافی و ئەمەریکا و کۆمەڵێک ناوچەی تر.

- ئامادەکردنی کاسێت و گۆڤار و کتێب و پرۆگرامی بانگخوازی بۆ خوێندکارەکان.

- کۆمەککردنی هەژاران و ئەوانەی پێویستیان بە یارمەتی هەیە، کۆمەکی پزیشکی بۆ نەخۆشانی ئاتاج، کۆمەکی هەژاران لە ڕەمەزان، کۆمەکی گەنجان بۆ هاوسەرگیری، کۆمەکی پەنابەران و ئاوارەکان.

- پشتیوانی و کۆمەکی کاروانی زیارەتکارانی حسەین لەگەڵ کۆمەکی لێقەوماوانی کارەساتە سروشتییەکانی لافاو و بوومەلەرزە.

## میکانیزمی دیاریکردنی جێگرەوەی سیستانی

بە پێی بەند و باو و نەریتەکانی حەوزەی نەجەف کە تەمەنی زیاتر لە هەزار ساڵە، لە ڕووی تیۆرییەوە لە پاش مەرگی مەرجەعی باڵا، «زاناترین و دڵسۆزترین» ئایەتوڵڵای هەڵگری نازناوی «العظمی» دەبنە دەمڕاست و مەرجەعی باڵای شیعە، بەڵام دیاریکردنی «زاناترین» و «دادگەر» لە ناو کۆمەڵێک مێزەربەسەری هەڵگری پلەی «ئایەتوڵڵا»دا هەر وا کارێکی سانا نییە، چونکە ئەنجوومەنێک یان لیژنەیەکی دیاریکراو نییە کە ئەو ئەرکە بەجێ بهێنن، بە پێچەوانەی ئێرانەوە کە ئەنجوومەنێکی تایبەتی هەیە بە ناوی «شارەزایانی سەرکرایەتی»[٣٩]. ئەنجوومەنەکەی ئێران هەموو ٨ ساڵێک هەڵدەبژێردرێن، ئەرکی سەرەکییشیان دیاریکردن و هەڵبژاردنی ڕێبەرە و ژمارەیان ٨٨ شەرعزان و پیاوی ئایینی ناودار و ناسراوە کە بەشێکن لە سیستمی «کۆماری ئیسلامیی ئێران»[٤٠].

وەک ئاماژەی پێ کرا، بە هۆی ئەوەی دیاریکردنی «دادگەر» و «زاناترین» و پێوەرەکانی ئەو دیاریکردنە شتێکی کۆنکرێتی نییە و ڕاجیایی زۆر هەڵدەگرێت، لە پەنا مەرجە تیۆرییەکانیشدا لە ڕووی کردەییەوە بوونی ژێرخانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تۆڕی بەرفراوانی پەیوەندی و شوێنکەوتە ڕۆڵیان هەیە لە یەکلاییکردنەوەی ڕکابەرییەکان و لە مێژووی مەرجەعیەتدا ئەمە پێشینەی هەیە.

## کاتی پێویست بۆ دیاریکردنی جێگرەوە

باوەڕێکی زاڵ هەیە کە سیستانی کۆتا مەرجەعی تەقلیدیی کاریزماتیکیی شیعییە لە نەجەف و جێگرتنەوەی بە سانایی و خێرایی ناکرێت و کاتکوژە، بەم پێیەش لە پاش مەرگ یان پەککەوتنی سیستانی دەسەڵاتی ئایینی شیعی ڕووبەڕووی قەیرانێکی سەختی کاتی دەبێتەوە، ئەگەریش هەیە ئەو دەسەڵاتە (مەرجەعیەت) وەک شێوازی ئێستا بە ناوەندی نەمێنێتەوە بە هۆی زۆریی هێزە شیعەکان و سەختیی ڕکابەرییەکانەوە[٤١]، لەم میانەیەشدا گەڕانەوە بۆ مێژووی مەرجەعەکانی پێشووتر هەندێک وێنەکە ڕوون دەکاتەوە. «موحسین ئەلحەکیم» سێ ساڵی پێچووە تا لە کێبەرکێی «عەبدولهادی شیرازی»دا مەرجەعیەتی باڵای خۆی یەکلایی کردووەتەوە، لە پاش ئەویش «خوئی» بە چوار ساڵ پێش «مەحموود شاهرودی» کەوتووە، هەر چی سیستانییش هەیە ماوەی شەش ساڵ لەگەڵ کۆمەڵێک مەرجەعی دیکەی هاوئاساتی خۆی لە ڕکابەریدا بووە، لەوانەش «محەمەد سادق سەدر»[٤٢].

## لیستی مەرجەعەکانی ئامادە بۆ جێگرتنەوە

لە نەجەف ئێستا جگە لە سیستانی؛ دوو مەرجەعی تری ناسراوی شیعە هەن، یەکەمیان «محەمەد ئیسحاق فەیاز» (ئەفغانی) و دووەمیان «بەشیر نەجەفی» (پاکستانی)یە، بەڵام هەردووکیان نزیکن لە تەمەنی «سیستانی» و قورسە بتوانن جێگەی بگرنەوە بە هۆی تەمەنەوە، لە هەمان کاتیشدا فەرامۆشکردنیشیان لە ڕکابەرییەکانی جێگرتنەوە هەر قورسە، چونکە لە ڕیزی گەورە مەرجەعەکاندان. «ئیسحاق فەیاز» لەدایکبووی (١٩٣٠)یە و «بەشیر نەجەفی» لەدایکبوونی (١٩٤٢)ە[٤٣]، هەردووکیشیان بنکەی لایەنگرەکانیان فراوان نییە، بەڵام ناونیشان و پێگەیان لە هەرەمی حەوزەی شیعیدا لە سەرەوەیە. لە نێو ئەم دووانەشدا «بەشیر نەجەفی» پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ حەشدی شەعبی هەیە و بە «پیرۆز» ناویان دەبات و بە پێچەوانەی سیستانییشەوە پێشوازی لە سیاسییەکان دەکات و دیداری لەگەڵیان هەیە[٤٤]. هەر چی ئیسحاق فەیازیشە لە سەدرییەکانەوە نزیکە و پەیوەندیی لەگەڵ سیاسییەکاندا باشە، بەڵام وەک «بەشیر نەجەفی» لەگەڵ حەشدی شەعبی پەیوەندیی پتەو نییە[٤٥].

لە دەرەوەی ئەم دوو مەرجەعە تەقلیدییەش دیاریکردنی کاندیدان و پاڵێوراوانی جێگرتنەوەی سیستانی قورسە، چونکە نزیکەی ٤٠ شەرعزان و پیاوی ئایینی لە حەوزەی نەجەفدا وانەی «البحث الخارج» دەڵێنەوە کە هاوتای دکتۆرایە لە زانکۆ ئەکادیمییەکانی دەوڵەت، دەرچووی ئەم خولانەش پلەی ئیجتیهادیان هەیە و لەسەریان نییە تەقلیدی مەرجەعی تر بکەن[٤٦]. لە نێو ئەم مامۆستایانەی حەوزەشدا ناوی هەندێک لە شەرعزانەکان دەرکەوتوون کە دەشێت وەک جێگرەوەی گریمانکراو لە قۆناغی پاش سیستانیدا بچنە ڕکابەرییەوە. لەوانەش[٤٧]:

- **محەمەد باقر ئەیرەوانی**[٤٨]: ئەم شەرعزانە لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٩ی نەجەفە، لە بنەماڵەیەکی ئایینییە، ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەیرەوانی ئەرمینیا. لای گەورەشەرعزانەکانی نەجەف پێگەیشتووە و ئێستا مامۆستای قۆناغی «البحث الخارج»ی حەوزەی نەجەفە کە هاوتای قۆناغی دکتۆرایە[٤٩]. یەکێک لە ئاماژەکانی کارکردنی «ئەیرەوانی» بۆ جێگرتنەوەی سیستانی؛ کردنەوەی ئۆفیسە (بەڕانی) کە تێیدا شەرعزانەکانی شیعە گفتوگۆی بابەتە جیاجیاکانی شەرعزانی دەکەن و لەوێشدا پێشوازی لە میوانە تایبەتەکانی دەکات. جگە لەوەش، «ئەیرەوانی» لە ناو مەزاری ئیمام عەلی وانە بە نزیکەی ٦٠٠ فەقێی شیعە دەڵێتەوە کە لە قۆناغی «بحث

الخارج»دان (دکتۆرا)، هەروەها بە زمانپاراوییش ناسراوە[٥٠]، هەموو ئەم هەنگاوانەش بەدیار چاوی و لە سایەی بێدەنگیی ماڵی سیستانیدایە کە دەشێت وەک لارینەبوون لە هەڵکشانی ئەستێرەی «ئەیرەوانی» لێک بدرێنەوە. هەندێک بۆچوونیش پێیان وایە چانسی زۆرە بۆ ئەوەی لە پێگەی مەرجەعیەتدا ڕۆڵ ببینێت، بەڵام لەمپەریشی لە پێشە، لەوانەش: نەگەڕانەوەی ڕەچەڵەکی خێزانەکەی بۆ بنەماڵەی پێغەمبەر (د. خ)، هەروەها هەژموونی چەکدارەکانی سەر بە ئێران کە پێگە و نفووز و دارایی بەهێزیان هەیە و ڕەنگە پشتیوانی نەکەن[٥١].

- **شێخ هادي آل راضي:** لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٩ی نەجەفە، خوێندکاری دیاری مەرجەعە ناودارەکانی وەک «ئایەتوڵڵا خوئی» و «ئایەتوڵڵا محەمەد باقر سەدر» بووە. لە سەردەمی بەعسدا ئاوارەی ئێران بووە، لە پاش ٢٠٠٣ گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و ئێستا یەکێکە لە مامۆستا دیارەکانی حەوزەی نەجەف[٥٢]. ناوبراو جەختی لەوە کردووەتەوە کە قەتیسکردنی ڕێبەرایەتیی ئایینی لە نێو چەند خێزان و بنەماڵەیەکی شیعەدا جۆرێکە لە خەیاڵ و شتێکی ڕەوا نییە[٥٣].

- **شێخ حسن الجواهري:** شەرعزان و ڕێبەرێکی شیعیی ناسراوی نەجەفییە، لە ڕەچەڵەکدا دەگەڕێتەوە سەر «جبل عامل»ی لوبنان، فێرخوازی هەردوو مەرجەعی ناسراو «خوئی» و «باقر سەدر» بووە، لە ئێران لای مەرجەعە ناسراوەکانی «وەحیدەدین خوراسانی» و «کازم حائیری» خوێندوویەتی و چەند دانراوێکی فیقهیی هەیە و ئێستا لە حەوزەی نەجەف مامۆستایە[٥٤].

- **محەمەد ڕەزا سیستانی:** میراتگری و دانانی کوڕ لە جێگەی باوک نەریتێکی باو نییە بۆ جێگرتنەوەی مەرجەعەکانی شیعە و پێشینەی ئەمە بەردەست نییە، بەڵام بەو پێیەی «محەمەد ڕەزا» کوڕی گەورەی مەرجەعی باڵای ئێستایە و وەک بەڕێوەبەری ئۆفیسی باوکی کار دەکات، دەشێت ڕۆڵێکی بنەڕەتیی هەبێت لە بڕیار و لە دیاریکردنی مەرجەعی نوێی جێگرەوە، بە تایبەت کە «محەمەد ڕەزا» پلەی مەرجەعی هەیە و لە حەوزەدا مامۆستایە[٥٥].

لە نێو نەوەکانی مەرجەعی کۆچکردوو «موحسین ئەلحەکیم»دا چەند مامۆستایەکی حەوزە هەن لە چەشنی «محمد جعفر الحكيم» کە دەشێت بچنە نێو ڕکابەریی جێگرتنەوەی «سیستانی»یەوە، بەڵام نەبوونی پێشینەی تەوریسی مەرجەعیەت دەشێت لە بەردەم ئەمانیشدا ببێتە لەمپەر.

## ڕۆڵ و کاریگەریی سەدر

سەرباری ئەوەشی پێشینەی پەیوەندیی نێوان مەرجەعیەتی «سیستانی» و «سەدر» گرژ و خراپە و مێژوویەکی ناخۆشی ناکۆکی لە نێوان «سیستانی» و بنەماڵەی «سەدر»دا هەیە، بەڵام لەم ساڵانەی دوایی پەیوەندیی نێوان هەردوو لا بەرەو باشتر چووە و لە بۆنە ئاشکراکاندا تەوقە و سڵاوی تایبەت لە نێوانیاندا هەیە(٥٦)، ساڵانە چەند جارێکیش سەدر ئامادەی ماتەم و بۆنەکانی ماڵی «سیستانی» دەبێت، ئەمەش ئاماژەیە کە ئەو گرژی و ناجۆرییەی لە نێوان هەردوو خێزان و بنەماڵە ئایینییەکەدایە لەم ساڵانەی دوایی چووەتە قۆناغی پێکەوەهەڵکردن و کرانەوە بە ڕووی یەکتردا. سەرباری ئەمەش، پێشبینیی ئەوە دەکرێت لە قۆناغی پاش سیستانیدا مەترسییەکانی سەدر دەربکەون و جێگرەوەکەی دووچاری بەرەنگاریی زۆری «موقتەدا سەدر» ببێتەوە، چونکە ئەوکات میراتە ئایینییەکەی «سیستانی» دابەش دەکرێت و سەدر هەوڵ دەدات دۆخێکی تایبەت بە خۆی هەبێت(٥٧)، «سەدر»یش هاوشانی هێزە شیعەکانی تر هەوڵ دەدات ڕۆڵی گەورەی هەبێت بە تایبەت کە تەمەنی لە خوار ٥٠ ساڵانە و خاوەن بنکەیەکی جەماوەری و کۆمەڵایەتیی فراوانە، هەندێک جاریش ئاماژەی بەوە کردووە خواستی هەیە ڕۆڵی ئایینیی هەبێت و مووچەش دەدات بەو خوێندکارە ئایینییانەی لە قوتابخانەکانی نزیک لەو دەخوێنن(٥٨). بەڵام گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت سەدر پلەی ئایەتوڵڵای نییە تا جێگەی سیستانی بگرێتەوە، هەروەها قوتابخانەی سەدری (المرجعیة الناطقة) جیاوازە لە قوتابخانەی سیستانی (المرجعیة الصامتة) و سەدر نابێتە جێگرەوە، بەڵام دەشێت ڕکابەری بکات لەسەر پەلکێشانی زیاتر لە پاش «سیستانی».

## خامنەئی و ئێران لە پاش سیستانی

دوو ڕکابەرە گەورەکەی دنیای شیعە ئایەتوڵڵاکانی «سیستانی» و «خامنەیی»ن، مردنی هەریەکێکیان لە پێش ئەوی تریانەوە بۆشاییەکی گەورە بەجێ دەهێڵێت و لە حاڵەتی مردنی «سیستانی»دا دەشێت ئێران هەوڵ بدات کەڵکی زۆر لەو بۆشاییە وەربگرێت و لە بەرژەوەندیی خۆی بیقۆزێتەوە. بە هۆی ئەوەشی «خامنەیی» ئەزموونێکی فراوانی هەیە لە مامەڵەی سیاسی و کەرەستەشی بەردەستە، توانای هەیە کاریگەریی لە ڕاڕەوی جێگرتنەوەی سیستانیدا هەبێت بە تایبەت لە ڕێگەی هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە

کە بەشێکیان هێزی وەلائین[٥٩]. لە ماوەکانی ڕابردووشدا ئێران هەندێک کەسی ئامادە کردبوو بۆ جێگرتنەوەی «سیستانی» لە چەشنی «شێخ مەهدی ئاسەفی» و «مەحموود شاهرودی»، بەڵام مەرگی ئەوان پێش مەرگی سیستانی کەوت و ڕیسە ئێرانییەکە سەری نەگرت. مەترسیی ئەوەش لەئارادایە لە پاش سیستانی ئێران هەوڵی پەراوێزخستنی نەجەف بدات و سوود لە بۆشایی پاش «سیستانی» وەرگرێت بۆ بەهێزکردنی زیاتری حەوزەی قوم یان پشتیوانیی نەجەفییەک بکات بۆ جێگرتنەوەی «سیستانی» کە دۆستی ئێران و ڕێبەری شۆڕش بێت[٦٠]، لە هەموو حاڵەتەکانیشدا دانانی کەسایەتییەکی نزیک لە ئێران بە شێوەی ڕاستەوخۆ واتای لەناوچوونی شیعەی عێراق دەگەیەنێت و زۆر ڕێتێچوو نییە و دژی مێژووی حەوزەی نەجەفە[٦١].

### لێکەوتە ئەمنییەکانی پاش سیستانی

حەشدی شەعبی شەرعیەتی کارکردن و جموجوڵ و چالاکیی خۆیان بە فەتوای «جیهادی کیفائی» سیستانییەوە پەیوەست دەکەن کە لە حوزەیرانی ٢٠١٤ لە ڕێگای مینبەری سەحنی حسێنییەوە لە کەربەلا بڵاوی کردەوە بۆ بەرگرتن لە پەلکێشانی داعش بەرەو بەغدا لە پاش موسڵ و تکریت. لە فەتواکەدا «سیستانی» خەڵکی هان دا بچنە ڕیزەکانی سوپا و پۆلیس بۆ بەرگریکردن، بەدوای ئەمەشدا هەزاران کەس چوونە سەربازگەکانی مەشق و بەرەکانی جەنگ[٦٢]. لە ساڵی ٢٠٢٠دا چوار گرووپی چەکداری حەشد (العباس، الإمام علي، علي الأكبر، أنصار المرجعية) کە هەڵگری ژمارەکانی (٢، ١١، ٢٦، ٤٤)ن و سەر بە عەتەبەکانی نەجەف و کەربەلان، جیابوونەوەی خۆیان لە حەشدی شەعبی ڕاگەیاند و لەو کاتەشەوە بە «حەشدی عەتەبەکان» ناسران[٦٣]، ئەم هەنگاوەش وەها لێک درایەوە کە هەوڵێکە بۆ دابڕین و ڕاکێشانی بەرە و شەرعیەت لە ژێر پێی گرووپەکانی سەر بە ئێران. لە هەندێک وێستگەشدا نوێنەرانی حەشدی عەتەبەکان سەرکۆنەی گرووپە شیعەکانیان کردووە بەوەی خۆپیشاندەران دەکوژن و دارایی گشتی دەخەنە لاوە[٦٤]. لە نوێترین پێشهاتی ئەو کێبەرکێیەشدا «محەمەد ڕەزا سیستانی» ساڵی پار (٢٠٢٣) لە ساڵیادی سەرکەوتن بەسەر داعشدا، باسی لەوە کردووە خاوەن چاکەی سەرکەوتن بەسەر داعش «شەهیدان و کەمئەندامانن». ئەمەش وەک وەڵام و پەرچەکرداری گرووپە چەکدارە شیعەکان لێک درایەوە کە زۆر جار باسی ڕۆڵی

«قاسم سلێمانی» و «ئەبو مەهدی موهەندیس» دەکەن و بە سەرکردەکانی سەرکەوتن دەیانناسێنن[٦٥]، ئەمەش ئاماژەیەکی دیکەی گرژی و بەریەککەوتنە و بە وردی نازانرێت لە پاش سیستانی ئەم کێبەرکێ و ململانێیە بە چ ئاقارێکدا دەڕوات و پرسێکی کراوە دەبێت.

**سیناریۆ و بژاردە گریمانکراوەکان**

پێدراوەکان دەربارەی قۆناغی پاش سیستانی ئاماژە بە چەند ڕاستییەک دەکەن، لەوانەش:

- پێشبینیکردنی وردی سەرەنجامی بارودۆخ لە قۆناغی پاش مەرجەعیەتی «سیستانی» بە وردی کارێکی قورسە، هۆکاری ئەمەش ئەو ئاڵۆزییەیە کە دەوری پرۆسەکەی داوە و تێکەڵەیەکە لە تێکچڕژانی ئایینی و سیاسی و ئابووری و بەرژەوەندیی دژبەیەکەکانی کارەکتەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان.

- قۆناغی پاش سیستانی جیاوازە و مەرجەعێکی باڵا لە قەبارە و ئاستی ئەو بە خێرایی دەرناکەوێت و قوتابخانەی دێرینی نەجەف دەچێتە ناو پرۆسەیەکی هەستیار بۆ دیاریکردنی جێگرەوەیەک لە نێو هاوتەمەن و خوێندکارەکانی مەرجەعی پێشوو.

- پاش سیستانی؛ نەجەف و جیهانی شیعە دەچنە قۆناغێکی شپرزەیی و ناڕۆشنییەوە، بەڵام ئەمە بە مانای داڕووخانی دامەزراوەی ئایینیی شیعەی نەجەف نایەت کە بە درێژایی هەزار ساڵ بەردەوام ڕێبەری ئایینی و ئایەتوڵڵا و مەرجەعی بۆ شوێنکەوتووانی شیعە پێدەگەیەنێت.

- دروستکردنی کەسایەتییەکی جێگرەوە بۆ سیستانی ئەگەر هەیە لە چەند هەفتەیەکەوە تا چەند ساڵێک بخایەنێت و پرۆسەی گواستنەوەکە جگە لە کایە مەزهەبییەکە، لەسەر کۆمەڵێک هۆکاری تر بنەڕەتە کە دەکرێت دیارترینیان بریتی بن لە: هەڵوێستی هێزە سیاسییەکانی شیعە، سەرمایە، میدیا و ریکلام، پاڵپشتیی عەشایەریی شیعە، لەمانەش گرنگتر هەڵوێستی تۆڕی بریکارەکانی ئێستای سیستانی لە شار و وڵاتان و هەردوو کوڕەکەی و تۆڕی بریکارەکانیشی نزیک دەبێتەوە لە ٦٠٠ کەس.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١. مهدى خلجي، المرجع الأخير، السيستاني ونهاية السلطة الدينية التقليدية في التشيع، ترجمه، فراس طارق مكية، (بغداد: منتدى الحوار المدني، ٢٠٠٧)، ص ٤٠.

٢. غزل أريجي، قرن على التأسيس: ما هو مستقبل حوزة قُم وعلاقتها مع السلطة والمرجعية الدينية في إيران؟، البيت الخليجي، https://2h.ae/mREA (النشر: ٢٠٢٣/٣/١)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

٣. علي المؤمن، المرجعية الدينية الشيعية بين المنصب والموقع، https://2h.ae/IJrp (النشر: ٢٠٠٤/٢/١٧)؛ (متاح: ٢٠٢٤/٩/١٦).

٤. مهدى خلجي، المرجع الأخير، ص٤١.

٥. اللجنة العلمية في مركز الرصد العقائدي، أدلة وجوب التقليد، المركز https://2h.ae/SjdM (النشر: ٢٠١٨/١٠/٩)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٠).

٦. عامر العيدى: السفراء الأربعة، موسوعة أهل البيت، ٢٠٠٤، ص ص ٢-٥.

٧. سيد مهدى ايت الهى: الامام حسن العسكري، ترجمه كمال السيد، مؤسسة أنصاريان، قم، ص٢٢.

٨. فاضل المالكى: الغيبة الصغرى والسفراء الأربعة، مركز الأبحاث العقائدية، قم، ١٤٢٠ هـ، ص٤٥.

٩. صالح الكرباسى، ما هى مراحل غيبه الامام المهدى؟ مركز الاشعاع الإسلامى للدراسات والبحوث، https://bit.ly/٣WA٦٧wj (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٠).

١٠. على المؤمن، المرجعية الدينية الشيعية بين المنصب والموقع، موقع آفاق، https://٢h.ae/IJrp (النشر: ٢٠٢٤/٢/١٧)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

١١. الحر العاملي، وسائل الشيعة إلى تحصيل مسائل الشريعة، تحقيق ونشر: مؤسسة أهل البيت لإحياء التراث، قم، ط٢، ١٤٠٢، ج ٢٧، ص١٣٦-١٣٧.

١٢. محمد تقي بهجت، توضيح المسائل (بيروت: انتشارات شفق، د.ت)، ص٨.

١٣. مركز الإشعاع الإسلامي، ما هو سبب تعدد المرجعيات الشيعية و اختلاف آرائهم الفقهية؟ https://bit.ly/3X8uTpM (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

١٤. موقع محمد سعيد طباطبائي الحكيم، سبب تعدد المراجع، https://٢h.ae/Kmkg (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

١٥. ضياء الخباز، هل يصح للناس نقد المراجع، https://aldiaa.net/qa78/ (النشر: ٩/ ٥/ ٢٠١٨)، (متاح: ٢٠/٩/ ٢٠٢٤).

١٦. العتبة العسكرية، السرداب المقدس، https://2h.ae/oJYf (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٢).

١٧. ديوان الوقف الشيعي، دليل المزارات، https://bit.ly/3DZhQwj (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٢)

١٨. الذهبى: سير أعلام النبلاء، (لبنان: مؤسسة الرسالة، ٢٠٠١)، ج ١٨، ص٣٣٥.

١٩. عباس القمي، منازل الآخرة والمطالب الفاخرة (قم: مؤسسة النشر الإسلامي، ١٤١٩هـ)، ص٤٧.

٢٠. محمد علي جعفر التميمي، مشهد الإمام أو مدينة النجف (النجف: مطبعة دار النشر، ١٩٥٣م)، ص٩٠-٩١؛ مركز الرصد العقائدي، الدّفنُ فِي النّجفِ يُنجِي مِن حسابِ البرزخِ، https://bit.ly/3NFijIj (النشر: ٢٠١٩/٦/٢٣)، (متاح: ٢٠/ ٢٠٢٤/٩).

٢١. علي المؤمن الغريفي، الحوزة العلمية المؤسسة الدينية للنظام الاجتماعي الديني الشيعي، https://bit.ly/3XcF8YO (متاح: ٢٠٢٣/٩/٣).

٢٢. بڕوانە: موقع الشيعة، السيد حسين البروجردي، https://bit.ly/4g8d55w (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢).

٢٣. علي مؤمن الغريفي، المرجعيات الشيعية المطلقة المعاصرة، الموقع الرسمي، https://bit.ly/47rebpn (النشر: ٢٠٢٤ /٤/٧)؛ (متاح: ٣/ ٢٠٢٤/٩).

٢٤. موقع السيستاني، السيرة الذاتية، https://bit.ly/4dNAO9A، (متاح: ٢٠٢٤/٩/١).

٢٥. محمد يسري، أستاذ السيستاني من يكون أبو القاسم الخوئي، ارفع صوتك https://bit.ly/3Mb-tubO (النشر: ٢١/ ٢٠٢٣/١١)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

٢٦. موقع السيستاني، السيرة الذاتية، https://2h.ae/yRfD (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

٢٧. محمد سيد الصياد، المرجعية العُليا ما بعد السيستاني.. ومستقبل الحوزة، معهد رصانة https://bit.ly/3Aue6EL (النشر: ٢٠٢٢/٣/٣١).

٢٨. موقع السيستاني، السيرة الذاتية، https://2h.ae/yRfD (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

٢٩. القبس، عملية ناجحة لقلب السيستاني، https://bit.ly/4dxIcGg (النشر: ٢٠٢٢/٨/١٥)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

٣٠. موازين نيوز، هذا ما أكده الصافي والفريق الطبي بشأن عملية المرجع السيستاني، https://bit.ly/3Xbbu6D (النشر: ٢٠٢٠ /١/١٦)؛ (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٠).

٣١. موازين نيوز، احدث صورة للسيد السيستاني في عيد الغدير، https://2h.ae/ESPS (النشر: ٢٠٢٤/٦/٢٥).

32. https://2h.ae/JyGv

٣٣. فراس الناصر، ما طبيعة الصراع بين المرجعيات الشيعية في العراق وأسباب خلافها مع مرجعية قم الإيرانية؟، الجزيرة نت، https://bit.ly/3WSXSfM (النشر: ٢٠٢٢/٤/٢١)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

٣٤. قناة الرشيد الفضائية، https://bit.ly/46ToCBt (النشر: ٢٠٢٤/٧/٢٥)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

٣٥. علي آل مظلوم، المرجعية الشيعية في العراق، مجلة الدراسات الإيرانية، معهد رصانة، العدد ١١، ٢٠٢٠، ص١١٧-١٣٠.

٣٦. علي طاهر الحمود، شرعية الدولة: سجال السيستاني مع «ولاية الفقيه»، https://2h.ae/ppdA (النشر: ٣٠/١١/ ٢٠١٩)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٥).

٣٧.موقع السيستاني، ولاية الفقيه، https://2h.ae/TIvO  (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٥).

٣٨.موقع السيستاني، مكاتب المرجعية، https://2h.ae/YIap  (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

٣٩. عباس كاظم وباربارا سلافن، ما بعد السيستاني والخامنائي، المونيتور https://ly.bit/3WOIMYW (النشر: تموز ٢٠١٩)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

٤٠.الميادين، ما هو مجلس خبراء القيادة الإيراني، وما دوره؟، https://bit.ly/3MbwYeo (النشر: ٤/ شباط/٢٠١٩)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

٤١.الشرق الأوسط، سيناريوهات ما بعد مرجعية السيستاني قراءة دينية وسياسية https://bit.ly/3AuWnND (النشر: ١/١٣/ ٢٠١٧)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

٤٢.زاهر موسى، المرجع الأعلى: تأمُّل في مرحلة ما بعد السيستاني، موقع جمار، https://2h.ae/TOOw (النشر: ٩/٢١/ ٢٠٢٤).

٤٣.كارولين مرجي صايغ، المرجعية الدينية، ترجمه: نصر محمد علي (النجف: مركز الرافدين، ٢٠٢٠)، ص١٥٩، ص١٦٦.

٤٤.موقع المكتب المركزي لآية الله العظمى النجفي، https://www.alnajafy.com/ (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

٤٥.موقع آية الله الفياض، اخبار مكتب سماحة مرجع الديني الشيخ الفيّاض، https://alfayadh.org/ (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٤).

٤٦.العربية نت، مستقبل المرجعية الدينية في «النجف» ما بعد السيستاني! https://ly.bit/3WTGRCr (النشر: ٢٠٢١/٩/٢٣)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٤).

٤٧. حسام البقيعي، منّ يَخْلُف "رجل الله" في العراق؟ مركز رع للدراسات https://rcssegypt.com/16867 (النشر: ٢/١٩/ ٢٠٢٤)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٤).

٤٨. مركز الامارات للسياسات، مقتدى الصدر ومرجعية السيستاني: واقع العلاقة وآفاقها في ضوء الأزمة السياسية في العراق، https://ly.bit/3SPmHbx (النشر: ٩/٢٢/ ٢٠٢٢)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

٤٩.ويكي شيعة، محمد باقر الأيرواني، https://ly.bit/3WTzQRY (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

٥٠. العربية نت، هل يكون آية الله الإيرواني الخليفة الأوفر حظاً للمرجع السيستاني؟ https://bit.ly/4cv5fjp (٩/٢٣/ ٢٠٢١)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٥).

٥١. صادق الطائي، مستقبل المرجعية في العراق: من سيخلف السيستاني؟ القدس العربي https://ly.bit/3SXB0uz (النشر: ٢٠٢٢/٢/٦)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٥).

٥٢. ويكي شيعة، محمد هادي آل راضي، https://ly.bit/3MaG2A1 (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

٥٣. الموقع الشامل للحوزة العلمية، الشيخ هادي آل راضي: حكر العلم والاجتهاد على جماعات أو بيوتات معينة مفهوم خيالي، https://bit.ly/3YQ3wlF (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٥).

٥٤. ويكي شيعة، الشيخ حسن الجواهري، https://ly.bit/4dIVxuO (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٥) ؛ المهدي نت، الشيخ حسن الجواهري، https://2h.ae/SiKU (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٥).

٥٥. مؤسسة الامام علي في لندن، كلمة سماحة السيد محمد رضا السيستاني بين حضور درسه بمناسبة قرب حلول شهر رمضان، https://2h.ae/pcOd (النشر: ٢٣ شعبان ١٤٤٥ه)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

٥٦. وان نيوز، تقارب كبير بين الصدر ونجل المرجع، https://2h.ae/RUcJ (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

٥٧. مركز الامارات للسياسات، مقتدى الصدر ومرجعية السيستاني: واقع العلاقة وآفاقها في ضوء الأزمة السياسية في العراق، https://bit.ly/3SPmHbx (النشر: ٢٠٢٢/٩/٢٢)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

٥٨. مصطفى سعدون، طموحات الصدر في عراق ما بعد السيستاني، https://2h.ae/qfXx (النشر: ٢٠٢٢/٢/١٧)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

٥٩. عباس كاظم وباربارا سلافن، ما بعد السيستاني والخامنائي، المونيتور https://bit.ly/3WOIMYW (النشر: تموز ٢٠١٩)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

٦٠. محمد سيد الصياد، المرجعية العُليا ما بعد السيستاني.. ومستقبل الحوزة، معهد رصانة https://bit.ly/3Aue6EL (النشر: ٢٠٢٢/٣/٣١).

٦١. الشرق الأوسط، سيناريوهات ما بعد مرجعية السيستاني قراءة دينية وسياسية https://bit.ly/3AuWnND (النشر: ٢٠١٧/١/١٣)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣).

٦٢. بي بي سي نيوز، العراق: المرجعية الدينية العليا تعلن الجهاد الكفائي https://h٢.ae/Dhld (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٣)؛ بي بي سي نيوز، تزايد المتطوعين الشيعة بعد صدور فتوى الجهاد الكفائي https://h٢.ae/lWxR (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٤).

٦٣. الحرة، العراق.. «فصائل السيستاني» تكشف أسباب انسحابها من الحشد، https://bit.ly/٣YRBzKa (٢٠٢٠/٤/٢٤).

٦٤. حمدي مالك، السيستاني في وجه الميليشيات: مستقبل السيادة العراقية، معهد واشنطن، https://bit.ly/46Tq1YJ (النشر: ٢٠٢١/٩/١٤).

٦٥. شفقنا، السيد محمد رضا السيستاني: المسؤولية الكبرى هي الحفاظ على النصر في العراق، https://bit.ly/3M8kQeb (النشر: ١٠/ ١٢/ ٢٠٢٣)، (متاح: ٢٠٢٤/٩/٢٤).

# ڕێگای گەشەپێدان؛ پڕۆژەیەکی کیشوەربڕ

## (پێگەی عێراق لە ئێستا و ئایندەی ڕێگاکەدا)



**کازم ئەحمەد سەدرەدین/ ماستەر لە جوگرافیای مرۆیی**

**بەرایی**

بە هۆی جەنگی ڕووسیا و ئۆکراین، کیشوەری ئۆراسیا دۆخێکی ئاڵۆز بەخۆوە دەبینێت، دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە دۆخی کیشوەری ئۆراسیا باشتر نییە، پێدەچێت شەڕی ئیسرائیل و حەماس پێ بێتە دۆخیکی ترەوە و ئەگەری فراوانبوونی جەنگەکە و تێوەگلانی وڵاتانی تر لە جەنگەکە بابەتێکی کراوەیە. بێگومان ئەم دۆخە سیاسی و سەربازییە مەنگە کاریگەریی دەبێت لەسەر ڕێڕەوە بازرگانییەکان و جموجۆڵی ئابووریی جیهانی، هەر بۆیە بەشێک لە وڵاتانی جیهان بەدوای ئەلتەرناتیڤ و دەلاقەیەکی تردا دەگەڕێن بۆ دۆزینەوەی ناوچەیەکی ئارام و ڕێڕەوێکی سەلامەت. ئەوەی لە ئێستادا ناوەندە سیاسی و ئابوورییەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانی عێراقە کە پێشنیاری مۆدێلێکی نوێی ئابووری دەخاتە ڕوو بۆ کردنەوەی ڕێڕەوێکی بازرگانی، بە ئامانجی بەردەوامیدان بە بزاوتی بازرگانیی جیهانی و گرێدانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و بەستنەوەی هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەورووپا لە ڕێگەی خاکی عێراق و تورکیاوە. پڕۆژەکە پەرەپێدانی ڕێگای ئاوی و ڕێگەی وشکانی (هێڵی ئاسن و ڕێگای گواستنەوەی خێرا) لەخۆ دەگرێت، کە چاوەڕوان دەکرێت کاریگەریی هەبێت نەک تەنها لەسەر دۆخی ئابووریی ناوخۆیی عێراق، بەڵکوو دۆخی ئابووری و بازرگانیی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

### ١-١. ناساندنی پڕۆژەکە

### أ.پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان چییە؟

ڕێگای گەشەپێدان پڕۆژەیەکی ستراتیژیی ژێرخانی گرنگە، دەلاقەیەکی نوێ بە ڕووی کرانەوە و گەشەپێدان لە عێراق و ناوچەکەدا دەکاتەوە[١]. پڕۆژەکە سەرەتا ناوی «کەناڵی وشک»ی لێ نرا، دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ «ڕێگای گەشەپێدان». بیرۆکەی پڕۆژەکە لە میانی کۆنفرانسی بەرپرسانی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو لە بەغدادی پایتەختی عێراق، لە مانگی ئایاری ٢٠٢٣دا خرایە ڕوو. لەم کۆنفرانسەدا عێراق پڕۆژەیەکی ستراتیژی گرنگی خستە بەر باس کە بەندەری گەورەی فاو لە کەنداوەوە دەبەستێتەوە بە تورکیاوە، لە ڕێگەی تۆڕێکی فراوانی شەمەندەفەر و ڕێگاوبانی خێرای ئۆتۆمبێل. پڕۆژەکەشی ناو نا پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان (مشروع طريق التنمية - The Development Road Project).

ڕێگای گەشەپێدان وەک کەناڵێکی گرنگ و پردی پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەورووپا بایەخی پێ درا. بووە تەوەری سەرەکیی گفتوگۆی کۆنفرانسی بەغداد کە لە لایەن محەمەد شیاع سوودانیی سەرۆکوەزیرانی عێراقەوە ڕێک خرابوو. بە ئامادەبوونی وەزیرانی گواستنەوە و بەرپرسانی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو: (قەتەر، ئیمارات، کوێت، سعودیە، عومان، ئێران، تورکیا، سووریا و ئوردن)[٢]. ئەم پڕۆژەیە عێراقییە و بیرۆکەکەی لە لایەن «سوودانی»یەوە خراوەتە ڕوو و شوێنی جوگرافیی پڕۆژەکە و خاڵی دەستپێکی لە عێراقەوە جێ دەبێت و هەوڵ دەدات ژێرخانی ڕێگاوبان و هێڵی ئاسن بونیاد بنێت و دوای چەندین دەیە لە ململانێ؛ سوود لە جوگرافیاکەی و دەروازە سنوورییەکانی وەربگرێت، ئەمەش وەک هەلێک دەبینرێت بۆ ناساندنی مۆدێلێکی نوێی گەشەپێدان لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، بە ئامانجی پێکهێنانی دۆخێکی ئارام و سەقامگیر و لەبار بۆ ڕێڕەوەکانی بازرگانیی نێودەوڵەتی و کرانەوە و سەرمایەگوزاری، کەمکردنەوەی بڕی تێچووی جووڵەی بازرگانی و خزمەتگوزاری و بایەخدان بە بازرگانیی ناخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی[٣]. ئەگەرچی خاوەندارێتیی ڕێگای گەشەپێدان بۆ عێراق دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم پڕۆژەیە بە هاوپەیمانێتییەکی چوارقۆڵی لە نێوان دەوڵەتانی (عێراق و تورکیا و ئیمارات و قەتەر)دا جێبەجێ دەکرێت. هەر بۆیە دەبێت ئەو چوار وڵاتە چوارچێوەی پێویست دابنێن بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە[٤] کە بریتییە لە دروستکردنی بەندەر و ڕێگاوبان و هێڵی ئاسن.

ئەمەش دەبێتە هۆی کورتکردنەوەی مەودای گواستنەوەی نێوان ئاسیا و ئەورووپا لە ڕێگەی خاکی تورکیاوە و بە سێ قۆناغ جێبەجێ دەکرێت: قۆناغی یەکەم: لە ساڵانی (٢٠٢٣-٢٠٢٨): لەم قۆناغەدا بەندەری فاو ئامادە دەبێت و دەتوانێت کەشتی وەربگرێت. قۆناغی دووەم: لە ساڵانی (٢٠٢٨-٢٠٣٨): ئەم قۆناغە بە تەواوبوونی ڕێگای وشکانی و سەرجەم پێویستییەکانی هێڵی ئاسن (شەمەندەفەر) و ڕێگای خێرای ئۆتۆمبێل کۆتایی دێت. بڕیارە قۆناغی سێیەم: کۆتا قۆناغی پڕۆژەکە لە ساڵانی (٢٠٣٨-٢٠٥٠): وادەی تەواوبوونی سەرجەم کارەکانی بیناسازییە لە بەندەری فاو و تەواوی کارەکانی پڕۆژەی «ڕێگای گەشەپێدان»ە(٥).

### ب. جوگر افیای پڕۆژەکە

وا دیارە جوگرافیای ڕێگای گەشەپێدان لەسەر ئاستی جیهانی وەک پڕۆژەیەکی کیشوەربڕ سەیر دەکرێت، بەوەی هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەورووپا پێکەوە دەبەستێت. کارەکە هەوڵێکە بە ئاراستەی بەستنەوەی جوگرافیای کیشوەری جیهانی کۆن (ئاسیا و ئەفەریقا و ئەورووپا)، توانستی ئەوەی هەیە ڕاستەوخۆ کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەورووپا پێکەوە گرێ بدات و ناڕاستەوخۆش کاریگەریی لەسەر کیشوەری ئەفەریقا هەبێت. هەر بۆیە ڕێگای گەشەپێدان بە «ڕێگای ئاوریشمی عێراقی» ناو دەبرێت و کەنداوی عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتی جیهان بە ئەورووپا لە ڕۆژئاوای جیهان دەگەیەنێت. عێراق فۆکەسی لەسەر ئەوەیە کەنداو لە ڕۆهەڵاتی جیهان بە تورکیاوە ببەستێتەوە، تورکیاش ئەو بەشە تەواو دەکات کە بە ئەورووپا و ڕۆژئاوای جیهان دەیبەستێتەوە. خاڵی دەستپێکی پڕۆژەکە لە بەندەری «فاو» لە عێراقەوە دەست پێ دەکات و لە دەروازەی فیشخاپوورەوە دەچێتە تورکیا پاشان لە تورکیاوە بۆ ئەورووپا، هۆڵندا و بەندەری ڕۆتردام دەبێتە کۆتا خاڵی پڕۆژەکە(٦). لەسەر ئاستی هەرێمی؛ پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان دۆخێکی هەرێمیی نوێ دەهێنێتە کایەوە، هەروەک چۆن لە ڕێککەوتنێکی هەرێمیدا هەریەک لە وڵاتانی (عێراق و تورکیا و قەتەر و ئیمارات)ی یەک خستووە. دەکرێت لە ئایندەدا جوگرافیای ڕێگای گەشەپێدان فراوانتر بکرێت و ڕێگا بۆ هاتنەناوەوەی وڵاتانی تریش خۆش بکات. بە نموونە عێراق لە ڕێگای خاکی سعودیەوە ببێتە ڕێڕەوێکی وشکانیی گرنگ تا کەنداوی عەرەب بە دەریای سوورەوە ببەستێتەوە، بەمەش عێراق دەبێتە سەنتەرێکی ستراتیژی و بازرگانیی گرنگ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(٧).

پرۆژەكە لەسەر ئاستی هەرێمی لە ڕێگەی تۆڕێكی فراوانی ڕێگاوبان ڕاستەوخۆ جەخت لەسەر  بەستنەوەی هەردوو وڵاتی عێراق و توركیا دەكاتەوە لە بەیەكگەیاندنی بەندەری فاو بە دەروازەی فیشخاپوورەوە. لە دیوی توركیاشەوە (٦١٥كم) هێڵی ئاسنی پێشكەوتوو، (٣٢٠كم) ڕێگای خێرای نوێ دروست دەكرێت بۆ ئەوەی بە توركیاوە ببەسترێتەوە[٨]. كاتێك ڕێگەكە لە گوندی ئاڤاكۆی شەرناخەوە بە باكووری كوردستاندا دەچێتە ناو جوگرافیا و سنووری توركیاوە، لە پارێزگای «ئامەد»ەوە دەچێتە مێرسین و لە ڕێگەی بەندەری مێرسینەوە ڕێگەكە بە دەریای سپیی ناوەڕاستدا بە ئەورووپاوە دەبەستێت و هەر لە ناو توركیادا بە ڕێگەی وشكانی شارە گرنگەكانی وەك ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ دەبڕێت. جووڵەی بازرگانی و گەشتیاری بە بولگاریا، ڕۆمانیا، سڕبیا و مەكەدۆنیا دەبەسترێتەوە. وا پێدەچێت ئەو پرۆژەیە نەك تەنها وڵاتی خانەخوێ، بەڵكوو وڵاتانی كەنداو و ئوردن و تەنانەت ئێرانیش بە ئەورووپاوە ببەستێتەوە[٩] (نەخشەی (١)).




**نەخشەی ژمارە (١)**

**نەخشەڕێگای پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان لە نێوان «عێراق و توركیا»**

**سەرچاوە:** د. ابراهیم ادیب ابراهیم، نحو افاق مستقبلیة رىحة للعلاقات الاقتصادیة العراقیة العمانیة، منظمة بوابة الشرق للتنمیة المستدامة، مایو ٢٠٢٤، ص5.

لەسەر ئاستی ناوخۆیی؛ جوگرافیای پرۆژەکە لە بەندەری فاوەوە دەست پێ دەکات و بە زیاتر لە (١٠) شاری گەورەی عێراقدا تێپەڕ دەبێت تا دەگاتە فیشخاپوور، بەم شێوەیە لە بەندەری گەورەی ئەلفاو لە باشوورەوە درێژ دەبێتەوە، پاشان (بەسرە، ناسریە، سەماوە، دیوانیە، نەجەف، حیللە، کەربەلا؛ دەبڕێت تا دەگاتە بەغدای پایتەخت، پاشان بە شارەکانی سامەڕا، تکریت و بێجی، موسڵ)دا دەڕوات تا لە خاڵی سنووریی فیشخاپوور، لە ناوچەی سێگۆشەی «عێراق-سووریا-تورکیا» کۆتایی پێ دێت[١٠]

**(نەخشەی (٢)).**



**نەخشەی ژمارە (٢)**

**نەخشەڕێگای پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان لە ناوخۆی عێراقدا**

**سەرچاوە:** بكر نجم الدين، مستقبل طريق التنمية العراقي بين مشاريع التجارة العالمية في ظل عقبات التمويل و المليشيات و ضعف القانون، الموقع نيريج، ٩مايو ٢٠٢٤.

خاڵی دەستپێکی پرۆژەکە بەندەری فاوە، هەر چەندە عێراق پێنج بەندەری بازرگانیی هەیە، هەموویان دەکەونە پارێزگای بەسرە کە بریتین لە: (ئوم قەسری سەروو، ئوم

قەسری خواروو، خور ئەلزوبەیر، ئەبو فلوس، ئەلمەقال)، بەڵام توانای هەموویان لە بواری بازرگانیدا سنووردارە، چونکە دەکەونە سەر لقەڕووبار، تەنها بەندەری فاو نەبێت کراوەیە بەسەر دەریادا. هەر بۆیە لە عێراقی نوێی دوای ساڵی ٢٠٠٣دا بیرۆکەی بونیادنانی بەندەرێکی گەورەی بازرگانی لە ناوچەی «فاو» لە باشووری عێراق هاتە ئاراوە. دیارترین تایبەتمەندیی بەندەری فاو شوێنە جوگرافییە ستراتیژییەکەیەتی بەوەی ڕاستەوخۆ لە سەر ئاوەکانی کەنداو هەڵکەوتووە، بە پێچەوانەی بەندەرەکانی دیکە کە لە تەنیشت کەناڵە ئاوییەکانەوە هەڵکەوتوون. بەندەری فاو ڕووبەرەکەی (٥٤) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. لەو کاتەوەی بەردی بناغەی پرۆسەی فراوانکردن و پەرەپێدانی بەندەرەکە دانراوە لە ٢٠١٠دا، ئەو ئامانجە وەک خەونێکی گەورەی عێراقییەکان ماوەتەوە کە تا ئێستا گەرەنتیی بەدیهاتنی لە لایەن پێنج وەزیری وەزارەتی گواستنەوە لە پێنج کابینەی حکومەتدا بەدی نەهاتووە.

بۆ پەرەپێدانی پرۆژەکە؛ (٧) ملیار دۆلار تەرخان کراوە. دیزاینی بەندەرەکە لە لایەن کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاریی ئیتاڵییەوە پەرەی پێ دراوە، لە لایەن کۆمپانیای «دایۆ»ی کۆرییەوە بە بڕی زیاتر لە (٢) ملیار و (٦٢٥) میلۆن دۆلار جێبەجێ دەکرێت. قۆناغی یەکەمی؛ لە ساڵی ٢٠٢١دا تەواو بووە و «پێنج» جێگەی سەرەکی لەخۆ دەگرێت و بڕیار وایە قۆناغی دووەمی؛ لە ناوەڕاستی ٢٠٢٥دا تەواو بێت. بەندەرەکە بە جۆرێک دیزاین کراوە کە (٥٠) جێگا لەخۆ بگرێت و زۆرترین توانای بەندەرەکە وەرگرتنی (٩٩) ملیۆن تەن کاڵا و شتومەکە لە ساڵێکدا. هەروەها پرۆژەکە وەک شارێی بازرگانی و پیشەسازی وایە کە پێک هاتووە لە دەیان شوێنی نیشتەجێبوون و حەوشە و کۆگای عەمبارکردن، دامەزراندنی پاڵاوگەیەک بۆ بەرهەمهێنان و پاڵاوتنی نەوت، کارگەیەکی پترۆکیمیایی، فڕۆکەخانەی بارهەڵگری ئاسمانی (کارگۆ). کۆمپانیایەکی یۆنانی شەپۆلشکێنی بەشی ڕۆژهەڵاتی تەواو کردووە و کۆمپانیایەکی کۆری نزیکە لەوەی شەپۆلشکێنی بەشی ڕۆژئاوای تەواو بکات[11] (نەخشەی ٣). ئەمە جگە لەوەی پرۆژەی بەندەری گەورەی فاو بە یەکەمین بەندەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەیەمین گەورەترین بەندەری جیهان دادەنرێت. بەندەرەکە لە سەر ڕووبەرێک بونیاد نراوە کە درێژییەکەی (٦٧٠٠) مەتر و پانییەکەی (٢١٩٠) مەترە و قووڵییەکەی (١٩) مەترە، بە شێوەیەکە توانای وەستانی کەشتییە گەورە بارهەڵگرەکانی هەیە. هەروەها شوێنی هەڵگرتنی کۆنتێنەرەکان (٣٩) هەزار مەتر چوارگۆشە دەبێت[12].

## خشتەی ژمارە (١)

## تایبەتمەندییەکانی «بەندەری فاو» وگرنگییەکەی لە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێداندا

| بەندەری فاو | تایبەتمەندی |
|---|---|
| شوێنی جوگرافیی بەندەرەکە | باشووری عێراق لە شاری بەسرە |
| پێگەی بەندەرەکە | یەکەمین بەندەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەیەمینی جیهانە |
| ڕووبەری بەندەرەکە | (٥٤) کیلۆمەتر چوارگۆشە |
| درێژیی بەندەرەکە | (٦٧٠٠) مەتر |
| پانیی بەندەرەکە | (٢١٩٠) مەتر |
| قووڵیی بەندەرەکە | (١٩) مەتر |
| شوێنی هەڵگرتنی کۆنتێنەرەکان لە بەندەرەکە | (٣٩) هەزار مەتر چوارگۆشەیە |
| توانای بەندەرەکە | وەرگرتنی (٩٩) ملیۆن تەن کاڵا و شتومەکە لە ساڵێکدا |
| تێچووی پەرەپێدانی بەندەرەکە | (٧) ملیار دۆلارە |

سەرچاوە: توێژەر، بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی سەرەوە.




## نەخشەی ژمارە (٣)

## گرنگیی شوێنی جوگرافیی بەندەری فاولە باشووری عێراق لە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێداندا

سەرچاوە:

inistry of Transportation, The Development Road Project, Baghdad, 31 January 2024

**ت. تێچووی پڕۆژەکە و قازانجی پڕۆژەکە**

بەرپرسە فەرمییەکانی حکومەتی عێراق تێچووی پڕۆژەکە بە (١٧) ملیار دۆلار دەخەمڵێنن. چاوەڕوان دەکرێت بە تەواوبوونی پڕۆژەکە؛ ئابووریی عێراق گەشەکردنێکی بەرچاو بەخۆوە ببینێت و وا پێشبینی دەکرێت قازانجی ساڵانەی ڕێگای گەشەپێدان بگاتە نزیکەی (٤,٨٥٠) ملیار دۆلاری ساڵانە. سەبارەت بە پارەدارکردنی پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان، مەزەندە دەکرێت تورکیا و ئیمارات و قەتەر پاڵپشتیی دارایی بەشێک لە پڕۆژەکە بکەن[١٣] (خشتەی (٢)).

بۆ دابینکردنی سەرمایە و تێچووی پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان، چەند سیناریۆ و بژاردەیەکی دارایی پێشنیار کراون، لەوانە:

**سیناریۆی یەکەم:** ئەم سیناریۆیە لە دەوری دارایی حکومەت دەسووڕێتەوە، بەوەی حکومەتی عێراق خۆی بودجەی بۆ دابنێت. بەڵام کارناسانی ئابووری پێیان وایە توانای حکومەت بۆ جێبەجێکردنی وەها پڕۆژەیەک زەحمەتە، بە هۆی کورتهێنانی گەورە لە بودجەی گشتیدا، بۆیە پێدەچێت ئەم پێشنیارە ڕەت بکرێتەوە.

**سیناریۆی دووەم:** هاوبەشیی نێوان حکومەت و کەرتی تایبەتە، بە مەرجێک ڕووبەڕووی ئاڵنگاری و دابینکردنی پارەی پێویست لە ژێر بەڕێوەبردنی حکومەتدا بێت.

**سیناریۆی سێیەم:** پێشنیاری هاتنەپێشەوەی کۆمپانیا بیانییەکان دەکات بە هاوکارییە داراییەکانیان، لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە لە لایەن کۆمەڵێک کۆمپانیای نێودەوڵەتییەوە کە هاوبەشی ناوخۆییان هەیە، ئەمەش لۆژیکیترین چارەسەرە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە لەو ماوەیەی بۆی دیاری کراوە.

**سیناریۆی چوارەم:** لە هەنگاوی داهاتوودا دوای گرێبەستکردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان، هێنانەپێشەوەی تورکیا و سعودیە و ئیمارات و قەتەر، بەوەی تا بتوانن پێکەوە هاوکار بن و بودجەی پێویست بۆ پڕۆژەکە دابین بکەن[١٤].

## خشتەی ژمارە (٢)

## زانیارییە گشتییەکان دەربارەی پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان بە ژمارە و دەیتا

| بابەت | دەیتا و زانیارییەکانی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان |
|---|---|
| ناوی پرۆژە: | پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان (مشروع طريق التنمية - - The Development Road Project) |
| ماوەی جێبەجێکردن: | (٢٠٢٣ بۆ ٢٠٥٠) |
| پلانی جێبەجێکردن قۆناغەکانی پرۆژەکە: | سێ قۆناغ: قۆناغی یەکەم: (٢٠٢٣-٢٠٢٨)، قۆناغی دووەم: (٢٠٢٨-٢٠٣٨)، قۆناغی سێیەم: (٢٠٣٨-٢٠٥٠) |
| تێچووی پرۆژەکە: | (١٧) ملیار دۆلار |
| قازانجی پرۆژەکە: | (٤,٨٥٠) ملیار دۆلار قازانجی ساڵانە |
| جوگرافیای پرۆژەکە: | عێراق: لە بەندەری فاوە بۆ فیشخاپوور بە زیاتر لە (١٠) پارێزگادا دەڕوات. توركیا: لە فیشخاپوورەوە بۆ بەندەری مێرسین لە سەر دەریای ناوەڕاست |
| جۆری ڕێگای گواستنەوە: | ڕێگای ئاویی پەرەپێدانی بەندەری فاو، ڕێگای وشکانی: هێڵی شەمەندەفەر بە درێژایی (١١٧٥کم)، ڕێگەی خێرا (ئۆتۆبان): (١١٩٠کم) |
| وڵاتانی هاریکاری پرۆژەکە: | (عێراق، تورکیا، قەتەر، ئیمارات) |
| سوودمەندانی پرۆژەکە: | بە شیوەی ڕاستەوخۆ: (٢٥) وڵات<br>بە شێوەی ناڕاستەوخۆ: (١٠٠) وڵات |

**سەرچاوە:** توێژەر، بە سوودوەرگرتن لە زانیارییەکانی سەرەوە

### ٢-١. پێگەی عێراق لە پرۆژەکەدا لە ڕووی:

### ١. جیۆپۆلەتیکی


تا پێش هەڵگیرساندنی جەنگی درێژمەودای «عێراق-ئێران»، عێراق لە هاوکێشەی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا وڵاتێکی بەهێز و خاوەن پێگەی سیاسی و سەربازی و ئابووری بوو، بەڵام بە هەڵگیرساندنی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق-ئێران و بەدوای ئەوەشدا پەلاماردانی کوێت و پاشان گەمارۆ ئابوورییەکانی دەیەی نەوەدەکان تا گەیشت بە هێرشی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ گۆڕین و لەناوبردنی ڕژێمەکەی «سەددام حسێن»، لە ژێر ناوی «پرۆسەی ئازادیی عێراق» لە ساڵی ٢٠٠٣، دواتر جەنگە ناوخۆییە تائیفییەکان و جەنگی تیرۆر و شەڕی داعش؛ بە تەواوی بڕستیان لە وڵاتەکە بڕی. عێراق بەم مێژووە پڕ

لە جەنگ و خوێنڕشتن و وێرانکارییە؛ توانا و هێز و سەروەریی وڵاتەکەی لەدەست دا و عێراقی لە لیستی وڵاتە بەهێزەکانی ناوچەکە کردە دەرەوە. هەر بۆیە عێراق لە دۆخی ئێستادا بەدوای پێگەی سیاسیی خۆیدا دەگەڕێت و دەیەوێت سوود لە جوگرافیاکەی وەربگرێت و دەرفەتەکان بقۆزێتەوە، لایەنی کەم وەک هێزێکی ناوچەیی و هەرێمی ڕۆڵی پێ بدرێت[١٥].

عێراق ڕێگای گەشەپێدانی بە پڕۆژەیەکی گرنگ ناساندووە بۆ سوودوەرگرتن لە پێگە و شوێنی جوگرافیی وڵاتەکەی و تێگەیشتن لە بایەخی سنوورە فراوانەکانی. هەروەها ڕێگای گەشەپێدان یەکێکە لەو پڕۆژانەی کە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گفتوگۆی جددیی لەسەر دەکرێت بۆ پەرەپێدانی بازرگانی و دروستکردنی پەیوەندیی نوێ و داڕشتنەوەی ڕۆڵی سنوورەکان، بە ئاراستەی دروستکردنی پێگەی جیۆپۆلەتیکیی ناوچەیی و هەرێمی نەک تەنها لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە، بەڵکوو لە نێوان وڵاتانی کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەورووپا و ئەفەریقادا. خۆ ئەگەر پلانەکانی پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان وەک خۆی جێبەجێ ببێت و سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بهێنێت، پێگەی جیۆپۆلەتیکیی عێراق وەک ڕێڕەوێکی بازرگانیی بەهێز دەردەکەوێت و داهاتی دارایی و هەلی کار دەڕەخسێنێت کە پشتبەستنی دەوڵەت بە نەوت و هایدرۆکاربۆنەکان کەم دەکاتەوە، لە بەرامبەردا گرنگی دەدات بە دابینکردنی هەلی کار لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بۆ گەنجان و دانیشتووانی وڵات. ئەم پڕۆژەیە وەک پلاتفۆڕمێک دەبێتە هەوڵێک بۆ ناساندنی مۆدێلێکی نوێی گەشەپێدان کە بتوانێت وڵات لە ڕووی سیاسییەوە سەقامگیر بکات و ئاکامە زیانبەخشەکانی ئابووریی بەرخۆر و بەکارهێن کەم بکاتەوە. لەوەش گرنگتر، عێراق دەبێت شوێنێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە لە نێوان کێبڕکێی جیۆئیکۆنۆمی و جیۆپۆلەتیکی لە ناوچەکەدا. هەروەها عێراق دەبێت هەوڵ بدات بۆ گۆڕینی ڕۆڵی سنوورەکانی لە ناوچەکانی ململانێوە بۆ ناوچەکانی بەرژەوەندی و یەکخستنی ئابووری[١٦]. وڵاتەکە لە ئێستادا هەلێکی باشی لەبەردەستە بۆ ئەوەی دووبارە نەخشەیەکی نوێی جوگرافی بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابڕێژێتەوە، بە تایبەتی گەر بزانێت کە پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان چانسی سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، ئەوکات دۆخێکی هەرێمی دێتە ئاراوە، دیفاکتۆیەک دروست دەبێت بۆ وڵاتانی تری ناوچەکە ڕەنگە ئارەزووی ئەوە بکەن ببن بە بەشێک لە پڕۆژەکە یاخود بە ناچاری بێنە نێو پڕۆژەکەوە. ئەگەرچی ئەو پڕۆژەیە لە ئێستادا خۆی وەک پڕۆژەیەکی بازرگانی و ئابووری دەناسێنێت و

بریتییە لە ڕاکێشانی ڕێگایەکی وشکانی لە کەنداوەوە بۆ تورکیا، بە ئامانجی پێکەوەبەستنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئەوەش وا لە عێراق دەکات ببێتە ڕێڕەوێکی وشکانی کە ئاوی کەنداو بە ئاوی دەریای ناوەڕاستەوە ببەستێتەوە. هەروەها دەکرێت لە ئایندەدا ئەو پرۆژەیە فراوانتر بکرێت و عێراق لە ڕێگای خاکی سعودیەوە ببێتە ڕێڕەوێکی وشکانی تا بە دەریای سووری ببەستێتەوە، بەمەش عێراق دەبێتە سەنتەرێکی ستراتیژی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدانیش دەبێتە پرۆژەیەکی کیشوەربڕ. هەر بۆیە لە ئایندەی نەخشەی جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکرێت عێراق ببێتە خاڵی دەستپێک و تێپەڕین بەرەو سێ دەریاکە (کەنداوی عەرەب، دەریای سوور، دەریای ناوەڕاست)، چونکە لە لایەک ئێران بە پێگە نایابەکەی لە سەر ئاوی کەنداو، هەروەها تورکیا بە شوێنی جوگرافییە کاریگەرەکەی لە سەر ئاوی دەریای سپی ناوەڕاست و سعودیەش بە پێگە لەبارەکەی لە سەر دەریای سوور؛ ڕەنگە لە ئایندەدا زیاتر پێویستیان بە عێراق بێت، بۆ ئەوەی ببێتە سەرەڕێیەکی بازرگانی و ستراتیژیی گرنگ و ناوەندی بەستنەوەی ئەو سێ دەریایە، وڵاتانی ناوچەکەش بتوانن سوود لە جوگرافیای عێراق وەربگرن تا لەو ڕێگایەوە ڕێڕەوی ئابووریی خۆیان فراوانتر بکەن و چانسی گەشەپێدانیان هەبێت لە جموجۆڵە بازرگانییەکانی ناوچەکە. سەرکەوتنی عێراق لە جێبەجێکردنی پلانی پرۆژەکە، وا لە عێراق دەکات کە ببێتە هێزێکی نوێی جێپۆلەتیکی و سەنتەرێک بۆ تەواوکاریی هەرێمی و فاکتەرێک بۆ سەقامگیری و هاوسەنگی لە ناوچەکەدا[١٧] (نەخشەی (٤)).

هەرچی گرنگیی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدانە، لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە ئەوەیە: چەندین وڵات لە پرۆژەکە سوودمەند دەبن، ئەمەش وا دەکات عێراق ڕۆڵی خۆی دووبارە لەسەر ئاستی جیهان بەدەست بهێنێتەوە. دەیان و سەدان کۆمپانیای گواستنەوە و بازرگانی ڕوو لە عێراق بکەن و هاوکار بن بۆ سەرخستنی پرۆژەکە. ناکۆکیی سیاسی و ئابووریی عێراق لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و تورکیا کەم ببێتەوە، بەرەو هاوکاری و هاوبەشیی زیاتر هەنگاو بنێت. پاڵپشتیی نێودەوڵەتی بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی دیموکراسی و کرانەوەی عێراق زیاتر دەبێت، هەروەک ڕۆڵ دەبینێت لە زیادبوونی هاوکاریی نێوان عێراق و تورکیا لە بابەتی ئەمنی و دابینکردنی ئاو و ئاڵوگۆڕی تەکنەلۆژیا و زانیاری[١٨].




**نەخشەی ژمارە (٤)**

**پێگەی جیۆپۆلەتیکی عێراق لە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێداندا**

سەرچاوە:

Ministry of Transportation, The Development Road Project, Baghdad, 31 January 2024

### ٢. جیۆئیکۆنۆمی

پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان دەستپێشخەرییەکی گرنگە بە ئاڕاستەی گرنگیدان بە پێگەی جوگرافیی عێراق و پتەوکردنی پەیوەندییە ئابووری و ژێرخانەکانی نێوان هەردوو وڵاتی «عێراق و تورکیا». وەک زانراوە ئەنقەرە و بەغداد دەمێکە پاکێجی سفرکردنەوەی کێشەکانیان لا گەڵاڵە بووە، لە پێناو کەمکردنەوەی گرژییەکان هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان دەدەن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، بە هۆکاری جۆراوجۆری وەک: هەوڵدان بۆ بەمۆدێرنکردن و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەی ئابوورییان. عێراق وەک وڵاتێکی ماندووی دوای جەنگ پێویستی بە وەبەرهێنان و بەهرەمەندبوونە لە تەکنەلۆژیای نوێ و ڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆ دانیشتووانەکەی کە ساڵ بە ساڵ ژمارەیان زیاد دەکات و بەرەو هەڵکشانە، هەروەها گۆڕینی گەمە جیۆپۆلیتیکییەکان بە سیاسەتی عەقڵانی. لەم چوارچێوەیەدا ئامانجە ئابوورییەکانی پرۆژەکە بریتییە لە پێشخستنی گەشەپێدانی ئابووریی

ناوچەیی و هەرێمی، بە زیادکردنی جووڵەی بازرگانی و پەرەپێدانی ڕێگاکانی گواستنەوە و بایەخدان بە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان. هەروەک چۆن خەونی بەدیهێنانی ئابوورییەکی بەهێز، ڕەخساندنی کەشێکی ئەرێنی و بەشداریکردنە لە زامنکردنی سەقامگیریی ناوچەکە، لە ڕێگەی پێشخستنی گەشەپێدانی ئابووری لە سەر ئاستی هەرێمی و گەڵاڵەکردنی پرۆژەی هاوبەش و کردنەوەی دەلاقەی نوێ بە بەشداریی وڵاتانی دراوسێ. ئەمە جگە لەوەی سوودوەرگرتن لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان عێراق و تورکیا؛ ئاسانکاری دەکات بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی پەرەپێدان لە کەرتە جیاوازەکانی وەک: وزە، بازرگانی، گەشتیاری، خزمەتگوزاری و لۆجستی[١٩]، بەمەش هەم عێراق دەتوانێت بەرهەمەکانی بە ئاسانترین شێوە لە ناوخۆدا ئاڵوگۆڕ پێ بکات و هەمیش بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی لە نەوت و وزە، بازاڕی نوێ دەدۆزێتەوە لە دەرەوەی جوگرافیاکەی. ئەمە لە کاتێکدا پرۆژەکە دەبێتە هۆی ترانزێتی گواستنەوەی شتومەک لە نێوان وڵاتانی کەنداو و ناوچەکە و ئەورووپا بە کەمترین کات و تێچوون.

لەمەڕ توانا و کاریگەریی پرۆژەکە لەسەر ئاستی ناوخۆ، دەیتاکان ئاماژە بەوە دەکەن بە هۆی پێکەوەبەستنی ڕێگای خێرای نێوان باشووری عێراق و سنووری تورکیا؛ دەتوانرێت لەو ڕێگەیەوە لە قۆناغی یەکەمدا (سێ) ملیۆن و (٥٠٠) هەزار کۆنتێنەر کەلوپەل بگوازرێتەوە کە یەکسانە بە (٢٢) ملیۆن تەنی ساڵانە تا ساڵی (٢٠٢٨). هەروەها لە قۆناغی دووەمدا توانای زیادکردنی بۆ (٧,٥) ملیۆن کۆنتێنەر بەرز دەبێتەوە، لە پاش جێگیرکردنی (٨٠-٩٠) شەمەندەفەر و هاتوچۆپێکردنی لە ڕۆژێکدا. ئەمە جگە لەوەی بڕیارە حکومەتی عێراق شاری پیشەسازی و دامەزراوەی خزمەتگوزاری بە درێژایی ڕێگاکە دابمەزرێنێت، کە نزیکەی (دوو) هەزار و (٢٠٠) کیلۆمەتر دەبێت[٢٠]. لە لایەکی ترەوە پێشبینی دەکرێت پرۆژەکە ڕۆڵی هەبێت لەسەر کەمکردنەوەی بێکاری، بە شێوەیەک هەلی کاری ڕاستەوخۆ بۆ نزیکەی (١٠٠) هەزار کەس و هەلی کاری ناڕاستەوخۆ بۆ (٥٠٠) هەزار کەس بڕەخسێنێت و داهاتی ساڵانەی بە لایەنی کەم لە قۆناغی یەکەم بۆ عێراق زیاتر بێت لە (٤) ملیار دۆلار. کاریگەریی هەبێت لەسەر داهاتی تاکەکەس لە عێراق و کەمبوونەوەی بێکاری و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی تاکی عێراقی. هاندەریشە بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە داهاتی نەوتی و زیادکردنی پرۆژەکانی گەشەپێدانی بەردەوام. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش؛ زیاتر لە (٢٥)

دەوڵەت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سوودمەند دەبن لەم پڕۆژەیە، بە وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی پیشەسازییەوە. بە ناڕاستەخۆش زیاتر لە (١٠٠) وڵات سوودمەند دەبن، کە ئەمە وا دەکات عێراق لە ڕووی پێگەی ئابووری و سیاسییەوە لە پەراوێزدا نەمێنێتەوە[٢١]. کەواتە ڕێگای گەشەپێدان؛ هەوڵێکە بۆ ناساندنی مۆدێلێکی نوێی گەشەپێدان بۆ سەقامگیرکردنی عێراق لە ڕووی سیاسییەوە و هەوڵدان لە پێکهێنانی دۆخێکی زامن بە ئاسایش و ئارامی و لەبار بۆ سەرمایەگوزاری. بۆیە عێراق لەوە تێگەیشتووە لەم جیهانە جەنجاڵەدا پێویستی بە گرنگیدان بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هۆشیاری و کرانەوە و خوێندنەوەی هاوکێشە نوێیەکان و تێگەیشتن لە نەزمی جیهانی نوێ هەیە بۆ داڕشتنی ڕوانگەی ئابوورییەکەی[٢٢].

### ٣. گواستنەوە و بازرگانی

**ئـ. ڕێگای ئاوی:** ئەم پڕۆژەیە بەندەری فاو دەکات بە خاڵی دەستپێکردن. کار لەسەر کورتکردنەوەی ڕێگای دەریایی دەکات و دەبێتە پرد لە نێوان هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەورووپا. بە نموونە کەمکردنەوەی ڕێگەی هاتوچۆی نێوان کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەورووپا لە (٣٠ بۆ ٤٠) ڕۆژەوە بۆ (١٥) ڕۆژ. لەگەڵ پلاندانان بۆ گواستنەوەی بۆری بۆ هێڵەکانی گواستنەوەی وزە (نەوت و گاز) لە قۆناغەکانی داهاتوودا. هەروەها گفتوگۆکردن لەگەڵ هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی و ناوچەیی بۆ دۆزینەوەی ڕایەڵەی پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی و سیاسی و نزیککردنەوەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لە ڕێگەی گواستنەوەی کاڵا و بەیەکگەیاندنی هێڵەکانی بازرگانی و پیشەسازی. پێدەچێت لە داهاتوودا پڕۆژەکە هەریەک لە وڵاتانی سعودیە لەخۆ بگرێت، بە ئامانجی گەیشتن بە بەندەرەکانی دەریای سوور لە ڕێگەی ئەو وڵاتەوە. وڵاتی سووریا بۆ گەیشتن بە دەریای سپیی ناوەڕاست. وڵاتی ئوردن بۆ دەستڕاگەیشتن بە بەندەری عەقەبە. گەیشتن بە ئێران بە ئامانجی گرێدانی ئەو ڕێگەیەی کە بە ئاوریشم ناسراوە. بەمەش خەونە ستراتیژە گەورەکەی عێراق بەدی دێت[٢٣]

## نەخشەی ژمارە (٥)




**دروستکردنی پەیوەندی بۆ گەیشتن بە ڕێگای ئاوی لە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێداندا**

سەرچاوە:

Ministry of Transportation, The Development Road Project, Baghdad, 31 January 2024

**ب. ڕێگای وشکانی:** ئەو پێوەرەی لە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێداندا بەکار هێنراوە؛ بریتییە لە بونیادنانی ژێرخانی نوێ و ڕێگای مۆدێرن، کە توانای پڕکردنەوەی خواستی هاتوچۆی چاوەڕوانکراو و پەرەپێدانی ناوچە بیابانییەکانی ڕۆژئاوای هەیە. بە درێژایی بەشی باشوور بۆ «کەربەلا»؛ ڕێگاکە بە ئاراستەی بیابانی ڕۆژئاوا دەچێت، لە کاتێکدا بەشی باکوور (لە کەربەلاوە بۆ فیشخاپوور) ئاراستەی ڕێگاکە هاوتەریبی ڕێڕەوی شەمەندەفەر بەڕێوە دەچێت کە پەیوەندییەکی نوێ و باشتر لەگەڵ ناوەندە سەرەکییەکانی نیشتەجێبوون دەستەبەر دەکات(٢٤).

پڕۆژەکە بریتییە لە دروستکردنی (١٥) وێستگەی شەمەندەفەر بۆ گواستنەوەی کەلوپەل و سەرنشین و ڕێگەی ئۆتۆمبێلی خێرا، کە دەبێتە هۆی بونیادنانی ژێرخانێکی گرنگ لە بواری گواستنەوە و ڕێگاوبان و بازرگانیدا بە هەردوو جۆری ڕێگای ئاوی و ڕێگای وشکانی. هەر چی ڕێگای ئاوییە بە هۆی بەندەری فاوەوە دەبێتە شاڕێگە و خاڵی دەستپێکی پڕۆژەکە و سەنتەرێکی بازرگانیی گرنگ، هاوکات نابێت بایەخی ڕێگای وشکانییش لەبیر بکرێت لە کاتێکدا پڕۆژەکە توانای بەستنەوەی زۆربەی بەشەکانی وڵاتی هەیە لە ڕێگەی هێڵی ئاسن بە درێژایی (١١٧٥کم) و هێڵی ئۆتۆبان (ڕێگای ئۆتۆمبێلی خێرا) بە درێژایی (١١٩٠کم). ئەم دوو ڕێگایە لە باشووری عێراق و لە بەندەری فاوەوە بە دوو ڕێڕەوی جیاواز دەست پێ دەکەن و لە باکووری پارێزگای کەربەلا بە یەک دەگەن و دوای ئەوە هەردوو ڕێگەکە شانبەشانی یەکتر درێژ دەبنەوە تا دەگەنە فیشخاپوور لە نزیک سێگۆشەی (عێراق-سووریا-تورکیا). گرنگیی ئەم ڕێگایانە لەوەدایە جگە لە کارئاسانی بۆ گواستنەوەی دانیشتووانی وڵات، کاڵای وڵاتانی کەنداو دەگوازنەوە بۆ تورکیا و لەوێوە بۆ ئەورووپا (نەخشەی (٦)).

تێچووی پڕۆژەکە کە (١٧) ملیۆن دۆلارە. بڕی (١٠,٥) ملیاری تەرخان کراوە بۆ دامەزراندنی ڕێگای ئاسن و کڕینی شەمەندەفەری پێشکەوتووی کارەبایی کە بە تەکنەلۆژیای نوێ کار دەکەن و لە ڕێگەی (١٥) وێستگەوە بە (١٠) پارێزگای عێراقدا هاتوچۆ دەکەن و کەلوپەل و سەرنشین دەگوێزنەوە. هەروەها بڕی (٦,٥) ملیار دۆلار دانراوە بۆ ترانزێت و هێڵی گواستنەوەی خێرای ئۆتۆمبێل. لە ماوەی نزیکەی ١٦ کاتژمێردا بار دەگوازنەوە لە بەندەری فاوەوە بۆ فیشخاپوور. شەمەندەفەرەکان بە خێرایی (١٤٠کم) لە کاتژمێرێکدا کەلوپەل دەگوازنەوە و زۆرترین خێراییان بۆ گواستنەوەی سەرنشین بە (٣٠٠کم) بۆ (١٨٦,٤١) میل لە کاتژمێرێکدا مەزندە دەکرێت. لە ماوەی (١٢) کاتژمێردا مەودای کەمتر لە (٦٠٠کم) دەبڕن، ئەم مەودایە بەراورد بە خێرایی هێڵەکانی ئێستای عێراق (٦٠ بۆ ٧٠کم) دەبڕن لە کاتژمێرێکدا[٢٥].

## خشتەی ژمارە (٤)

## تایبەتمەندیی ڕێگاكانی هاتوچۆ لە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێداندا

| ڕێگای ئاسن (شەمەندەفەر) | | ڕێگای ئۆتۆمبێلی خێرا | |
|---|---|---|---|
| درێژیی هێڵی ئاسن | (١١٧٥كم) | درێژیی ڕێگای ئۆتۆمبێل | (١١٩٠كم) |
| خێرایی شەمەندەفەر | (١٤٠كم/لە كاتژمێرێكدا) | ناوچەكانی خزمەتگوزاری | (٢٦) دانە |
| وێستگەكانی شەمەندەفەر | (١٥) دانە | شوێنی خزمەتگوزاری ئامادەكاری بۆ بارهەڵگرەكان | (٢٢) دانە |
| ناوچە جۆراوجۆرەكان | (٣) دانە | شوێنی ئامادەكاری بۆ پشوودان | (٢٤) دانە |
| وێستگەی ڕێبواران | (١٥) دانە | ناوەندە ئاسانكارییە كردارییەكان | (٦) دانە |
| وێستگەكانی كارەبا | (٢٠) دانە | وەستانی ئۆتۆمبێلی جۆراوجۆر | (١١) دانە |
| ناوەندەكانی كردارەكانی كۆنترۆڵكردن | (٢) دانە | خاڵی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ گواستنەوەی گشتی | (٢٦) دانە |
| ناوەندەكانی ڕاهێنان | (٣) دانە | خاڵی پشكنین | (٦) دانە |
| ناوەندی چاكسازیی هێڵەكان | (٢٠) دانە | تێچووی ڕێگای ئۆتۆمبێل | (٦,٥) ملیۆن دۆلار |
| تێچووی هێڵی ئاسن | (١٠,٥) ملیۆن دۆلار | — | — |


**سەرچاوە:**

Ministry of Transportation, The Development Road Project, Baghdad, 31 January 2024

هەر لە پرۆژەكەدا پێشنیاری ئەوەش كراوە كە بایەخ بە نۆژەنكردنەوەی هێڵەكانی ڕێگای ئاسن بدرێت، هەوڵ بدرێت بۆ بونیادنانی ژێرخانی ئابووریی گرنگ لە ڕێگەی دامەزراندنی ڕێگاوبان بۆ ئاسانیی گواستنەوە و بازرگانی. كار بكرێت بۆ بەستنەوەی وڵاتانی دراوسێ لە داهاتوودا لە ڕێگەی هێڵەكانی گواستنەوەوە، بە تایبەت ڕێگای وشكانی. دامەزراندنی ژێرخانی گەشتیاری بە دابینكردنی ئاسانكارییە گەشتیارییەكان، بە نموونە چێشتخانە و هۆتێل و كافێ و گەراجی وەستانی ئۆتۆمبێل. هەروەها دروستكردنی شارە پیشەسازییەكان و دروستكردنی كۆمەڵگەی نیشتەجێبوون و دابینكردنی خزمەتگوزاری بە شێوەیەک كە خزمەت بە پرۆژەكانی ڕێگای گەشەپێدان بكات[٢٦]. وەبەرهێنان لە زەوییە كشتوكاڵییەكان و ئاسانكاری بۆ ساغكردنەوەی بەروبوومی جووتیاران، ئەمە دەبێتە دەرفەتێكی باش بۆ ئەو شارانەی كە دەكەونە سەر ڕێگای گەشەپێدان.

## نەخشەی ژمارە (٦)




### وێستگەکانی شەمەندەفەر و ئۆتۆمبێل لە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێداندا

**سەرچاوە:**

Ministry of Transportation, The Development Road Project, Baghdad, 31 January 2024

### ١-٢. هەڵوێستی وڵاتان لەمەڕ پڕۆژەکە

**١. هەڵوێستی وڵاتانی زلهێز:** هەر چەندە ململانێ سیاسییەکان فۆڕمێکی ئابوورییان وەرگرتووە، لە ئێستادا بارودۆخی سیستمی نوێی جیهان بەرەو فرەجەمسەری هەنگاو دەنێت. جگە لە ئەمەریکا، هەریەک لە چین و ڕووسیا بەدوای هەژموونی خۆیاندا دەگەڕێن و دەیانەوێت جێکەوتیان هەبێت لەسەر ئایندەی داڕشتنەوەی جوگرافیای و نەخشی سیاسەتی جیهانی. سەبارەت بە هەڵوێستی وڵاتانی زلهێزی جیهان پەیوەندیدار بە پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان، ئەوا هەر وڵاتە و لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆیەوە دەڕوانێت بۆ پڕۆژەکە. هەندێک پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان؛ بە پڕۆژەی ئەمەریکی و ئەورووپی ناو دەبەن و پێیان وایە پڕۆژەکە بە پاڵپشتیی ڕاستەوخۆی وڵاتانی پیشەسازیی جیهان و ئەمەریکا ئەنجام دەدرێت[٢٧]. سەبارەت بە هەڵوێستی ئەمەریکا لە پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێداندا، وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئەوەی نەشاردووەتەوە کە ئەوان پاڵپشتی لە هەر هەوڵێک دەکەن بە ئامانجی هەمەجۆرکردنی ئابووریی عێراق. هەروەک «ماتیۆ میلەر» وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاند: لە کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای هەماهەنگیی نێوان ئەمەریکا و عێراق، بەغدا پلانەکانی خۆی بۆ پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان لەگەڵ ئەمەریکا باس کردووە. «ئێمە پاڵپشتی لەو هەوڵانە دەکەین کە بە ئامانجی هەمەجۆرکردنی ئابووریی عێراق خراونەتە گەڕ[٢٨].» ئەگەرچی چین و هیندستان خاوەن پڕۆژەی ڕێڕەوی «یەک پشتێن و یەک ڕێگا»ی چین و ڕێڕەوی «هیندستان-ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-ئەورووپا»ی هندن، کەچی پێیان وایە پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان خزمەت بە ڕێڕەوەکانی ئەوانیش دەکات و چاویان لە زیادکردنی هەناردەکانیانە بۆ ئەورووپا لە ڕێگەی بەندەرەکانی عێراق و تورکیاوە[٢٩] (نەخشەی (٧)).

هەروەها چین خواستی ئەوەی هەیە ڕوو بکاتە عێراق و لە ڕووی ئابوورییەوە پێگەی خۆی لەو وڵاتەدا قایم بکات، بۆ ئەو مەبەستە بە چەند شێوەیەک بەشدار دەبێت لە پڕۆژەکەدا، هەم بە کۆمپانیاکانی کە بەشێک لە کارەکانی پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان ئەنجام دەدەن، هەم وەک بەشێک لە تەواوکاریی کارەکانی پڕۆژەکەی خۆی؛ ڕێڕەوی «یەک پشتێن و یەک ڕێگا» دەزانێت. هەروەک باڵوێزی چین لە عێراق (کوی وی) لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٣ ڕایگەیاندبوو پڕۆژەی ستراتیژیی ڕێگای گەشەپێدان مایەی «دەستخۆشییە»،

خزمەتە بە ڕێڕەوی یەک پشتێن و یەک ڕێگای چین. هەر چەندە ئەمە تا ڕادەیەک دەربڕینێکی گشتییە، بەڵام ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە دیدگای ڕاستەقینەی چین بۆ پڕۆژەکە ئەوەیە کە لە ڕوانگەی چینەوە جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیە لە لایەن عێراقەوە لە ئێستادا هەر وا ئاسان نییە، بە واتایەکی دیکە: دەرخەری ئەوەیە کە چینییەکان گەشبین نین بە تواناکانی عێراق، تا لە ئایندەدا پڕۆژەکە وەک خۆی بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکات. هاوکات بەشداریکردنی پەکین لە ڕێگای گەشەپێدان، ڕەنگدانەوەی ئەرێنیی دەبێت لەسەر کارەکانی پڕۆژەکە[٣٠].

هەروەها ئەڵمانیا وەک وڵاتێکی بەهێزی یەکێتیی ئەورووپا پڕۆژەکەی پێ باشە و چاویان لەوەیە پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان فاکتەرێک بێت بۆ هێنانی وزە و دابینکردنی پێویستییەکانیان لە نەوت و گاز. ڕزگاریان بێت لە گازی ڕووسیا. ئەمە بە ڕوونی لە سەردانەکەی سوودانی بۆ ئەڵمانیا ڕەنگی دایەوە، کاتێک لە (١٢-١٣ی ١ی ٢٠٢٣) میوانداریی ئەو وڵاتەی کرد و لەگەڵ بەرپرسانی ئەڵمانیادا کۆ بووەوە، لە نێویاندا «ئۆلاف شۆڵز» ڕاوێژکاری ئەڵمانیا. دوای کۆبوونەوەکە شولز خۆشحاڵیی ئەڵمانیای دەربڕی بە چوونە ناو پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان و هاوبەشیکردن لەگەڵ عێراق بۆ هاوردەکردنی نەوت و غازی عێراق لە ڕێگای تورکیاوە بۆ ئەورووپا و ئەڵمانیا[٣١]. پێدەچێت ئەڵمانییەکان بەوە دڵخۆش کە پڕۆژەکە بتوانێت لە ئایندەدا ببێتە هۆیەک بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان لە وزە و سوود لە نەوت و گازی عێراق وەربگرن.

هەر چی ڕووسیایە، جیا لەوەی سەرقاڵە بە شەڕی ئۆکراینەوە، هاوکات خاوەن پێگە و هەژموونی خۆیەتی لە ناوچەکەدا، بە تایبەت لە سووریا. سەبارەت بە عێراقیش، خاوەن پەیوەندییەکی مێژووییە. هەڵوێستی ڕووسیا لەسەر پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان، دوای کۆبوونەوەی سوودانی و «ئیگۆر لڤیتین» یاریدەدەری سەرۆکی ڕووسیا دێت لە (٢٠٢٣/١٠/٣)، کە هەردوو لا جەختیان لە پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان کردووەتەوە. حکومەتی عێراق دیدگایەکی ڕوونی بە ڕووسیا داوە سەبارەت بە پڕۆژەکە و باسیان لەوە کردووە عێراق و ڕووسیا خاوەن پەیوەندیی مێژوویین. حکومەتی عێراق خواستی ئەوەی هەیە پەیوەندییەکەیان بە بەهێزی بمێنێتەوە. «عەبدولڕەزاق ئەلسەعداوی» دڵنیایی بە لایەنی ڕووسی داوە کە عێراق ئاواتەخوازە یەکێتیی ئابووری لە نێوان وڵاتانی ناوچەکەدا

دروست بکات. ئاماژەی بەوەش کرد کە پێگە ستراتیژییەکەی شایستەیە بۆ ئەوەی ببێتە ڕووگەیەک بۆ وەبەرهێنانی جیهانی. لە بەرامبەردا «لڤیتین» دڵنیایی داوە بە عێراق لە خواستی جددیی وڵاتەکەی بۆ بەرزکردنەوەی هاریکاریی هاوبەش بە تایبەتی لە کەرتی گواستنەوەدا، ئامادەیی دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی دەربڕی بۆ بەشداریکردن لە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان و ئاڵوگۆڕی ئەزموون و شارەزایی وڵاتەکەی لە بواری گواستنەوەدا و ئامادەیی هەموو هاوکارییەکی دەربڕیوە لە بوارە جیاجیاکاندا[٣٢].

هەر چەندە زۆرێک پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان وا وێنا دەکەن کە پرۆژەیەکی ئەمەریکی ئەورووپی بێت، بەڵام گومانی تێدا نییە هەر وڵاتە و بە گوێرەی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆی هەڵسەنگاندن بۆ پرۆژەکە دەکات، ڕادەی پشتگیری و ڕەتکردنەوەکەی بەندە بە سوود و زیانەکانی بۆ ئێستا و ئایندەی هەژموون و پێگەیان.




**نەخشەی ژمارە (٧)**

**شوێنی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان لە کێبڕکێی ڕێڕەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

**سەرچاوە:** حارث حسن، طريق التنمية في العراق: الشؤون الجيوسياسية و الريعية، والممرات الحدودية، مركز مالكوم كير-كارنيغي للشرق الأوسط، الموقع الكتروني:
https://carnegieendowment.org/research/2024/03/iraqs-development-road-geopolitics-rentierism-and-border-connectivity?lang=ar

## ٢. هەڵوێستی وڵاتانی ناوچەیی و هەرێمی

سەبارەت بە هەڵوێستی وڵاتانی ناوچەکە لەمەڕ پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان، ئەوا دەتوانین بڵێین هەڵوێستی وڵاتانی ناوچەکە جیاوازە، هەیە بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ پڕۆژەکە یەك دەگرێتەوە و هەشە زیان لە بەرژوەندییەکانی دەدات. بە نموونە «قەتەر» وەک وڵاتێکی سەرەکی لە کەنداودا ئارەزووی پێشخستنی ئەم پڕۆژەیە دەکات، بە تایبەتی پاش ئەو ئەزموونە تاڵانەی کە تێیدا ژیاوە لە کاتی ئەو گەمارۆیەی کە لە لایەن «سعودیە و ئیمارات و بەحرەین» لە نێوان ساڵانی (٢٠١٧ تا ٢٠٢١) بەسەریدا سەپێنرا، ئەمەش وای لە قەتەر کرد بەدوای ڕێگەی جێگرەوەدا بگەڕێت بۆ بازرگانی. جگە لەوەش، قەتەر وڵاتێکی ناوچەیی خاوەن پێگەیە و پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ تورکیادا هەیە کە هاوپەیمانی سەرەکیی ناوچەکەیە لە پێش و لە کاتی گەمارۆکەدا. بۆیە قەتەر هاوکاری پڕۆژەکەیە و بە دەرچەیەکی گرنگی ئابووری و بازرگانیی دەزانێت، دەیەوێت ڕۆڵی خۆی لە ئایندەی پڕۆژەکەدا مسۆگەر بکات.

هەر چی «تورکیا»یە بە جۆشوخرۆشەوە پشتگیری لە پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان دەکات، چونکە ڕێگایەکی کورت بۆ ناوچەی کەنداو دابین دەکات و هەروەها خواستەکانی ئەنقەرە جێبەجێ دەکات بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێک بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی جیهانی.

هاوکات «ئیمارات» دەتوانێت لەم پڕۆژەیەدا هاوبەشی بکات، بە تایبەتی دوای ئەوەی محەمەد شیاع سوودانی داوای هاوکاریی کرد بۆ بەڕێوەبردنی بەندەری فاو کە بەردی بناغەی ئەم پڕۆژەیە پێک دەهێنێت. ڕەنگە ئەمە لەگەڵ بەرژەوەندیی ئیماراتدا بگونجێت بۆ بەهێزبوونی لە عێراق و پاراستنی پێگەی خۆی وەک لایەنێکی سەرەکی لە بەڕێوەبردنی بەندەرەکان لەسەر ئاستی جیهانی، بەڵام ئەوەی دوودڵی دەکات ئەوەیە ڕەنگە بەندەری فاو لە ئایندەدا ببێتە ڕکابەری بەندەرەکانی خۆی، هەروەها ترسی لە هەڵوێستی میلیشیاکانی لایەنگری ئێران و دژەئیمارات هەیە لە عێراقدا. بۆیە ئیمارات بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی؛ چاوەڕوانی کۆتاییهاتنی جەنگی غەزە دەکات، پێش پابەندبوونی بە پڕۆژەیەکی لەو چەشنە. لەم کەینوبەینەشدا «کوێت» بەندەری فاو بە ڕکابەری بەندەری «موبارەک ئەلکبیر» لە دوورگەی بوبیان لێک دەداتەوە، کە بووەتە هۆی گرژی لە نێوان «عێراق و کوێت»دا. هۆکاری ئەمەش تەنها ناکۆکی لە سەر سنووره دەرياييەکانی نێوان هەردوو وڵات نییە، بەڵکوو ئەو بۆچوونەی عێراقیشە کە ڕەنگە بەختی بەندەری «موبارەک ئەلکەبیر» تێک بدات [٣٣].

سەبارەت بە هەڵوێستی وڵاتێکی هەرێمیی گرنگی وەک ئێران کە زۆرترین ئامادەیی هەیە لە عێراق، پێدەچێت ئێران مەرجی هەبێت و چاوی لە جێبەجێکردنی هیڵی ئاسنی «شەلەمچە-بەسرە»ی نێوان «عێراق و ئێران» بێت، بۆ بەستنەوەی هەردوو پارێزگای خوزستانی ئێران و بەسرەی عێراق. بۆ ئەوەی بەشێک بێت لە سوودمەندانی پرۆژەکە و لە پەراوێزی پرۆژەکەدا نەمێنێتەوە، هەر بۆیە لە بەیاننامەیەکدا و لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٥/٢٧)، «ئەفەندی زادە» جێگری سکرتێری وەزارەتی گواستنەوە لە ئێران؛ جەختی لەوە کردەوە کە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان دەرفەتێکە بۆ وڵاتانی ناوچەکە و ئەگەری دەرفەتی زۆر لە پرسی ڕێڕەوی شەمەندەفەر، ڕێڕەوی «باکوور-باشوور» و ڕێڕەوی «ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوا» بۆ هەموو وڵاتانی ناوچەکە هەیە، وەک: (ئێران، ئیمارات، عێراق، سعودیە، تورکیا و عوممان). ئاماژە بەوە دەکات کە ڕۆڵی هێڵی ئاسن زۆر گرنگە و ئەم پرۆژە نوێیە لە عێراقدا ڕۆڵێکی نایابی دەبێت لە گواستنەوەی کەلوپەلدا. پرۆژەی گەورەی نێوان «عێراق و ئێران» بریتییە لە بەستنەوەی هێڵی ئاسن لە «شەلەمچەوە بۆ بەسرە» و هەروەها ڕێگای گەشەپێدان دەرفەتە بۆ هەموو وڵاتانی ناوچەکە بۆ سوودمەندبوون لە گواستنەوەی کاڵاکان بە گشتی[٣٤]. ڕەنگە بەهیوای کەمکردنەوەی دژایەتیی ئێران بۆ ڕێگای گەشەپێدان، عێراقیش چووبێتە ژێر باری ئەم داوایە. ئەوەش لە ناوخۆدا ڕەخنەی زۆری لێ گیرا کە پەیوەندیی شەمەندەفەری نێوان بەسرە و شەلەمچە پاڵپشتیی بەندەرەکانی ئێران دەکات و دەرچەیەکی وشکانییان بۆ دابین دەکات کە ئێران دەکاتە خاڵی سەرەکیی پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ ئاسیا. لە بەرانبەردا حکومەتی عێراق ڕایگەیاندووە ئامانجی هێڵە شەمەندەفەرییەکەی نێوانیان تەنها بۆ خزمەتکردنی گەشتیار و سەردانیکەرە ئایینییەکانە و بۆ بازرگانی بەکار ناهێنرێت[٣٥]. ڕاستە ئێران پشتگیری لە پرۆژەکە دەکات، بەڵام بە چاوی گومانەوە بۆ ئایندەی ڕێگای گەشەپێدان دەڕوانێت. ئێرانییەکان پێیان وایە ئەم پرۆژەیە دەستپێشخەرییەکی عێراقی نییە، بەڵکوو پرۆژەیەکی «ئەمەریکی- تورکی»یە، بەم پرۆژەیە عێراق دەبێتە ڕێگەیەک لە نێوان «باکوور و باشوور»دا و پێ بە ئێران لێژ دەکات، ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێراندا ناکۆکە. هەروەها یەکێک لە هۆکارەکانی دیکەی نیگەرانیی ئێرانییەکان سەبارەت بە ڕێڕەوی ڕێگای گەشەپێدان، پرسی ئاسایشە. پێویستە ئەو دڵنیاییە بە ئێران بدرێت کە بەندەری فاو نەبێتە ناوەند و بنکەیەک بۆ سیخوڕیکردن بەسەر ئێرانەوە لە لایەن ئەمەریکا و ناتۆوە[٣٦]، ئەگەرنا ئێران دەتوانێت لە ڕێگەی هێزە سیاسی و سەربازییەکانی نزیک لە خۆی هەر کات

بیەوێت ئاستەنگ لە بەردەم پرۆژەکەدا دروست بکات[٣٧].

هاوکات هەریەک لە ئوردن و سعودیە خۆیان بە بەشێک لە ئایندەی پرۆژەکە دەزانن، لە لایەک بە هۆی نزیکی و هاوسنووریيان لەگەڵ عێراق ڕەنگە کارەکە ئاسانتر بێت بە هۆی ئەوەی دەتوانرێت لە ڕێگەی هێڵی گواستنەوەی وشکانییەوە ئەو دوو وڵاتە ببەسترێت بە عێراقەوە و بەشێک بێت لە بەشدارانی پرۆژەکە. ئوردن بە هۆی بەندەری عەقەبە و سعودیە بە هۆی دەریای سوورەوە چانسیان لە بوون بە بەشێک لە پرۆژەکە زۆرە، بەڵام حکومەتی میسر پرۆژەکە وەک ئەلتەرناتیڤێک لە بەردەم نۆکەندی سوێسدا دەبینێتەوە، هەر بۆیە بە چاوی گومانەوە وەک ڕکابەرێک بۆ نۆکەندەکەی بۆ پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان دەڕوانێت[٣٨].

## ٢-٢. ئێستا و ئایندەی پرۆژەکە و ئاڵنگارییەکانی بەردەم پرۆژەکە

**١. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی:** پرۆژەکە لە کاتێکدا ڕاگەیەنراوە کە جیهان سەرقاڵە بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکراین لە لایەک، ئیسرائیل و حەماس لە لایەکی تر، ئەگەری گواستنەوەی شەڕی ئیسرائیل حەماس بۆ ناو خاکی عێراق جێی تێڕامان نییە بە هۆی پاڵپشتیی گرووپە شیعە عێراقییەکانی نزیک ئێران لە حەماس. ڕەنگە شەڕ و ململانێکە بهێنێتە ناو خاکی عێراقەوە. هاوکات لە ئێستادا چەند پرۆژەیەکی نێودەوڵەتیی وەک پرۆژەکانی «یەک پشتێن و یەک ڕێگا»ی چین و ڕێڕەوی ئابووریی «هیندستان-ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-ئەورووپا»ی هیند وەک جێگرەوەیەك لە لایەن ئەمەریکاوە فۆڕمەلە کراوە دژ بە هەژموونی چین، کە هەوڵ دەدات پەیوەندی لە نێوان ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا دروست بکات. هاوکات ئەمەریکا و ئیسرائیل پلانی جێگرەوەی تریان هەیە تاوەکوو پرۆژەیەکی دی لە هیندستانەوە بۆ عەرەبستان و تا دەگاتە ئیسرائیل دروست بکەن، خاڵی کۆتایی پرۆژەکە بەندەری «حەیفا»یە لە ئیسرائیل. هەر بۆیە هەموو ئەو وڵاتە دژەبەرانە کاریگەرییان دەبێت لە سەرنەگرتنی پرۆژەکە[٣٩]. هەروەها بەشێک لە نوخبەی سیاسیی عێراقی وای دەبینن ئەم پرۆژەیە دەرەنجامی ملکەچبوونە بۆ فشارەکانی ئەمەریکا لە بەرامبەر هەژموون و دەستپێشخەرییەکانی چین لە عێراقدا.

هەروەها هۆشداریدان لە مەترسییە جیۆپۆلەتیکییەکان، ڕەنگە وڵاتە زلهێزەکان ئاستەنگ لە بەردەم جێبەجێکردنی کارەکانی پرۆژەکەدا دروست بکەن، لە کاتێکدا

ئەوەیان بۆ بسەلمێت ئامانجەکانی ڕێگەی گەشەپێدان کێشە لە بەردەم بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانیاندا دروست دەکات لە ناوچەکەدا[٤٠]. هەر بۆیە هاتنە ناو گەمە جیۆپۆلەتیکییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی وڵاتە زلهێزەکان کارێکی هەر وا ئاسان نییە، بە تایبەت بۆ حکومەتی عێراق کە خۆی بەدەست چەندین کێشەی ناوخۆیی و دەرەکییەوە دەناڵێنێت.

**٢. لەسەر ئاستی هەرێمی و ناوچەیی:** نیگەرانییەکانی هەندێک لە وڵاتانی ناوچەکە بە نموونە ئێران و کوێت و میسر، ترسیان هەیە لە ئەگەری سەرکەوتنی پڕۆژەکە و کێبرکێکردن لەگەڵ ڕێڕەو و بەندەرە ئاوییەکانیان و ڕێگاکانی گواستنەوەی ئاوی. ڕەنگە ئەو وڵاتانە زۆرترین تێبینی و گومانیان لەسەر پەرەپێدانی بەندەری فاو بێت و وا بیر بکەنەوە گرنگیدان بە بەندەری فاو بە بەشێک لە ململانێ سیاسی و ئابوورییەکانیان بزانن، ڕێی تێدەچێت لە ئایندەدا کێشە بۆ قۆناغەکانی تری پڕۆژەکە دروست بکەن. هەروەها بەشێک لە کوتلە سیاسییە شیعەکانی عێراق نزیک لە ئێران بە چاوی گومانەوە دەڕواننە پڕۆژەکە بەو پێیە ڕەنگە لە ئایندەدا خزمەت بە وڵاتە دراوسێ ڕکابەرەکانیان بکات، بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە ململانێی سیاسییان هەیە لەگەڵ ئێران، بە نموونە: سعودیە، ئیمارات و... هتد[٤١].

لە لایەکی ترەوە عێراق لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکەدا دەستی تورکیای واڵا کردووە. دوور نییە لە ئایندەدا عێراق نەبێتە نێچیرێکی دەستەمۆی تورکیا، ترسیش لەوە هەیە ئامانجەکانی پڕۆژەکە بە پلەی یەک بچێتە خزمەت تورکیاوە. لەم دۆخەدا پێگەی تورکیا وەک هێزێکی هەرێمی بەرزتر دەکاتەوە. وەک سێبەرێک بەسەر عێراقدا زاڵی دەکات. هەر چەندە هەموو پلانەکان لەسەر بنەمای پەیوەندیی دۆستانەی هەردوو وڵات دارێژراوە، بەڵام لە ئەگەری تێکچوونی پەیوەندییەکان؛ ڕەنگە تورکیا یان شکست بە پڕۆژەکە بهێنێت، یان عێراق دەستەمۆ بکات، لە کاتێکدا عێراق کێشەی ئاو و کێشەی سنوور و کێشەی سیاسیی بە نموونە کێشەی «pkk»ی هەیە لەگەڵ تورکیا. ئەمە جگە لەوەی چاودێران پێیان وایە پڕۆژەکە هەژموونی تورکیا هێندەی تر بەهێزتر دەکات لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، چونکە تورکیا خاڵی پێکەوەبەستنی نێوان هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەورووپایە[٤٢].

**٣. لەسەر ئاستی ناوخۆیی:** عێراق خاوەن ژێرخانێکی بەهێز نییە، بارودۆخی سیاسی جێگیر نییە، مێژوویەکی هەیە لەگەڵ جەنگ و ململانێی ناوخۆیی. هەروەک دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق لە (٢٠٠٣)، ڕووبەڕووی شەڕی تائیفی و ململانێی ناوخۆیی بووەوە چ لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق بە شیعە و سوننە و کورد، دوایەمینیان شەڕی داعش. ئەگەرچی هێشتا مەترسییەکانی داعش لە هەندێک شوێن وەک تارمایییەک وایە بەسەر عێراقەوە و کاریگەریی لەسەر ئارامی و ئاسایشی وڵات ماوە، بەشێک لە پلانەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان دەکەونە ئەو ناوچانەوە. ئەمە جگە لەوەی پرۆژەیەکی وا گەورە بودجە و سەرمایەیەکی زۆری پێویستە، ڕەنگە دەرگا واڵا بکات بۆ گەندەڵی و مەترسیی بەهەدەردانی پارە و سەرمایە. جگە لەوەی هەموو هیواکان و خاڵی دەستپێکی پرۆژەکە لەسەر بەندەری فاو بونیاد نراوە، کەچی هێشتا کارەکانی بەندەرەکە تەواو نەبووە. ئەوەی هەیە دەربارەی پرۆژەکە، لەسەر بنەمای تێڕوانینێکی ئایدیاڵی بونیاد نراوە نەوەک واقیعی.

هەر چەندە لەسەر ئاستی ناوخۆیش سوودانی ئامادەسازیی کردووە و تا ڕادەیەک نەرمی نواندووە بەرامبەر بە ڕکابەرە ناوخۆییەکانی، پێداچوونەوەی بە پەیوەندییەکانیدا کردووە و ئاستی نیگەرانییە ناوخۆییەکانی کەم کردووەتەوە لەسەر بنەمای خاڵی هاوبەش، باشترین نموونەش پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەوەتا بەغداد بڕیاری زامنکردن و تەوتینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی داوە، دیارە ئەمەش بۆ زەمینەسازی و سەقامگیریی بەدیهێنانی ئامانجێکی گەورەترە کە سوودانی بە بەشێک لە کارنامەی حکومەتەکەی دەزانێت، ئەویش پرۆژەی ستراتیژیی ڕێگەی گەشەپێدانە کە ئەم پرۆژەیە نەک تەنها بۆ بەغدا، بەڵکوو بۆ هەموو عێراقییەکان و ناوچەکەش گرنگە.[٤٣] لەگەڵ ئەوەشدا یەکێکی تر لە ئاستەنگ و ئاڵنگارییەکانی بەردەم پرۆژەکە؛ بێبەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە ڕێڕەو و ڕێگا سەرەکییەکانی پرۆژەکە کە چاوەڕوان دەکرێت ئەم پەراوێزخستنە لە ئایندەدا درێژە بدات بە گەرێکی تری ململانێکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا گەمە جیۆپۆلەتیکییەکان و ئاڵنگارییە ناوخۆیی و نیودەوڵەتییەکان ڕێگە بە هاتنەدیی خەونەکەی سوودانی دەدەن و عێراق دەبێتە پردی پەیوەندیی نێوان ئاسیا و ئەورووپا؟ ئەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کەی بە یەک دەگەن؟

## دەرەنجام

١. پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان لەسەر ئەو بنەمایە دارێژراوە کە ڕۆڵی هەبێت لە ڕێڕەوە بازرگانییە جیهانییەکان و لە ڕێگەی تورکیاوە کەنداو بە ئەورووپاوە ببەستێت، تا بتوانێت لە ڕۆژئاوای عێراقەوە ڕووماڵی بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاست و ئەورووپا بکات. ئەم پرۆژەیە توانای ئەوەی هەیە عێراق بباتە ناو چوارچێوەی هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە و سەنگی جیۆپۆلەتیکی و جیۆئیکۆنۆمیی پێ ببەخشێت.

٢. هەڵکەوتەی جوگرافیای عێراق؛ شوێنێکی لەبارە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان، ئەگەر ئاستەنگە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان نەبنە ڕێگر لە بەردەم پلانەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکە و دەرفەتی تەواوکردنی کارەکانی بۆ بڕەخسێت، چونکە کۆی گشتیی ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە (٢٧) ساڵە و ئەمە بۆ وڵاتێکی سەقامگیر ئاساییە، بەڵام بۆ عێراقێکی پڕ لە کێشە؛ ئاڵنگارییەکی گەورەیە.

٣. عێراق لە کاتێکدا پرۆژەکەی ڕاگەیاندووە کە جیهان نائارامی بەخۆوە دەبینێت، لە لایەک شەڕی ڕووسیا و ئۆکراین لە ئۆراسیا، لە لایەکی تر شەڕی ئیسرائیل و حەماس لە ناوچەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوامە. ئەگەرچی ئامانجەکانی پرۆژەکە بەستنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بە ئەورووپاوە، بەڵام لە ڕاستیدا جموجۆڵی بازرگانی و ئابووری بەدوای ژینگەیەکی ئارامدا دەگەڕێت و لە دۆخیکی سەقامگیردا گەشە دەکات.

٤. بەندەری فاو وەک گەورەترین بەندەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێگەیەکی ناوازەی بە عێراق بەخشیوە، نەک هەر بۆ تەواوکاریی کارەکانی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان گرنگە، بەڵکوو بە خاڵی دەستپێک دادەنرێت بۆ ئاڕاستەی ئێستا و ئایندەی بازرگانیی عێراق، لە توانایدایە کیبڕکێی بەندەرە جیهانییەکان بکات، ببێتە بنەما و دەرچەیەکی گرنگ بۆ ئاسۆکانی ئایندەی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان.

٥. عێراق مەبەستیەتی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان بکاتە دەرفەتێک بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی گواستنەوە و گەیاندن لە ڕێگەی دروستکردنی ڕێگای نوێی وشکانی (هێڵی شەمەندەفەر و ڕێگای خێرای ئۆتۆمبێل)، ئەمەش دەبێتە هۆی بونیادنانی تۆڕێکی گرنگی ڕێگەوبان و بەستنەوەی ناوچە جیاوازەکانی عێراق، هاندەرە بۆ دروستبوونی شاری نوێ و گەشەکردنی بوارەکانی بازرگانی و پیشەسازی و گەشتیاری و شارستانی... هتد، ڕەخساندنی هەلی کار و بووژانەوەی ئابووریی وڵات.

## ڕاسپاردەکان

١. پڕۆژەکە سەرمایەیەکی زۆری پێویستە، زامنکردنی سەرمایەکەی بڕیار لەسەر کارەکانی ئایندەی پڕۆژەکە دەدات. بۆیە دەبێت هەڵبژاردنی باشترین سیناریۆ بۆ دابینکردنی بودجەکەی بە شێوەیەک بێت کە بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی دارایی عێراق. هەروەها ڕێگری بکرێت لە گەندەڵی و بەهەدەردانی سەرمایەی پڕۆژەکە.

٢. پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان پێویستی بە توێژینە و هەڵسەنگاندنی زیاترە لەسەر بنەمای واقیعی بە ئامانجی دەرخستنی کەموکورتییەکانی و دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی، هاوکات گرنگیدان بە دەرفەت و دۆزینەوەی چارەسازی بۆ ئاستەنگەکان. گرنگە حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەنتەرەکانی توێژینەوە چاویان لەسەر جێبەجێکردن و پلانەکانی پڕۆژەکە بێت.

٣. حکومەتی عێراق لەسەر ئاستی ناوچەیی بابەتیانە ڕێککەوتنەکان بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە ئەنجام بدات، ڕەچاوی پێگە و بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی خۆی بکات. پڕۆژەکە نەکاتە ئەڵقەیەکی تری کۆلۆنیالیزم و لە گەردنی خۆی بئاڵێنێت. بە نموونە هەموو هێلکەکان نەخاتە سەبەتەی تورکیاوە.

٤. چارەسەرکردنی ئاستەنگ و کێشە سیاسییە ناوخۆییەکان، بۆ ئەوەی هێزە سیاسییە ناکۆکەکان لەمپەر لە بەردەم جێبەجێکردنی کارەکانی پڕۆژەکە دروست نەکەن، بە تایبەت کوتلە سیاسییەکان لە پەرلەمان.

٥. ڕەچاوکردنی دادپەروەری هەبێت لە پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێداندا، بە شێوەیەک کە ببێتە هۆی یەکخستنی خواست و تواناکانی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراقی. بە نموونە؛ کار بکرێت بۆ دارشتنەوەی پلانەکانی پڕۆژەکە و جێکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم پڕۆژە ستراتیژییەدا، بە ئامانجی هەماهەنگیی زیاتری ناوخۆیی و هێنانەکایەی دادپەروەری و سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و پێدانی دەرفەت بە بووژانەوەی هەرێم شانبەشانی ناوچەکانی تری عێراقی فیدراڵ.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

(١) د. ڕێباز چەتۆ بیرۆ، ڕێگەی گەشەپێدانی عێراق و پێگەی کوردستان، سایتی «AVA»، ڕێکەوتی ١٦ی ئایاری ٢٠٢٤. بڕوانە لینکی نووسینەکە:

https://www.ava.news/opinion/5987

(2) SARDAR AZIZ, Iraq's Development Road: No Place for Kurdistan? Carnegie Endowment for International Peace, August 08, 2023, https://carnegieendowment.org/sada/90345.

(٣) د. ثامر محمود العاني، نظرة على طريق التنمية بين تركيا والعراق و دول مجليس التعاون الخليجي، الموقع الشرق الأوسط صحيفة العرب الأولى، ٦ مارس ٢٠٢٤، الموقع الكترونی:

https://shorturl.at/Y6K8S

(٤) بكر نجم الدين، مستقبل طريق التنمية العراقي بين مشاريع التجارة العالمية في ظل عقبات التمويل و المليشيات و ضعف القانون، الموقع نيريج، ٩ مايو ٢٠٢٤، الموقع الكتروني: https://rb.gy/zsxnhe

(٥) فراس فحام، مشروع طريق التنمية بين تركيا و العراق أهميته وانعكاساته على المنطقة، الموقع TRT عربي، ٢٩ مارس ٢٠٢٤، الموقع الكتروني: https://shorturl.at/٢FAKL

(٦) . سەنگەر سالار، ڕێگەی گەشەپێدان؛ وەرچەرخانی ئابووری لە عێراق و خاڵێکی دیکەی ناکۆکی لە نێوان هەولێر و بەغداد، ماڵپەڕی پەرەگراف، ٢٠٢٤/٧/٢٥. لینکی ماڵپەڕەکە:

https://peregraf.com/ku/investigation/7232

(٧) د. فیراس ئەلیاس، هەلەکە ڕەخساوە: عێراق و خواستی بەستنەوە لە سێ دەریاکە، پێگەی «IGFA»، ڕێکەوتی ٤ی تەمموزی ٢٠٢٤. بڕوانە لینکی نووسینەکە:

https://igfa.iq/ku/595

(٨) حسين جمو، العراق من سكة (برلين-بغداد) الى (طريق التنمية)، الموقع The Kurdish، ٢٨ مارس ٢٠٢٤. الموقع الكتروني:

https://nlka.net/archives/11617

(٩) د. ابراهيم اديب ابراهيم، نحو افاق مستقبلية ربحة للعلاقات الاقتصادية العراقية العمانية، منظمة بوابة الشرق للتنمية المستدامة، مايو ٢٠٢٤، ص٥.

(١٠) احمد عيد، طريق التنمية تعريف الى المشروع العراقي-التركی بقيمة (١٧)مليار دولار، الموقع العربي جديد، ١٥ فبراير ٢٠٢٤، الموقع الكتروني:

https://www.alaraby.co.uk/economy/%D8%B7%D8%B1%D9%8A%D9%82-

(١١) ماجد البريكان، ميناء الفاو الكبير... هذه هي التحديات التي يواجهها هذا المشروع الذي يربط الشرق بالغرب، الثلاثاء ٢٦ فبراير ٢٠١٩.

(١٢) د. بيلجاى دوما، مشروع طريق التنمية هل سيكون طريق الحرير الجديد، ترجمة: د. نصير محمد

على، الموقع مركز الدرسات الاستراتيجية، ٢٨/يوليو/٢٠٢٤، الموقع الكتروني:

https://kerbalacss.uokerbala.edu.iq/wp/blog/2024/07/28/%D9%85%D8%B4%D8%B1%D9%88%D8%B9

(١٣) رحاب الزيادى، خطوات تنموية تحديات مشروع طريق التنمية بين العراق و تركيا، مركز مصري للفكر والدراسات الستراتيجية، ٢٠٢٣/٥/٧. موقع الكتروني:

https://ecss.com.eg/34997

(١٤) أميمة الشازلي، طريق التنمية: فرصة لتطوير البنية التحتية في العراق وهمزة وصل بين الشرق والغرب، الموقع bbc news عربى، ٢٨/ايارى ٢٠٢٣. الموقع الكتروني:

https://www.bbc.com/arabic/middleeast-65732210

(١٥) پێشه‌وا ئه‌نوه‌ر نه‌سروڵا ، عێراق و هه‌رێمی كوردستان له‌ به‌ردم ده‌رفه‌ت و مه‌ترسییه‌كانی ڕێگای ئاوریشمی نوێدا، گۆڤاری زانكۆی هه‌ڵه‌بجه‌، ژماره (٤)، ساڵی ٢٠٢٢، ل٢٠٤.

(16) Harith Hasan, Iraq's Development Road: Geopolitics, Rentierism, and Border Connectivity, Malcolm H. Kerr, Carnegie middle east center, MARCH 11, 2024 , P:18

(١٧) د. فیراس ئه‌لیاس، هه‌له‌كه‌ ڕه‌خساوه‌ عێراق و خواستی به‌ستنه‌وه‌ی له‌ سێ ده‌ریاكه‌، ماڵپه‌ڕی «IGFA»، ٤ی ته‌مموزی ٢٠٢٤. لینكی ماڵپه‌ره‌كه‌:

https://igfa.iq/ku/595

(١٨) پ. د. سیروان عاره‌ب، ڕێگای گه‌شه‌پێدان و داهاتووی سیاسی و ئابووریی عێراق، ماڵپه‌ڕی ڕێگه‌ی كوردستان، ١٨ی ئابی ٢٠٢٤. بڕوانه‌ لینكه‌كه‌ی:

https://regaykurdistan.com/index.php/wtar/r-gay-g-sh-p-dan-w-dahatwwy-syasy-w-yabwwry-raq

(١٩) د. سرحات سها كوبكجو غلو، مشروع طريق التنمية العراقي-التركي، ترجمة د. نصير محمد على، مركز كربلا الدراسات الاستراتيجية، ١٣ مارس ٢٠٢٤. الموقع الكتروني:

https://kerbalacss.uokerbala.edu.iq/wp/blog/2024/07/28/%d9%85%d8%b4%d8%b1%d9%88%d8%b9-

(٢٠) رحاب الزيادي، خطوات تنموية: تحديات مشروع طريق التنمية بين العراق و تركيا، المركز المصري للفكر و الدراسات الاستراتيجية، ٢٠٢٣/٥/٧. الموقع الكتروني:

https://ecss.com.eg/34997/

(٢١) پ. د. سیروان عاره‌ب، ڕێگای گه‌شه‌پێدان و داهاتووی سیاسی و ئابووریی عێراق، ماڵپه‌ڕی ڕێگه‌ی كوردستان، ١٨ی ئابی ٢٠٢٤. بڕوانه‌ لینكه‌كه‌ی:

https://regaykurdistan.com/index.php/wtar/r-gay-g-sh-p-dan-w-dahatwwy-syasy-w-yabwwry-raq

(٢٢) عوسمانی حاجی مارف، پڕۆژه‌ی گه‌شه‌پێدانی عێراق، ماڵپه‌ڕی سپی میدیا، ٢٠٢٤/٤/١٦. لینكی ماڵپه‌ڕه‌كه‌:

https://speemedia.com/drejaWtar.aspx?NusarID=723&Jmare=11962

(٢٣) د. احسان الشمرى، طريق التنمية بالعراق يواجه تحديات سياسية و مالية و أمنية والقبول الإقليمي والطريق البديلة، مجلة أراء حول الخليج، مركز خليج للأبحاث، العدد ١٩٢، نوفمبر ٢٠٢٣. الموقع الكتروني:

https://araa.sa/index.php?option=com_content&view=article&id=6830:2023-11-29-11-29-42&catid=4713&Itemid=172

(24) Ministry of Transportation, The Development Road Project, Baghdad, 31 January 2024.

(٢٥) أميمة الشازلى، طريق التنمية فرصة لتطوير النية التحتيه في العراق و همزة وصل بين الشرق و الغرب، الموقع BBC NEWS عربى، ٢٨/ئايار/٢٠٢٣. الموقع الكتروني:

٦٥٧٣٢٢١٠-https://www.bbc.com/arabic/middleeast

(٢٦) بان علي حسين المشهداني، دور مشروع طريق التنمية في تعزيز موقع العراق على خارطة التجارة العالمية، مجلة الميادين الاقتصادية، العدد ١، المجلد٦، ٢٠٢٣، ص١٤٧.

(٢٧) پ. د. سیروان عارەب، ڕێگای گەشەپێدان و داهاتووی سیاسی و ئابووریی عێراق، ماڵپەڕی ڕێگەی کوردستان، ١٨ی ئابی ٢٠٢٤. بڕوانە لینکەکەی:

https://regaykurdistan.com/index.php/wtar/r-gay-g-sh-p-dan-w-dahatwwy-syasy-w-yabwwry-raq

(٢٨) ڕابەر شەکرالی، ئەمەریکا پاڵپشتیی خۆی بۆ هەمەجۆرکردنی ئابووریی عێراق ڕاگەیاند، ماڵپەڕی سپێدە، ٢٠٢٤/٤/٢٤. لینکی ئەلکترۆنی:

https://www.speda.net/b/96814

(٢٩) أميمة الشازلى، طريق التنمية فرصة لتطوير النية التحتيه في العراق و همزة وصل بين الشرق و الغرب، الموقع BBC NEWS عربى، ٢٨/ئايار/٢٠٢٣. الموقع الكتروني:

https://www.bbc.com/arabic/middleeast-65732210

(٣٠) د. هۆشمەند عەتا مەحموود، عێراق لە ڕێگا ئاوریشمەکەی چیندا، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ٢٠ی ساڵی پێنجەم، نیسانی ٢٠٢٤، ل٤٢-٤٣.

(٣١) زانیار حەمەد محەمەد ساڵح، پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان لە نێوان تورکیا و عێراقدا لێکەوتەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان، ماڵپەڕی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ٢٢ی جونی ٢٠٢٤. لینکی بابەتەکە:

https://www.centerfs.org/turkey-iraq-development-road-project-consequences-on-the-kurdistan-region/

(٣٢) شفق نيوز، روسيا تبدي استعدادها للمشاركة في مشروع طريق التنمية بالعراق، الموقع شفق نيوز، ٢٠٢٣/١٠/٣. الموقع الكتروني:

https://shorturl.at/3Whed

(٣٣) عوسمانی حاجی مارف، پڕۆژەی گەشەپێدانی عێراق، ماڵپەڕی سپی میدیا، ٢٠٢٤/٤/١٦. لینکی ماڵپەڕەکە:

https://speemedia.com/drejaWtar.aspx?NusarID=723&Jmare=11962

(٣٤) «الأشراق»، پرۆژەی گەشەپێدان دەرفەتێکە بۆ وڵاتانی ناوچەکە، ماڵپەڕی «الأشراق»، ٢٠٢٤/٥/٢٧. لینکی ماڵپەڕەکە:

https://aleshraqtv.iq/KUS/all-detal.aspx?jimare=8740

(٣٥) د. هۆشمەند عەتا مەحموود، عێراق لە ڕێگا ئاوریشمەکەی چیندا، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ٢٠ی ساڵی پێنجەم، نیسانی ٢٠٢٤، ل٤٠.

(٣٦) عەلی نەجات، هەڵوێستی ئێران سەبارەت بە ڕێڕەوە نوێیەکان ڕێگەی گەشەپێدان بە نموونە، وەرگێڕانی: بارام سوبحی، گۆڤاری ئێرانناسی، ژمارە (١١)، ساڵی سێیەم، ئایاری ٢٠٢٤، ل٢٠٣.

(٣٧) عوسمانی حاجی مارف، ئاڵوگۆڕ لە ڕێگای پرۆژە ئابوورییەکانەوە، ماڵپەڕی دەنگەکان، ٢١ی ئایاری ٢٠٢٤. لینکی ماڵپەڕ:

https://dengekan.info/archives/45465

(٣٨) د. حافظ عبدالأمير امين، د. سهيلة الحجيمي، د. منذر عليوي حميد الكبيسي، طريق الحرير، و طريق التنمية نقيضان ام مكملان في استدامة الأقتصاد العراقي، المجلة العراقية للعلوم الأقتصادية، عدد خاص للوقائع المؤتمر العلمي الدولي بعنوان (القيادة الرشيدة والتنمية المستدامه سبل الاصلاح الأقتصاد العراقي)، السادس والسنوي، السابع عشر، لسنة ٢٠٢٣، ص٢١٣.

(٣٩) د. هۆشمەند عەتا مەحموود، عێراق لە ڕێگا ئاوریشمەکەی چیندا، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ٢٠ی ساڵی پێنجەم، نیسانی ٢٠٢٤، ل٣٩.

(٤٠) أم. د. نسرين رياض شنشول، م. د. ريام علي حسين، طريق التنمية والآفاق المستقبلية للاقتصاد العراقي، مركز حمورابي للبحوث والدراسات الاستراتيجية، ٢٧/اذار٢٠٢٤، بغداد، ص٦.

(٤١) سوزان نور، تحديات إطلاق مشروع طريق التنمية الاستراتيجية في العراق، الموقع Linked in، ٢٠٢٤/٤/٢٤. الموقع الكتروني: https://shorturl.at/aluOt

(٤٢) أم. د. نسرين رياض شنشول، م. د. ريام علي حسين، طريق التنمية والآفاق المستقبلية للاقتصاد العراقي، مركز حمورابي للبحوث والدراسات الاستراتيجية، ٢٧/اذار/٢٠٢٤، بغداد، ص٦.

(٤٣) کازم جەباری، سەردانی ئەردۆگان بۆ عێراق بوێرترکردنی تواناکانی دەوڵەت لە سەردەمی کابینەی سوودانیدا، ماڵپەڕی پەیمانگای میدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، ٢٠٢٤/٤/٢٤. لینکی ماڵپەڕەکە:

https://www.mirs.co/KU/all_part.aspx?type=3&title=%D8%B9%DB%8E%D8%B1%D8%A7%D9%82

# سیاسەتی ئاویی و
# ئایندەی ئاو لە سووریا



د. عەبدولموتەڵیب ڕەفعەت سەرحەت

پسپۆڕی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو



## بەرایی

لە داهاتوویەکی نزیکدا ئاو جیهانیش ئاڕاستە دەکات و دەبێتە فاکتەری جەنگ و ئاشتی و دۆستایەتی و جەنگەکانی داهاتووی جیهان لەسەر ئاو ڕوو دەدەن. زانایان و توێژەرانی بواری سەرچاوەکانی ئاو ترسیان لەوە هەیە کە ململانێی سەربازی لەسەر ئاو لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا ڕوو بدات، بە تایبەتی لەگەڵ زۆربوونی گرژی و ناکۆکی لەسەر سەرچاوەکانی ئاو و «ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان». بۆیە ئەگەر وڵاتان بیانەوێت ئەو پرسە چارەسەر بکەن، ئەوە بێگومان پێویستیان بە هاریکاریی هەرێمایەتی و ناوخۆیی دەبێت. چارەسەرکردنی کێشەی ئاو لە پارچەکانی کوردستان (ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، باکوور، باشوور) زۆر قورسترە بە بەراورد لەگەڵ کێشەی ئاو لە ئێران، سووریا، تورکیا و عێراق، چونکە کێشەی ئاو لە پارچەکانی کوردستان تایبەتە بە سیاسەتی ناوخۆیی ئەو وڵاتانەوە کە لە توانایاندا هەیە دەیان بیانوو بخەنە ڕوو بۆ پشتگیری و چەسپاندنی پڕۆژە و سیاسەتەکانیان. بۆیە پێویستە کوردانی پارچەکانی کوردستان دژ بەو پڕۆژانە بوەستنەوە لە ڕێی ئەنجامدانی خۆپیشاندان و دروستکردنی فشار لە سەر حکومەتەکانیان و هەوڵ بدەن دەنگیان بگاتە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان. قەیرانی ئاو لە سووریا لە ئێستادا توندتر بووە، لێکەوتە ترسناکەکانیشی بە هۆی گۆڕانی کەشوهەوا قورس بووەتەوە. هەروەها ململانێیە بەردەوامەکان هۆکار بوون بۆ لەناوبردنی ژێرخانی خزمەتگوزاریی ئاو. نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداریی داوە کە وشکەساڵی لە ناوچەی دەریای ناوەڕاست درێژتر و توندتر دەبێت، هاوکات پێوەرەکانی مەترسیی ململانێی جیهانی لە ساڵی ٢٠٢٢دا سووریای وەک خراپترین وڵاتی ناوچەی دەریای ناوەڕاست ڕیزبەندی کردووە لە ڕووی وشکی و وشکەساڵییەوە. کاریگەریی گۆڕانی کەشوهەوا فشارێکی زۆر دەخاتە سەر کۆگاکانی ئاو و ڕووبارەکان. دەستکەوتنی ئاوی پاکی خواردنەوە بووەتە ئالنگارییەک بۆ ملیۆنان هاوڵاتیی سووری و لە نێوانیان هاوڵاتییانی کورد. لە ئێستادا دوو فاکتەر هەن کە ڕێگرن لە چارەسەرکردنی کێشەی ئاو لە سووریا، بریتین لە: قەیرانی مرۆیی کە لە ئەنجامی ئەو شەڕەوە هاتووەتە ئاراوە کە زیاتر لە دە ساڵە بەردەوامە، هەروەها ئەو سنوورە جیۆپۆلەتیکییانەی کە لە لایەن هێزە ناوخۆیی و هەرێمییەکانەوە کێشراون. ئایندەی سەرچاوە ئاوییەکان لە سووریا لە ناو ئەم دۆخە پڕ لە گێژاوەدا نادیارە و بەرەو ئاقارێکی زۆر خراپ هەنگاو دەنێت.

### دۆخی سەرچاوەکانی ئاو لە سووریا

سووریا ئاوی سازگار لە ڕووباری فوراتەوە وەردەگرێت کە سەرچاوەی سەرەکییە و یەکێکە لە ڕووبارە بەناوبانگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جگە لە ڕووباری دیجلە کە یەکێکە لە گەورەترین ڕووبارەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا[١]. فوراتی لە تورکیاوە سەرچاوە دەگرێت و بە سووریا و عێراقدا تێدەپەڕێت و پاشان دەچێتە نێو کەنداوی عەرەبی. ئاستی فوراتی لە دوو دەیەی ڕابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە. سووریا ڕاستەوخۆ کاریگەریی ئەم دابەزینەی لەسەر بووە و بە درێژایی ئەو ماوەیە نەیتوانیوە بە کرداری چارەسەری بارودۆخەکە بکات، نە لە ڕووی سیاسی و نە لە ناوخۆی وڵاتەکە.

لە ساڵی (٢٠٠٠)ەوە، زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاوی سازگار و زیادبوونی کێشەی پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو و کارنەکردن بۆ دووبارە پاڵاوتن و بەکارهینانەوەی پاشەڕۆ و هەروەها تەشەنەکردنی دیاردەی بیابانبوون، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی تێکچوونی بەرفراوانی ژینگە لە سووریا. سیستمی ئاودێریی چڕ و شێوازە ناکاریگەرەکان لە ئاودێریدا بووەتە هۆی بەفیڕۆدانی ئاو و ئەمەش ڕۆڵێکی سەرەکیی لە قەیرانی ئاو لە سووریادا هەیە. چەندین لێکۆڵینەوە کە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠١٠ ئەنجام دراون، دەریانخستووە کە حکومەتی سووریا نەیتوانیوە زاڵ بێت بەسەر کێشە و گرفتەکان لە سەرچاوەکانی ئاو و گۆڕانی کەشوهەوا و وشکەساڵیدا.

### سەرچاوەکانی ئاو لە سووریا

لە ڕووی هاوکێشەکانی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو، سووریا هیچ سەرکەوتوو نەبووە لە سیاسەتە ئاوییەکەی، بە هۆی چەند خاڵێکەوە:

١. نزیکەی ٦٠٪ی خاکی سووریا دەکەوێتە ناوچەی نامسۆگەرەوە لە ڕووی دابارینەوە.

٢. خاکی سووریا خاکێکی وشک و پێکهاتەی زۆر نزمە لە ئاو و مادده ئۆرگانییەکان.

٣. ڕێژەی بەهەڵمبوون لە سەر ئاو و خاک لە سووریا زۆر بەرزە.

لەبەر ئەم هۆکارانە، پرۆژەکانی سووریا تووشی شکست دەبن[٢].

دیارە چەند ڕووبارێک هەن لە نێو خاکی سووریا وەکوو سەرچاوەی سەرەکی بەکار دێن بۆ هەموو کەرتەکان، وەکوو ڕووباری دیجلە کە تەنها لە سەر هێڵی سنوورییە لە

نێوان سووریا و عێراق و تورکیا و تا ڕادەیەکی زۆر کەم سووریا سوودی لێ وەردەگرێت. ڕووباری فوڕات کە سووریا زۆر پشتی پێ بەستووە و چەندین پرۆژەی ئاودێریی لە سەر دروست کردووە. ڕووباری «العاصی» کە بە هەمان شێوە ڕووبارێکی نێودەوڵەتییە و بە لوبنان و سووریا و تورکیادا تێپەڕ دەبێت و کێشەی لەسەرە، بە تایبەتی لەگەڵ تورکیا. هەروەها ڕووبارەکانی عەفرین و یەرمووک و قوێن و جەغجەغ و ڕووباری گەورەی باشوور کە هەموویان ڕووباری نێودەوڵەتین، بەڵام داهاتیان زۆر کەمە[٣].

لە لایەکی ترەوە چەند ڕووبارێکی ناوخۆیی هەن لە خاکی سووریا، وەک خابوور و بەلێخ و ئەلسن لەگەڵ چەندین ڕووباری وەرزی کە تەنها لە چەند مانگێکدا داهاتیان دەبێت و دوای ئەوە وشک دەبن.

وڵاتی سووریا چەند ئاوەزێڵێک لەخۆ دەگرێت، وەکوو ئاوەزێڵی دیمەشق و «عاصی» و ئەلساحیل و فوڕات و یەرمووک و ئەلبادییە. داهاتی گشتیی ئاوی ڕووبار و ئاوەزێڵەکانی سووریا لە ساڵی ١٩٩٠دا نزیکەی (٤٤,٥٦ ملیار م٣) بووە، بەڵام پێویستییەکانی سووریا بە ئاو (بۆ هەموو کەرتەکان) دەگاتە زیاتر لە (٩٥,٨ ملیار م٣)، ئەمەش قەبارەی گرفتی کەمیی ئاو لە سووریا پیشان دەدات و ڕەنگە ئەم گرفتە قووڵتر ببێتەوە لە ئەگەری زیادبوونی دانیشتووانی ئەو وڵاتە بۆ (٦٦) ملیۆن کەس کە پێشبینی دەکرێت لە ساڵی ٢٠٤٨دا بگاتە نزیکەی ئەو ژمارەیە[٤] (بڕوانە خشتەی ژمارە (١)).

**خشتەی ژمارە (١)**

پێویستییەکانی سووریا بە ئاو بە پێی پێشبینییەکان[(٤)]

| ساڵ | ژمارەی دانیشتووان (ملیۆن) | پێویستی بە ئاو بۆ هەموو کەرتەکان | بەشی تاک م٣/ساڵ |
|---|---|---|---|
| ١٩٩٠ | ١٢ | ٨,٩٥ | ٧٤٦ |
| ٢٠٠٠ | ١٨ | ١٤,١ | ٧٨٣ |
| ٢٠٢٥ | ٣٥ | ٢٧,١٥ | ٧٧٦ |
| ٢٠٤٨ | ٦٦ | ٣٩ | ٤٨٩ |

**پرۆژە ئاودێرییەکانی سووریا لە سەرڕووباری فوڕات و زێی فیشخابوور و بلێخ**

ڕووباری فوڕات سەرچاوەیەکی سەرەکیی ئاوە لە وڵاتی سووریا کە بە ڕێژەیەکی زۆر پشتی پێ بەستراوە و چەندین پڕۆژەی ئاودێریی لە سەر دروست کراوە (بڕوانە خشتەی ژمارە (٢)). ئەو پڕۆژە گرنگانەی کە سووریا دروستی کردوون لە سەر ئەو ڕووبارە، بریتین لە:

١. پڕۆژەی بەنداوی تەبەقە: ئامانج لە دروستکردنی ئەم بەنداوە دژایەتیکردنی کوردانی ڕۆژئاوا بوو (کە تا ئێستا ناسنامەی سووریان پێ نەدراوە بە هۆکاری سیاسی)، لە ڕێی گواستنەوەیان بۆ ناوچە دوورەدەستەکان و نیشتەجێکردنی عەرەب و هۆزە عەرەبییەکانی سووریا لە جێگاکانیان، ئەوەش بە مەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردییەکان و کەمکردنەوەی ڕووبەری زەوییەکانیان.

ئەمە گەورەترین پڕۆژەی ئاودێرییە لە سووریا کە دەکەوێتە باشووری تورکیاوە بە درێژایی (١٨٠کم). ئەم پڕۆژەیە لە ساڵی ١٩٦٨دا دەست کرا بە دروستکردنی و لە ساڵی ١٩٧٣ تەواو بوو. یەکێتیی سۆڤیەت پشتگیریی تەواوی دابین کرد بۆ سووریا بە مەبەستی تەواوکردنی ئەم بەنداوە. توانای خەزنکردنی (١١,٩ ملیار م٣)ە، لەگەڵ هەشت وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا کە توانای بەرهەمهێنانی (٨٠٠) مێگاواتی هەیە و زیاتر لە ٤٥٪ لە پێویستییەکانی سووریا لە وزەی کارەبا دابین دەکات. هەروەها توانای ئاودێریکردنی نزیکەی (٦٤٠) هەزار دۆنمی هەیە. چەند پڕۆژەیەکی تەواوکەری بۆ دروست کراوە وەکوو سێ تۆڕی ئاو و کەناڵێک بە درێژیی (٧١کم) کە ناسراوە بە «ڕووباری حەلەب» لە بریی «ڕووباری قوەیق» کە حکومەتی سووریا وڵاتی تورکیا تۆمەتبار دەکات بە وشکبوونی[٥].

٢. پڕۆژەی بەنداوی بەعس: کە دەکەوێتە خوارووی بەنداوی «تەبەقە»وە بە دووریی (١٧کم)، توانای خەزنکردنی نزیکەی (٩٠ ملیۆن م٣)یە. ئامانج لە دروستکردنی؛ تەنها ڕێکخستنی ئاوی ڕووباری فوڕاتە، لەگەڵ بەرهەمهێنانی زیاتر لە (٣٢٣) ملیۆن کیلۆوات/ک/ساڵ. هەروەها ئەم بەنداوە پڕۆژەیەکی تەواوکەری لەگەڵدا دروست کراوە کە بریتییە لە دوو بەنداوی خاکی؛ یەکەمیان بە درێژیی (١٦٠٠م) و ئەوی تریان بە درێژیی (٢٥٠م).

٣. پڕۆژەی بەنداوی تیشرین: کە (١٢٥کم) دوورە لە شاری حەلەبەوە. توانای خەزنکردنی دەگاتە (١,٨٨٢ ملیار م٣) و بەرهەمهێنانی (٦٣٠) مێگاوات لە وزەی کارەبا.

٤. بەنداوی حەسەکە: لە ڕۆژئاوای کوردستان دروست کراوە، بە مەبەستی سوودوەگرتن لە ئاوی ڕووباری فیشخابوور.

٥. بەنداوەکانی تر: وەکوو بەنداوی «حەلەبیە»، «زەلەبیە» و بەنداوی «خابوور» لە خوارووی بەنداوی حەسەکە و پرۆژەی «رائید» لە ناوچەی ئەلبلێخ لەگەڵ چەندین بەنداوی بچووکی تر(٦).

**خشتەی ژمارە (٢)**

بەنداوەکانی سووریا لە سەر ڕووباری فورات

| بەنداو | توانای خەزنکردن (کم٣) |
|---|---|
| تشرین | ١,٨٨ |
| تەبەقە | ١٤,١٦ |
| بەعس | ٠,٠٩ |
| کۆی گشتی | ١٦,١٣ |

**سەرچاوە:** توێژەر، بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی سەرەوە.

**پرۆژە ئاودێرییەکانی سووریا لە سەرڕووباری دیجلە**

وەکوو ئاماژەی پێ کرا، ڕووباری دیجلە بە سنووری وڵاتی سووریادا تێپەڕ دەبێت بە درێژایی نزیکەی (٤٤کم)، بۆیە سووریا مافی ئەوتۆی لەسەر ئەو ڕووبارە نییە، بەڵام لە ساڵی ١٩٣٠ «ڕێککەوتنامەی حەلەب» لە نێوان سووریا و تورکیادا ئەنجام درا و هەندێ ماف بەخشرا بە سووریا. لە ساڵی ١٩٨٩دا ڕێککەوتننامەیەکی هاوشێوەی لەگەڵ عێراق واژۆ کرد لەسەر وەرگرتنی مافی بەشە ئاو لە ڕووباری دیجلە. پرۆژەکانی سەر ئەم ڕووبارەش بریتین لە:

١. سووریا پرۆژەیەکی ڕاکێشانی ئاوی لە ڕووباری دیجلەوە لە سەر سنووری هەرسێ وڵات (تورکیا و عێراق و سووریا) بە قەبارەی (١,٢٥٠ ملیار م٣) دروست کرد بە ڕێککەوتنی لەگەڵ عێراق لە ساڵی ٢٠٠٢ و عێراق ڕەزامەندیی دەربڕی بە مەرجێ قەرەبووی عێراق بکاتەوە لە ڕووباری فوڕات و بەشە ئاوی عێراق زیاد بکات.

٢. پرۆژەی «بەنداوی باسل»: ئەم پرۆژەیە لە سەر زێی خابوور دروست کراوە. پرۆژەیەکی گەورەیە و ئامانج لێی چاککردنی زەوییە کشتوکاڵییەکانی دەشتی «عەکار»ە. توانای خەزنکردنی (١٠٣,٨٦٠ ملیۆن م٣) و توانای ئاودێریکردنی زیاتر لە ڕووبەری (١٠١٦٠) هێکتاری هەیە و توانای بەرهەمهێنانی وزەی کارەباشی هەیە.

٣. کەناڵی «عەین دیوار»[٧]

٤. وێستگەی «مالکیە»

٥. وێستگەی ژمارە «یەک» بە بەرزیی (٩٥م)

**سیاسەتی ئاوی سووریا دژبە کورد**

سووریا وەکوو وڵاتانی تری ناوچەکە (تورکیا و ئێران) ئامانجێکی تایبەتی داناوە بۆ دژایەتیکردنی کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان، بۆیە سەرچاوەکانی ئاوی وەکوو فشارێک بەکار هێناوە دژی کورد و هەوڵدان بۆ گواستنەوەیان لە ناوچە کوردستانییەکانەوە بۆ ناوچەکانی تری سووریا، لەگەڵ جێگیرکردنی عەرەبی سووریا لە ناوچەکانیان. نموونە لەسەر ئەو حاڵەتە، ئامانجی حکومەتی سووریا لە دروستکردنی بەنداوی «تەبەقە»یە کە گەورەترین بەنداوی سووریایە[٨].

دیارە سووریا زۆربەی هەوڵەکانی لە بەکارهێنانی ئاو وەک چەکێکی سیاسی بۆ دژایەتیکردنی کوردستانییانی ڕۆژئاوا لە پارێزگای «حسەکە» ئەنجام داوە. پارێزگای حسەکە لە کوردستانی سووریا یەکێکە لە ناوچە گرنگەکانی کوردستان کە پشتی بە کشتوکاڵ بەستووە و ڕووبەرێکی زۆر لە بەپیتترین زەویی کشتوکاڵی لەخۆ دەگرێت. بۆیە حکومەتی سووریا هەموو هەوڵەکانی خستووەتە گەڕ بە ئامانجی دژایەتیکردنی کورد لەو ناوچەیە و لەناوبردنیان.

یەکەم هەنگاوی حکومەتی سووریا ئەوە بوو کە دەستی گرت بەسەر هەموو سەرچاوە ئاوییەکانی ئەو ناوچەیەدا، ئەویش لە ڕێی نیشتەجێکردنی عەرەبی هاوردە لە لادێ کوردییەکان و دروستکردنی پشتێنەی عەرەبی (الحزام العربی). بۆ نموونە: لە ساڵی ١٩٦٥دا حکومەتی سووریا و حیزبی بەعسی سووری هەستا بە پلانی دامەزراندنی «پشتێنەی عەرەبی» لە پارێزگای حسەکە، بە تایبەتی لە ناوچەی «جەزیرە»، بە درێژایی سنووری تورکیا. درێژیی ئەم پشتێنەیە نزیکەی (٣٠٠کم) لە سنووری عێراقەوە (ڕۆژهەڵات) دەست پێ دەکات تاوەکوو خاڵی «رأس العین» لە «ڕۆژئاوا» و بە پانیی (١٠-١٥کم). لەو پلانەدا دەست کرا بە گواستنەوەی زۆرەملێی (١٤٠٠٠٠) لە دانیشتووانی ٣٣٢ ناوچە و لادێ کوردنیشینەکان و جێگیرکردنی «عەرەبی سووری» کە لە پارێزگاکانی حەلەب و ڕقە هێنرابوون. بەو شێوەیە زەوییە کشتوکاڵییەکان سەنرایەوە لە جووتیارە کوردەکان و

دابەش کرا بەسەر عەرەبە هاوردەکاندا. ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکان کە لە ناوچە کوردنشینەکان دابەش کرا بەسەر عەرەبە هاوردەکاندا، دەگاتە زیاتر لە (٣٠٠١٩١١) دۆنم کە بە بەپیتترین زەویی وڵاتی سووریا هەژمار دەکرا. بەو کارەش حکومەتی سووریا توانیی دەست بگرێت بەسەر ڕێژەیەکی هەرە زۆر لە سەرچاوە ئاوییەکانی ئەو ناوچەیە و پێدانی بە عەرەبە هاوردەکان و بێبەشکردنی کوردەکان لە مافی خۆیان لە ئاو[٩].

هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٧دا حکومەتی سووریا لە ڕێی وەزارەتی کشتوکاڵەوە دەستی کرد بە دامەزراندنی کێڵگەکانی وڵات (مزارع الدولە) و پێدانی زیاتر لە (٥٦٠٠) دۆنم لەو پرۆژەیە (مزارع الدولە) لە لادێ کوردنیشینەکان بۆ عەرەبە هاوردەکان، لە گەڵ ئەوەشدا ساڵانە دەیان جووتیاری کورد بێبەش دەکران لە زەوییەکانیان بە پێی یاسای ژمارە (٤١) لە ٢٠٠٤ کە بە مەبەستی دژایەتیی کورد دانرابوو[٦].

حکومەتی سووریا کەناڵێکی ئاوی لە ڕووباری فوڕاتەوە ڕاکێشا بۆ نێو ڕووباری «قوێق» لە حەلەب و بە درێژایی زیاتر لە (١٠٠کم) و بە گوژمەیەکی هەرە زۆر، بە ئامانجی خاوێنکردنی ڕووباری (قوێق) لە ناوچە عەرەبنیشینەکان. بەڵام ئەو حکومەتە هیچ گوژمەیەکی تەرخان نەکرد بۆ ڕاکێشانی ئاو بۆ ناوچەی «کۆبانێ» کە زەوییەکی کشتوکاڵیی بەپیت لەخۆ دەگرێت و ماوەی چەندین ساڵە تووشی گرفتی وشکی (وشکەساڵی) بووە، بە هۆی ئەوەی کە ناوچەی کۆبانێ ناوچەیەکی کوردستانییە و زۆربەی زۆری دانیشتووانەکەی کوردن. لە لایەکی ترەوە سووریا لێواری هەموو ڕووبارەکانی کۆنکرێت کرد لە ناوچە عەرەبنشینەکان بەو ڕووبارانەوە کە وشکی کردووە و ئاوی تێدا نەماوە، بەڵام ئەو کارەی لە ناوچە کوردنشینەکان ئەنجام نەدا[٥][٨].

### سەرچاوە سەرەکییەکانی ئاو لە حسەکە

#### ١. ئاوەزێڵی خابوور

کە لە ناوچەی «رأس العین»ەوە سەرچاوە دەگرێت لە باکوور تا دەگاتە باشوور و یەک دەگرێ لە گەڵ ڕووباری فوڕات، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠١)ەوە ئاستی ئاوەزێڵی خابوور کەمی کردووە بە شێوەیەکی دیار، بە هۆی هەڵکەندنی (١١٦) بیری قووڵ و گواستنەوەی ئاوەکەی بۆ ناوچەکانی باشووری حسەکە کە زۆربەی دانیشتووانەکەی پێک هاتوون

لە عەرەبی هاوردە. ناوچەکانی باشووری حسەکە زۆر لاوازە لە ڕووی کشتوکاڵەوە بە بەراورد لە گەڵ باکوور، بەڵام ئامانجی حکومەتی سووریا ئەوە بوو کە باکووری حسەکە بێبەش بکات لە ئاو و لاوازی بکات لە ڕووی کشتوکاڵییەوە و ناچارکردنیان بە جێهێشتنی و گواستنەوەیان بۆ ناوچە عەرەبنشینەکان لە پارێزگاکانی تری سووریا. بەڵام لە ڕووی زانستییەوە ئاسانترین چارەسەر بۆ کێشەی دابەزینی ئاستی ئاوی خابوور؛ هەڵکەندنی بیری قووڵە لە ناوچەکانی باشووری حسەکە (عەرەبنشینەکان) نەوەک هەڵکەندنی لە ناوچەکانی باکووری حسەکە (کوردنشینەکان) و گواستنەوەیان بۆ باشوور[٥][٨].

**٢. ئاوەزێڵی دیجلە**

وەکوو پێشتر ئاماژەی پێ کرا، ڕووباری دیجلە بە ڕووبەرێکی زۆر کەم تێپەڕ دەبێت لە سنووری سووریا کە دەگاتە درێژایی تەنیا (٤٤کم) و دوای ئەوە دەگاتە سنووری عێراق. داهاتی ساڵانەی ڕووباری دیجلە لەو ڕووبەرە بچووکە دەگاتە زیاتر لە (١٨،٢٥٠ ملیار م٣) و تەنها یەک پڕۆژەی لە سەرە بۆ ڕاکێشانی ئاوی خواردنەوە بۆ شاری قامیشلی، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم شارە ڕووبەرێکی زۆر و بەرفراوان لەخۆ دەگرێت لە زەویی کشتوکاڵی بەپیت، بۆیە حکومەتی سووریا پشتگوێی خستبوو و بە پێویستیشی نەزانیبوو ئاو بگەیەنێتە ئەو زەوییانە بە مەبەستی ئاودێری و گەشەکردنی ئەو ناوچەیە لە ڕووی کشتوکاڵییەوە.

بە هۆی دابەزینی ئاستی ئاوەزێڵی خابوور، حکومەتی سووریا بە پێویستی زانی کە بڕێک لە بەشی وڵات لە ڕووباری دیجلە ڕابکێشێت بۆ هەندێ ناوچە و بۆ نێو «ڕووباری جغجغ» بۆ خواردنەوە و کەمکردنەوەی ئاستی پیسی و ئاودێریکردنی نزیکەی (١٢٠) هەزار هێکتار و زیادکردنی ڕووبەری (٦٠) هەزار هێکتار لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی حکومی لە ئاوەزێڵی خابوور. ئەم پڕۆژەیە پڕۆژەیەکی ستراتیژییە بۆ دەربازبوون لە گرفتی کەمئاوی لە خابوور و کەمکردنەوەی گرفتی دابەزینی ئاوی ژێر زەوی. ئەو پڕۆژەیە نزیکەی (٥٠٠ ملیۆن م٣/ ساڵ) ئاو لە ڕووباری دیجلەوە دەگوازێتەوە بۆ ئاوەزێڵی خابوور.

بەڵام نیازی حکومەتی سووریا ئەوە بوو کە کورد لە ناوچەکانی (عین دیوار، دیریک، قامیشلی... هتد) بێبەش بکات لەو سەرچاوە سروشتییە گرنگە و بیبەخشێتە عەرەبی هاوردە لە باشووری پارێزگای حسەکە لە ناوچەکانی (شدادی، غوێران... هتد)[٨].

## پڕۆژەی ڕاکێشانی ئاوی خواردنەوە لە کەناڵی «صور» و ئامانجەکانی

لە چوارچێوەی ئەو پڕۆژانەی کە حکومەتی سووریا جێبەجێی دەکرد لە پارێزگای حسەکە، نزیکەی یەک ملیار و هەشت سەد ملیۆن لیرەی سووریی تەرخان کردبوو بۆ پڕۆژەی ڕاکێشانی ئاوی خواردنەوە لە کەناڵی «صور» لە «دێر ئەلزوور»ەوە بۆ باشووری حسەکە (ناوچە عەرەبنشینەکان/عەرەبی هاوردە). ئەم پڕۆژەیە ئاوی خواردنەوە دابین دەکات بۆ دانیشتووانی لێواری ئاوەزێڵی خابوور، بە تایبەتی دوای وشکبوونی.

١. پشتگیریکردنی عەرەبی هاوردە لە ناوچەکانی باشووری حسەکە و پشتگوێخستنی ناوچە کوردنشینەکان لە باکووری حسەکە[٨][٩].

٢. هەوڵدان بۆ نەهێشتنی دیاردەی بێکاری لە نێو عەرەبی هاوردە لە ڕێی دابینکردنی دەرفەتی کارکردن.

٣. فراوانکردنی ڕووبەری کشتوکاڵکردن لە ناوچە عەرەبنشینەکان بە ئامانجی زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵی.

٤. چاککردنی ئاستی بژێویی عەرەبەکانی ئەو پارێزگایە و دواتر جێگیرکردنی باری کۆمەڵایەتییان و ڕێگری لە گواستنەوەیان بۆ ناوچەکانی تر، بەڵام هەوڵی پێچەوانە دەدرا بۆ ناوچە کوردییەکان و کوردنشینەکان.

٥. زیادبوونی دەرفەتی وەبەرهێنانی عەرەب لە ناوچەکە.

٦. دابینکردنی بەشێکی گەورە لە پێداویستییەکانی ئاسایشی خۆراک بۆ عەرەبنشینەکان و بێبەشکردنی کوردەکان لەو پێداویستییانە[٩].

## بەنداوەکانی پارێزگای حسەکە

گەورەترین دوو بەنداوی پارێزگای حسەکە؛ هەردوو بەنداوی «باسل ئەلئەسەد» و «حسەکە»یە و هەردووکیان بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز خزمەتی ناوچە عەرەبنیشینەکان دەکەن (بڕوانە خشتەی ژمارە (٣)). هەروەها هەندێک لە ڕووبارەکان وشکیان کرد و بوونە ڕووباری وەرزی، وەکوو ڕووباری «ئەلزەرکان» لە شاری «تەل تەمر»ی کوردستانی بە هۆی پشتگوێخستنی لە لایەن حکومەتەوە. هەندێک لە ڕووبارەکان بە تەواوی وشك بوون، وەکوو ڕووباری «جغجغ». هەروەها هەندێک لە کانییەکانی ئاوەزێڵی خابوور و

دیجله وشکی کردووه به هۆی پشتگوێخستنی له لایه‌ن حکومه‌تی سووریاوه، وه‌کوو: (کانی کبریت یه‌ک، کانی کبریت دوو، عه‌ین زه‌رقا، غزاله‌، جه‌باره‌)، که‌ هه‌موویان له‌ ناوچه‌ کوردییه‌کانه‌وه‌ سه‌رچاوه‌ ده‌گرن[٩][١٠].

**خشته‌ی ژماره (٣)**

به‌نداوه‌کانی پارێزگای حسه‌که[١١]

| به‌نداوه‌کان | توانای خه‌زن | ئاستی خه‌زن له‌ ساڵی ٢٠٠٩ | ڕووبار |
|---|---|---|---|
| باسل ئه‌سه‌د | ٦٠٥ | ١٢٢,٣٠٠ | مه‌عشوق |
| حسه‌که | ٣٢٢ | ٧٦,١٣٣ | ئه‌جه‌رادی |
| سه‌فان | ٤٨ | ٣٢,٥٩٥ | که‌ناڵی جه‌ڕ |
| مه‌نصوره | ٣,٢ | ٠,٩٩٥ | ئه‌لجه‌رجه‌ب |
| حاکمیه | ٧,٥ | ٣,٤٠٥ | جغجغ |
| جوادیه | ١٠ | ١,٠٢٠ | ئه‌لزه‌رکان |
| باب حه‌دید | ٢٣ | ٠,٦٠٥ | خابوور له‌ حسه‌که |

**تایبه‌تمه‌ندییه‌ سه‌ره‌کییه‌کانی گرفتی ئاو له‌ حسه‌که**

گرفتی ئاو له‌ ناوچه‌ کوردییه‌کانی سووریا به‌نده‌ به‌ چه‌ند هۆکارێکه‌وه‌، وه‌کوو:

١. سه‌رچاوه‌کانی ئاو له‌ ناوچه‌ کوردییه‌کان دیاریکراون و به‌شی تاک له‌ ئاو زۆر که‌مه‌: له‌گه‌ڵ دابه‌زینی ڕێژه‌ی دابارین و زیادبوونی پله‌کانی گه‌رما و ڕێژه‌ی به‌هه‌ڵمبوون، هه‌روه‌ها پشتگوێخستنی ئه‌م ناوچه‌یه‌ له‌ لایه‌ن حکومه‌تی سووریاوه؛ وای کرد که‌ گرفتی ئاو ڕۆژ له‌ دوای ڕۆژ ڕوو له‌ زیادبوون بکات. حکومه‌تی سووریا هیچ پرۆژه‌یه‌کی ئاودێریی ئه‌نجام نه‌دا بۆ ده‌ربازبوون له‌ گرفتی که‌مئاوی، بۆیه‌ دانیشتووانی ناوچه‌که‌ بیریان هه‌ڵکه‌ند به‌ شێوه‌یه‌کی هه‌ڕه‌مه‌کی و زیادله‌به‌ده‌ر و به‌ ناچاری که‌ بووه‌ هۆی له‌ده‌ستدانی ئاوی ژێر زه‌وی. پرۆسه‌ی ناشتنی نه‌مام به‌ مه‌به‌ستی جێگیرکردنی که‌شوهه‌وای ناوچه‌که‌ به‌ ته‌واوی پشتگوێ خرا له‌ لایه‌ن حکومه‌ته‌وه‌. ئه‌و کرده‌وانه‌ هه‌مووی له‌ لایه‌ن حکومه‌ته‌وه‌ به‌ مه‌به‌ستی تایبه‌ت و دژایه‌تیی کوردانی سووریا ئه‌نجام درا و بووه‌ هۆی زیادبوونی گرفتی ئاو له‌ ناوچه‌ کوردییه‌کان و تێکچوونی هاوسه‌نگیی ژینگه‌یی.

٢. کەشوهەوای پارێزگای حسەکە دەکەوێتە ناوچەی جوگرافیای مامناوەند (قاری) یەوە[٨].

٣. کۆنترۆڵی سەرچاوە ئاوییەکانی ئەو ناوچەیە بە دەست وڵاتی تورکیاوەیە: وەکوو پێشتر ئاماژەی پێ کرا، تورکیا بەردەوامە لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی گاپ (GAP) و بەنداوی ئەلیسۆ کە کاریگەریی گەورەی هەیە لە سەر بڕی ئاو لە سووریا و عێراق.

٤. زیادبوونی ڕێژەی دانیشتووان: ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای حسەکە یەک ملیۆن و (٨٠٠) هەزار کەس بوو لە ساڵی ٢٠١٠دا و ئەم کێشەیە پێویستی و خواستی هاوڵاتییانی بە ئاو زیاد کردبوو.

٥. پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو بە هۆی پاشەڕۆی کشتوکاڵی و پیشەسازی و تەندروستی... هتد[٨][١٠][١١].

## ململانێی سیاسی و گۆڕانی کەشوهەوا

زۆربەی دامەزراوە سەرەکییەکانی ئاوی خواردنەوەی لە سووریا بە هۆی شەڕەوە زیانیان بەر کەوتووە، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی دروستبوونی فشار و گەیشتن بە هێڵی هەژاریی ئاو لەو وڵاتە و لە هەندێک ناوچەی وشکەساڵی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی خۆسەری کورد لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی وڵاتە، داهاتی ئاوی ڕووباری فوڕات بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە و ئەمەش دەتوانێت ببێتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ ملیۆنان کەس کە پشت بە ئاوی ڕووبارەکە دەبەستن. هەروەها دەریاچەی ئەسەد پاشەکشەی کردووە و ئاستی ئاوەکەی لە ساڵی (٢٠٢٠)ەوە شەش مەتر دابەزیوە، ئەمەش مەترسیی لەسەر تاکە سەرچاوەی ئاوی پاکی خواردنەوەی زیاتر لە پێنج ملیۆن کەس دروست کردووە لە ڕەققە. لە حەسەکە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا نزیکەی یەک ملیۆن کەس بە هۆی داڕووخانی وێستگەی عەلۆک کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی تورکیادایە، تووشی کەمیی ئاو بوون و خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی سووریا لە ژێر کاریگەریی سەختی کەمئاوییەوە ژیانیان بەسەر بردووە و پشت بە سەرچاوەی جێگرەوە دەبەستن وەک ئاوی تانکەر و بارهەڵگرەکان یان سەرچاوەی تری مەترسیدار. هەروەها نزیکەی حەوت ملیۆن کەس سەرچاوەی ئاوی سروشتییان لێ بڕاوە و مانگانە

تەنها لە نێوان دوو تا حەوت ڕۆژ ئاویان پێ دەگات[١٢].

لە ئەنجامی پیسبوونی ئاوی فوڕات، لایەنە پەیوەندیدارەکان زیاتر لە ٥٠ هەزار حاڵەتی گومانلێکراوی تووشبوون بە نەخۆشیی کۆلێرا و سەدان حاڵەتی گیانلەدەستدانیان لە ماوەی نێوان دوو مانگی هاوینی ساڵی ٢٠٢٢ تۆمار کردووە. پزیشکانی بێسنوور ئاماژەیان بە زیادبوونی ئەگەری بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆلێرا کردووە لە ئەنجامی بەردەوامیی دابەزینی ئاستی ئاوی ڕووباری فوڕات و ئەو شێوازە مەترسیدارانەی کە خەڵک پەنایان بۆ دەبەن بۆ دەستکەوتنی ئاو.

هەروەها کەمبوونەوەی یەدەگی ئاو لە بەنداوەکانی تەبقە و تشرین و بەعس لە سەر فوڕات، بووە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی لە سەر زیاتر لە ١٩٢,٢٢٥ هێکتار زەویی بەراو لە سووریا و لە ئەنجامدا جووتیاران ٨٠٪ی بەرهەمەکانیان لەدەست دا. لە ئێستادا نزیکەی دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار کەس بەدەست نەبوونی ئاسایشی خۆراکەوە دەناڵێنن و قەیرانی بەدخۆراکیی منداڵان بە خێراییەکی بێوێنە زیاد دەکات[١٢][١٣].

### ئاو وەکوو چەکێک لە سووریا

لە ساڵی ١٩٨٧دا دیمەشق ڕێککەوتنی دابەشکردنی ئاوی لەگەڵ تورکیا واژۆ کرد، کە تیایدا تورکیا بەڵێنی دا ساڵانە نزیکەی ٥٠٠ مەتر سێجا ئاو لە چرکەیەکدا بۆ سووریا دابین بکات. بەڵام بە هۆی سیاسەتی ئاویی وڵاتی تورکیا و وشکەساڵیی ئەم دواییەی ساڵی ٢٠٢١ و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لە پێنج ساڵی ڕابردوودا، بڕی ئەو ئاوەی کە پێشتر ڕێککەوتن لەسەری کرابوو؛ بۆ کەمتر لە نیوە دابەزی[١٣].

تورکیا زیاتر لە ٩٠٪ی داهاتی ئاوی ڕووباری فوڕات و ٤٥٪ی داهاتی ئاوی ڕووباری دیجلەی کۆنترۆڵ کردووە، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری بە تورکیا بەخشیوە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سووریادا. جگە لەوەش، سیاسەتی ئاوی تورکیا لە مێژە مافی دانیشتووانی سووریای لە ئاوی ڕووبارەکە پشتگوێ خستووە. هەروەها ئەنقەرە؛ فوڕات وەک چەکێک لە مامەڵەکانی لەگەڵ سوورییەکان لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە بەکار دەهێنێت، بەو پێیەی ئاوی ڕووبارەکە کۆنترۆڵ دەکات و بۆ مەبەستی سیاسی و بازرگانی مامەڵەی پێوە دەکات.

لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩، هێزەکانی تورکیا لە کاتی هێرشێکی سەربازیدا لە باکووری

ڕۆژهەڵاتی سووریا، وێستگەی ئاوی عەلوکیان کۆنترۆڵ کرد. لەو کاتەوە تورکیا ئەو وێستگەیەی بەکار هێناوە بۆ گوشارخستنە سەر دەسەڵاتدارانی کورد و گرووپە یاخیبووەکانی سەر بە ڕژێم، ئەو گرووپانەی کە ئەنقەرە بە ڕێکخراوی تیرۆرستی دەزانێت. ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووچ چەندین جار ڕەخنەی لە تورکیا گرتووە بە هۆی ڕۆڵی تورکیا لە قەیرانی ئاو لە سووریا. دیمەشق لە ساڵانی ڕابردوودا سەرچاوەکانی ئاوی بەکار هێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکان، بە مەبەستی لاوازکردنی کورد و ئەکتەرە سیاسییەکانی باکوور کە بە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەی دەزانێت بۆ سووریا بە گشتی.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی پاکسی هۆڵەندی بۆ بنیاتنانی ئاشتی، چەکدارە دڵسۆزەکانی تورکیا لە باکووری سووریا ئاوی ڕووباری خابور وەک چەکی جەنگ بەکار دەهێنن بۆ فشارخستنە سەر ئەو ناوچانەی کە لە لایەن ئیدارەی خۆسەری کوردەوە بەڕێوە دەبرێن. لە ڕاپۆرتەکەدا دەرکەوتووە کە هێزێکی بە ناو «سوپای نیشتمانیی سووریا»وە کە دڵسۆزەکانی ئەنقەرە لەخۆ دەگرێت، بەنداویان لە سەر ڕووباری خابور دروست کردووە کە بە چەند گوندێکی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریادا تێدەپەڕێت پێش ئەوەی بەردەوام بێت لە باشوور و یەک بگرێت لە گەڵ ڕووباری فوڕات لە دێرەزوور.

هەمان ڕاپۆرت کە پشتی بە کاری مەیدانی و وێنەی مانگی دەستکرد بەستووە، دەرکەوتووە کە دانانی بەربەست و دروستکردنی بەنداوی خاکی لە سەر ڕووبارێکی سەرەکی لە کاتێکدا کە ناوچەکە ڕووبەڕووی وشکترین هاوین بووەتەوە، ئەمەش بێ دوودڵی بەکارهێنانی ئاو وەک چەکی جەنگ. لە ڕاپۆرتەکەدا دەرکەوتووە کە ئەو بەنداوانە کە دروست کراون، گرفتی وشکەساڵییەکەی توندتر کردووەتەوە لە ناوچەکەدا. هەزاران خێزان بێبەش بوون لە دەستڕاگەیشتن بە ئاو، ئەمەش پێشێلکارییەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکان. ئەمە ڕێوشوێنێکی بە ئەنقەستە کە لە لایەن هێزەکانی سوپای نیشتمانیی سووریاوە بە ئامانجی برسیکردنی دانیشتووانی مەدەنی و ببێتە هۆی ئاوارەبوونی زۆرەملێ، ئەمەش شێوازێکە لە شێوازەکانی شەڕکردن و بەکارهێنانی ئاو وەک چەک. ڕووباری خابور درێژییەکەی ٣٢٠ کیلۆمەترە و یەکێکە لە لقەکانی ڕووباری فوڕات، سەرچاوەکەی لە تورکیا و بە پارێزگای ئەلحەسەکە تێدەپەڕێت کە بە سەبەتەی خۆراکیی سووریا دادەنرێت[١٢].

## سیناریۆ و چارەسەر

بە پێی ڕاپۆرتی گەشەپێدانی مرۆیی عەرەبی لە ساڵی ٢٠٠٩ کە لە لایەن پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سووریا وڵاتێکی هەژار نەبووە لە ڕووی سەرچاوەکانی ئاوەوە. سووریا لە ڕیزبەندیی (١٣)هەمین بووە لە کۆی ٢٠ وڵاتی عەرەبی لە ڕووی ڕێژەی دابارینەوە[١٣]. بەڵام نەبوونی پلان، خراپی لە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو، بوونی سیستمی ئاودێریی ناکاریگەر، چاندنی بەروبوومەکان بە شێوەیەکی چڕ و نازانستی و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، هەموو ئەمانە هۆکار بوون بۆ دروستبوونی فشاری بێوێنە لە سەر سەرچاوە ئاوییەکانی وڵاتی سووریا. زیاتر لە دە ساڵ تێپەڕیوە بەسەر شەڕی ناوخۆی سووریادا و هێشتا وڵاتەکە نوقم بووە لە قەیرانە سیاسی، سەربازی، ئابووری و مرۆییەکان کە پێناچێت بەم زووانە چارەسەر ببن. هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بوونەتە هۆی درێژبوونەوەی ململانێکان و پێدەچێت هیچ کام لە لایەنە ناکۆکەکان ئامادە نەبن بۆ وەستاندنی ئەو وێرانکاری و دابەشکارییەی کە وڵاتەکە بەدەستیانەوە دەناڵێنێت.

بە داخەوە بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستای سووریا و دەستوەردانی زۆرێک لە وڵاتان لە کاروباری ناوخۆیی (بە تایبەتی تورکیا و ئێران)، ئەستەمە چاوەڕوانی چاکسازی لە ئیدارە ناوخۆیی و ناوچەییەکان بکرێت لە ماوەیەکی نزیکدا بۆ ئاسانکاری لە ڕووی بەڕێوەبردنی ئاووە بە شێوەیەکی کارا. ڕەنگە پراکتیکیترین و سوودبەخشترین چارەسەر بۆ ناوچەکە، ئەنجامدانی ڕێککەوتنێک بێت بۆ دابەشکردنی ئاوی ڕووباری فورات لە نێوان تورکیا و سووریا و عێراقدا، بەو مەرجەی ڕێککەوتنەکە پابەند بێت بە ڕێساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە. هەروەها سەرچاوەکانی ئاو لە سووریا بە شێوەیەکی یەکسان دابەش بکرێت لە نێوان دانیشتووانی سووریادا و چیتر حکومەتی سووریا بە هاوکاریی تورکیا ئاو بەکار نەهێنێت وەک چەکی ململانێ، بە پێچەوانەوە ئەستەمە گرفتی ئاو چارەسەر بکرێت لەو وڵاتە.

## ئه‌نجام

سوریا وه‌ک زۆربه‌ی وڵاتانی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست و باکووری ئه‌فریقا، توانای دابینکردنی پێداویستییه‌کانی له‌ ئاودا نییه‌ و ئه‌گه‌ری زۆره‌ دۆخه‌که‌ له‌ داهاتوودا خه‌راپتر بێت. له‌گه‌ڵ گه‌شه‌سه‌ندنی ئابووری، ئاوه‌دانکردنه‌وه‌ی دوای جه‌نگ، ڕێژه‌یه‌کی به‌رزی گه‌شه‌ی دانیشتووان، گۆڕانی شێوازی بارانبارین به‌هۆی گۆڕانی که‌شوهه‌وا و پشتبه‌ستنی تاڕاده‌یه‌ک زۆر به‌ سه‌رچاوه‌ ئاوییه‌ هاوبه‌شه‌ نێوده‌وڵه‌تییه‌کان، سه‌رجه‌میان کۆمه‌ڵه‌ ئاڵنگاریی گه‌وره‌ن له‌ به‌رده‌م به‌ڕێوه‌بردنی سه‌رچاوه‌ ئاوییه‌کان له‌ وڵاتی سوریا. ده‌سه‌ڵاتدارانی سوریا به‌ هاوکاری تورکیا، ئاوی ڕووباری خابور وه‌ک چه‌ک به‌کارده‌هێنن له‌ باکووری سووریا بۆ فشارخستنه‌ سه‌ر ئه‌و ناوچانه‌ی که‌ له‌ لایه‌ن ئیداره‌ی خۆسه‌ری کوردییه‌وه‌ به‌ڕێوه‌ده‌برێن. به‌گوێره‌ی ڕاپۆرته‌ جیهانیه‌کان، پشکی تاک له‌ ئاو وڵاتی له‌ سوریا به‌تایبه‌تی ناوچه‌ کوردنیشینه‌کان بۆ که‌متر له‌ ٣٠٠ مه‌تر سێجار له‌ ساڵێکدا دابه‌زیوه‌، به‌ به‌راورد به‌ تێکڕای ستانده‌رد که‌ نابێ له‌ هه‌زار مه‌تر سێجا که‌متر بێت. بۆ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی ئاسته‌نگیه‌کانی ئاو له‌ ئێستا و داهاتوودا، سوریا پێویستی به‌ بنیاتنانی ستراتیژییه‌کی تۆکمه‌ی نیشتمانیی ئاو هه‌یه‌، هه‌روه‌ها جێبه‌جێکردنی بنه‌ماکانی به‌ڕێوه‌بردنی یه‌کگرتووی سه‌رچاوه‌ ئاوییه‌کان (IWRM) وه‌ک ستانداردێک، به‌هێزکردنی چوارچێوه‌ی دامه‌زراوه‌یی و سیاسی بۆ ئاو و جێبه‌جێکردنی یاساکانی به‌ڕێوه‌بردن و پاراستنی سه‌رچاوه‌ ئاوییه‌کان. ده‌سه‌ڵاتدارانی سوریا و تورکیا پێویسته‌ پابه‌ند بن به‌ ڕێنمایی و ڕێکاره‌کانی جێبه‌جێکردنی مافه‌کانی مرۆڤ و مافی ده‌ستڕاگه‌یشتن به‌ سه‌رچاوه‌کانی ئاو.

## سەرچاوەکان

١. الكيلانى، هيثم ١٩٩٨، قضية نهري دجلة والفرات بين تركيا وبين سوريا والعراق، مركز دراسات المستقبل، جامعة أسيوط، المؤتمر السنوي الثالث «المياه وتحديات القرن الحادي والعشرين».

٢. المنصور، عبدالعزيز شحادة ٢٠٠٠، المسألة المائية في السياسة السورية تجاه تركيا، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الأولى، بيروت.

٣. الأصور، خالد محمد عبدالحليم ١٩٩٨، حقوق سوريا والعراق (دولتى المصب) مع تركيا (دولة المنبع) في التوزيع العادل لمياه نهري دجلة والفرات، مركز دراسات المستقبل، جامعة أسيوط، المؤتمر السنوي الثالث «المياه وتحديات القرن الحادي والعشرين».

٤. العبيدي، أميرة اسماعيل ٢٠١٠، اشكاليات السياسة المائية بين سوريا وتركيا، مجلة التربية والعلم، المجلد (١٧)، العدد (٢)، ص٥٧-٦٩.

٥. إسماعيل، د.سليمان عبدالله ٢٠٠٤، السياسة المائية لدول حوضي دجلة والفرات وانعكاساتها على القضية الكردية، مركز كوردستان للدراسات الستراتيجية.

٦. صبحي، مجدي ١٩٩٨، الخلاف المائي التركي السوري العراقي، مركز الدراسات الستراتيجية، العدد (٥).

٧. أحمد، ابراهيم خليل وآخرون، الموارد المائية لدول حوضي دجلة والفرات واقعها وآفاقها المستقبلية، جامعة الموصل، مركز الدراسات الاقليمية.

٨. سەرحەت، عەبدولموتەڵیب ڕەفعەت ٢٠٢٠، کورد و عێراق لە سیاسەتی ئاوی وڵاتانی سەرچاوە، سلێمانی.

٩. إسماعيل، حنان فاضل ٢٠٠٠، التوجهات السياسية التركية حيال العراق وسوريا في التسعينيات، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى جامعة النهرين، كلية العلوم السياسية.

١٠. حداد، حامد عبيد ٢٠١٢، تحديات الأمن المائي العراقي (لحوضي دجلة والفرات)، مركز دراسات دولية، جامعة بغداد، العدد (٥١).

١١. رضوان، وليد ٢٠٠٤، مشكلة المياه بين سوريا وتركيا، ط١، بدون دار نشر، حلب.

12. PAX organization, Eastern Syria's struggle with water shortages and pollution, 2021.

١٣. منظمة التنمية العربية ٢٠٢٢، التنمية المستدامة المتعلقة بالمياه في المنطقة العربية.

# پرسە هەڵواسراوەکانی چین؛ مافی مرۆڤ و ژینگە و ئایندەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی

## (عێراق بە نموونە)



**د. سەلام عەبدولقادر عەبدولڕەحمان**

**پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان**

**بەرایی**

وێنای چین لە دەرەوەی ئەو وڵاتە، لە عێراق بۆ نموونە، بریتییە لە دەوڵەتێکی پیشەسازی و کاڵا زۆر و فرەچەشنەکانی تا دێت زیاتر بازاڕەکان داگیر دەکات. چین دەناسرێتەوە بە لایەنە پیشەسازییەکەی و لایەنەکانی دیکەی وەکوو سیاسی و سەربازی کەمتر دەرکەوتنیان هەیە. ئەم بابەتەمان تیشک دەخاتە سەر بارودۆخی ناوخۆی چین و سیاسەتی پەیڕەوکراوی ئەو وڵاتە لە بوارەکانی مافی مرۆڤ، تێیدا مافی کەمایەتییە موسوڵمانەکان و بابەتەکانی ژینگە، پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ و داڕمانی ژینگە. ئارگیومێنتی بابەتەکەمان بریتییە لەوەی کە بەردەوامیی چین لە پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ و مافی دانیشتووانە موسوڵمانەکەی و گوێنەدان بە مەترسییە ژینگەییەکان؛ کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر وێنای ئەو وڵاتە دەبێت لە داهاتوودا و پەیوەندییە بازرگانی و پەیوەندییەکانی دیکەی لەگەڵ وڵاتێکی وەکوو عێراق دەکەوێتە مەترسییەوە.

## ١. دەروازە

کۆماری میللیی چین (چین، بە کورتی) دووەم گەورەترین نەتەوەیە لە دوای هیندستان و دووەم گەورەئابوورییە لە دوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە جیهان و لە سەر ڕێڕەوی بوون بە گەورەترین ئابووریی جیهانە. ئابووریی چین بە خێرایی گەشە دەکات (لەگەڵ هەندێک پاشەکشێ بەم دواییانە وەکوو بڵاوبوونەوەی بێکاری، نزمبوونەوەی مووچە و خانەنشینی، خراپبوونی بارودۆخی کار و شکستهێنانی هەندێک سێکتەر) و کاڵا دروستکراوەکانی چین بە هەموو جیهاندا بڵاوە. چین پەرە بە ئابووری و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ زۆرێک لە نەتەوەکانی جیهان داوە و کۆمپانیا گەورەکانی وەبەرهێنانی سەرمایە دەکەن لە دەرەوەی وڵات. چین دەیەوێت وا وێنا بکرێت لە جیهاندا کە دەوڵەتێکە ئاشتی و خۆشگوزەرانیی ئابووریی بۆ هەمووان دەوێت و وەکوو بێلایەنێک کار دەکات لە جەنگ و ململانێ سەربازییەکاندا لە نێوان وڵاتاندا، تەنها ئەمەش نا، بەڵکوو وەکوو نێوەندگیرێک ببینرێت لە نێو لایەنەکانی ململانێکان. هاوڵاتییانی چینی لە هەژاریدا دەژیان چەند دەیەیەک لەمەوبەر، بەڵام ئێستا لە ئەنجامی سیاسەتی درێژخایەن و بەهێزیی حکومەت، زۆرێک لە هاوڵاتییانی چین لە دەرەوەی سنووری هەژارین، پارە بۆ خۆیان پەیدا دەکەن و هەروەها بە کار و کارامەییەکانیان سوود بە جیهان دەگەیەنن. بەڵام وێنای چین تەڵخ بووە بە ڕیکۆدی خراپی ئەو وڵاتە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە تایبەت لە ناوچەی شینجانگ، تبت و هۆنگۆنگ[١]. مافی کەمئەندامان -کەمئەندامان ڕووبەڕووی جیاکاری دەبنەوە لە کار و خوێندن-، هەروەها ئەدای خراپی چین لە بواری ژینگەدا، بە تایبەتی چارەسەری پیسبوون و داخورانی خاک. پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ و پشتگوێخستنی کێشە ژینگەییەکان لە لایەن چینەوە بە تەنها لە ناو چیندا قەتیس نەبووە، بەڵکوو درێژ بووەتەوە بۆ ئەو ناوچانەی جیهان کە چین تێیدا کاریگەریی سیاسی و ئابووریی هەیە[٢].

ڕاپۆرتە میدیاییەکان و ڕاپۆرتی هەندێک دامودەزگای سەربەخۆی دەرەوەی چین ئاماژە بەوە دەکەن کە حکومەتی چین ڕێگرە لە مافە سەرەتاییەکانی خەڵکەکەی خۆی، هەر بەم هۆیەشەوە توانیویەتی لە دەسەڵات بمێنێتەوە. خەڵک لە چین لە ژێر چاودێریی بەردەوامی دەوڵەتدان، ناتوانن بە ئازادی ئایین و بیروباوەڕی خۆیان پەیڕەو بکەن، ناتوانن بە ئازادانە ڕاوبۆچوونەکانیان دەربڕن، پەیوەندی بکەن یان گرووپ دروست بکەن، خۆپیشاندان

ساز بکەن و مافە سیاسییەکانیان پەیڕەو بکەن. ئەوان لەوە دەترسن کە ئەنجامدانی ئەم کارانە سەر دەکێشیت بۆ سزای توند و هیچ کەسیش نییە بەرگرییان لێ بکات.

سیاسەتی کۆڤیدی حکومەتی چین ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١)، نموونەیەک بوو کە تا چەند حکومەت دەیەوێت خەڵکەکەی خۆی کۆنترۆڵ بکات، مافەکانیان زەوت بکات، جووڵە و ئازادییان سنووردار بکات. حکومەت ئامادە بوو سیاسەتە توندەکەی خۆی پەیڕەو بکات ئەگەرچی سەریشی بکێشایە بۆ لەدەستدانی گیانی هەزاران مرۆڤ و ئازاری جەستەیی و دەروونیی ژمارەیەکی زۆرتر. بە گوێرەی دەزگای چاودێریی مافەکانی مرۆڤ، ملیۆنان خەڵک ڕووبەڕووی ترس و برسێتی و مردن بوونەوە لە وڵاتی چین لە ئەنجامی کەرەنتینەی توند لە کاتی پەتای کۆڤید-١٩[٣]. بە مانایەکی تر: ئەو مردن و ناڕەحەتییانەی کە خەڵکی لەوانەیە لە پەتاکەوە تووشیان بووایە، زۆر کەمتر بوو لەو ناڕەحەتی و ئازارەی کە چەشتیان لە ئەنجامی ئەو ڕێوشوێنانەی کە حکومەتی چین گرتیە بەر بە بیانووی کۆنترۆڵکردنی پەتاکە. ڕێوشوێنەکانی کۆنترۆڵکردنی کۆڤید لە چین بووە مایەی مردنی ژمارەیەکی زۆر زیاتر لە خەڵک بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی ئەو مردنانەی کە بە هۆی خودی پەتاکەوە ڕووی دا[٤].

دیارنەمانی بەرگریکاران و چالاکەوانانی مافەکانی مرۆڤ؛ هێمایەکی مەترسیدارە بۆ داهاتووی مافەکانی مرۆڤ لە چین. ئاماژەیە کە حکومەتی چین ئامادە نییە کە تۆماری خۆی باش بکات، گوێ لە کێشە و گازەندەکانی خەڵک بگرێت. بێئومێدییەکی زۆرە بۆ خەڵک لە چین و دەرەوەی چین کە ساڵانێکی زۆرە بەرگریکاران و چالاکەوانانی مافەکانی مرۆڤ، پارێزەران، مامۆستایانی زانکۆ، ڕۆژنامەنووسان... هتد؛ تووشی دەرکردن و دیارنەمان و بەندکردن بەبێ دادگایی بوونەتەوە. ئەم نووسینەی ئێمە ئەو ڕاستییە زەق دەکاتەوە کە مافەکانی مرۆڤ و هەروەها ژینگە لە وڵاتی چین بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و ئەوە پێشنیار دەکات کە پێشکەوتنی بەردەوام و دوورخایەن لە چین و پێگەی ئەو وڵاتە لە جیهاندا، ڕاستەوخۆ پەیوەندارە بە باشکردن و چاکسازی لەو بوارانەدا. هەروەها ئەم بابەتە ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئاوڕنەدانەوەی پێوستی میدیای جیهانی لە بابەتەکانی مافی مرۆڤ و ژینگە لە چین وای کردووە کە ئەو وڵاتە، لە عێراق بۆ نموونە، تەنها بە لایەنی پیشەسازی و کاڵای زۆر و زەوەندە وێنا بکرێت و بناسرێتەوە.

## ٢. پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ

پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە چین دەکرێت بە دوو ئاست لێی تێبگەین؛ ئاستی یەکەم کەمتر مەترسیدارە و ئەمەیان دژی خەڵکە بە شێوەیەکی گشتی و ئاستەکەی دیکە زۆر مەترسیدار و توندە و دەگاتە سزای بەکۆمەڵ و هەندێک جار تاوان دژی مرۆڤایەتی، ئەمەیان لە دژی گرووپە کەمایەتی و ئایینییەکانە.

### ٢.١. خەڵک بە گشتی

خەڵک بە شێوەیەکی گشتی لە چین دەناڵێنن بە دەست چەوساندنەوەی جۆراوجۆرەوە، بەدەست پێشێلکردنی مافەکانیان کاتێک ویستوویانە دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە لە ئاستی سیاسەتەکانی حکومەت، لە ئاستی بارودۆخی ئابووری وەکوو بێکاری و کەمیی کرێ و مووچە و خانەنشینی، بارودۆخی خراپی کار، یان جووتیاران کاتێک نارەزایەتییان دەربڕیوە لە سەر ئەوەی کە بە زۆر زەوییەکانیان داگیر کراوە لە لایەن ئەفسەرانی حکومییەوە، هەروەها نارەزایی لەسەر توندوتیژیی خێزانی... هتد. زۆرێک لە خەڵک دەستگیر کراون یان خراونەتە بەندیخانەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەبێ دادگاییکردن و زۆرێکیان سزای توند دراون. بە گوێرەی قسەی چالاکەوانان، ساڵانە لە چین هەزاران کەس لەسێدارە دەدرێن[٥].

ئازادیی دەربڕین، کۆڕ و کۆبوونەوەی ئاشتییانە زۆر سنووردار کراوە بۆ دانیشتووانی چین. ئەو سنووردارکردنە زۆر جار لە ژێر پاساوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی یاسای دژەتیرۆر و ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر دەکرێت. کەسانێکی زۆر خزێنراونەتە بەندیخانەکان بۆ ماوەیەکی زۆر، لەبەر بەشداریکردنیان لە خۆپیشاندانی ئاشتییانە لە دژی سیاسەتەکانی حکومەت[٦]. خەڵک دەستبەسەر کراون و بەند کراون بۆ ساڵانێکی زۆر، لەبەر ئەوەی کە ڤیدۆیان پۆست کردووە لە سۆشیالمیدیا کە داوای خۆپیشاندانی ئاشتییانەیان کردووە[٧].

ئەو یاسایانەی کە خەڵکی لە ژێریدا دەستگیر دەکرێن کێشەیەکی دیکەیە، هەروەکوو ئاماژەمان پێ کرد. یاساکان زۆر جار ناڕوونن و دەکرێت دەسەڵات بەکاریان بهێنێت بۆ قەدەغەکردن و ڕێگرتن لە هەموو جۆرە کار و چالاکی و جموجووڵێکی تەنانەت ئاشتییانەش. «یاسای ئیداریی ئاسایشی گشتی»، دەیانەوێت دەستکاریی بکەن و هەموو کار و قسە و جلوبەرگێک قەدەغە بکەن کە «زیانیان بۆ ڕۆحی نەتەوەیی چینی هەیە

یان ئازاری هەستی چینییەکان دەدات››. دەبینین یاساکە چەندە ناڕوون و لاستیکییە. داکۆکیکەرانی مافەکانی مرۆڤ، چالاکەوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەکادیمیستەکان، توێژەران، پارێزەران، ڕۆژنامەنووسان، بلۆگەران و چالاکەوانانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ ڕووبەڕووی ناڕەحەتیی زۆر بوونەتەوە لە لایەن دەسەڵاتەوە، تیایاندا هەراسانکردن، گرتن و بەندکردن. تاکەکانی ناو ئەم توێژانە دادگایی کراون و بە مەترسی لەقەڵەم دراون بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی و لە ژێر کۆمەڵێک یاسادا کە لە بەرژەوەندیی دەوڵەت لێک دراونەتەوە[٦].

لەگەڵ ڕێوشوێنە توندەکان، خەڵکی لە وڵاتی چین دەرفەتی ئازادانەیان نییە بۆ زانیارییەکان، تەنها ئەو زانیارییانەیان دەست دەکەوێت کە پەسەند کراوە و فیلتەر کراوە لە لایەن دەسەڵاتەوە. ئینتەرنێت زۆر سنووردار کراوە. بەشێکی زۆر لە سۆشیالمیدیا و دەیان کەناڵ بلۆک کراون و زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوەکانی زانیاری سانسۆر کراون. گرووپ و تاک، تێیدا ڕابەرانی ئایینی و کۆمەڵگە، دەبێت ڕەزامەندیی فەرمی بەدەست بێنن بۆ ئەوەی بتوانن ڕێنمایی ئایینی بڵاو بکەنەوە، یان هەر چالاکییەک کە بیانەوێت ئۆنلاین بیکەن، بە پێچەوانەوە تووشی لێپێچینەوەی «یاسایی» دەبن. بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی دەترسن لە تۆڵەسەندنەوەی حکومەت ئەگەر بیانەوێت ئەو زانیارییانەیان دەست بکەوێت کە دەسەڵات قەدەغەی کردووە[٨،٣].

حکومەت یەکەیەکی تایبەتی ئیداریی سایبەرسپەیسی هەیە بۆ بەدواداچوون و مامەڵەکردن لەگەڵ هەژمارەکانی سۆشیالمیدیا، پۆست، مێسیج و ماڵپەڕەکان کە وەکوو مەترسی بۆ سەر دەسەڵات ناسێنراون. لە ئابی ٢٠٢٣، ئەو یەکە تایبەتییە ئاشکرای کرد کە بەدواداچوونیان بۆ ١.٣٤ ملیار هەژماری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کردووە، ٢٢ ملیۆن مێسیجیان سڕیوەتەوە، ٣،٢٠٠ ماڵپەڕیان داخستووە[٣].

بارودۆخی ناوچەی تبت دەرخەرێکی دیکەی سیاسەتی ئینتەرنێتی چینە. خەڵکێکی زۆر لە تبت دەگیرێن و دەخرێنە بەندیخانەوە و تووشی ئازار و ناڕەحەتیی جەستەیی و دەروونی دەبنەوە، لەبەر ئەوەی کە لە سەر مۆبایلەکانیان شتێکیان داناوە و هەڵگرتووە کە دەسەڵات پەسەندی نەکردووە یان زانیارییەکیان شەیر کردووە کە قەدەغە بووە[٣].

پێشێلکارییەکی دیکەی مافەکانی مرۆڤ دژی ئەو کەسانەیە کە ڕوویان لە چین

کردووە، بە زۆری ئەوانەی کە لە کۆریای باکوورەوە هەڵهاتوون، یان ئەوانەی کە چینیان بەجێ هێشتووە و ڕوویان لە وڵاتێکی دیکە کردووە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان، چین سەدان هەڵهاتووی کۆریای باکووری بە زۆر ناردووەتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان، سەرەڕای ناڕەزایی و ئاگادارکردنەوە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی دیکەوە کە ئەو کەسانە کاتێک بە زۆر دەنێردرێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان؛ ڕووبەڕووی لەناوبردن و سزای لەسێدارەدان دەبنەوە. هەروەها چین زۆری لەو وڵاتانە کردووە کە هاوڵاتییە هەڵهاتووەکانی خۆی بۆ بنێرنەوە و کاتێکیش نێردراونەتەوە؛ سزای زۆر قورسی بەسەردا سەپاندوون[٩].

چین بە خێرایی شێوازی حوکمڕانیی خۆی گواستەوە بۆ هۆنکۆنگ دوای ڕادەستکردنی لە ساڵی ١٩٩٧ لە لایەن بەریتانیاوە. یەکەم شت کە کردیان؛ بریتی بوو لە داخستنی ڕۆژنامەکان و گرتنی سەرنووسەرەکانی لە ژێر «یاسای ئاسایشی نیشتمانی» و هەروەها هەموو ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەیان سەرکوت کرد کە لە دژی ئەم کارانە ئەنجام دران. یاساکە دەکرێت لە لایەن دەسەڵاتەوە بەکار بێت بۆ گرتن و دادگاییکردنی خەڵک بە ناوی جوداخوازی و تۆمەتی دیکە[٣،٥].

هۆنکۆنگ ناوچەیەکی ئیدارەدراوی بەریتانی بوو هەتا ساڵی ١٩٩٧. لە ١٩٨٤دا هەردوو بەریتانیا و چین ڕێککەوتنێکیان واژۆ کرد بۆ ڕادەستکردنەوەی هۆنکۆنگ بۆ چین، بەڵام بە گەرەنتیی پاراستنی بارودۆخە نیمچەئۆتۆنۆمییەکەی و هەروەها ئازادیی خەڵکەکەی. بەڵام یاسایەکی نوێی تایبەت بە ئاسایشی نەتەوەیی لە لایەن چینەوە؛ هەرێمەکەی خستە ژێر چاودێرییەکی توند و کۆتوبەندکردنی ئازادیی دەربڕین کە ئەمەش سەری کێشا بۆ سزادانی زۆرێک لە ڕۆشنبیران و چالاکەوانان کە دەوڵەت بە مەترسیی لەقەڵەم دەدان. ئەم کارانەی چین لە هۆنکۆنگ پێچەوانەی ڕێککەوتننامەکەی نێوان چین و بەریتانیا بوو[١٠].

### ٢.٢. مافی کەمایەتییەکان

گرووپە دینی و تایفییەکان زیاتر قوربانیی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤن. کەمایەتییەکان، بە تایبەت موسوڵمانەکان، جیاکارییان بەرانبەر دەکرێت و زۆر بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت لە لایەن دەسەڵاتی چینەوە. هەرێمی موسوڵماننیشنی شینجانگ، کە نزیکەی ١٢ ملیۆن دانیشتووانی هەیە، نموونەیەکی ئەم چەوساندنەوەیە. زۆرێک لە چاودێرانی دەرەوە نیگەرانییان دەربڕیوە لەسەر مامەڵەی دەسەڵاتی چینی لەگەڵ خەڵکی

ئەم ناوچەیە، مامەڵەیەکی هێندە خراپ کە دەگاتە ئاستی «تاوان لە دژی مرۆڤایەتی». ڕاپۆرتی ئەنجوومەنی لۆرداتی بەریتانی، ساڵی ٢٠٢١ ئاماژە بە بڕیارێکی پەرلەمانی ئەو وڵاتە دەکات کە وەسفی تاوانەکانی حکومەتی چین دەکات بەرانبەر موسوڵمانانی شینجانگ بە «جینۆساید»[١٠]. سەدان هەزار لە ئەندامانی کەمایەتییەکان لە بەندیخانەکانن بەبێ دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە[٩].

پێشێلکاریی مافی کەمایەتییەکان شێوازی زۆرە و تێیدا بە زۆر دەرکردن و زەوتکردنی مافی کولتووری و مافی ئاخاوتن بە زمانی خۆ. بۆ نموونە؛ لە ناوچەی تبت ماڵ و ژیانی خەڵکەکەی دەڕووخێنرێت و تێک دەدرێت و گەشتیاران و ڕۆژنامەوانانی بیانی ڕێگەیان پێ نادرێت بڕۆنە ئەو ناوچەیە بۆ ئەوەی تاوانەکانی دژی خەڵکی سڤیل ڕاپۆرت بکەن[٣].

بە گوێرەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، لە ٢٠١٧ بۆ ٢٠٢١ زیاد لە ملیۆنێک ئەندامی گرووپە تایفی و دینییەکان لە شینجانگ خراونەتە بەندیخانەوە یان بە ڕاپێچی کامپەکانی کارکردن کراون «بە شێوەیەکی سیستماتیکی و وەکوو هەوڵێک بۆ لەڕیشەدەرهێنانی ناسنامەی کولتووری و ئایینیان و کۆنترۆڵکردنی گەشونمایان». ژیان لە ناو ئەو کامپانە کارەساتە. خەڵکی کە دواتر لەو کامپانە هەڵهاتوون، باسی ئەشکەنجەی فراوان و دەستدرێژی و پەلاماری سێکسی و بە زۆر دەرمان دەرخوارددان و سووکایەتی و ئازاردانیان دەکەن. ژیان لە دەرەوەی ئەو کامپانە دووبارە کارەساتە، ڕووخاندن و داخستنی مزگەوتەکان و شوێنە ئایینییەکانی تر، ڕێگرتن لە گەنجان لە بەشداریی چالاکیی دینی و بە زۆر بەشدارپێکردن لە کۆرسی خوێندن (بەرنامە و خوێندنێک کە دەوڵەت پەسەندی کردووە). هەروەها کوشتن و ئەشکەنجەدان، ڕێگرتن لە پراکتیزە دینییەکان، بە زۆر کوفرپێکردن، جیاکردنەوەی منداڵان لە دایک و باوکیان بە مەبەستی شۆرینەوەی مێشکیان بە ئایدۆلۆژیای پارتی کۆمەنیستی چینی (پارتی حکومڕان)، هاوسەرگیریی بە زۆر، بە زۆر لەناوبردنی کۆرپەلە، سەپاندنی جلوبەرگی دیاریکراو، نەبوونی دەزگای سەربەخۆی دادوەری و هەر کەس یاساکانی پێشێل کرد (یاسا نادادپەروەر و زۆردارییەکان) ئەوا بێزار دەکرێت، چاودێری دەکرێت، پرسیاری لێ دەکرێت، دەگیرێت، لێی دەدرێت، دەئاخزێنرێتە کونجی بەندیخانە و دواتریش لەناو دەبرێت. ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا پشتی بەستووە بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە زاری سکۆڵەران، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ،

ڕۆژنامەنووسان، سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە و ئەو کەسانەشی کە توانیویانە لە کامپەکان هەڵبێن[٨، ١١].

لە کۆبوونەوەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٤ کە تایبەت کرابوو بۆ پێداچوونەوە بە ڕیکۆدی مافەکانی مرۆڤی چەند وڵاتێک، بەریتانیا و ئەمەریکا نیگەرانیی توندی خۆیانیان دەربڕی لەسەر مافی کەمینەکان لە چین. بەریتانیا داوای لە چین کرد کە ڕاوەدوونان و دەستگیرکردنی کەمایەتییەکان ڕابگرێت و ڕێگە بدات بە ئازادیی ئایینی و بیروباوەڕ و ئازادیی گوزارشتی کولتووری بەبێ ترس لە چاودێری و ئەشکەنجە و کاری بە زۆر و توندوتیژیی سێکسی، هەروەها داوای کرد کە چین یاسای ئاسایشی نیشتمانی هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە یاسایەکی توندە و بەکار دێت بۆ گرتن و سزادانی چالاکەوانانی دیموکراسی و مەدەنی. هەروەها ئەمەریکا لە لایەن خۆیەوە وتی کە پێویستە هەموو ئەو کەسانەی کە نادادپەروەرانە گیراون؛ ئازاد بکرێن و پرۆسەی بە زۆر فێرکردن لەسەر بیروباوەڕی کۆمەنیستی ڕابگیرێت[١].

لە ساڵی ٢٠٢١، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا باسی بارودۆخی هەرێمی شینجانگی کرد و وەسفی کرد بە «یەکێک لە هەرە خراپترین بارودۆخەکانی مافی مرۆڤ لە سەردەمی ئێستادا». وتی کە بەڵگەکان ئاماژە دەکەن بە «بوونی بەرنامەیەکی توند بۆ چەوساندنەوە تیایاندا، بە تاوان هەژمارکردنی دەربڕینە ئایینییەکان، کارپێکردنی بە زۆر، لەناوبردنی کۆرپەلە، جیاکردنەوەی منداڵان لە دایک و باوکیان و خستنە ژێر چاودێریی تەواوی دانیشتووان»[١٠].

وەڵامی باڵوێزی چین بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بریتی بوو لەوەی کە ڕەخنە و ڕاسپاردەکانی بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە هۆی ئەوەوەیە کە ئەو دوو وڵاتە زانیاری و تێگەیشتنی ڕاستەقینەیان نییە لەسەر بارودۆخی چین. باڵوێزی چین وتی کە ئەو وڵاتانە بەلارێدا براون بە هۆی زانیاریی هەڵە و تێگەشتنی هەڵە[١]. حکومەتی چین لە بۆنەکانی دیکەشدا وەڵامی ڕەخنەگرانی وڵاتانی ڕۆژئاوای داوەتەوە بەوەی کە تەنها خەڵکی چین مافی قسەیان هەیە لەسەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە چین[٥]. زۆرێک لە وڵاتانی نارۆژئاوایی لەگەڵ هەڵوێستی چین هاوڕان کە دەڵێت چین پێشکەوتنی بەخۆوە دیوە لە بوارە جیاوازەکاندا، تیایدا بواری مافەکانی مرۆڤ[١٢].

### ٣. داخورانی ژینگە

فراوانبوونی خێرای کەرتی پیشەسازی لە چین؛ کێشەی گەورەی بۆ ژینگە دروست کردووە، وەکوو پیسبوونی ئاووهەوا. چین لە پێشەوەی ئەو وڵاتانەیە کە گازی ژەهراوی دەڕژێننە ناو هەواوە. گازە ژەهراوییەکانی چین لە ساڵی ٢٠٢١دا گەیشتە ١٢ ملیۆن تەن کە ئەمەش لە سەددا ٣٣ی گازە ژەهراوییەکانی جیهان بوو کە لەو ساڵەدا ڕژێنرایە ناو هەواوە. چین بە شێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە خەڵووز و نەوت و گاز وەکوو سەرچاوەی وزە. لە ڕاستیدا چین گەورەترین هاوردەی نەوت و غازە. چین ڕیکۆردێکی بەرزی هەیە لە پشتگوێخستنی سروشت و ژینگە، نەک تەنها لە ناو چین، بەڵکوو لەو جێگایانەی تری جیهان کە کۆمپانیا چینییەکان کاری لێ دەکەن. هاوردەی زەبەلاحی چین لە دار و ماددە خۆراکییەکان سەری کێشاوە بۆ ڕووتانەوەی زۆرێک لە دارستانەکانی جیهان. ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ دۆکیۆمێنتی کردووە کە تێوەگلانی کۆمپانیای چینی لە دەرهێنانی کانزاکان سەری کێشاوە بۆ خراپبوونی زەویی کشتوکاڵی و لەناوبردنی سەرچاوە ئاوییەکان[٣].

### ٣.١. پیسبوونی ئاو و هەوا

لە کاتێکدا زۆرێک لە وڵاتان باس لە وزەی پاک و کەمتر پیسبوونی ژینگە دەکەن، چین پەرە بە دروستکردنی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە خەڵووز دەدات لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات. کواڵتیی هەوای چین بەردەوام بەرەو خراپبوون دەڕوات، هەر لەو کاتەوەی کە ئابوورییەکەی دەستی بە گەشە کردووە لە ساڵانی حەفتاکانەوە. ئاستی پیسبوونی هەواکەی ٢٠ جار زیاترە لە ستانداردی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی. لە سەددا ٤٨ی گازە ژەهراوییەکانی چین لە پیشەسازییەکانیەوە دێت، لە سەددا ٤٠ی لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەباوە، لە سەددا ٨ی لە هۆکارەکانی هاتوچۆوە. پیشەسازییەکان، هۆکارەکانی هاتوچۆ، وێستگەکانی کارەبا و هەروەها ماڵەکان ساڵانە ملیۆنان تەن گازی ژەهراوی دەڕژێننە ناو هەواوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە و دروستبوونی نەخۆشی لە ناو خەڵکیدا[١٣].

کاتێک کە دەڵێین هەوا پیس بووە، مانای ئەوەیە کە گەردیلەی بچووکی ژەهراوی تێدایە و کاتێک خەڵک هەڵیدەمژێت؛ دەچێتە سییەکانیانەوە و بە درێژایی کات دەبێتە مایەی کۆمەڵە نەخۆشییەک وەکوو: جەڵدە، نەخۆشیی دڵ، شێرپەنجەی سی و نەخۆشییە درێژخایەنەکانی سی. بە گوێرەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، هەوای پیس لە چین

ساڵانە زیاد لە ٢ ملیۆن کەس دەکوژێت[١٤،١٥].

پیسبوونی ئاو یەکێکی دیکەیە لە کێشە گەورە ژینگەییەکان لە چین. ئاوی ژێر زەوی زۆر پیس بووە بە هۆی ئاوەڕۆ و ماددە ژەهراوییەکان کە لە پیشەسازی و کێڵگەکاندا بەکار دێت -نزیکەی لە سەددا ٨٠ی کارگەکان لە چین لە نزیک ڕووبار و دەریاچەکانەوەن[١٦]. نزیکەی لە سەددا ٩٠ی ئاوی ژێر زەوی لە چین پیس بووە و گونجاو نییە بۆ خواردنەوە، هەروەها دەریاچەکان بە پلەیەکی زۆر ژەهراوی بوون-. شارەزایان ڕووباری یانگیزیان بە ڕووباری شێرپەنجە ناساندووە بە هۆی ئەو هەموو ژەهرەی کە تیایەتی. ئەم حاڵەتەش کێشەی ئاوی ماڵانی لە شار و گوندەکان دروست کردووە، زیاد لە نیوەی دانیشتووانی چین ئاوی خاوێنیان بەدەست ناگات. خەمڵێنراوە کە هەر ساڵێک زیاد لە سەد هەزار خەڵک لە چین دەمرن بە هۆی ئاوی پیسەوە. گیاندارانیش هەروەها بە ملیۆنانیان لێ دەمرێت بە هەمان هۆکار. بەشێکی زۆریان بۆ هەتاهەتایە لەناو چوون.

ئاو بەردەوام پیس دەکرێت و کەم دەکات. فاکتەرەکانی ئاووهەوا و مرۆڤ سەری کێشاوە بۆ دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی، وشکبوونی دەریاچەکان و ڕووبارەکان، پیسبوونی ڕووبارەکان کە ئەمیش دەبێتە هۆی ترشەباران. ترشەباران کاریگەریی لەسەر یەک لە سەر سێی خاکی چین دروست کردووە و کەمیی ئاو کاریگەریی لەسەر نیوەی شارەکانی چین دروست کردووە. بە گوێرەی هەندێک لێکۆڵینەوە، ساڵانە ملیۆنان خەڵک لە چین نەخۆش دەکەون و هەزارانیش دەمرن، تیایاندا مناڵان، بەو نەخۆشییانەی کە پەیوەندییان بە پیسبوونی ئاوەوە هەیە[١٦].

شارە گەورەکانی چین بەدەست پیسبوونی ئاوەوە دەناڵێنن. ڕووبارەکان، ئاوی ژێر زەوی و سەرچاوەکانی دیکە تا ئاستێکی مەترسیدار پیس بوون. شارێکی وەکوو تیانجین کە لە سەر بەندەرێکی دەریاییە لە باکووری ئەو وڵاتە و زیاد لە ١٠ ملیۆن دانیشتووانی هەیە، تەنها لە سەددا پێنجی سەرچاوەکانی ئاوی بەکەڵکن و دەشێت بۆ خواردنەوە. پیسبوونی ئاو بە زۆری لە ئەنجامی کارگە و پیشەسازییەکانەوە دروست دەبێت و دەسەڵاتە خۆجێییەکان لە چین زۆر ناچالاکن بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە. پێویست ناکات بڵێین کە ئاوەڕۆی ماڵان کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەڕژێتە ناو ڕووبار و دەریاچەکان، سەرچاوەیەکی دیکەی پیسبوونی ئاوە لە چین[١٧].

### ٣.٢. پیسبوونی خاک و بەبیابانبوون

پیسبوونی خاک و بەبیابانبوون دوو کێشەی گەورەی دیکەی ژینگەیین لە وڵاتی چین و هەڕەشەن بۆ سەر پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی. پیسبوونی خاک و بەبیابانبوون ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی چالاکییەکانی مرۆڤە، جا پیشەسازی بێت یان کشتوکاڵی، یان ماددەی ڕەق و شلەی پیسی شار و لادێکان، لە کاتێکدا بەبیابانبوون لە ئەنجامی چالاکییەکانی مرۆڤ و گۆڕانکاریی ئاووهەواوە دروست دەبێت. ڕاپرسییەکی حکومەت لە ٢٠١٤دا دەریخست کە «نزیکەی یەک لە سەر پێنجی خاکی چین پیس بووە بە پلەی جیاواز بە هۆی پاشەڕۆ کیمیاییەکان و دەرهێنانی کانزاکان»[١٨،١٩]. سەرچاوەکانی پیسبوونی خاک زۆرن و بە ئاسانی ناژمێردرێن.

هەر چەندە چین لە سەر نەخشە سەوز دیارە و وا دەردەکەوێت کە زۆربەی خاکەکەی بەپیت بێت، بەڵام کێشەی بەردەوامیی بەبیابانبوونی هەیە، لەدەستدانی زیاتر و زیاتری خاکە بەپیتەکەی و بەکەڵکنەمانی بۆ کشتوکاڵ. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان، زیاد لە ٤٠٠ ملیۆن خەڵک لە چین کاریگەریی خراپی بەبیابانبوونیان لەسەرە. وا خەمڵێنراوە کە چین لە سەددا ٢٧ی خاکە کشتوکاڵییەکەی لەدەست داوە و بەشێکی کەمی ماوە بەکەڵکی کشتوکاڵ بێت[١٣].

ئەو ناوچانەی کە زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی بەبیابانبوونەوە، بریتین لە ناوچەکانی باکوور و باکووری ڕۆژئاوا. خەڵکی لەو ناوچانە ڕاهاتوون لەگەڵ دیمەنی خۆڵبارین و بای تۆزاوی و لماوی. تۆزەکە هەندێ کات دەگاتە پایتەختی ئەو وڵاتە، پەکین. ڕێژەی ناوچەی بەبیابانبوو لە ساڵی ٢٠١٩دا بریتی بوو لە ٢.٥٧ ملیۆن هێکتار، کە لە سەددا ٢٦.٨١ی خاکی ئەو وڵاتە دەکات[٢٠].

گۆڕانی دۆخی کەشوهەوا، فاکتەرێکی دیکەی بەبیابانبوونە لە چین (گۆڕانی دۆخی کەشوهەوا بە هۆی چالاکیی پیشەسازیی مرۆڤەوەیە کە چین دەستێکی باڵای تێیدا هەیە)، بەڵام هۆکارە ڕاستەوخۆکانی تر بریتین لە «زۆر لەوەڕاندنی ئاژەڵان و زۆر کێڵانی زەوی و زۆر بەکارهێنانی ئاو». تەنها لە سەددا ٣.٣٤ی دارستانەکانی چین بە سەلامەتی ماونەتەوە[٢١].

## ٤. ئەنجام

وێنای چین لە جیهاندا لەکەدار بووە بە هۆی ئەدای خراپی ئەو وڵاتە لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و ژینگە. تارمایی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی خەڵکی چین و کاولکاریی ژینگە؛ تارمایی دروست کردووە لە سەر دیمەنەکەی دیکەی چین کە بریتییە لە پێشکەوتن و بەپیشەسازیبوونی خێرای ئەو وڵاتە و فراوانبوونی خێرای ئابوورییەکەی و هەروەها فراوانبوونی دیپلۆماسیەتی لە جیهاندا.

چین یەکێکە لەو شوێنانەی جیهان کە خەڵکەکەی لە ترسی بەردەوامدا دەژین و مافە سەرەتاییەکانیان پێشێل دەکرێن وەکوو مافی دەربڕین و کۆڕ و کۆبوونەوە، هەروەها لە ژێر چاودێریی بەردەوامدان، ملیۆنانیان لەسێدارە دراون، لە بەندیخانەکان توند کراون، ئەشکەنجە دەدرێن و لەناو دەبرێن تەنها لەبەر ئەوەی بە ئازادانە ڕاوبۆچوونی خۆیانیان دەربڕیوە یان پیادەی ئازادیی دەربڕینیان کردووە. پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ زیاتر لەو ناوچانە بەرجەستە بووە کە دانیشتووانەکەی کەمایەتیی ئایینی و نەژادی جیاوازن، بە تایبەت لە ناوچە موسوڵماننشینەکان. هەروەها هەڵسوکەوتی خراپی چین لە بواری پاراستنی ژینگەدا کێشەی مەترسیداری بۆ ئێستا و داهاتووی ئەو وڵاتە دروست کردووە. ئاو و هەوای چین بەردەوام خراپ و پیس دەبن کە ئیتر بۆ ژیانێکی تەندروست ناشێن و خاک و خۆڵی چین بەردەوام دادەخورێت و لە هەندێ ناوچەش دەبێتە بیابان.

حکومەتی چین ڕێگایەکی دووری بڕیوە لە ڕزگارکردنی سەدان ملیۆن خەڵکی ئەو وڵاتە لە هەژاری و هەروەها ژیانی بۆ سەدان ملیۆنی دیکە لە دەرەوەی چین باشتر کردووە لە ڕێگەی کاڵا پیشەسازییەکانی و وەبەرهێنانەکانیەوە. عێراق، بۆ نموونە، یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە سوودمەند بووە لە پیشەسازییەکانی چین، سەرەڕای خراپیی کواڵتیی بەشێکیان. دانیشتووانی عێراق کەمترین ئاگایان لە پێشێلکارییەکانی حکومەتی چین بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ و مافی دانیشتووانە موسوڵمانەکەی هەیە. ئەم حاڵەتە بە لای عێراقییەکانەوە گرنگە. واتە لە بەردەوامیی پێشێلکارییەکانی چین بۆ سەر مافی موسوڵمانە چینییەکان، ئەگەری بەهێز هەیە عێراقییەکان هەڵوێست لە بەرانبەر پیشەسازی و وەبەرهێنانەکانی چین وەربگرن و داهاتووی ئەو وڵاتە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق بکەوێتە مەترسیی ڕاستەقینەوە. هەروەها پاراستنی ژینگە بە لای زۆرێک لە دانیشتووانی جیهانەوە گرنگە و

بەردەوامیی چین لە پێشێلکارییەکانی ژینگە و نەپاراستنی، پەیوەندی و بەرژەوەندییەکانی چین لە سەر ئاستی جیهان دەخاتە مەترسییەوە. چین دەبێت کاری بە پەلە بکات بۆ باشکردنی ڕیکۆردی خۆی لە بواری مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکان لە پیسبوون و بەهەدەرچوون. پێشکەوتنی ئابووری و خۆشگوزەرانی لە وڵاتی چین و مامەڵەی داهاتووی جیهان لەگەڵ ئەو وڵاتە، پەیوەستە بە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و مافی کەمایەتییەکان و موسوڵمانەکانی ئەو وڵاتە لە لایەن حکومەتەوە و هەروەها پاراستن و ڕێزگرتن لە ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکان.

## سەرچاوەکان

1. The Guardian, 2024, China's human rights record criticised at UN as it faces rare scrutiny of policies. Available at: https://www.theguardian.com/world/2024/jan/23/china-human-rights-record-criticised-un-faces-rare-scrutiny-of-policies (accessed 11 August 2024).

2. Stanford, Freeman Spogli Institute for International Studies, 2024, The Global Dimensions of the Chinese Government Human Rights Abuses. Available at: https://fsi.stanford.edu/news/global-dimensions-chinese-government-human-rights-abuses (accessed 10 August 2024).

3. Human Rights Watch, 2022 report, China: Events of 2022. Available at: https://www.hrw.org/world-report/2023/country-chapters/china (accessed 5 August 2024).

4. CNN report, 2022, As anger rises and tragedies mount, China shows no sign of budging on zero-Covid. Available at: https://edition.cnn.com/2022/11/25/china/china-zero-covid-discontent-reopening-mic-intl-hnk/index.html (accessed 8 August 2024).

5. BBC News, 2015, Human rights: What is China accused of? Available at: https://www.bbc.com/news/magazine-34592336 (accessed 11 August 2024).

6. Amnesty International, 2023 report, China 2023. Available at: https://www.amnesty.org/en/location/asia-and-the-pacific/east-asia/china/report-china/ (accessed 2 August 2024).

7. Amnesty International, 2023, China: Future information: Uyghur student

convicted for promoting extremism, Kamile Wayit. Available at: https://www.amnesty.org/en/documents/asa17/6967/2023/en/ (accessed 2 August 2024).

8. U.S. Department of State, 2017-2021 report, China's Disregard for Human Rights. Available at: https://2017-2021.state.gov/chinas-disregard-for-human-rights/ (accessed 5 August 2024).

9. Human Rights Watch, 2023 report, China: Events of 2023. Available at: https://www.hrw.org/world-report/2024/country-chapters/china (accessed 10 August 2024).

10. House of Lords Library, 2022, China: Allegations of human rights abuses. Available at: https://lordslibrary.parliament.uk/china-allegations-of-human-rights-abuses/ (accessed 11 August 2024).

11. U.S Department of State, 2017-2021, The Chinese Communist Party's Human Rights Abuses in Xinjiang. Available at: https://2017-2021.state.gov/ccpabuses/ (accessed 9 August 2024).

12. Aljazeera, 2024, Global split evident as China's human rights record faces UN scrutiny. Available at: https://www.aljazeera.com/news/2024/1/23/china-hr (accessed 11 August 2024).

13. Earth, 2024, 5 Pressing Environmental Issues China Is Dealing With in 2024. Available at: https://earth.org/environmental-issues-in-china/ (accessed 12 August 2024).

14. World Health Organisation, Air Pollution in China. Available at: https://www.who.int/china/health-topics/air-pollution (accessed 14 August 2024).

15. The Guardian, 2024, China braced for rise in air pollution deaths. Available at: https://www.theguardian.com/world/2024/apr/05/china-braced-for-rise-in-air-

pollution-deaths (accessed 14 August 2024).

16. Stanford Programme on International and Cross-Cultural Education, 2006, Water Issues in China. Available at: https://spice.fsi.stanford.edu/docs/water_issues_in_china#:~:text=According%20to%20estimates%2C%20a%20full,is%20affected%20by%20acid%20rain. (accessed 13 August 2024).

17. The Guardian, 2024, In China, the water you drink is as dangerous as the air you breathe. Available at: https://www.theguardian.com/global-development-professionals-network/2017/jun/02/china-water-dangerous-pollution-greenpeace (accessed 14 August 2024).

18. Reuters, 2019, China soil pollution efforts stymied by local governments: Greenpeace. Available at: https://www.reuters.com/article/business/environment/china-soil-pollution-efforts-stymied-by-local-governments-greenpeace-idUSKCN1RT04C/ (accessed 14 August 2024).

19. BBC, 2014, Report: One fifth of China's soil contaminated. Available at: https://www.bbc.com/news/world-asia-china-27076645 (accessed 14 August 2024).

20. Nikkie Asia, 2023, China struggles in half-century fight against desertification. Available at: https://asia.nikkei.com/Spotlight/Caixin/China-struggles-in-half-century-fight-against-desertification#:~:text=The%20size%20of%20the%20problem,down%20from%202.7%20million%20sq. (accessed 14 August 2024).

21. The Conversation, 2016, China's desertification is causing trouble across Asia. Available at: https://theconversation.com/chinas-desertification-is-causing-trouble-across-asia-59417 (accessed 14 August 2024).

# ڕێکارەکانی بەگژداچوونەوەی
# تاوانە ئەلکترۆنییەکان



د.کارزان محەمەد/ توێژەر



## بەرایی

گەشەسەندنی پرۆسەی پەیوەندی و بڵاوکردنەوە دوای هاتنەئارای ئینتەرنێت، دەرفەتی بۆ مۆدیلێکی نوێی میدیایی ڕەخساند کە بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناو دەبرێت. تا ئێستا توێژینەوەی جۆراوجۆر دەربارەی لایەنە ئەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام دراون، بە تایبەتی لە ڕووی برەودان بە ئازادیی ڕادەربڕین و خێرایی لە وەرگرتن و ئاڵوگۆڕی پەیام لە ناو کۆمەڵگەدا، بە مانایەکی تر: هەر هاوڵاتییەک دەتوانێ بڵندگۆیەکی میدیایی هەبێت بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانی، بە سەرنج و تێبینی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ فیدباکی هەبێت لەسەر ئەو بابەتانەی بڵاو دەکرێنەوە، هەم دەرفەتێکیش بۆ دۆزینەوەی کار و ڕیکلام بۆ کاڵا و بەرهەم و بازاڕسازییشی تیادا بڕەخسێنێت. لە هەمان کاتدا لێکەوتە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە دیارترینیان بەکارهێنانیەتی بۆ ئەنجامدانی جۆرەها تاوانی وەک: (سایبەر تیرۆریزم، تەزویری ئەلکترۆنی، بازرگانی بە کاڵای نایاسایی و قەدەغەی هاوشێوەی چەک و ماددەی هۆشبەر و شوێنەوار)، یاخود پێشێلی مافەکانی مرۆڤ: (دەستوەردان لە ژیانی تایبەت، شکاندن و سووکایەتی بە شکۆی مرۆڤ، بڵاوکردنەوەی فەیکنیوز...)؛ بووەتە مایەی هاندانی چەندین دەوڵەتی پێشکەوتوو بۆ کۆنترۆڵ و بنەبڕکردنی ئەو تاوانانە و سزادانی تاوانباران و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بۆ خۆپارێزی، چونکە پێشێلی مافەکانی مرۆڤە و هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی ژیانی هاوڵاتییان و دامەزراوە فەرمییەکان. ئەم توێژینەوە کورتە لەو سۆنگەیەوە ئەنجام دراوە کە لە هەرێمی کوردستاندا بەردەوام ڕێژەی تاوانە ئەلکترۆنییەکان لە هەڵکشانێکی مەترسیدارادایە، جۆرەها دیاردەی هاوشێوەی هەڕەشەی کوشتن و جیابوونەوە و تەزویر و...؛ ئەنجام دەدرێت، ئاستەنگی جۆراوجۆری بۆ ژیانی هاوڵاتییان و دامەزراوە فەرمییەکان دروست کردووە، بە پێویستی دەزانین شرۆڤەی تاوانەکە و ڕێکارەکانی بەگژداچوونەوەی بکەین.

## چەمک و پێناسەی تاوانە ئەلکترۆنییەکان

لە سەردەمی شۆڕشی زانیاری و تەکنەلۆژیا و پێشکەوتووی ئامرازەکانی پەیوەندیی ئەلکترۆنی، زۆربەی کۆمەڵگەکان بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت دەبەستن، هاوڵاتییان لە کۆی کار و چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بۆ کاروباری ژیانیان پەنای بۆ دەبەن، زیاتریش بۆ دەربڕینی بۆچوون و ئاڵوگۆڕی دەیتا و کڕین و فرۆشتن و ئەنبارکردنی زانیارییەکانیانە.

لەو پێناوەشدا سەرمایەیەکی فراوان بۆ پیشەسازیی ئەلکترۆنی و پەرەپێدانی زانست و توێژینەوەی ئەکادیمی تەرخان دەکرێت، ئەم پێشکەوتنە خێرایەش لە تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت و دەیتادا هەندێک جار بە هۆی خراپ بەکارهێنانیەوە زەمینەی ڕەخساندووە بۆ لادانی ئاکار و ڕەوشت بە شێوەیەکی مەترسیدار، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجێک کە دەچێتە خانەی تاوان[١].

هەندێ لە پسپۆڕانی تاوانناسی لەو بڕوایەدان ئەنجامدانی تاوان لە ڕێگەی ماسمیدیاوە سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ بڵاوکردنەوەی هەستی نائارامی، نەبوونی هەستی ئاسایشی کۆمەڵایەتییش دەتوانێ ببێتە زەمینەیەک بۆ زیانە کۆمەڵایەتییەکان، لە هەموویان گرنگتریش مەترسییە بۆ سەر سیستم و تەبایی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە[٢].

ئەم تاوانە ئەلکترۆنییانە بۆ هێنانەدیی کۆمەڵێک ئامانجی نایاسایی ئەنجام دەدرێن، بە بڕوای پسپۆڕێک بریتین لە:

- دزینی ناسنامەی کەسەکان.
- تاوانی سێکسی، وەک پۆرنۆگرافیی مناڵان، قاچاخچێتیی سێکسی بە مرۆڤ و بەدڕەوشتی.
- شکاندنی پاسۆردی تایبەتی و ئازاردانی ژیانی تایبەتی.

لەو باوەڕەشدایە ئەم تاوانانە بەسێ قۆناغدا تێپەڕیوە:

یەکەم: تاوانی سایبەری بە ئامانجی دەستکەوتی دارایی یاخود تێکدانی زانیاریی سنووردار.

دووەم: مافیاگەری و تاوانی ئینتەرنێتی، وەک دزی لە ڕێگەی دوورەوە (مەبەست لە شکاندنی پاسۆردی بانکە ئەلکترۆنییەکانە). ئەم جۆرە تاوانەش وەک: هاککردن، بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی ئابڕووبەر.

سێیەم: بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای ئینتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێت، بۆ نموونە: بڵاوکردنەوەی سۆفتوێری تێکدەری وەک ڤایرۆس و ترۆجان[٣].

## جۆرەکانی تاوانە ئەلکترۆنییەکان

تا ئێستا پۆلێنی جۆراوجۆر بۆ تاوانە ئەلکترۆنییەکان کراوە، بە پشتبەستن بەو یاسایانەی لە هەرێمی کوردستاندا بەرکارن. دەتوانین لەبەر ڕۆشنایی پێشێلی ماف و بەزاندنی سنووری یاساکاندا، بەم چەشنە پۆلێنیان بکەین:

### ١. پێشێلی مافە تایبەتی و گشتییەکان

بە پێی سەرنجدان و لێنۆڕین لە تاوانە جۆراوجۆرەکانی نێو جیهانی ئینتەرنێت لە کۆمەڵگەی کوردیدا، دیارترین ئەو تاوانانەی کە بوونەتە مایەی زیانگەیاندن بە مافەکانی تاکەکەس؛ بریتین لە:

**یەکەم: سووکایەتی**

چەندین ڕەفتاری نەشیاو دەگرێتەوە کە بە ئاماژە یاخود پێگوتن ئەنجام دەدرێن، وەک: ناوزڕاندن و تۆمەتخستنەپاڵ و جنێودان و بڵاوکردنەوەی درۆ کە بە تیرۆری مەعنەوی ناو دەبرێن[٤]. بە پێی هەردوو مادەی (٤٣٣-٤٣٤)ی یاسای سزادانی عێراقیی ساڵی (١٩٦٩) کە لە هەرێمی کوردستان بەرکارە، بەکارهێنانی هەر دەستەواژە و وێنە و گرتەیەکی ڤیدیۆیی و ئاماژەیەک کە ئەو تاوانانە لەخۆ بگرێت؛ بە تاوان دادەنرێت. کەس و لایەنی زیانمەند مافی داوای قەرەبووی ماددی و مەعنەویی لەو کەس و لایەنانە هەیە کە بکەری ئەم تاوانانەن. ئەگەر لە ڕێگەی یەکێک لە ئامرازەکان ڕاگەیاندنیشەوە ئەنجام بدرێت، ئەوا سزاکەی دەبێتە دوو هێندە، چونکە بە دۆخی توند دادەنرێت.

**دووەم: زیانگەیاندن بە ژیانی تایبەت**

سەرەتای هاتنەئارای چەمکی «ژیانی تایبەت» بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە، کاتێک دوو یاساناسی ئەمەریکی «ساموئێل وارین» و «لویس براندیس» لە دوای دەرکەوتنی ڕۆژنامەی ڕووزەرد کە سنووری ژیانی تایبەتی هاوڵاتییان دەبەزاند، توێژینەوەیەکیان لە ساڵی (١٨٩٠) بە ناوی «مافی ژیانی تایبەت» بڵاو کردەوە، بە فەرمی داوای پارێزگاری لە مافی ژیانی تایبەتیان لە یاساکانی ئەو سەردەمەدا خستە ڕوو[٥].

بە بڕوای «د. سامان فەوزی»، ئەم مافە بریتییە لە تایبەتمەندیی تاکەکان کە دەتوانن لە نێو خۆیاندا بە شێوازێکی نهێنی هەڵیبگرن و دوور لە چاو و دەمی خەڵکی، چونکە هیچ پەیوەندییەکی بە ئەرکەکانی ئەو تاکانەوە نییە و هیچ سوودێکیش نایەتە دی بە بڵاوکردنەوەی ئەو نهێنییانە کە پەیوەندییان بە ژیانی تایبەتەوە هەیە، تەنها دەبێتە مایەی شێواندنی وێنە و متمانەی کەسەکە لای خەڵک[٦]. بۆ نموونە بڵاوکردنەوەی وێنە و زانیاریی تایبەت بە کەسێک کە بڵاوکردنەوەیان هیچ سوودێکی گشتیی تێدا نییە.

شێوازێکی تری زیانگەیاندن بە ژیانی تایبەت، هاککردنی ئەکاونت و دەستکاریی وێنە و زانیارییەکانە بە مەبەستی سووکایەتی بە کەسێک یان لە پێناو وەرگرتنی پارە و دەستکەوتی نایاسایی. زۆر جار ئەکاونتی کەسێک هاک دەکرێت، لەو ڕێگەیەوە داوای باڵانسی مۆبایل دەکرێت یان داوا لە خاوەنەکەی دەکرێت تا بڕەپارەیەک لە بەرامبەر پێدانەوەی ئەکاونتەکە بدات بە هاککەر.

لە دوای داهێنانی زیرەکیی دەستکرد، ساختەی دەنگ و ڕەنگ بەرەو قۆناغێکی مەترسیدار ڕۆیشتووە. هەر چەندە دەتوانرێ بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو ڕاستی و ناڕاستییەکەی دەستنیشان بکرێت، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە بڵاوبوونەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆر خێرایە و بە هۆی لاوازیی هۆشیارییەوە زوو باوەڕ بەو ساختەیە دەکرێت.

**سنوورەکانی ژیانی تایبەت بە گشتی چوار بوار دەگرێتەوە:**

- ژیانی تایبەتی زانیاری (Information Privacy): پاراستنی زانیارییە تایبەتییەکانی وەک: (باری دارایی، ئیمەیل و نامە... هتد)ە، بە مەرجێ ئەم زانیارییانە پەیوەندیی بە ژیانی گشتییەوە نەبێ، ئەم بوارە بە «پاراستنی زانیاری»یش ناوزەد دەکرێت.

- ژیانی تایبەتی جەستەیی (Bodily Privacy): پارێزگارییە لە جەستەی هاوڵاتییان لە کاتی تاقیکردنەوە پزیشکی و جینییەکان و هاوشێوەکانیان.

زانیارییەکانی پەیوەست بە تەندروستی، باری دەروونی و جەستەیی دەچنە خانەی ژیانی تایبەتەوە، بە مەرجێ پەیوەندیی بە ژیانی گشتییەوە نەبێت.

- ژیانی تایبەتی پەیوەندیی (Communication Privacy): بریتییە لە ئاسایشی پۆستە ئەلکترۆنییەکان، تەلەفۆن و شێوەکانی تری پەیوەندی.

- ژیانی تایبەتی شوێن (Place Privacy): پاراستنی مافی ئەو شوێنەیە کە هاوڵاتییان تیایدا نیشتەجێن. بۆ نموونە زانیارییەکانی پەیوەست بە (باری خێزانی، ناونیشانی ماڵ، هەندێ شوێنەکانی کار....) لەخۆ دەگرێت، بە مەرجێ پەیوەندیی بە ژیانی گشتییەوە نەبێت[٧].

**سێیەم: بڵاوکردنەوەی ڤایرۆس و ئەپڵیکەیشنی نایاسایی**

هەر جۆرە هەوڵدانێک بۆ تێکدانی سیستمی ئەلکترۆنیی کەسێک یان دامەزراوەیەک، بە ئامانجی سیاسی یان بۆ وەرگرتنی پارە و دەستکەوتی نەشیاو، لە ڕێگەی ڤایرۆس و ئەپڵیکەیشنی ساختە و هەر شێوازێکی ئەلکترۆنی بە تاوان دادەنرێت.

یەکێک لە گرفتەکانی ئەم تاوانە، ئەنجامدانیەتی لە دەرەوەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش هۆکارێکە بۆ خۆحەشاردانی تاوانبار لەدەست یاسا، پێویستە کەس و لایەن و دامەزراوەکان ڕێکاری توندی خۆپارێزی بگرنە بەر. وەک:

- دانانی ئەنتیڤایرۆسی ڕەسەن نەک کۆپی.

- بە هیچ شێوەیەک وەڵامی نامەی ئەلکترۆنی یا ژمارەتەلەفۆنی نەناسراوی دەرەوەی وڵات نەدرێتەوە.

- هەر کۆدێکی هاتوو بۆ مۆبایل و ئیمەیل، نابێ ڕادەستی کەسی تر بکرێت.

- دانانی کەسی شیاو و جێگەی متمانە لەسەر سیستمی کۆمپیوتەری.

**چوارەم: بانگەشە بۆ گەیمی قوماری ئەلکترۆنی**

لایەنێکی نەرێنیی جیهانی ئەلکترۆنی، یاریی قومارە لە ڕێگەی ئەلکترۆنییەوە، بەو هۆیەوە ڕێژەیەکی زۆری هاوڵاتییان دووچاری زیانی دارایی بوونەتەوە، پێویستە هاوڵاتییان هان بدرێن بۆ خۆپارێزی لەم ئالوودەبوونە.

**پێنجەم: پێشێلی مافی دانەرو مافە هاوشێوەکانی**

هەوڵدان بۆ کۆپیی بەرهەم و دەستکاریکردن و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەیان یاخود تێکدان و شێواندنی، بە پێی یاسای مافی دانەر و مافە هاوسێکانی ژمارە (١٧)ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی کوردستان، بە تاوان دادەنرێت.

ناوەرۆکەکەی لە (٤٧) مادە پێک هاتووە، تیایدا سنوورەکانی مافی دانەری بە وردی دەستنیشان کردووە، سزای بەندکردن و غەرامەشی بۆ پێشێلکاران داناوە.

سەبارەت بەو بوارانەی دەچنە خانەی مافی دانەرەوە، لە مادەی سێیەمدا هاتووە: ئەو کارانەی خوارەوە پاراستن دەیانگرێتەوە:

١. کارە نووسراوەکان.

٢. ئەو کارانەی بە زارەکی دەگوترێنەوە، وەک وانە و وتار و پەندبێژی و ئەوەی هاوشێوەیانە.

٣. خوێندنەوەی بە ئاشکرای قورئانی پیرۆز و سرووده ئاییننییەکان.

٤. کارە شانۆییەکان، شانۆگەرییە ستران و مۆسیقاسازەکان یان ئەو کارانەی بە جووڵە و هەنگاوی هونەری ئەنجام دەدرێن، وەک سەما و نواندنی هێماکار (پانتۆمیم).

٥. کاری مۆسیقایی، دیجیتاڵی بێت یان هی تر، چ وشەی لەگەڵدا بێت یان نا.

٦. کاری سینەمایی و بیستراو-بینراو

٧. کاری فۆتۆگرافی و کارە هاوشێوەکانی وەک سلاید، چ وێنە بێت یان فیلم.

٨. کارەکانی نیگارکێشی، وێنەگرتن، پەیکەرتاشی، هەڵکۆڵین، هونەرە پراکتیکی و دیکۆرسازییەکان

٩. کاری تەلارسازی

١٠. وێنەی ڕوونکەرەوە، نەخشە، دیزاین، پلانکاری و کاری بەرجەستەکراوی پەیوەست بە جوگرافیا و تۆپۆگرافیا.

١١. بەرنامەکانی کۆمپیوتەر بە هەر زمانێک بێت.

١٢. دەیتابەیس

١٣. کاری وەرگێراو

هەر چەند ئەم (١٣) خاڵەی سەرەوە سانسۆریان خراوەتە سەر لە پێناو پارێزگاری لەو مافە بۆ خاوەن بەرهەم، لە هەمان کاتدا مادەی (٢٣) کۆمەڵێک مافی بڵاوکردنەوەشی داوەتە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

لە مادەی (٢٣)دا هاتووە کە ڕۆژنامە و ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن بۆیان هەیە:

یەکەم: بەبێ مۆڵەتی دانەر و بەبێ پێدانی قەرەبووکردنەوە، وتار و وانە و ئاخاوتن و کارە هاوشێوەکانی تری گوتراوە بڵاو بکاتەوە یان هەمووی یان بەشێکیان، بەبێ شێواندن یان گۆڕینی بابەتەکە، ئاڕاستەی جەماوەری بکات، لە هەموو ئەم حاڵەتانەشدا مەرجە

کارەکە و ناوی دانەرەکەی باس بکرێت بە مەرجێک دانەری هەریەکێک لەم کارانە بۆی هەیە لە یەک چاپکراودا یان بە هەر ڕێگەیەک یان وێنەیەکی تر کە هەڵیدەبژێرێت؛ بڵاویان بکاتەوە.

دووەم: بەبێ ڕەزامەندیی دانەر یان بڵاوکار ئەوەی لە ڕۆژنامە و ئامرازەکانی تر بڵاو دەکرێتەوە، لە وتار یان کورتەبەشێکی کارێک کە ڕواڵەتی نووچەی سیاسی یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان ئایینی و هی تری هەبێت کە لە لایەن ڕای گشتییەوە گرنگییان هەیە؛ کۆپی بکات یان وێنەیان بگرێت یان بیانگوازێتەوە، بە مەرجێک ئاماژە بکرێت بە ناوی دانەر و ئەو سەرچاوەیەی لێی گوازراوەتەوە، تەنها ئەگەر بە ڕاشکاوی تیایدا هاتبێت کە وا نابێت بگوازرێتەوە.

**شەشەم: تەڵەکەبازی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

هاوڵاتییان لە هەرێمی کوردستان بە ئاسانی دەبنە خاوەنی ئەکاونتی جۆراوجۆر لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا، ئەم ئاسانکارییەش هەندێک جار بۆ مەبەستی نەشیاوی تەڵەکەبازی و هەڵخەڵەتاندن بەکار دەهێنرێت. وەک:

- ڕیکلام بۆ سیحر و جادوو.
- هەڵخەڵەتاندنی ڕەگەزی بەرامبەر بە دەیتا و وێنەی ناڕاست.
- فرۆشتنی کاڵای نەشیاو یان بێ کواڵتی بە ناوی بەرهەمی ڕەسەن.
- دامەزراندنی تیمی هەڵخەڵەتاندن بە ناوی جۆراوجۆری وەک دەرهێنانی پاسپۆرت و خزمەتگوزاریی ناڕاست.

ئەنجامدانی هەر کام لەم تاوانانە، بە پێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان سزای لەگەڵدایە، کەس و لایەنی زیانلێکەوتووش مافی داوای قەرەبووی ماددی و مەعنەویی هەیە.

**حەوتەم: ساختەکاریی ئەلکترۆنی**

هەر هەوڵدانێک بۆ ڕیکلام بۆ بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکی ناڕاست و ساختە لە ڕێگەی ئامرازێکی تەکنەلۆژی، دەچێتە خانەی تاوانی ئەلکترۆنییەوە. ساڵانە ڕێژەیەکی زۆر لەم تاوانانە ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونە وەک: فرۆشتنی پاسپۆرت و بەڵگەنامەی ساختە.

کەس و لایەنی زیانلێکەوتوو لە ڕێگەی تۆماری سکاڵاوە مافی داواکردنەوەی زیانەکانیان

هەیە. ئەگەر ساختەکە پەیوەندیی بە دۆکیۆمێنتێکی حکومییەوە هەبێت، بێگومان «داواکاری گشتی» بۆ وەرگرتنەوەی مافی گشتی و ڕێگەگرتن لە ساختە، مافی تۆماری سکاڵای هەیە.

**هەشتەم: زیانگەیاندن بە ڕەوشت و ئاکار لە کۆمەڵگادا**

پاراستنی دابونەریتە جوانەکانی هاوڵاتییان لە هەر وڵاتێکدا بە ئەرکێکی یاسایی دادەنرێت، هەر وڵاتێکیش بە پێی کولتووری خۆی؛ یاسای بۆ پارێزگاری لەم مافە هەیە.

لە هەرێمی کوردستان سەرجەم یاساکان بە گشتی و پەیوەندیدار بە ڕۆژنامەگەری بە تایبەتی، پێداگرییان لەسەر پارێزگاری لە دابونەریتە جوانەکانی کوردستان کردووە.

دیاردەیەکی نەرێنیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیانگەیاندنە بە خووڕەوشتی گشتیی کۆمەڵگە، دیارترینیان بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی نەشیاوە یاخود باندی ئەلکترۆنییە بۆ لادانی ڕەوشتی. بە گشتی قوربانییەکانیش منداڵان و ژنان و هەندێ لە پیاوانن[٨].

لە هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) کە تایبەتە بە سنوورەکانی بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی، لە (٨) مادە و کۆمەڵێک بڕگە پێک هاتووە، ئاماژەی بۆ تاوانی زیانگەیاندن بە کۆمەڵگە کردووە. لە یاسای ڕۆژنامەگەریی ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)دا جەختی کردووەتەوە کە زیانگەیاندن بە خووڕەوشتە جوانەکانی کۆمەڵگە بە تاوان دادەنرێت.

**نۆیەم: هەڕەشە لە ئاسایشی کۆمەڵگە**

هەندێ لە توێژەران و چاودێران لەو باوەڕەدان میدیای ئەلکترۆنی کاریگەریی نەرێنیی لەسەر هەڵکشانی ڕێژەی توندتیژی و ئاسانکاری بۆ دابڕان و لێکترازاندنی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بینیوە، چونکە پرۆسەی پەیوەندی تیایدا ئاسانە، بڵاوکردنەوەی پەیامی توندوتیژ و هەڕەشەئامێز و پەیامی نەرێنی هۆکارێکە بۆ تێکدانی دۆخی کۆمەڵایەتیی جەماوەر.

میدیای ئەلکترۆنی لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش چەندین جار بە بڵاوکردنەوەی مەتریاڵی وەک هەواڵ و وتار و دیدار و گرتەی ڤیدیۆیی ئەو بابەتانەیان بڵاو کردووەتەوە کە دنەدانیان بۆ تەشەنەسەندنی ناکۆکییە نەتەوەیی و ئایینییەکان تێدا بووە، تا زەمینە بۆ شەڕ و پێکدادانی جۆراوجۆر بڕەخسێنن، یاخود ئاستەنگ بۆ پێکەوەژیان دروست بکەن، ئەم ڕەفتارانەش دەچنە خانەی تاوانەوە.

**٢. تاوان دژبه دامه‌زراوه فه‌رمییه‌كان**

له هه‌رێمی كوردستان كۆمه‌ڵێك دامه‌زراوه‌ی فه‌رمی و یاسایی هه‌ن كه ڕاسته‌وخۆ په‌یوه‌ندییان به كارگێڕی و سیستمی به‌ڕێوه‌بردنه‌وه هه‌یه، هه‌ندێك جار تۆڕه كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان بۆ زیانگه‌یاندن به‌م دامه‌زراوانه به‌كار ده‌هێنرێن. دیارترین تاوانه‌كانیش بریتین له:

**یه‌كه‌م: هاككردن**

هه‌وڵدان بۆ هاككردنی سیستمی ئه‌لكترۆنیی بانک و دامه‌زراوه فه‌رمییه‌كان، یاخود بڵاوكردنه‌وه‌ی ڤایرۆس و پرۆگرامێك كه ببێته مایه‌ی تێكدانی سیستمه‌كان به جۆرێك كه ڕاییكردنی كاروباری هاوڵاتییان دووچاری ئاسته‌نگ بكاته‌وه؛ به تاوان داده‌نرێت.

**دووه‌م: سایبه‌رتیرۆیزم**

هه‌ندێ گرووپی توندڕه‌و له ناوخۆی هه‌رێم یاخود له وڵاتانی بیانی، تۆڕه كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان به‌كار ده‌هێنن بۆ دنه‌دان بۆ تاوانی ته‌قینه‌وه‌ی تیرۆریستی یاخود هاوسۆزی بۆ گرووپ و ڕێكخراوه تیرۆریستییه‌كان.

بۆ خۆپارێزی له‌م تاوانه‌ش، ڕۆژنامه‌نووسان و میدیاكان ئه‌ركی سه‌رشانیانه ئه‌و بابه‌تانه بڵاو نه‌كه‌نه‌وه كه به شێوه‌یه‌كی ڕاسته‌وخۆ هانی خه‌ڵك بۆ توندوتیژی ده‌ده‌ن. له كاتی به‌دواداچوون بۆ كاره تیرۆریستییه‌كان، هه‌وڵ بدرێت تیرۆریست وه‌ك مرۆڤێكی دڕنده و زیانبه‌خش نه‌ك پاڵه‌وان بناسێنرێن[٩].

**سێیه‌م: زیانگه‌یاندن به‌سه‌روه‌ریی دادگاكان**

ڕۆژانه جۆره‌ها تاوان له هه‌رێمی كوردستاندا ڕوو ده‌ده‌ن، پرۆسه‌ی به‌دواداچوون و بنكۆڵكاری به ئه‌ركی پۆلیس و شێوازی یه‌كلاكردنه‌وه‌ی تاوانه‌كان و دیاریكردنی سزاش به ئه‌ركی دادگاكان داده‌نرێت.

هه‌ندێك جار میدیای ئه‌لكترۆنی به‌كار ده‌هێنرێت بۆ شێواندنی دۆسیه‌كانی دادگا، یاخود وروووژاندنی ڕای گشتی بۆ ئامانجێكی تایبه‌ت، به تایبه‌تی بۆ به‌لاڕێدابردنی دۆسیه‌یه‌ك یان ته‌نانه‌ت به بێتاوان نیشاندانی تاوانباران.

پسپۆڕێكی یاسا پێی وایه: «له‌سه‌ر ئه‌م بنه‌مایه‌ش پێویسته چاره‌سه‌ری ڕاگه‌یاندن بۆ بڵاوكردنه‌وه‌ی هه‌واڵه‌كانی تاوان و ڕووداوه‌كان به پێی كۆمه‌ڵه دیسپلینێكی ورد بێت و

بارودۆخی کۆمەڵگە و سایکۆلۆژیەتی جەماوەر و یاسا و تەشریعاتەکان بەهەند وەربگیردرێت لە پێناو دوورکەوتنەوە لە ڕۆچوونە نێو شەرەف و ئابڕوو و کەرامەتی کەسەکان و تاوانبارکردنیان بە هەڵە و تاوانکار و گومان دروستکردن لە سەر کەسایەتییان و زیادەڕەویکردن لە دەرخستنی تاوانەکاندا[10].»

بە گشتی تاوانەکان لە هەرێمی کوردستاندا هەن، بەڵام ڕێژە و قەبارەی ئەنجامدانیان بە پێی ڕەوشی سیاسیی وڵاتەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆ نموونە لە قۆناغی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا، ڕێژەی پێشێلی مافە تایبەتی و گشتییەکان بەرەو ئاستێکی مەترسیدار لە بەرزبوونەوەدایە.

### ڕێکارەکانی بەگژداچوونەوەی تاو انی ئەلکترۆنی

پرۆسەی بەگژداچوونەوەی تاوان؛ گرتنەبەری کۆمەڵێک ڕێکارە کە ئامانجە سەرەکییەکەی بە شێوەیەکی تەواوەتی یاخود بە پێی توانا، سنووردارکردنی پانتایی ڕەفتاری تاوانکاری و ڕێگەگرتنە لە ئەنجامدانی، دژوارکردن یاخود کەمکردنەوەی ئەگەری ڕوودانی تاوانە[11].

بە شێوەیەکی ڕوونتر، سەرجەم ئەو ڕێوشوێنانەیە کە دامەزراوەکان دەیگرنە بەر تا تاوان ڕوو نەدات؛ لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە ئەرک و مافەکانیان، لە کاتی ڕوودانی تاوانیشدا هەوڵ دەدرێت کەمترین زیانی هەبێت، تاوانبارانیش ڕووبەڕووی سزا ببنەوە بۆ ئەوەی دووبارەی نەکەنەوە، پەندێک بێت بۆ کەسانی تریش تا سڵ لە تاوان بکەنەوە. بە بڕوای توێژەر، دیارترین ڕێکارەکان بۆ بەگژداچوونەوەی تاوانی ئەلکترۆنی؛ چەند ڕێوشوێنێکە کە هەموویان تەواوکاری یەکترن و بە پرۆسەیەکی هاوبەش دادەنرێن:

#### ١. ڕێکارە فەرمییەکان

دامەزراوەیەکی زۆری فەرمی لە هەرێمی کوردستاندا هەن کە ئەرکی سەرشانیانە ڕووبەڕووی تاوانە ئەلکترۆنییەکان ببنەوە، بە مەرجێک ئەم ڕێکارانەی خوارەوە پراکتیزە بکەن:

- پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی توندوتۆڵتر و وردەکارتر بۆ کۆنترۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەربکات. وێرای پارێزگاری لە ئازادییە دیموکراسییەکان و ئازادیی ڕادەربڕین، سزای توند بۆ سەرپێچیکاران دابنێت و دامەزراوە فەرمییە جێبەجێکارییەکان ناچار بکات ئەرکی سەرشانیان جێبەجێ بکەن، چونکە هەر جۆرە کەمتەرخەمی و چاوپۆشییەک؛ ڕێژەی تاوانەکان زیاتر دەکات.

- وەزارەتی پەروەردە: لە قۆناغی سەرەتاییەوە منداڵان هۆشیار بکاتەوە لە خۆپارێزی

و خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی، هانی مناڵان بدات کە لە بریی جۆرەها ئالوودەبوون بە گەیمە ئەلکترۆنییەکان، سەرقاڵی مەشق و ڕاهێنانی جەستەیی بن.

- وەزارەتی ڕۆشنبیری: ڕێکاری نوێ و مەدەنی بۆ مۆڵەتبەخشین بگرێتە بەر، بە جۆرێک هەر سایت و پەیجێک دەبێ ناسنامەی خۆی لای وەزارەتی ڕۆشنبیری تۆمار بکات. هەر پەیجێکیش یاسا و پرەنسیپە مرۆییەکان پێشێل بکات، ڕووبەڕووی سزای یاسایی ببێتەوە تا دەگاتە قۆناغی فلتەرینگ، بە مەرجێک ئەم سزایانە پێشێلی مافی ئازادیی ڕادەربڕین نەکات.

هەروەها وابەستەکردنی میدیاکان بۆ بڵاوکردنەوەی جۆرەها بەرنامە و ڕیکلامی ڕۆشنبیری بۆ هاندانی کۆمەڵگە تا خۆیان لەو تاوانانە بپارێزن.

- دامەزراوەکانی ئاسایش بەردەوام مەشق و ڕاهێنان ببینن بۆ ناسینی جۆری نوێی تاوان، چونکە شێوازی تاوانەکان لە گۆڕانی بەردەوامدایە. هەروەها ئەرکی سەرشانی حکومەتە کە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بۆ دۆزینەوەی ناسنامە و شوێنی تاوانباران دابین بکات.

- داواکاری گشتی: ئەرکی سەرشانیەتی سکاڵا لەسەر ئەو تاوانانە بکات کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دژ بە مافە گشتییەکان و دابونەریتە جوانەکانی کۆمەڵگە ئەنجام دەدرێن. چەندین پەیج هەن ڕیکلام بۆ هاوڕەگەزخوازی یاخود قاچاخچێتی بە جەستەی مرۆڤ و مادده هۆشبەرەکانەوە دەکەن.

**٢. ڕێکارە جەماوەرییەکان**

باشترین ڕێکار بۆ کۆنترۆڵی تاوانە ئەلکترۆنییەکان؛ برەودانە بە توانستی مرۆیی، بە تایبەتی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی جەماوەر تا هەستی بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی و یاسایی هانیان بدات خۆیان لە مەترسییەکانی تاوانی ئەلکترۆنی بپارێزن، لە هەمان کاتدا لە ژێر هیچ پاساوێکدا پەنا بۆ خراپ بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی نەبەن.

هەروەها هاندانی هاوڵاتییان بۆ تۆماری سکاڵای یاسایی لە کاتی پێشێلی مافەکانیاندا. زۆر جار چاوپۆشیی خەڵك لە مافەکانیان، ڕێژەی تاوانەکە زیاتر دەکات.

فاکتەرێکی تری بایەخی ئەم پرۆسەیە، هاریکاریی جەماوەرە لەگەڵ دامەزراوە فەرمییەکان بۆ دۆزینەوەی تاوانباران، هەروەها ڕیپۆرتی ئەو ئەکاونت و پەیجانەش کە زیان بە کۆمەڵگەی کوردەواری دەگەیەنن تا کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت بە پشتبەستن بە ستانداردەکانی خۆیان؛ ڕووبەڕووی داخستن و سزادانیان بکەنەوە.

### ٣. ڕێکارە نێودەوڵەتییەکان

هاوپەیمانێتی لەگەڵ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بە ئەزموونێکی سەرکەوتوو بۆ بەگژداچوونەوەی ئەم جۆرە تاوانە دادەنرێت. لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا هەڵمەتێکی فراوانی نێودەوڵەتی بۆ بەگژداچوونەوەی تاوانە سایبەرییەکان ئەنجام دەدرێت، دیارترینیان پرۆگرامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە تا ئێستا کۆنگرەی جۆراوجۆری بۆ ڕێگەگرتن لە تاوان و دادوەری لە سزاداندا لە لایەن ئەم ڕێکخراوەوە بە هاریکاریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ساز دراوە[١٢].

حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی سەرشانیەتی سوود لەم هەڵمەتە نێودەوڵەتییە وەربگرێت لە ڕووی مەشق و ڕاهێنان بە دامەزراوەکانی بەگژداچوونەوەی تاوان، هەروەها وەرگرتنی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووش تا بتوانێ لەگەڵ بەرەی دژایەتیی تاوانی ئەلکترۆنیدا هەنگاو بنێت.

## ئەنجام

١. گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای پەیوەندی، ڕێژە و ئاست و جۆری تاوانی ئەلیکترۆنی لە کۆمەڵگای کوردیدا زیاتر کردووە.

٢. لاوازی چاودێریی زانستی و ئەکادیمی بەسەر دامەزراوەکاندا، هۆکارێکی گرنگی هەڵکشانی دیاردەی تاوانی ئەلکترۆنی بووە.

٣. لاوازیی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە نێو بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، دیارترین فاکتەری تاوانی ئەلکترۆنییە.

٤. یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)، ئازادییەکی بەرچاوی بۆ ڕۆژنامەنووسان دابین کردووە، بەڵام کۆمەڵێك تاوانی دیاری کردووە کە ئەنجامدەرانی ڕووبەڕووی سزا دەکاتەوە، وەك: (چاندنی تۆی ڕق و کینە و لێکترازاندنی پێکهاتەکانی کۆمەڵ، سوکایەتیکردن بەبیروباوەڕ و ڕێورەسمە ئایینیەکان، سوکایەتیکردن بەسیمبول و پیرۆزییەکانی هەر ئایین و ئاییتزایەك و ژیانی تایبەتی).

٥. دیارترین ڕێکارەکان بۆ بەگژداچوونەوەی تاوان بریتییە لە: خۆپارێزیی خودی، چالاکترکردنی دامەزراوە یاساییەکان، هەماهەنگیی حکومەتی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا بۆ دۆزینەوە و سزادانی تاوانبارانی ئەلیکترۆنی.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١ د. عادل عزام سقف الحيط: جرائم الذم و القدح و التحقير المرتكبة عبر الوسائط الاكترونية، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ٢٠١٥، ص١١٥.

٢ لازرژ، كريستين: درآمدى بر سياست جنايى، ترجمۀ على حسين نجفى ابرندآبادى، انتشارات ميزان، چاپ دوم، تابستان ١٣٩٠، ص٤٠.

3 Donner, Christopher M. Marcum b, Catherine D. Jennings c, Wesley G. Higgins d, George E. Banfield, Jerry. (2014). Low self-control and cybercrime: Exploring the utility of the general theory of crime beyond digital piracy. Computers in Human Behavior. 34 (2014) 165–172.

٤ الدكتور محمود عامر: المسؤلية الجنائية عن جرائم الاغتيال المعنوى فى مجال الاعلام، مركز الدراسات العربية، مصر، ٢٠٢٢، ص١٤.

5 Warren and Brandeis: The Right to Privacy, Harvard Law Review,Vol. IV, 1890, No. 5, http://groups.csail.mit.edu/mac/classes/6.805/articles/privacy/Privacy_brand_warr2.html

٦ د. سامان فەوزی: ڕاگەیاندن لە سایەی یاسادا، لە بڵاوکراوەکانی چوارچرا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، ل١٨.

٧ د. کارزان محەمەد: ڕۆژنامەنووس و تاوانەکانی ڕاگەیاندن، لە بڵاوکراوەکانی چاوی کورد، چاپی سێیەم، ٢٠٢٢، ل٢١٦.

٨ بيداء صلاح الدين جاسم: المسؤلية الجنائية عن التحرش الاكترونى، المركز العربى للنشرو التوزيع، الطبعة الاولى، ٢٠٢٠م، ص٨.

٩ د. کارزان محەمەد: ڕۆژنامەنووس و تاوانەکانی ڕاگەیاندن، لە بڵاوکراوەکانی چاوی کورد، چاپی سێیەم، ٢٠٢٢، ل٢٩٦.

١٠ عەبدولقادر ساڵح: ڕوومالّی ڕۆژنامەوانیی تایبەت بە هەواڵی تاوانکاری و ڕووداو و دادگاکان، چاپی یەکەم، ٢٠١٦، ل٢٦.

١١ فرهودى نيا، حسن: پيشگيرى از وقوع جرم، ويژەنامە دومين كارگاه علمى، كاربردى مديريت پيشگيرى از وقوع جرم و آسيبهاى اجتماعى (تبريز)، ١٣٩٠، ص٢٧.

12 United Nations Office on Drugs and Crime (UNODC) (2015). "13th UN Congress on Crime Prevention and Criminal Justice, Doha, Doha Declaration on Integrating Crime Prevention and Criminal Justice", into the Wider United Nations Agenda to Address Social and Economic Challenges and to Promote the Rule of Law at the National and International Levels, and Public Participation, 12-19.

یاساکان:

- یاسای سزادانی عێراق، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)
- یاسای ڕۆژنامەگەری، ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) لە هەرێمی کوردستان
- یاسای مافی دانەر و مافە هاوسێکانی، ژمارە (١٧)ی ساڵی (٢٠١٢) لە هەرێمی کوردستان
- یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) لە هەرێمی کوردستان

# بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنیکی



پەیام محەمەد تاهیر/ ماستەر لە یاسای گشتی

**بەرایی**

بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی کە بەرهەمی دەستکەوتە تەکنیکییەکانی سەردەمی نوێیە، بابەتێکی سەرنجڕاکێش و جێگای گرنگیپێدانی هەموو توێژەران و ئەو کەسانەیە کە سەروکارییان لەگەڵ کاروباری کارگێڕیدا هەیە، بەو پێیەی کە سەرەڕای بەکارهێنانی تەکنیکی لە کارەکەدا، زاراوەیەکی کارگێڕییشە کە لە ڕێگای ئامرازە ئەلکرۆنییەکانەوە پەیوەندی لە نێوان بەکاربەر (یانی سوودمەند) و سەرچاوەکانی زانیاریدا دروست دەکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دامەزراوەیەکی دیاریکراو لە پلاندانان و بەرهەمهێنان و خستنەگەڕ و چاودێریکردن و گەشەپێدان.

## دەروازە: لەبارەی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنییەوە

### باسی یەکەم: چەمکی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بابەتانەی کە لەسەر بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی نووسراون، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ژمارەیەکی زۆر پێناسە و دەربڕینی باو هەن بۆ چەمکی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی، لەوانە: «حکومەتی ئەلکترۆنی»، «بازرگانیی ئەلکترۆنی»، «بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی»، «حکومەتی ژمارەیی»... هتد. باوترین ئەو زاراوانەش کە لەم بوارەدا بەکار دێن؛ هەردوو زاراوەی «بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی» و «حکومەتی ئەلکترۆنین». وا دیارە و لەم ماوانەی دواییدا مشتومڕی زۆر لە بارەی هەردوو زاراوەی حکومەتی ئەلکترۆنی و بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنییەوە سەریان هەڵداوە، بە دیاریکراوییش لەسەر ئەو بابەتەی کە ئایا ئەم دووانە دوو زاراوەی جیان یان هاوواتای یەکن؟ تا ئەوەی کە لێکۆڵینەوەکان گەیشتن بەو دەرەنجامەی کە پەیوەندیی نێوان ئەم دووانە؛ پەیوەندیی «بەش»ە بە «گشت»ەوە. بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی بەشێکە و بە واتای گواستنەوەی هەموو ئەو چالاکییە ئیدارییانە دێت کە تێیدا سروشتی کاغەزیانەی هەبوو بۆ جۆرێک لە چالاکی کە سروشتێکی ئەلکترۆنیی هەبێت، بە بەکارهێنانی پێشکەوتنە تەکنیکییە نوێیەکان «کاری ئەلکترۆنی» یان بەڕێوەبردن بەبێ کاغەز. بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنییش هەوڵ دەدات کە ژێرخانی زانیاریی نێو دامەزراوەکە بەرەو پێشتر بەرێت، بەو واتایەی کە بەکارهێنانەکەی لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکەدا سنووردارە(١).

هەر چی حکومەتی ئەلکترۆنییش هەیە گوزارشتە لە «گشت»ەکە و مەبەست لێی ئەو چالاکییە ئەلکترۆنییانەیە کە بە هۆیەوە پەیوەندی لە نێوان ئەو ڕێکخراوانەدا دروست دەکرێت کە لە ڕێگای بەکارهێنانی کۆمپیوتەرێکی خاوەن تەکنیکی بەرزەوە بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی جێبەجێ دەکەن(٢).

بە پێی ئەم پێناسەیەش بێت، بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی قۆناغێکی پێش قۆناغی حکومەتی ئەلکترۆنی و حکومەتی ئەلکترۆنییش قۆناغێکی پێشکەوتووترە لە قۆناغەکانی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی. بەشێک لە توێژەرانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە زاراوەی «حکومەتی ئەلکترۆنی» بەکارهێنانێکی پڕاوپڕ و بەجێ نییە، لەبەر ئەوەی ئەوانەی کە ئەم زاراوەیە بەکار دەهێنن؛ ئەوەیان لەبەرچاو نەگرتووە کە هیچ حکومەتێک لە هیچ بارودۆخێکدا ناتوانێت

هەموو کارەکانی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئەنجام بدات، بەو پێیەی کە سامانی وڵات و کاروبارەکانی و هەندێ لە زانیارییەکانی خاوەن سروشتێکی تایبەت و هەستیارن و ناکرێت لە ڕێگای تۆڕی جیهانییەوە دەستاودەستیان پێ بکرێت. لەم سۆنگەیەشەوە هەڵگرانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە کە زاراوەی حکومەتی ئەلکترۆنی ناتوانێت واتای پراوپڕی ئەو چەمکە بگەیەنێت کە بۆی داتاشراوە، هەر بۆیەش «بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی» دەربڕینێکی گونجاوترە لە ڕووی بەکارهێنانەوە[٣].

### باسی دووەم: دەرکەوتنی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی

دەستنیشانکردنی سەرەتایەکی دیاریکراو بۆ دەرکەوتنی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی چەمک و واتای گەشەسەندنی بەڕێوەبردنی ژمارەیی تا ئاستێکی زۆر پەیوەستە بەو بەرەوپێچوونە خێرایانەی کە جیهان لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە لە بواری پەیوەندیدا بەخۆیەوە بینی. هەندێک لە توێژەران پێیان وایە سەرەتای کاری بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی ئەم تۆڕەوە بووە بە شێوەیەکی بەرچاو لە بواری کاری بازرگانیدا[٤]، بەڵام ئەمەش ڕێگر نەبووە لەوەی هەندێک لە توێژەران دەرکەوتنی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی ببەستنەوە بە بابەتی گرێدانی گوندەکانی وڵاتانی ئەسکەندەنافی بە سەنتەرەوە لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لە ڕێگای پرۆژەیەکەوە کە ناویان لێ نابوو «Electronic Village». پێشەنگی ئەم ئەزموونەش لارس (Lars) بوو لە زانکۆی ئودنیس (Aodneiss) لە دانیمارک و ناوی پرۆژەکەشی نابوو سەنتەرەکانی خزمەتگوزاری لە دوورەوە. یەکێکی تر لە پێشینەکانی ئەم پرۆژەیە ماکڵ دیل (Dill)ە، خاوەنی کۆمپانیای دیل بوو کە ڕۆڵێکی پێشەنگیانەی هەبوو لە بواری چارەسەری ئەلکترۆنیدا[٥].

سەرەڕای ئەمانەش، بەشێکی تر لە توێژەران ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە سەرەتای بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٦٠، کاتێک کۆمپانیای «IBN» زاراوەی پرۆسێسەری وشە (word processor)ی بەکار هێنا بۆ کارەکانی پرێنتەرە کارەباییەکەی (IBM Displaywriter System)، بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەش بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەڕێوەبردن بوو لە نووسینگەکاندا بۆ بەرهەمی ئەو پرێنتەرانەی کە بە کۆمپیوتەرەوە دەبەستران و بەکارهێنانی پرۆسێسەری وشە و نووسین. یەکەمین بەڵگەش لەسەر گرنگیی

ئەوەی کە ئەم کۆمپانیایە خستیە ڕوو لە ساڵی ١٩٦٤دا دەرکەوت، کاتێک کۆمپانیاکە سەرکەوتوو بوو لە خستنەڕووی ئامێرێک لە بازاڕدا کە ناوی لێ نا شریتی موگناتیسی/ئامراز[٦].

بە پێی هەندێک لە توێژینەوەکان، گرنگیدان بە بەڕێوەبردنی ئەلکترونی هاوکاتە لەگەڵ گرنگیدانی حکومەتەکان بە شێوەیەکی گشتی بە بەدیهێنانی شەفافیەت لە مامەڵەکردندا و هەروەها چڕکردنەوە و قووڵکردنەوەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی لە خزمەت بەرەوپێشبردن و نەشونما لە هەموو بوارە ئیداری و ئابووری و ڕامیارییەکاندا[٧]. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەکارهێنانی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنییش لە ڕووی زەمەنییەوە دەکەوێتە پێش ئینتەرنێت و بەئۆتۆماتیکیکردنی ئۆفیسەکان و ئامرازەکانی زیرەکیی پیشەسازی لە بەرهەمهێنانیدا، بەڵام بەڕێوەبردنی ئیدارەی ئەلکترۆنی وەکوو زاراوەیەکی کارگێڕی تا دەرکەوتنی ئینتەرنێت و زۆربوونی بەکارهێنانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەرنەکەوت[٨].

هەندێ لە توێژەرانیش بۆ تێگەیشتن لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی، ڕەهەندەکانی گەشەی بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێنبەندی دەکەن:

یەکەم: بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی درێژکراوەی ئۆفیسەکانی بەڕێوەبردن و تێپەڕاندنیانە: ئەوە ئیدارەی ئەلکترۆنی بوو کە ڕێڕەوی بەرەوپێشچوونی ئۆفیسەکانی بەڕێوەبردنی بەرەو سەرکەوتن لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا ئاڕاستە کرد.

دووەم: بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی درێژکراوەی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژییە لە بەڕێوەبردندا، هەر لە جێگرتنەوەی کارمەندەوە لە لایەن ئامێرەکانەوە و دواتر ئەنجامدانی کاری پلاندانان و چاودێریکردن بە هاوکاریی کۆمپیوتەر، تا ئەو کاتەی ئینتەرنێت و تۆڕەکانی کارکردنی خاوەن ڕەهەندی تەکنەلۆژی وایان کرد بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە بەڕێوەبردندا بگاتە ئاستێک کە لە ڕووی مێژووییەوە پێشینەی نەبووبێت.

سێیەم: بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی دەرئەنجامی بەرەوپێشچوونی ئاڵوگۆڕی زانیارییە ئەلکترۆنییەکانە وەک بوارێکی پسپۆڕیی تەسک (لە نێوان کۆمپیوتەرێک و دانەیەکی تردا، یان لە نێوان کۆمەڵێک کۆمپیوتەر لەگەڵ کۆمەڵێکی تردا لە چوارچێوەی ئەکادیمی یان سەربازیدا)، تا بواری کاری ئەلکترۆنیی فراوانتر، ئەمەش لەگەڵ بەکارهێنانی فراوانی

ئینتەرنێتدا، ئیتر لە ڕێگەی تۆڕی ناوخۆیی (intranet) کە هەموو کارمەندانی دامەزراوەیەک بەیەکەوە دەگرێتەوە، یان لە ڕێگەی تۆڕی دەرەکییەوە (extranet) کە پەیوەندییەکانی دامەزراوەکە لەگەڵ فرۆشیاران (دابینکەرانی کاڵا) و کڕیاران و کەسانی تردا، هەروەها ئاڵوگۆڕی کراوە لەگەڵ هەموو بەکارهێنەرانی ئینتەرنێتدا لە هەموو دونیاوە.

چوارەم: لە بەریەککەوتنی مرۆییەوە بۆ بەریەککەوتنی ئۆتۆماتیکی: لە کۆندا گرفتی سەرەکی بریتی بوو لە چۆنێتیی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕێگرە سیستماتیکی و جوگرافی و تەکنیکییانەی کە پەیوەندیی مرۆییان سنووردار دەکرد، وەک دووریی شوێنەکان و قورسیی پەیوەندیکردن، بەڵام لەگەڵ ئینتەرنێت و تۆڕەکانی کاردا، دەکرێت پەیوەندی بگاتە ئاستێکی سیستماتیکی و جوگرافی و تەکنیکی و زەمەنی. ئینتەرنێت بواری پەیوەندیکردنی ڕەخساندووە لە ئێستادا و لە هەموو شوێنێکدا بە متمانەیەکی بەرز و کەمترین ژاوەژاو، ئەگەرچی دوورییەکان هەر چەندێک بن، لێرەشەوە بەریەککەوتن و مامەڵەکە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکیی کۆمپیوتەریی وەرگرتووە[٩].

## بەشی یەکەم: ئامانج و گرنگیی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی

### باسی یەکەم: ئامانجەکانی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی

گۆڕان بەرەو بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی ڕێگایەک نییە لە ڕێگاکانی خۆشگوزەرانی، بەڵکوو حەتمیەتێکە کە گۆڕانکارییە جیهانییەکان دەیسەپێنێت، بیرۆکەی تەواوکاری و بەشدارپێکردن و بەگەڕخستنی زانیارییەکان بووەتە یەکێک لە مەرج و نیشانەکانی سەرکەوتنی هەر دامەزراوەیەک. بەرەوپێشچوونی زانستی و تەکنەلۆژی و داواکاریی بەردەوام بۆ بەرەوپێشبردنی بەرهەم و گرەنتیی سەلامەتیی چالاکییەکان، هەموویان بەشێکن لە خواستی بەرەوپێشچوونی کارگێڕی بەرەو بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی[١٠].

ئامانجی ستراتیژی حکومەتی ئەلکترۆنییش خۆی لە پاڵپشتیکردن و ئاسانکاریی خزمەتگوزارییە حکومییەکاندا دەبینێتەوە بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان: حکومەت، هاوڵاتییان، کارگەکان. بەگەڕخستنی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندنیش یارمەتیدەر دەبن لە بەیەکەوەگرێدانی هەرسێ لایەنەکە بە یەکترەوە و هاوکار دەبن لە بەرەوپێشبردنی کار و چالاکییەکاندا. واتە لە حکومەتی ئەلکترۆنیدا ئامێرە ئەلکترۆنییەکان دەبنە پاڵپشت و بەشدار دەبن لە بەرەوپێشبردنی کواڵتیی ئەو کارانەی کە پێشکەشی دەکات بەو سێ لایەنە

پەیوەندیدارە. لەسەر ئەو بنەمایەش، ئامانجەکانی حکومەتێکی ئەلکترۆنی لێکچوونێکی زۆری هەیە لەگەڵ ئامانجەکانی حکومەتێکی باشدا[١١].

هەندێکیش پێیان وایە کە ئامانجەکانی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی لەسەر ئەم بابەتانەی خوارەوە پێداگری دەکات: بەڕێوەبردنی دۆسیەکان لە بریی پاراستنیان، خستنەڕووی ناوەرۆکەکان لە بریی خوێندنەوەیان، پێداچوونەوەی ناوەرۆکی بەڵگەنامە لە بریی نووسینی، ئاڵوگۆڕی ئیمەیل لە بریی هاتوو و ڕۆیشتوو، دەستکەوتەکان لە بریی بەدواداچوون، دۆزینەوەی کێشەکان لە بریی بەدواداچوون و لە کۆتاییشدا ئامادەکاریی سەرکەوتووانەی کۆبوونەوەکان[١٢].

هەندێکیش بە بەرەوپێشبردنی بەڕێوەبردنی گشتی پێناسەیان کردووە: کەمکردنەوەی کارکردن بە نووسراوی کاغەز و دووبارە بەکارهێنانەوەی چارەسەرەکان. چاککردنی خزمەتگوزارییەکان: کەمکردنەوەی هاتوچۆ، گەیاندن لە هەر کات و هەر شوێنێکدا و ئاسانیی دەستگەشتن بە زانیارییەکان. نزیکبوونەوە لە هاوڵاتییان (کارمەندان): یەک ڕووگەی دیاریکراو بە نیسبەت هاوڵاتی (کارمەند)ەوە، دیدگایەکی یەکگرتووش لە بەرامبەر هاوڵاتیدا (کارمەند) و ڕێکاری ئاسان. باشکردنی کێبڕکێی ئابووری: بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە بازرگانیی جیهانیدا، دابینکردنی هەلی چوونە کێبڕکێوە بۆ کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان. کەمکردنەوەی خەرجییەکان: یەکخستن و هەماهەنگیی سیستمەکان بۆ بەرەوپێشبردنی ڕێکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان. ئاسانکردنی ڕێکارە کارگێڕییەکان بە جۆرێک کە بتوانرێت بە شێوەیەکی ئەلکترۆنی بخرێنە ڕوو. شەفافیەتیی زانیارییەکان و خستنەڕوویان بۆ بەردەم بریکارەکان، هاوڵاتییان و دابینکەرانی کاڵا... هتد. گەیاندنی خزمەتگوزارییە کارگێڕییەکان بە دوورترین شوێنە جوگرافییەکان[١٣]. چەمکی حکومەتی ئەلکترۆنی خۆی دەبینێتەوە لە هەوڵی حکومەتەکاندا بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی خود لە بواری بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیاندا بە شێوەیەکی چالاک بەرامبەر هاوڵاتییەکانیان و ئابووریی جیهانیدا لە ڕێی تۆڕی پەیوەندییەوە. ئەمەش هیچ نییە جگە لە گۆڕانی ڕیشەیی لەو ڕێکارانەدا کە بۆ جێبەجێکردنی کارەکان دەگیرێنە بەر لە چوارچێوەیەکی نوێدا. ئەم پرۆژەیەش کۆمەڵێک ئامانجی بۆ خۆی لەبەرچاو گرتووە کە ئەمانە گرنگترینیانن: ئامادەکردنی ناوەندەکانی حکومەت لە ڕووی ناوخۆیی و دەرەکییەوە بۆ گۆڕانی ئەلکترۆنی،

بەرزکردنەوەی لێهاتوویی ئامێری حکومی لە ڕێگەی تەواوکردنی شێرازە و بنەماکانی کارەوە لە حکومەتدا، خستنەبەردەستی هەندێک لەو خزمەتگوزارییانەی کە بۆ بەشێکی گەورەی خەڵک و وەبەرهێنەران گرنگن لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت یان لەسەر هێڵی تەلەفۆن و یاخود لە ڕێی مۆبایلەوە، خستنەڕووی زانیاریی ورد و تازەکراوە بۆ بڕیاردەران و وەبەرهێنەران، خستنەڕووی یەک سەرچاوەی زانیاریی حکومەت کە خەڵکی بتوانن مامەڵەی لەگەڵ بکەن، بەرەوپێشبردنی ژێرخانی گشتی لە بواری تەکنەلۆژیدا لە هەردوو ژینگەی پەیوەندی و کۆمپیوتەرکاریدا، ئاسانکردنی سیستمی پارەدانی ئەلکترۆنی، دەستەبەرکردنی کارایی لە ئەدای حکومەتدا[١٤].

### باسی دووەم: گرنگیی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی

دەیتا و زانیاری بە گرنگترین هۆکار دادەنرێت کە کاریگەریی هەبێت لەسەر گەشەی کۆمەڵگەکان و بەرەوپێشچوونیان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ڕەهەندی فاکتەری مرۆییش بە گرنگترین ئەو فاکتەرانە دادەنرێن کە بەرەوپێشچوونی کارگێڕیی پێ دەپێوەرێت. بۆیە زانیاری پێکهاتەیەکی پێویستی بڕیاردان و ئاڕاستەکردنی بەڕێوەبردنە بە شێوەیەکی دروست، لێرەشەوە پێویستیی گەشەپێدانی سیستمێکی زانیاری تەواو بە مەبەستی دەستخستنی زانیاریی پێویست بۆ ئاسانکردنی بڕیاری بەجێ و دروست هاتووەتە گۆڕێ. بە لەبەرچاوگرتنی زانیارییە نوێیە بەردەستەکانی و لەڕادەبەدەریی ڕێژەکەیان لە هەموو بوارەکاندا، بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنی کاری دەستخستنی زانیاریی ورد و خێرا بووەتە پێویستییەکی بێچەندوچوون[١٥].

بە هۆی کاریگەریی گەورەی ئەم تەکنەلۆژیاشەوە، کۆمەڵگە مۆدێرنەکان لە دۆخێکدا دەژین کە پێی دەوترێت «ژینگەی زانیاریی ئاڵۆز»، بە جۆرێک کە زانیاری بووەتە ئەو پێکهاتە ستراتیژییانەی گەشەپێدان لەم کۆمەڵگایانەدا کە کۆمەڵگە گرنگیی پێ دەدات و هەوڵی بەردەوامیپێدان و تازەکردنەوە و کەڵکلێوەرگرتنی دەدات لە هەموو بوارەکاندا و دەکرێت بوترێت کە گرنگترین سیماکانی ئەم ژینگە زانیارییە ئاڵۆزەی کە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان پێیدا تێدەپەڕن، زۆریی زانیاری و کەمیی کاتی بەردەستە بۆ کەڵکلێوەرگرتنیان، ئەمەش پێویستیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زیرەکیی مۆدێن بۆ ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنیان دێنێتە گۆڕێ[١٦].

هەندێ لە توێژەران ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە بەگەڕخستنی چەمکی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنیی کۆنترۆڵکردنی زانیاری و ئامارەکان، کۆڵێک تایبەتمەندی و شوێنەواری ئەرێنییان هەیە کە دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە کورتی بکەینەوە: خێرایی بەجێگەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆ سوودمەندان لەگەڵ پارێزگاریکردن لە کواڵتییەکەی، گواستنەوەی بەڵگەنامە ئەلکترۆنییەکان بە شێوەیەکی چالاکانەتر، کەمکردنەوەی تێچوون بە هۆی ئاسانکردنی ڕێکارەکان و کەمکردنەوەی مامەڵەی کاغەزی و کورتکردنەوەی کاتی بەجێگەیاندن، کەمکردنەوەی پێویستی بە کارمەندانی جێبەجێکاری خزمەتگوزاری بە تایبەتی کاتێک دێتە سەر مامەڵەی کاغەزییانە، هەڵسەنگاندنی بابەتییانە بۆ ئەدای کارمەندان و گەشەدان بە سیستمێکی پێشکەوتوو بۆ دۆزینەوەی ئەوانەی کەمتەرخەمن، کەمکردنەوەی هەڵە بۆ خوارترین ئاستی بەو پێیەی کە سیستمی ئەلکترۆنی کەمتر تووشی هەڵە دەبێت، کەمکردنەوەی سەرپێچیکاری بە هۆی ئاسانی و سادەیی سیستم و وردییەکەیەوە، ڕوونی و ئاسانی تێگەشتن لە لایەن سوودمەندانەوە لە بارەی ئەو بەڵگەنامانەی کە لێیان خوازراوە، کەمکردنەوەی وەبەرهێنانی تایبەت بە بیناکان و کەرتی خانووبەرە و سەرەڕای کەمکردنەوەی کاریگەریی پەیوەندییە کەسییەکان لە بەدەستخستنی کاردا[١٧].

تێڕوانینێکی قووڵیش بۆ گۆڕینی بەڕێوەبەرایەتییە کلاسیکییەکان بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئەلکترۆنی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو بابەتە بازێکی چۆنایەتییە لە ڕێکارەکانی کار و ڕێکخستنی کارگێڕی و بەرەوپێشبردنی یاسا و ڕێکارە کارگێڕییەکان و گەشەپێدانی سەرچاوەی مرۆیی بە جۆرێک کە کاردانەوەیەکی ئەرێنیی هەبێت لەسەر وێنە گشتییەکەی بەڕێوەبردنی حکومی، بەو واتایەی کە سەر بکەوێت بەسەر کێشەکانی ڕۆتین و دواکەوتوویی کارگێڕی و لەپێشدانانی پەیوەندییە کەسییەکان و ئەو بابەتە نەرێنییانەی تری کە سیستمە کلاسیکییەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن[١٨].

بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاش لە کاری بەڕێوەبردندا شیاوی لەسەر وەستانە، بەو پێیەی پەیامێکی پێشەنگە کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییە ئەلکترۆنییەکانەوە بەکار دێت بۆ دەستخستنی زۆرێک لەو ئامانجانەی کە لە ڕابردوودا لە سەر بەردی بیرۆکراتیەت ورد دەبوون[١٩]. ئەزموونی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنییش وەک بازێکی چۆنایەتی و ڕاپەڕینێک

بەسەر ئەو چەمک و بۆچوون و ڕێکارە کلاسیکییانەدا دەمێنێتەوە کە وای کردبوو بەڕێوەبەرێتییەکانی پێشوو ببنە دیلی ڕۆتینی لەڕادەبەدەر و پێشخستنی پەیوەندییە کەسییەکان و تاکڕەوی و خاویی ڕێکارەکان و لەناوچوونی مامەڵەکان و سەنتەرگەریی بڕیارەکان و بەفیڕۆچوونی کات لە چاوەڕوانیی لیژنەکاندا و هاوشێوەی ئەم بابەتانە لەو ماکە بیرۆکراتییانەی کە تا بێ لە جەستەی بەڕێوەبردنە کلاسیکییەکاندا زیاتر تەشەنەی دەکرد[٢٠].

لەگەڵ ئەمانەشدا، حکومەتداریی ئەلکترۆنی دەکرێ کەڵکی زۆر بەدوای خۆیدا بهێنێت و زانیاری و خزمەتگوزاریی باشتر لە بواری مامەڵەکردنی نێوان حکومەت و هاوڵاتییاندا و حکومەت و کەرتەکانی کار و فەرمانگەکانی حکومەتیش لە نێوان خۆیاندا بێنێتە بوون. بە تێڕوانینی «مایکڵ دل»، گرنگترین بەش لە هاوکێشەی حکومەتداریی ئەلکترۆنیدا پەیوەستە بە چالاکیی کڕین و دابینکردن. ئەمەش ئەو بەشەیە کە تیایدا سوودی ڕاستەقینەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە چالاکییەکانی کڕیندا لە ڕووی زیادەی لێهاتوویی و چالاکێتیی کاری حکومەتەکان دەردەکەوێت، سەرەڕای باشکردنی پەیوەندیی کار لە نێوان دامودەزگا حکومییە جۆراوجۆرەکان و ئەو کەسانەدا کە لە چوارچێوەیەی ئەو کۆمەڵگەدا کار دەکەن و سوودمەندن لە خزمەتگوزارییە حکومییەکان[٢١]. سەرەڕای ئەمە، خەونی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان بۆ چوونە ناو ئەزموونی تەکنیکی و ئەو جیاوازییە چۆنایەتییانەی (نوعي) کە بەسەر خەونی کۆمەڵگەکاندا هاتوون و هەوڵدانیان بۆ دەستەبەرکردنی ئاستێکی باشتری خزمەتگوزاریی کارگێڕی و ئەو گلەییانەی کە لە نێو ئەو گرووپانەدا هەیە کە سەروکاریان لەگەڵ شێوازە کلاسییەکەدا هەیە، لە ژێر سێبەری وەستانی ئەم شێواز و هۆکارانەی کە دەستەپاچەن لە ڕازیکردنی سوودمەندان و گرووپە بەئامانجگیراوەکاندا؛ بەها و گرنگیی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی زیاتر دەبێت، بە جۆرێک کە ئەم شێوازەی بەڕێوەبردن چیتر تەنها وەک پێویستییەکی بەڕێوەبەرایەتییەکان و دامودەزگا گشتی و تایبەتییەکان تەماشا ناکرێت، بەڵکوو بووەتە پێویستییەک و پەرۆشییەکی جەماوەری و گشتییش[٢٢].

بە هەمان شێوە هۆکارەکانی گەیاندن و پەیوەندیکردنی مۆدێرن وای کردووە جیهان بەو هەموو وڵاتە جیاوازانەیەوە وەک یەک وڵات یان یەک شار دەربکەوێت لە نزیکی

بەشەکانیەوە لە ڕووی پێکەوەبەستراوی و کاریگەرییەوە ئەگەرچی دووریش بن لە یەکتر. وڵاتانیش کەوتوونەتە کێبڕکێیەوە لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ کاتدا بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانیان و سەپاندنی کارنامەی خۆیان و سەرکەوتن بەسەر ئەوانی تردا، ئیتر بە حەق بێت یان ناحەق. وای لێ هاتووە ئەو دەوڵەتەی کە ناتوانێت پێبەپێی پێشکەوتنە تەکنیکییەکان دەربچێت، ناشتوانێت ژیانێکی ڕێزلێگیراو لە چوارچێوەی ئەو دونیا ماددییەدا دەستەبەر بکات کە چیتر هیچ بەهایەک بۆ لاوازەکان دانانێت و بە گەمژە وەسفیان دەکات و دەیانخاتە ژێر پێی یان فڕێیان دەداتە دەرەوە[٢٣].

**بەشی دووەم: پێداویستییەکانی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی**

**باسی یەکەم: تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت و پەیوەندییەکان**

دەکرێت هێڵەکانی پەیوەندی و هاوشێوەکانی لە ئامێرەکانی تری پەیوەندیی وەک ئینتەرنێت[٢٤]، نموونەی بنەما سەرەکییە کلاسیکییەکان بن لە هەموو دەوڵەتێکدا. لە بواری تەکنەلۆژیای زانیارییشدا، چەمکی بنەمای سەرەکی؛ خزمەتگوزارییە نوێیەکانی پەیوەندی و مانگە دەستکردەکان و تۆڕەکانی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەری کەسی و سەنتەرەکانی زانیاری و کتێبخانەکان لەخۆ دەگرێت[٢٥].

توێژەرانی بوارەکە لەسەر ئەوە هاوڕان کە بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی وەکوو هەر پرۆژەیەک یان ئامانجێکی تر شیاوی دەستپێڕاگەیشتنە، ئەمەش پێویستی بە دابینکردن و ئامادەکردنی کۆمەڵێک پێداویستی هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە. تەکنەلۆژیای بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنییش لە ڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و هۆکارەکانی گواستنەوەی زانیاری و داخوازیی خزمەتگوزاری لە لایەن سوودمەندانەوە پشتی بە دوو بنەمای سەرەکی بەستووە:

یەکەمیان تەکنیکی: بەدیجیتاڵکردنی زانیارییەکان و گواستنەوەیان لە ڕێگای تۆڕی ئینتەرنێتەوە، لەگەڵ گرەنتیی پاراستنی نهێنییان.

دووەمیان جێبەجێکاری: ئەمەش داواکاری و بەجیتاڵکردنی زانیاری و خزمەتگوزارییەکان دەگرێتەوە لە دوورەوە، لە ڕێگای تۆڕی ئینتەرنێتەوە، لەگەڵ گرەنتیی سەلامەتی و دروستی بەبێ پێویستیی ئامادەبوونی داواکاریی خزمەتگوزاری بە شێوەیەکی فیزیکی و بۆ فەرمانگەکانی حکومەت یان بەکارهێنانی نموونە و بەڵگەنامەی کاغەزی[٢٦]. لە ژێر

ڕۆشنایی ئەم دوو بنەمایەشدا، بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی بە گۆڕانێکی گشتگیری ئەو چەمک و بیردۆز و هۆکار و ڕێکار و پەیکەر و بەندوبارانە دادەنرێت کە بەڕێوەبردنی گشتی لەسەری دادەنرێت. بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی تەنها بانگەشەیەک و ئامانجێک نییە کە لە ڕێگای ڕێنموینی نووسراو و ئەزموونی هاوردەکراوەوە دەستەبەر بکرێت، بەڵکوو چالاکییەکی ئاڵۆز و سیستمێکی تەواوە لە پێکهاتەی مرۆیی و تەکنیکی و زانیاراری و دارایی و یاسادانان و ژینگەیی و هاوشێوەی ئەمانەیە، لێرەشەوە پێویستیی دابینکردنی داواکارییە جۆراوجۆر و تەواوکارییەکان بۆ دەرهێنانی چەمکی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی بۆ چوارچێوەی جێبەجێکاری دێتە پێشەوە[٢٧]. هەندێ لە سەرچاوەکانیش چەند قۆناغ و پێداویستییەکیان دەستنیشان کردووە، کە بۆ گواستنەوە لە بەڕێوەبردنی کلاسیکییەوە بۆ بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی پێویستە دابین بکرێن، بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. بەردەستبوونی سیستمێک بە هەموو لق و بەشەکانیەوە و گۆڕانی هەموو زانیاری و دەیتاکان بۆ زانیاریی ئەلکترۆنی.

٢. دابینکردنی ژێرخانی پێویست بۆ پێکەوەبەستنی هەموو بەش و لقەکان بە یەک تۆڕی زانیارییەوە و ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان هەموو یەکەکاندا.

٣. دیاریکردنی هەموو مامەڵەکان لە نێوان دامەزراوەکە و هەموو ئەو لایەنەکانی مامەڵەکار وەک فەرمانبەران و کارمەندان و سوودمەندان و دابینکەران و حکومەت... هتد و گۆڕینیان بۆ مامەڵەی ئەلکترۆنی[٢٨].

ئینتەرنێتیش بەو پێیەی کە بازێکی گەورە بوو لە جیهانی تەکنەلۆژیدا، بە بەشێکی گرنگی گۆڕانی کولتووری لە جیهاندا دادەنرێت کە لە ڕێگای پەیوەندیی لەڕادەبەدەر خێراوە تاکەکان دەتوانن پەیوەندی بەیەکەوە بکەن بەبێ لەبەرچاوگرتنی دووریی شوێنیان لە یەکترەوە، هەروەک چۆن چیتر هەر توێژەرێک دەتوانێت دەستی بگات بە هەموو زانیارییەکان و هەموو ژێدەرە زانستییەکان، هەروەها دەتوانێت لەگەڵ خەڵکانی تر لە هەر کوێی جیهاندا بێت گفتوگۆ بکات[٢٩].

هەروەک چۆن پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد، بەستنەوەی توێژەران بە یەکترەوە، سەرەتای کاری بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی و بڵاوبوونەوەی تۆڕی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی ئەم تۆڕە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە کاروباری بازرگانیدا، وەک چۆن کۆمەڵێک لە توێژەران

ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەم خزمەتگوزارییە کۆمەڵێک جێبەجێکاری و خزمەتگوزاریی تر دابین دەکات کە گرنگییەکی لەڕادەبەدەریان هەیە، لەوانە:

ئیمەیل یان پۆستی ئەلکترۆنی (Electronic Mail): کە ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین و بەربڵاوترین ئەو خزمەتگوزاریانەی کە لە ڕێی تۆڕی جیهانییەوە بڵاو بوونەتەوە، کە بە مەبەستی پیشەیی و کار و کەسی بەکار دەهێنرێت.

دۆسیێی پۆستە (List Serve): بەرنامەیەکە بۆ بەدواداچوون و نۆژەنکردنەوەی لیست و لیژنە و کۆڕبەندەکانی گفتوگۆ، بە جۆرێک کە بەکاربەرانی ئەم خزمەتگوزارییە گفوتگۆ دەکەن لە بارەی بابەتێکی تایبەتەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئیمەیلەکانیانەوە.

گرووپەکانی هەواڵ (News Group): خزمەتگوزارییەکە بۆ ئاڵوگۆڕی ئەو هەواڵ و بۆچوونانەی کە پەیوەندیدارن بە بابەتێکی دیارکراوەوە لە نێوان سەدان هەزار بەکارهێنەردا کە بە سەر ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا بڵاو بوونەتەوە.

بازرگانیی ئەلکترۆنی (E. Commerce): لێرەوە هەموو جۆرەکانی مامەڵە بازرگانییەکان و گرێبەستەکان و ڕیکلام بۆ هەموو کاڵا و بەرهەمەکان و فرۆشتنیان ئەنجام دەدرێت.

چوونە ناو تۆڕەکانی زانیاری و پێڕستی کتێبخانەکان: چیتر وای لێ هاتووە مرۆڤ لە ڕێی ئینتەرنێتەوە دەستی دەگات بە زۆرێک لە تۆڕەکانی زانیاریی توێژینەوەی ئەکادیمی و نائەکادیمیی بەدیجیتاڵکراو لە سەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی. هەروەها بواری ئەوە هەیە کە بچینە ناو پێڕستی کتێبخانە گەورە جیهانییەکانی وەکوو کتێبخانەی کۆنگرێس.

خوێندن لە ڕێگای دوورەوە: خوێندن لە دوورەوە یان وەک ئەوەی هەندێک پێی دەڵێن زانکۆ کراوەکان، کە ئەمەش جۆرێکی نوێی خوێندنە لە ڕووی سیستم و شێوازەکانی وانەوتنەوە و ڕێکارەکانی بەڕێوەبردن و بەرنامەکانیەوە، لەم جۆرەی خوێندندا هەموو ئەو ناوەند و تەکنەلۆژییانە بەکار دێت کە لە ڕێیەوە خوێندن دەستەبەر دەبێت[٣٠].

لە ڕاستیدا تایبەتمەندییەکانی ئینتەرنێتیش زۆر لەوە زیاترە کە باسمان کرد، بە جۆرێک کە هەندێک لە توێژەران ئەم ئەدگارانەی خوارەوەشیان بۆ زیاد کردووە: باشترکردنی ئاستی پەیوەندی، دابینکردنی زانیاری لە کات و شوێنی گونجاودا و بە پێی پێویستیی بەکاربەران، ڕاهێنان و دووبارە فێرکردنەوەی کارمەندانی دامەزراوەیەک، بەهێزکردنی لێهاتوویی پێویست بۆ بەجێگەیاندنی کاروبارەکان، ئاسانکاری بۆ مامەڵە و بەریەککەوتنەکان لەسەر ئاستی جیهان[٣١].

**باسی دووەم: یاسادانان و مۆڵەتە یاساییەکان**

گومانی تێدا نییە کە جێبەجێکردنی حکومەتی ئەلکترۆنی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە ڕێگای تۆڕی زانیارییەوە؛ پێویستی بە یاسای تایبەت هەیە بۆ ڕێکخستن و پێدانی بەندوباری یاسایی گونجاو بۆی کە گرەنتیی بەدیهێنانی مەبەستەکانی بکات بە باشترین شێوە. لەبەر تازەیی حکومەتی ئەلکترۆنییش، باشتر وایە کەڵک لە یاسای ئەو وڵاتانە وەربگیرێت کە لەو بوارەدا لەپێشترن، هەڵبەتە بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی هەر وڵاتێک[٣٢]. لە پێناو گرەنتیی سەرکەوتنی پرۆژەی حکومەتی ئەلکترۆنییشدا، دەبێت ئەو پێویستییە سەرەتاییانەشی بۆ دابین بکرێت کە بوونی یاسادانان و دەقی یاسایی یەکێکە لە پایە گرنگەکانی، بە جۆرێک کە دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە کاری بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی ئاسان دەکەن و تایبەتمەندیی یاسایی و متمانەیان پێ دەدەن و پابەندیی یاسایی بەدوادا دێنن؛ شتێکی پێویستن[٣٣].

لە ڕووی یاساییشەوە جێبەجێکردنی سیستەمی حکومەتی ئەلکترۆنی کارێکی ئاسان نییە و لەوانەیە ڕووبەڕووی چەندین بەربەستی یاسایی و کارگێڕی و دارایی و ئەمنی ببێتەوە کە ڕێگر بن لە ئاسان جێبەجێکردنی حکومەتی ئەلکترۆنی و گواستنەوەی ئاسان بۆی کە دەکرێت بەم شێوەیە ئەو گرفتانە ڕوون بکرێنەوە:

یەکەم: بۆشایی یاسایی، چونکە پرۆژەکە پێویستی بە ئامادەییەکی یاسایی گشتگیر و تەواو هەیە و وەرگرتنی بەڵگە ئەلکترۆنییەکان و یەکسانکردنیان بە بەڵگەی کاغەزی، یەکێکە لە دیارترین ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی حکومەتی ئەلکترۆنی دەبێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەندێک لە دامەزراوە یاساییە کلاسیکییەکان بەرهەڵستیی دەکەن لە بەردەم گەشە و بەرەوپێشچوونی ئەم جۆرە لە حکومەتداریدا[٣٤].

سەرەڕای ئەوەش، گواستنەوە لە حکومەتی کلاسیکییەوە بۆ ئەلکترۆنی پێویستی بە دانانی یاسا هەیە، لە کاتێکدا لە یاسای زۆربەی وڵاتەکاندا بۆشایی هەیە و زۆرێک لە یاسا عەرەبییەکانیش هیچ شتێکیان لە بارەی جێبەجێکردنی حکومەتی ئەلکترۆنی لەخۆ نەگرتووە، ئەوەی هەیە تەنها کۆمەڵێک یاسای هەڵتۆقیون کە زۆر بە خاوی و بە شەرمەوە دەرۆن و هەندێکیشیان هێشتا لە قۆناغی پرۆژەیاسادان[٣٥]. هەندێک وڵاتیش لەبەر ئەوەی درکیان کردووە بە گرنگیی حکومەتی ئەلکترۆنی، کۆمەڵێک یاسای

جۆراوجۆریان ده‌ركردووه‌ بۆ چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌كانی به‌ڕێوه‌بردنی ئه‌لكترۆنی و ڕێگاكانی به‌ده‌ستهێنانی به‌ جۆرێك كه‌ وای كردووه‌ گۆڕانی له‌ حكومه‌تی كلاسیكییه‌وه‌ بۆ حكومه‌تی ئه‌لكتۆرنی كردووه‌ به‌ شتێكی زۆره‌ملێ نه‌ك خۆویستانه‌، به‌ جۆرێك كه‌ ئه‌گه‌ر حكومه‌ت ویستی؛ جێبه‌جێی ده‌كات و وه‌گه‌رنا لێی ده‌گه‌ڕێ[٣٦].

دووه‌م: گرفتی نه‌بوونی ئاسایشی زانیاری: ئه‌مه‌ش یه‌كێكه‌ له‌و گرفتانه‌ی كه‌ به‌ یه‌كێك له‌و به‌ربه‌ستانه‌ داده‌نرێت كه‌ ڕووبه‌ڕووی حكومه‌تی ئه‌لكترۆنی ده‌بێته‌وه‌ و ده‌كرێت ده‌ره‌نجامی ترسناك به‌دوای خۆیدا بهێنێت، ئه‌مه‌ش له‌به‌ر نه‌بوونی سیستمێكی ته‌كنیكی بێ مه‌ترسی و متمانه‌پێكراو به‌راورد به‌و ڕێكاره‌ توندانه‌ی كه‌ له‌ حكومه‌تی كلاسیكیدا پێڕه‌و ده‌كرێن كه‌ ئه‌مه‌ش ده‌رگای گومان به‌ ڕووی ئه‌گه‌ری ڕوودانی گزی و ساخته‌كاری یان بوونی دیارده‌ی ده‌ستبردنی نایاسایی بۆ مافی به‌كاربه‌ر له‌و پێدراوانه‌ی كه‌ گۆڕانكارییه‌ گه‌وره‌كانی هۆكاره‌كانی په‌یوه‌ندی هێناویانه‌ته‌ ئاراوه‌؛ ده‌كاته‌وه‌. له‌سه‌ر ئه‌م بنه‌مایه‌ش، بێگومان ده‌ستگرتن به‌م هۆكاره‌ زانستییه‌ تازه‌ و پێشكه‌وتووانه‌وه‌ كاریگه‌ریی گه‌وره‌ی ده‌بێت له‌سه‌ر زیادبوونی وێنه‌ی چالاكییه‌ زیانبه‌خشه‌كان[٣٧]. هه‌ندێكیش پێیان وایه‌ كه‌ جێبه‌جێكارییه‌كانی حكومه‌تی ئه‌لكترۆنی و ئه‌و خزمه‌تگوزارییانه‌ی كه‌ ده‌یخاته‌ ڕوو؛ له‌وانه‌یه‌ ڕووبه‌ڕووی ڕێگری یاسایی ببنه‌وه‌ یان ناكۆك بن له‌گه‌ڵ سیاسه‌تی گشتیدا. بۆیه‌ پێویسته‌ وه‌ك چۆن له‌م خاڵانه‌ی خواره‌وه‌دا ڕوون كراوه‌ته‌وه‌ یاسا و پڕۆژه‌یاساكان تازه‌ بكرێنه‌وه‌ بۆ زیادكردنی شه‌رعیه‌ت و قبووڵكردنی به‌ڵگه‌نامه‌ و مامه‌ڵه‌ ئه‌لكترۆنییه‌كان:

1. له‌به‌رچاوگرتنی بۆچوونی به‌رپرسان له‌ دامودەزگەكانی حكومه‌تدا و بۆچوون گۆڕینه‌وه‌ له‌گه‌ڵیان بۆ هه‌ڵسه‌نگاندنی ئاستی ئه‌و زیانانه‌ی كه‌ له‌وانه‌یه‌ به‌ر پڕۆژه‌كانی حكومه‌تی ئه‌لكترۆنی بكه‌وێت ئه‌گه‌ر بێت و ئه‌و یاسا به‌ركارانه‌ی كه‌ هه‌ن؛ چاك و هه‌موار نه‌كرێنه‌وه‌.
2. به‌خشینی تایبه‌تمه‌ندی و پاڵپشتیی یاسایی بۆ هه‌موو ئه‌و زانیارییانه‌ی كه‌ حكومه‌تی ئه‌لكترۆنی به‌ شێوه‌ی ئۆنلاین بڵاویان ده‌كاته‌وه‌.
3. ڕوونكردنه‌وه‌ی یاسا و پڕۆژه‌یاسا و ئاڕاسته‌ جیاوازه‌كان و یه‌كخستنیان به‌ جۆرێك كه‌ له‌گه‌ڵ ژینگه‌ی كاری حكومیدا بگونجێت.
4. چاككردنی چالاكی و جێبه‌جێكارییه‌ كارگێڕییه‌كان له‌ ڕێگه‌ی ئاسانكردنی ڕێكاره‌كان و به‌رده‌وامی له‌سه‌ر ئامانجه‌كانی كار[٣٨]. به‌ پێی ئه‌وه‌ش كه‌ له‌ پێشه‌وه‌ باس كرا، گۆڕینی

چوارچێوەی یاسا و ڕێکخستنەکان بۆ لەخۆگرتنی ئەم پێویستییانە کاری پێویست و لەپێشینەی حکومەتە، ئەوەش لە ڕێگەی دەرکردنی چەند یاسایەکەوە، لەوانە: یاسایەک لە بارەی ڤیزای ئەلکترۆنییەوە، یاسایەک لە بارەی ئاڵوگۆڕی پێدراوە ناوییە تایبەتەکاناوە، یاسایەک لە بارەی تاوان و ساختەکاری و فێڵی ئەلکترۆنییەوە، یاسایەک بۆ یەکسانکردنی ئەرکی بەڵگەنامە ئەلکترۆنییەکان و بەهای یاساییان و یاسایەک لە بارەی ئاسایشی یاسایی پەیوەندییە ئەلکترۆنییەکان[٣٩].

## باسی سێیەم: توانا مرۆییەکان و تێپەڕاندنی بەربەستەکان

بەشداریی مرۆیی بە یەکێک لە بەشدارییە گرنگەکان دادەنرێت لە پڕۆژە ئابووری و تەکنیکییەکاندا، بەو پێیەی کە هیچ پڕۆژەیەک ناتوانێت سەر بگرێت لە کاتێکدا خاوەنی زەبەلاحترین پێداویستی و ئامێر و دەزگا بێت، ئەگەر پێکهاتەی مرۆیی تێیدا بە شێوەیەکی زۆر و بە لێهاتوویەکی تەواوەوە ئامادە نەکرابێت[٤٠].

هەروەها دابینکردنی توخمی مرۆیی شیاو و ڕاهێنانی بە شێوەیەکی بەردەوام و بەرەوپێشبردنی لە بواری جێبەجێکارییەکانی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنیدا، کاری کاربەدەستانی سەرەوە ئاسانتر دەکات لە کاتی ئامادەکردنی جێبەجێکارییەکانی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنیدا، هەروەها لە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی تەکنیکی مرۆیی لای تازەدامەزراوان و ئەوانەشی کە پێشتر لەسەر کار بوون، ئەمەش وایان لێ دەکات کە لە دامەزراوەکانیاندا ئاسانتر بیرۆکەی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی قبووڵ بکەن و تا ئاستێکی زۆر بەشدار دەبێت لە کەمکردنەوەی بەرگرییان لە بەرامبەر گۆڕانکاریدا[٤١]. لە پێناو سەرخستنی جێبەجێکردنی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنییشدا، پێویستە کارمەندی مرۆیی تەکنیکیی پسپۆڕ و پەیوەندیدار بە پەیکەری زانیاری و سیستمی کارەوە لەسەر تۆڕەکانی پەیوەندیی ئەلکترۆنی ئامادە بکرێن، ئەمەش دەکرێت لە ڕێی ئەنجامدانی کۆمەڵێک بەرنامەی ڕاهێنانکارییەوە بێتە دی کە دەبێتە هاوکار لە ئامادەکردنی کارمەندی مرۆیی تەکنیکیی پێویست، بۆ دەستەبەرکردنی لێهاتوویی لە کاتی جێبەجێکردنی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنیدا[٤٢]. بە پێ ئەوەی کە «عەللاق» دیاریی کردووە، کۆمەڵێک پێداویستیی مرۆیی هەن کە پێداویستییە هەنووکەیی و داهاتوویەکان لەو کەسانەدا دەستنیشان دەکات کە لە سیستمەکانی زانیاری و کۆدینگدا شیاوێتییان هەیە، لەوانە بریتین لە کارکردن لەسەر

ئینتەرنێت، ڕاکێشانی باشترین ئەو کەسانەی کە لێهاتوویان لە بوارەکانی سیستمی زانیاری و کۆدینگ تێدایە، دۆزینەوەی ڕێکاری کاریگەر بۆ لەدەستنەدانی تاکەکان و پەرەپێدانیان و هاندانیان، لەگەڵ بەهێزکردنی لێهاتوویان (Empowerment) بۆ ئەوەی هەلی ئەوەیان لە بەردەمدا هەبێت کە مامەڵەیەکی خێرا بکەن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژینگەی تەکنەلۆژیدا(٤٣).

هەندێکی تر پێیان وایە کە گرنگترین پێداویستییەکانی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی بریتییە لە گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی سەرچاوە مرۆییەکان، ئەمەش بۆ دەستەبەرکردنی کارمەندی پسپۆڕ و خاوەن لێهاتوویی جۆراوجۆری پەیوەندیدار بە ژینگەی بنەڕەتیی سیستمی زانیارییەکان و بنەماکانی دەیتا و سیستمەکانی کار لە سەر ئینتەرنێت(٤٤).

لێرەوەش پێویستە لەسەر دامەزراوەکان کە کارمەندەکانیان ئامادە بکەن و لەسەر بەکارهێنانی کۆمپیوتەر ڕاهێنانیان پێ بکەن و لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە کەسە لێهاتووەکانیان هان بدەن و لە ناو دامەزراوەکەدا پێڕەویی بنەمای کێبڕکێ بکەن، هەروەها لە کاتی دامەزراندنیاندا کەسانی لێهاتوو لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاریدا هەڵبژێرن، ئەمەش بۆ گرەنتیی سەرکەوتنی پرۆژەی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنیی دامەزراوەکە، هەروەک چۆن گرەنتیی شارەزابوونی کۆمەڵگا لە چەمکەکان و ڕێکارەکانی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی پێویستی بەوە هەیە کە ئامادە بکرێن بۆ گۆڕانکارییەک کە وایان لێ بکات بتوانن هەرسی ئەو بازە گەورەیە بکەن لە بەڕێوەبردنی کلاسیکییەوە بۆ بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی(٤٥).

بۆ هاوکاریی دەستەبەرکردنی ئەمەش، پێویستە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بگیرێنە بەر:

- پێشکەشکردنی وانە و بەستنی کۆڕ و سیمینار لە بارەی تەکنەلۆژیای زانیارییەوە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە.

- زیادکردنی تەکنەلۆژیای ئەلکترۆنی وەکوو بابەتێکی سەرەکی لە پرۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردندا بۆ هەموو قوتابییان.

- ئەنجامدان و پاڵپشتیکردنی توێژینەوە لە بوارەکانی پەیوەندیدار بە کەڵکوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای زانیاری.

- پێشکەشکردنی بەرنامەی تایبەت لە ڕاگەیاندنەکانەوە بۆ پێدانی ڕۆشنبیری لە بوارەکەدا بە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە، چونکە ڕۆشنبیریی گشتی لە بوارەی بەڕێوەبردنی

تەکنەلۆژیدا دەتوانێت بەشدار بێت لە ڕوونکردنەوەی سوودەکانی گۆڕان بەرەو کۆمەڵگەیەکی دیجیتاڵی، هەروەک چۆن ڕۆشنبیریی ڕێکخستن لە بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنیدا دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە ببینێت لە گرەنتیی سەرکەوتنی پرۆژەکەدا.

- بەشداریی مکوڕانەی لایەنە سوودمەندەکان لە پرۆژەکەدا (جەماوەر و کارمەندانی حکومەت و کەرتی تایبەت و هەموو لایەنە بەشداربووەکانی تریش) دەتوانێت پشتگیرێکی باش بێت بۆ پرۆژەکە و هاوکاری سەرکەوتنی بێت.

- پەرەپێدانی سیستمی فێرکردن و ڕاهێنان بە جۆرێک کە بگونجێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بەرەو بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی(٤٦).

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە سیستمی حکومەتی ئەلکترۆنی و ئەوەشی کە لەخۆی دەگرێت لە تەکنەلۆژیای زانیاریی تازە، زۆر جار ئەوانە دەتۆقێنێت کە هیچ زانیارییەکیان لە بارەیەوە نییە و پێی ڕانەهاتوون. زۆر جاریش کارمەندە کلاسیکییەکان هەوڵ دەدەن لە بریی فێربوون و ئەزموونکردنی، ڕێگری بکەن لەوەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. بۆیە پێویستە قەناعەت بەوانە بکرێت کە شیاوێتیی قەناعەتیان تێدایە، ئەوانەش دوور بخرێنەوە کە دەبنە بەربەست لە بەردەم ئەو کەتوارەدا هاتووەتە پێشەوە و کەسانێک بخرێنە جێگەیان کە توانای هەستان بە کارەکەیان تێدایە(٤٧).

ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە بە زۆری لەو وڵاتانەدا هەندێک لە کارمەندان پرۆژەکە ڕەد دەکەنەوە و ئامادەی گرتنەبەری ڕێوشوێنی نوێ نین کە سەرچاوە مرۆییەکانیان لێهاتوویان کەمترە و ئابوورییشیان ناجێگیرە و هەلی کاری تریش تێیاندا کەمە. یەکەم هەنگاویش بۆ تێگەشتن لەم بابەتە و ناسینی؛ ئەوەیە کە وەڵامی پرسیاری ئەوە بدرێتەوە کە بۆچی کارمەندەکان ڕێگری دەکەن لە بەردەم گۆڕانکاریدا؟ کە ئەمەش دەکرێت لە چەند هۆکارێکەوە سەرچاوە بگرێت، لەوانە: ترسی ئەوەی کە تەکنەلۆژیا دەبێتە هۆی ئەوەی کە کارەکانیان لەدەست بدەن، ترسی لەدەستدانی ئەو هەژموونەی کە لە سیستمی بەڕێوەبردنی کلاسیکیدا بەدەستیان هێناوە، مامەڵەنەکردن لەگەڵ تەکنەلۆژیادا، ترس لەوەی کە تانەی دواکەوتوویی و نەزانییان لێ بدرێت لە بەردەم خەڵکانی تردا ئەگەر نەیانتوانی بە شێوەیەکی دروست بەکاری بهێنن، کە هەندێکیش ئەمە ناو دەبەن بە شۆکی تەکنیکی (Technical Shock). ترس لە تەکنەلۆژیا لەو باوەڕەوە سەرچاوە دەگرێت کە

ئەوان ناتوانن بگەن بە لێهاتوویی تەواو بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ، لە کاتێکدا کە لەگەڵ ڕەدکردنەوەیدا هیچ شتێک لەدەست نادەن. بۆ سەرکەوتنیش بەسەر بەرهەڵستکاریی گۆڕاندا، لە ڕێگای کەمپەین و بەرنامەی جۆراوجۆر، ڕوونکردنەوە، ڕاهێنان، هەڵسەنگاندن، پاداشت و نرخاندنەوە دەبێت[٤٨].

بەگەڕخستنی حکومەتی ئەلکترۆنی پێویستی بە دابینکردنی ئەو جۆرانە لە دەستی کار هەیە کە خاوەن لێهاتوویەکی بەرز و توانایەکی زۆری مامەڵەکردن بن لەگەڵ تەکنەلۆژیا نوێیەکاندا، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بکرێنە پسپۆڕی تەکنەلۆژیا، بەڵکوو مەبەست لێی ئەوەیە کە ئاستێکی بەرزی هۆشیاریی هەبێت بۆ تێگەیشتن لە چەمکی حکومەتی ئەلکترۆنی و مامەڵەکردن لەگەڵیدا[٤٩].

بە دڵنیاییەوە گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییە خێراکانیش ئەوەیان لەسەر وڵاتان پێویست کردووە کە ئاستی لێهاتوویی تاکەکانیان بەرز بکەنەوە و ڕایانبهێنن لەسەر مامەڵەکردنی کارای پێدراوە سەردەمییەکانی تەکنەلۆژیا، چونکە بەرەوپێشچوونی خێرای تەکنەلۆژیا لە کۆمپیوتەردا یەکێکە لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە ئاڵنگاریی زۆری دروست کردووە لە بەردەم زۆرێک لەو کەسانەی کە سەروکارییان لەگەڵ کارگێڕیدا هەیە بۆ قبووڵکردنی ئەم بەرەوپێشچوونە[٥٠]. بەشداریی مرۆییش جووڵێنەر و سەرچاوەی سەرەکیی گەشەپێدانە، بۆیە پێویستە گرنگیی زۆر بدرێت بە ڕاهێنانی و دووبارە چاندنی شیاوێتی تێیدا بۆ ئەوەی بتوانێت مامەڵە لەگەڵ تەکنەلۆژیای مۆدێرندا بکات[٥٠].

**بەشی سێیەم: تایبەتمەندییەکانی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی**

هەندێ لە توێژەران چەند خاڵێکیان وەک تایبەتمەندی بۆ بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی دیاری کردووە، لەوانە[٥٢]:

١. خێرایی دەستکەوت و بەجێگەیاندن: جێبەجێکردنی مامەڵە ئەلکترۆنییەکان لە چەند خولەکێک بەولاوە تێناپەڕێت، ئەمەش بەفیڕۆدانی کات دەگەڕێنەوە کە لە شێوازی کلاسیکیدا بۆ گواستنەوەی مامەڵەکان و گەڕان بەشوێن کارمەندی پسپۆڕ و چاوەڕوانی گەڕانەوە و هەستانی کارمەندێک بۆ وردبوونەوە لە بوونی مەرجەکانی خزمەتگوزاریی پێویست و تەواوکردنی مامەڵەکە بە شێوەیەکی دەستی ئەگەر مەبەستی بێت؛ بەفیڕۆ دەچوو. هەر بۆیە حکومەتی ئەلکترۆنی خزمەتگوزارییەکانی بە شێوەیەکی خێرا و ئۆنلاین

(on-line) دەخاتە بەردەست هاوڵاتییان لە بری وەستان لە ڕیزدا (in-line) و بەدیار نۆرەوە[٥٣].

٢. گەڕاندنەوەی کات و هەوڵ و پارە: لە سایەی ڕێکارەکانی حکومەتی کلاسیکیدا لە کاتی پێشکەشکردنی مامەڵەدا لە یەکێک لە فەرمانگە حکومییەکاندا، هاوڵاتی تووشی ڕۆتینی نووسراوکردن و هەڵەی مرۆیی و قەرەباڵغی لە بەردەم نووسینگەکانی وەزارەتەکاندا دەبێت و ناچارە لە ڕیزی سەردانکەراندا بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک چاوەڕوانی بکات و کاتێکی زۆر لە چاوەڕوانیی سەرەی مامەڵەکەی خۆیدا بەفیڕۆ بدات، لە کاتێکدا لە جێبەجێکردنی سیستمی حکومەتی ئەلکترۆنیدا پێویستی بەم ئاڵۆزییە نییە لەبەر ئەوەی خزمەتگوزارییەکانی بە شێوەیەکی سادە و ئاسان پێشکەش دەکات، ئەمەش بە هۆی بەرەوپێشچوونی گەورە لە بواری بەرەوپێشچوونی زانستیی هۆکارەکانی پەیوەندیی خێرا کە ئەمە بۆ ئەو نووسراوە کاغەزییانە دەست نادات کە لە حکومەتی کلاسیکیدا بەکار دەهێنرێت[٥٤].

لە سایەی خێرایی کارە ئەلکترۆنییەکاندا، چیتر پێویستی بە هەندێک لە خزمەتگوزارییەکانی وەکوو پۆستەی کلاسیکی تا ڕادەیەکی زۆر نەماوە، ئەوەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئیمەیلەوە کە بە ساتێکی کەم دەگاتە دەستی وەرگر و ئەگەر ئەویش ئامادەی وەڵام بێت، ئەوا بە کاتێکی کەم وەڵامەکە دەگەڕێتەوە. هەندێ لە کۆمپانیاکانی زانیاریی تایبەتیش، چیتر لە بری پۆستەی گشتی، چەند سایتێکی پۆستی ئەلکترۆنی وەکوو هۆتمەیل و یاهوو (yahoo hot mail &) بەکار دەهێنن بۆ دەستەبەرکردنی ئەو خزمەتگوزارییە گرنگە.

٣. زیادبوونی وردەکاری: کارڕاپەڕاندنی ئەلکترۆنی بۆ خزمەتگوزارییە ئاساییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە کارڕاپەڕاندنی دەستی وردتر و بێ هەڵەترن، هەروەک چۆن کارڕاپەڕاندنی ئەلکترۆنی ئاسانتر بۆ چاودێریکردن دەست دەدات لەچاو ئەو شێوازەی کە لە بەڕێوەبردنی کلاسیکیدا لەسەر فەرمانبەر پێویست دەکرێت، بەم هۆیەشەوە خزمەتگوزارییەکی باشتر دەگات بە کەسی شیاو و تواناکانی حکومەتیش بە باشترین شێوە کەڵکیان لێ دەبینرێت لە ڕێگای گرتنەبەری شێوازی هاوشێوەی بازرگانیی ئەلکترۆنی.

٤. کەمکردنەوەی تێچوون: هیچ گومانی تێدا نییە کە خستنەسەرپێی سیستمی حکومەتی

ئەلکترۆنی لە سەرەتاوە پێویستی بە تێچوونێکی زۆر هەیە بۆ کڕینی ئامێر و پێداویستی و ئامادەکردنی بەرنامە و ڕاهێنانی کارمەندان، لەگەڵ ئەوەشدا بەجێگەیاندنی کارەکان بە شێوەیەکی ئەلکترۆنی -دواتر-، تێچوونێکی زۆر کەمتری هەیە لە بەجێگەیاندنیان بە شێوەیەکی کلاسیکی یان دەستی، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندی پێویست بۆ کارکردن لە فەرمانگەدا، هەروەها کەمکردنەوەی ڕێکار و قۆناغەکانی کار، سەرەڕای کەمکردنەوە و بێنیازی لە کاغەز و ئامێرەکانی تری پەڕاوگە کە لەو خزمەتگوزارییەدا بەکار دەهێنرێن.

٥. ئاسانکاریی کارڕاپەڕاندن: لە ڕێگای حکومەتی ئەلکترۆنییەوە زاڵبوون بەسەر بیرۆکراتیەت و ئەو دەرەنجامە خراپانەی کە دەبێتە هۆی بەهەدەردانی توانا و کات و پارە، سزادانی خاوەن بەرژەوەندییەکان دێتە دی. لە سایەی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنییشدا زۆرێک لەو بەربەستە کارگێڕییانەی کە بۆ چەندین ساڵە لە بەردەم ڕێگرە بیرۆکراتییەکاندا بە ئەرزا چەقیون، بە هۆی گۆڕانەوە بەرەو شێوازی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی لەناو چوون. لە ژێر سایەی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنیدا چیتر ئەو کاغەزانە بەرچاو ناکەون کە دابینکردنیان کاتێکی زۆری پێویست بوو(٥٥). هەروەک چۆن لە بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنیدا تاکە فەرمانبەرێک دەتوانێت کاری مامەڵەی پێویستی کەسێک تەواو بکات و خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش بکات بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرۆك یان هاوپیشەکانی، ئەوەش لە ڕێی گەڕانەوە بۆ بنەمای ئەو زانیارییە ئاڵۆزانەی پێشوو لە بەڕێوەبردندا کە دەستی فەرمانبەرەکە دەکاتەوە کە لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانە کار بکات، ئەمەش ئەو شتەیە کە ئێستا لە هۆڵەندا کاری پێ دەکرێت(٥٦).

٦. شەفافیەتی کارگێڕی: کاتێک بە شێوەیەکی ئەلکترۆنی و بەبێ پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان خاوەن پلە و فەرمانبەری تایبەتدا مامەڵەکان ئەنجام دەدرێت، هیچ بوارێک بۆ بەرتیل و دەستی دەستیی فەرمانبەر ناهێڵێتەوە لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی پەیوەندیدارادا. هەروەک چۆن لەو ڕێگەوە بەگژاچوونەوەی گەندەڵیی وەزیفی و تاوانەکانی کار ئاسانترە، هەروەک چۆن کە کاری ئەلکترۆنی لە بەردەم خەڵکیدا ئەنجام نادرێت، ئەمەش وا دەکات کە بە شێوەیەکی ئاسانتر ئەنجام بدرێت بۆ دوورکەوتنەوە لە کێشەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی نێوان خەڵکانی خاوەن پلە و داخوازیکارانی خزمەت، بە

تایبەتی ئەو کەسانەی کە خاوەن هۆشیارییەکی نزمترن لە نێو خەڵکیدا.

٧. نەرمی: بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی بەڕێوەبردنێکی نەرم و لاستیکییە کە دەتوانێت بە هۆی تەکنەلۆژیا و تواناکانیەوە خێراتر وەڵامی ڕووداوەکان بداتەوە و لەگەڵیاندا بگونجێت و سنوورەکانی کات و شوێن و قورسیی پەیوەندی تێپەڕێنێت، کە ئەمەش هاوکاری فەرمانگە دەبێت لە پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەدا کە پێشتر بە هۆی ئەو بەربەستانەی کە باس کران؛ بەردەست نەبوون(٥٧).

## ئەنجام

بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی بووەتە پێویستییەکی لەڕادەبەدەری ئەمڕۆمان، تا ئێستا کۆمەڵێک زاراوە بۆ ئەم بابەتە بەکار هێنراوە و توێژەرانیش کۆمەڵێک پێناسەیان بۆ داناوە. سەرەڕای تازەیی ئەو زارانەوەشی کە بۆ کاری بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی دانراون، توێژەران و ئەوانەی کە گرنگی بە بابەتەکە دەدەن کۆمەڵێک پێناسەیان بۆ دیاری کردووە کە بەشێکی زۆری ئەم پێناسانە پێکەوە بەستراو و بەیەکداچوون و جیاوازییشیان لە نێوان چەمکەکانی حکومەتی ئەلکترۆنی و بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنیدا نەکردووە، بەڵام زاراوەی «بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی» وردتر و گشتگیرترە و لە ڕووی یاساییشەوە دروستترە، لەبەر ئەوەی بۆ تەواوکردنی کاری کارگێڕی بەکار دێت. بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنییش لە بنەڕەتدا و لە ڕووی دامەزراندن و تێچوونەوە کارێکی مرۆییە و مێژووی دەرکەوتنیشی بەستراوەتەوە بە بەرەوپێشچوونە زەبەلاحەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکانەوە.

حکومەتی ئەلکترۆنی بووتە پێویستییەکی بێچەندوچوون کە پێویستە لە هەموو دەوڵەتێکی مۆدێرندا جێبەجێ بکرێت کە بیەوێت بە بەرەوپێشچوونەکانی سەردەمی شۆڕشی دیجیتاڵیدا ڕابگات و لە شۆڕشی زانیاریی جیهانی دوا نەکەوێت. لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، پێویستە بەگژ نەخوێندەواریی ئەلکترۆنیدا بچنەوە و یاسا و ڕێکاری تایبەت لەو بارەوە دەربکەن و کادری پێویستی هونەری ئامادە بکەن و پێبەپێی بەرەوپێشچوونە تەکنیکییەکان بڕۆن، سەرەڕای توێژینەوە لە ئەزموونی ئەو کەسانەی کە پێشتر لەم بووارەدا کاریان کردووە.

جێبەجێکردنی بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ئابووری و گەشەپێدان

و کارگێڕیی هەیە، لەوانە: دروستکردنی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گەورە لەو ڕێکارانەی کە پێشتر لە بەڕێوەبردنی حکومیدا ئەگیرانە بەر، هەم لە ڕووی خێرایی بە جێبەجێکردن و کەمکردنەوەی هەنگاوەکان و کەمکردنەوەی تێچوونیش. سەرەڕای زاڵبوون بەسەر بیرۆکراتیەتدا بە واتا نەخوازراو و ئەو دەرەنجامە خراپانەیەوە کە دەبنە هۆی بەفیڕۆچوونی توانا و کات و پارە و سزادانی خاوەن بەرژەوەندی. بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنییش بەڕێوەبردنێکی نەرمە کە دەکرێت لە ڕێگای تەکنیکی و تواناکانیەوە وەڵامی خێرای ڕووداوەکان بداتەوە و لەگەڵیان بگونجێت و بەو هۆیەشەوە ئاڵنگاریی کات و شوێن بکات. ئەو بەرەوپێشچوونە زەبەلاحەش کە ڕووی داوە، بووەتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت و حکومەتەکان بیر لەوە بکەنەوە کەڵک لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی تەکنیکی وەربگرن، ئەویش بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی ئینتەرنێت بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە هاوڵاتییان بە شێوەیەکی ئەلکترۆنی، کە بتوانێت بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری بکات لە چارەسەرکردنی زۆرێک لەو کێشانە کە گرنگترینیان بریتییە لە قەرەباڵغی و وەستان لە ڕیزی دوورودرێژدا لە بەردەم فەرمانبەراندا لە دامەزراوە و فەرمانگە حکومییەکاندا، سەرەڕای دوورکەوتنەوە لە ڕۆتین و واسیتەکردن و هاوشێوەی ئەمانە کە دەبن بە بەربەست لە بەردەم بەرەوپێشچوونی سیستمی کارگێڕیی هەنووکەییدا. لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنییش بە خێرایی لە ڕاپەڕاندنی کار و گەڕاندنەوەی کات و توانا دەناسرێتەوە، کە ئەمەش یەکێکە لە بەرهەمەکانی بەرەوپێشچوونی تەکنیکی لە بواری پەیوەندییەکاندا.

## سەرچاوەکان

١. بن خليفة أحمد: المعرفة الألكترونية، منشور من قبل كلية العلوم الأقتصادية جامعة محمد خضير بسكرة، الجزائر ٢٠٠٩، ص١٨.
٢. بن خليفة أحمد: نفس المصدر السابق، ص١٨.
٣. أنظر دراسة: علي حسين باكير، المفهوم الشامل لتطبيق الحكومة الألكترونية، منشور في «آراء حول الخليج العربي، مركز الخليج للأبحاث، الأمارات، ٢٠٠٦، ص٢٦.
٤. أنظر سعد غالب ياسين: الأدارة الألكترونية وآفاق تطبيقاتها العربية، المملكة العربية السعودية، معهد الأدارة العامة، عام ٢٠٠٥، ص٣.
٥. أنظر دراسة علي حسون الطائي (دكتور): الحكومة الألكترونية وأمكانية تطبيقها في العراق، جامعة بغداد، ص٢.
٦. راجع عدنان ماشي والي: الأدارة الالكترونية أدارة بلا أوراق، ٢٠١٢ بحث منشور في http://kenanaonline.com) ص٨-٩.
٧. بدور سامي بكري: المصدر السابق، ص١٤.
• أتمتة اي: أتمَتَ يؤتمت، أَتْمَتَةً ، فهو مؤتمِت، والمفعول مؤتمَت:
• أتمَتَ الماكينةَ جعلها أوتوماتيكيّة، تعمل بالتشغيل الذاتيّ أو الآليّ « تعمل مصلحة الجمارك بنظام جمركيّ مؤتمَت، - أخذ دورة تدريب في التشفير وأتمتة البيانات ».راجع قاموس المعاني على موقع: (http://www.almaany.com).
٨. نفس المصدر، ص٣٨.
٩. نجم عبود: الإدارة الإلكترونية، الاستراتيجية والوظائف والمشكلات، الرياض: دار المريخ للنشر(٢٠٠٤م)، ص١٢٨ - ١٣٤. وكذلك بدور سامي بكري: دور الإدارة الالكترونية في تطوير أداء الموظفين، ص٣٧.
١٠. رأفت رضوان: الإدارة الإلكترونية: مركز المعلومات ودعم اتخاذ القرار بمجلس الوزراء، القاهرة (٢٠٠٤م)، ص٥.
١١. سحر القدورى الرفاعى: الحكومة الألكترونية وسبيل تطبيقها، ص٣١٠ وكذلك محمد محمد الهادي: الحكومة الألكترونية، نفس المكان السابق.
١٢. عبدا لرزاق السالمي (دكتور) و خالد إبراهيم السليطي (دكتور): الأدارة الألكترونية، ٢٠٠٨، ص ٣٩ وكذلك عبد الرحمن تيشوري (دارس في المعهد الوطني للأدارة العامة): الأدارة الألكترونية، بحث منشور في المنشاوي للدراسات والبحوث (copyright © ٢٠٠٢-٢٠٠٣ All Rights Reserved www.minshawi.com).
١٣. أنظر: محمود صبري خميس أبو حبيب: الإدارة الإلكترونية بين الواقع والتطبيق. الفوائد والسلبيات، كلية تكنولوجيا المعلومات، الجامعة الإسلامية، غزة، ديسمبر ٢٠٠٨م، ص٩. وكذلك أنظر علاء عبدالرزاق السالمي: الأدارة الألكترونية، دار وائل للنشر، الأردن، ص٣٩.
١٤. أحمد حسن بلح: الحكومة الألكترونية، كنانة أونلاين، الصندوق المصرى لتكنولوجيا المعلومات و الاتصالات © ٢٠٠٦ (www.kenanaonline.net)، ص٢.
١٥. برنوسي سعيدة: علم الإدارة دور المعلومات في رفع المردودية، سنة ١٩٩٩/٢٠٠٠، دبلوم الدراسات

العليا المعمقة في القانون العام، ص٢٥.

١٦. محمد نور برمان: «استخدام الحاسبات الإلكترونية في الإدارة العامة في الدول العربية» نظرة تحليلية مستقبلية» المنظمة العربية للعلوم، منشور في: ttp://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=١٢٧٢٥٥

١٧. محمود صبري: الإدارة الإلكترونية بين الواقع والتطبيق، ص٩.

١٨. نائل عبد الحفيظ العواملة: الحكومة الإلكترونية ومستقبل الإدارة العامة في دولة قطر، مجلة دراسات العلوم الإدارية، مج٢٩، ع١، ٢٠٠١م، (عمان: الجامعة الأردنية)، ص٤٥.

١٩. محمد بن عبد العزيز الضافي: مدى إمكانية تطبيق الإدارة الإلكترونية في المديرية العامة للجوازات بمدينة الرياض، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية، (١٤٢٧هـ/٢٠٠٦م). ص١٧.

٢٠. نائل عبد الحفيظ العواملة: المصدر السابق، ص٥٠.

٢١. فيصل زوهار: الادارة الالكترونية، الحوار المتمدن ، العدد: ٢٢١٨ - ٢٠٠٨ / ٣ / ١٢ (.www.ahewar org/debat/show.art.asp?aid=١٢٧٢٥٥)

٢٢. حسين بن محمد الحسن: الأدارة الألكترونية، ص٢٠ - ٢١.

٢٣. ماجد راغب الحلو (دكتور): الحكومة الإلكترونية والمرافق العامة، المؤتمر العلمي الاول حول الجوانب القانونية والأمنية للعمليات الإلكترونية منظم المؤتمر: أكاديمية شرطة دبي، ص١.

٢٤. الأنترنت عبارة عن مجموعة من ملايين الحواسيب المنتشرة في آلاف الأماكن حول العالم، ويمكن لمستخدم هذه الحواسيب أستخدام حواسيب أخرى للمشاركة في الملفات وذلك بسبب وجود بروتوكولات تسهل عملية التشارك. أنظر عامر أبراهيم قنديلجي وأيمان فاضل السامرائي: المعجم الموسوعي لتكنلوجيا المعلومات والأنترنت، دار المسيرة للنشر، عمان، ص١، ص٢٠٤ - ٢٠٥.

٢٥. طلال ناظم الزهيري (دكتور): استراتيجية بناء القدرات المحلية في تطبيقات تكنولوجيا المعلومات، الجامعة المستنصرية/قسم المعلومات والمكتبات، ص٤.

٢٦. بسام عبد العزيز الحمادي، ووليد بن سليمان الحميضي. «الحكومة الإلكترونية: الواقع والمعوقات وسبل التطبيق بدول مجلس التعاون لدول الخليج العربية»، ورقة عمل مقدمة إلى: الندوة الدورية العاشرة، (الرياض: معهد الإدارة العامة، ١٦-١٧ مارس، ٢٠٠٤م)، ص٤٢.

٢٧. بدور سامي بكري: دور الإدارة الالكترونية في تطوير أداء الموظفين، ص١٨-١٩.

٢٨. محمود صبرى خميس ابو حبيب، مصدر سابق، ص١٣.

٢٩. محمد عبد حسين آل فرج الطائي: المنظومة الكاملة في موسوعة النظم الأدارية الحاسوبية، دار زهران، للنشر عمان، ص٢١٧-٢١٨.

٣٠. قنديلجي وأيمان فاضل السامرائي: المعجم الموسوعي لتكنلوجيا المعلومات والأنترنت، ٢٠٤ - ٢٠٥

٣١. ثابت عبد الرحمن إدريس: نظم المعلومات الإدارية في المنظمات المعاصرة، الدار الجامعية، الإسكندرية، ٢٠٠٩، ص٥٠٠.

٣٢. ماجد راغب الحلو: المصدر السابق.

٣٣. عدنان ماشي والي: الأدارة الالكترونية أدارة بلا أوراق، ٢٠١٢، بحث منشور في: (.http://kenanaonline com)، ص١٦.

٣٤. عباس زبون عبيد العبودي (أ.د): الاطار القانوني للحكومة الالكترونية: مجلة العلوم القانونية والسياسية، جامعة ديالى، العراق العدد الأول، ص٧.

٣٥. المصدر السابق.
٣٦. ماجد راغب الحلو: المصدر السابق، ص٦.
٣٧. محمد حسين منصور (دكتور): الأثبات التقليدي والألكتروني، الأسكندرية، دار الفكر الجامعي، ٢٠٠٩، ص٢٦٩.
٣٨. محمد محمد الهادي، الحكومة الإلكترونية كوسيلة للتنمية والإصلاح الأداري، نفس المكان السابق.
٣٩. فيصل زوهار: مصدر سابق، ص١١.
٤٠. أنظر: عدنان ماشى والي: الأدارة الألكترونية أدارة بلا أوراق، ص٢٢.
٤١. بدور سامي بكري: دور الإدارة الالكترونية في تطوير أداء الموظفين، ص٤٥.
٤٢. احمد محمد غنيم: الإدارة الالكترونية أفاق الحاضر وتطلعات المستقبل، المكتبة العصرية، المنصورة، مصر، ٢٠٠٤، ص٤٥.
٤٣. بشير عباس العلاق، الإدارة الرقمية المجالات والتطبيق، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستشارية، أبو ظبي، الإمارات العربية المتحدة ط١/٢٠٠٥، ص٢١٧.
٤٤. عدنان ماشي والي: المصدر السابق، ص٢١.
٤٥. سعود بن محمد النمر وآخرون: الإدارة العامة، الأسس والوظائف، ط٦، (مكتبة الشقري: الرياض، ٢٠٠٦م)، ص٤٣٠.
٤٦. أنظر: الموجة الإلكترونية القادمة: الحكومة الإلكترونية، محمد صدام جبر، ص١٦٥-٢١٠. وكذلك الحكومة الإلكترونية ثورة على العمل الإداري التقليدي، يحيى محمد علي أبو مغايض ص ٦٠ - ٦٢.
٤٧. بدور سامي بكري: دور الإدارة الالكترونية في تطوير أداء الموظفين، ص٤٦.
٤٨. ماجد راغب الحلو (دكتور)، الحكومه الإلكترونيه والمرافق العامه، ص٦.
٤٩. محمد محمد الهادي: الحكومة الألكترونية، نفس المكان السابق.
٥٠. محمد عثمان الفيتورى ابومهارة (دكتور): مقومات ومعوقات تطبيق الحكومة الألكترونية... تجارب عربية عالمية، رئيس قسم التجارة الألكترونية، كلية اقتصاد والعلوم السياسية\بنى وليد، ص٥. Email: el_fitouri@yahoo.com
٥١. عدنان ماشي والي: الأدارة الألكترونية، أدارة بلا أوراق، ص٢٧.
٥٢. محمد عثمان الفيتورى ابومهارة: مصدر سابق.
٥٣. للمزيد راجع ماجد راغب الحلو(دكتور):الحكومه الإلكترونيه والمرافق العامه، ص٧ – ٩. وكذلك عباس زبون عبيد العبودي (أ. د): الاطار القانوني للحكومة الالكترونية: مجلة العلوم القانونية والسياسية، جامعة ديالى، العراق العدد الأول، ص٤. وكذلك حسين بن محمد الحسن: الأدارة الالكترونية بين النظرية والتطبيق، ص١٩-٢٠.
٥٤. د. طلال أبو غزالة: الحكومة الإلكترونية. (http://www.tagorg.com/default.aspx?lang=ar)
٥٥. عباس زبون عبيد العبودي (أ. د): المصدر السابق، ص٤.
٥٦. أنظر: حسين بن محمد الحسن: الأدارة الألكترونية بين النظرية والتطبيق، ص١٩.
٥٧. أنظر: دكتور عبد الفتاح بيومي حجازي: النظام القانوني لحماية الحكومة الإلكترونية - الكتاب الأول، ص٢٥.
٥٨. حسين بن محمد الحسن: المصدر السابق، ص٢١.

توێژینەوەی وەرگێڕدراو

ئایندەناسی

# توێژینەوەی ئایندەناسیی سیاسی

محەمەد ڕەحیمی عیوەزی

وەرگێران لە فارسییەوە: جوتیار نەریمان

سەرچاوە: وەرزنامەی ستراتیژ (راهبرد)، ساڵی بیست و پێنجەم، ژمارە ٧٩، هاوینی ٢٠١٦.

**پوختە**

سەبارەت بە ڕاڤەی پێوەندیی نێوان سیاسەت و توێژینەوەی ئایندەناسی دەکرێت سێ ڕێباز وێنا بکرێت. یەکەمیان، توێژینەوەی ئایندەناسی لە بواری سیاسەتدا کە بابەتی وەک گەشەی سیاسی، سیاسەتی دەرەکی، جیهانی ئیسلام و هتد لەخۆ دەگرێت کە دەکرێت وەک یەکێک لە ڕەگەزە پێکهێنەرە گرنگەکانی ئایندە ببێتە بابەتی چالاکییەکانی توێژینەوەی ئایندەناسی. ڕێبازێکی تر بریتییە لە ئایندە لە ڕوانگەی زانستی سیاسییەوە. لەم زەمینەیەدا سەرچاوەی زەوەند لە بواری توێژینەوەی سیاسیدا بەردەستە کە ئاماژە بۆ گەلێک گوزارە دەکات سەبارەت بە ئایندە و بەشێکی بەرچاویان تایبەتن بە بابەتی حکوومەت، دەستەڵاتی سیاسی، بەشداری و جیۆپۆڵەتیکی ئایندەی جیهان و زۆر شتی تر سەبارەت بە بابەتی ئایندە. ڕێبازی سێیەمی توێژینەوەی ئایندەناسیی سیاسی بریتییە لە جۆرێکی توێژینەوەی ئایندەناسی کە وەک زانستێکی گرێدراو بە ئایندەوە لە سیاسەت دەڕوانێت و لەسەر ئەو بڕوایەیە کە سیاسەتی ئەمڕۆ و دوێنێ، لە ڕاستیدا ئەو خواستانەی سبەینێیە کە ئەمڕۆ دەتوانرێت دروست بکرێن، یاخود پێداویستییەکانی بەدیهاتنیان لە ئایندەدا بڕەخسێنرێت. ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا لەسەر بنەمای ماهییەت و ماکی توێژینەوەی ئایندەناسی و سیاسەت لەبەر چاو گیراوە بریتییە لە: هەڵسەنگاندنی ئیمکانی توێژینەوەی ئایندەناسیی سیاسی و ڕوونکردنەوەی هەندێک لایەنی توێژینەوەی ئایندەناسیی سیاسی و تۆمارکردنی ستراتیژگەلێک لە پێناو بەدیهاتنی توێژینەوەی ئایندەناسیی سیاسیدا.

**کلیلە وشەکان:**

توێژینەوەی ئایندەناسی، سیاسەت، ئایندە، ئایندەناسی، سەرچاوە سیاسییەکان

### شیکردنەوەی باسەکە

لەمڕۆدا زانستی سیاسەت یەکێکە لەو زانستانەی کە چالاکانی بوارەکە ڕۆڵیکی گرنگیان لە ناساندنی ستراتیژ و بڕیار و هەڵوێست و هەنگاونان بەرەو داهاتووی دڵخوازی وڵاتان هەیە. دەستڕاگەیشتن بە داهاتوویەکی دڵخواز یەکێکە لە سەرەکیترین ئامانجەکانی زانایانی زانستی سیاسەت. مرۆڤ بۆ ئەوەی ژیرانە هەڵسوکەوت بکات پێویستە بەتەواوی ئاگادار و زانا بێت بە لێکەوتەی هەنگاوەکانی خۆی و ئەوانی دی و کاردانەوەکانیان، هەروەها ئەو هێزانەی لە دەرەوەی ڕکێفی ئەودان، هەروەها ئەو لێکەوتانەی کە تەنها لە ئایندەدا خۆیان نیشان دەدەن. لەم ڕووەوە ئامانجی توێژینەوەی ئایندەناسی بریتییە لە خوێندنەوەی ڕێکوپێک و سیستماتیکی داهاتوو. یەکێک لە زەمینە گرنگەکانی توێژینەوەی ئایندەناسی بریتییە لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگە بەرەو تێگەیشتنی گرنگیی زانستە سیاسییەکان و ڕۆڵی بنچینەیی و بێهاوتایان لە گەشەسەندنی زانستیی داهاتوو و کاریگەریی لەسەر ئامانجە ستراتیژییەکان. قەڵەمڕەوی توێژینەوەی ئایندەناسی بریتییە لە سەرقاڵبوون بە پێشبینیی زانستی سیاسی و ڕامان لەبارەی داهاتووی زانستەکەوە و ناسینی کێشەکانی، هەروەها هەوڵدان بۆ لابردنی بەربەست و ڕێگرەکانی و ئامادەکردنی دەرفەتە بەردەستەکان بە مەبەستی گەشەپێدان و بەرهەمهێنانی زانستی سیاسیی گونجاو لەگەڵ گۆڕانەکانی ئایندە و پێداویستییە خۆماڵییەکان. هەندێک ڕەگەزی بنەڕەتی لە توێژینەوەی ئایندەناسیدا هەن کە نیشاندەری گرنگیی [ئەم جۆرە توێژینەوەیەن] لە توێژینەوەکانی بواری زانستە سیاسییەکاندا:

- کرداری پێشگۆیی یان پێشبینیی ئایندە لەڕێی شێوازی جۆراوجۆرەوە؛
- هەڵسەنگاندنی وردی ڕەوتی هەنووکە لە بواری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، تەکنیکی و سروشتیدا؛
- گریمانەکانی ئایندە، بە واتایەکی دی، دۆخی جیهان لە داهاتوودا.

گرنگیی تێگەیشتن لەو تەوەرانەی سەرەوە وەستاوەتە سەر پێناسەی توێژەرانی ئایندەناسی بۆ توێژینەوەی ئایندەناسی. یەکێک لە بەناوبانگترین پێناسەکانی توێژینەوەی ئایندەناسی وێندڵ بێڵ[1] پێشکەشی کردووە. ناوبراو پێی وایە توێژینەوەی ئایندەناسی لە هەوڵی دیاریکردن، داهێنان، نیشاندان و ئەزموون و هەڵسەنگاندنی داهاتووی

گریمانکراودایە بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای بەهاکانی کۆمەڵگا ئایندەی دڵخواز هەڵبژێرێت و یارمەتیدەر بێت بۆ دارشتنی بناغەی باشترین ئایندەی دڵخواز (بل، ٢٠٠٣: ٧٣). ئامانجی سەرەکیی بێل بریتی بووە لە پێشکەشکردنی پێناسەیەک کە هەموو پێناسە بەردەستەکان لەخۆ بگرێت. لەم ڕووەوە دەتوانرێت بگوترێت پێناسەکەی بێل لەچاو پێناسەی ئەوانی دیدا لایەنی باشی پترە. لەم ڕووەوە لەنێوان زانستی توێژینەوەی ئایندەناسی و زانستی سیاسەتدا، لە بەشی تیۆری و کرداریدا پێوەندییەکی بەهێز هەیە کە لەم توێژینەوەیەدا لە چوارچێوەی توێژینەوەی ئایندەناسیی سیاسیدا دەخرێتە ڕوو.

**١. توێژینەوەی ئایندەناسی**

گەڵاڵەبوونی پسپۆڕیی «توێژینەوەی ئایندەناسی» کە ماکێکی تەواوی چەندپسپۆڕیی هەیە، لە سەروبەندی جەنگی جیهانیی دووەم و دواترەوە بوو. توێژینەوەی ئایندەناسی لە دەیەی شەستی زایینییەوە دەستی پێ کرد و وەک یەکێک لە پسپۆڕییە نوێیە زانستییەکان دامەزرا (عیوضی، ١٣٨٨: ١٣).

یەکێک لە گرنگترین گریمانکراوەکانی توێژینەوەی ئایندەناسی بریتییە لە ڕوانینی توێ توێ و فرەگەرا بۆ ئایندە. بە واتایەکی ڕوونتر، لە توێژینەوەی ئایندەناسیدا تەنها لەگەڵ یەک ئایندەی دیارکراودا دەستەویەخە نیین، بەڵکوو هەمیشە چەند توێیەک لە ئایندەکان لەبەردەم توێژەری سیاسەت و بەرنامەڕێژی سیاسەتدان. توێژەرانی ئایندەناسی لەڕێی پێشکەشکردنی هەندێک وەسف و ڕەچەتەوە سەبارەت بە ئایندە، دۆخێک دەڕەخسێنن کە بتوانرێت یەکێک لەو توێیانەی ئایندە هەڵبژێردرێت کە لەبەردەستدان. هەڵبژاردنێک کە زەمینەی ڕەفتاری کارایانە و دەسپێشخەرانە دەڕەخسێنێت. بەڵام بنەمای ئەم هەڵبژاردنە بریتییە لە بەردەستبوونی وێنەیەک لە ئایندە. پێناسەی جیاواز بۆ توێژینەوەی ئایندەناسی خراوەتە ڕوو. لێرەدا چاوێکی خێرا دەخشێنین بەو پێناسە جیاوازانەدا کە لەلایەن توێژەرانی ئایندەناسییەوە بەکار هاتوون. ڕۆی ئامارا٢ (١٩٧٤) پێی وایە توێژینەوەی ئایندەناسی بریتییە لە:

- هەموو هەوڵێکی سیستماتیک کە لەپێناو چاکسازیی تێگەیشتنی ئێمەدا بێت لە لێکەوتەکانی ئایندە و لە گەشەپێدان و هەڵبژاردنەکانی ئێستامانەوە سەرچاوەی گرتبێت.

• هەر هەوڵێک کە بۆ پەیڕەوبوندکردنی [methodical] گریمانە و لێکدانەوەکانمان سەبارەت بە ئایندە بدرێت. ئەم هەوڵانە دەبن بە سێ بەشەوە: هەڵگۆزینی ئایندە گریمانکراوەکان (هونەری ئایندەگەرایی)؛ هەڵگۆزینی ئایندە مومکینەکان (زانستی ئایندەگەرایی)؛ هەڵگۆزینی ئایندە دڵخوازەکان (سیاسەت و دەروونزانیی ئایندەگەرایی).

بە دەربڕینی وێندڵ بێڵ توێژینەوەی ئایندەناسی هەوڵ دەدات بۆ خوێندنەوەی سیستماتیک، کەشف، داهێنان، پێشکەشکردن، ئەزموون و هەڵسەنگاندنی ئایندە مومکینەکان، گریمانەییەکان و دڵخوازەکان. توێژینەوەی ئایندەناسی سەبارەت بە ئایندە بژاردەی جۆراوجۆر دەخاتە بەردەست تاک و ڕێکخراو و دامەزراوەکان و یارمەتییان دەدات لە هەڵبژاردن و بونیادنانی دڵخوازترین ئایندەدا (Bell, 2003:73).

هەندێک لە توێژەرانی ئایندەناسی لەڕووی ماهییەتەوە توێژینەوەی ئایندەناسی وەک بەشێک لە شیکاریی سیستەم لەبەرچاو دەگرن. لەنێو ئەم توێژەرانەی ئایندەناسیدا ناوی ئی. ئێس. کوایدە[٣] و وەین ئای. بۆیشەر[٤] بەرچاو دەکەوێت.

بەپێی پێناسەی کوایدە بۆ شیکاریی سیستەم، تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی توێژینەوەی ئایندەناسی لەم خاڵانەدا کورت دەکرێتەوە:

١. توێژینەوەی ئایندەناسی، شێوازێکی نوێی هەڵسەنگاندنی ئایندە و ڕێبازێکی نوێیە. هەنگاوێکی شیاوی بەکارهێنانە کە ڕووی لە گۆڕانە کاریگەر و بەهەمەدارەکانە؛

٢. توێژینەوەی ئایندەناسی ناتوانێت وەڵامدانەوەی ئایندە بە گریمانە ناکۆتاکانیەوە لە ئەستۆ بگرێت، بەڵکوو ئەرکی بریتییە لە هەڵسەنگاندنی پرس و کێشەکانی؛

٣. شێوازناسییەکەی کردارگەرایانەیە؛

٤. توێژینەوەی ئایندەناسی لە پێشبینی و هەڵسەنگاندنی دەستەیەک لە جێگرەوە هاوپێوەندەکان لەگەڵ کێشە[ی مەبەست] گرێدراوی ئایندەیە، یان ئایندەتەوەرە.

تایبەتمەندییەکی گرنگ کە توێژینەوەی ئایندەناسی جیا دەکاتەوە لە توێژینەوە لە هەنگاو و کردارەکان، بریتییە لە ئامانجەکانی. توێژینەوەی ئایندەناسی پرۆسەی بڕیاردان لە زەمینەیەکی درێژماوەدا لەبەر چاو دەگرێت، بەڵام توێژینەوە لە هەنگاو و کردارەکاندا تەرکیز لەسەر زەمینەیەکی کورتماوە دەکات.

سوهەیل عینایەتوڵڵا پێی وایە توێژینەوەی ئایندەناسی بریتییە لە خوێندنەوەی سیستماتیکی ئایندەی مومکین، گریمانەیی و هەڵبژێردراوەکان و ڕوانین و جیهانبینیی و ئەفسانە بنەڕەتییەکانی هەر ئایندەیەک (عنایت الله، ٢٠٠٧: ١). ئەوەی لەو پێناسانەی باس کران بەدەست دێت بریتییە لە نەبوونی کۆدەنگی لە نێوان توێژەرانی ئایندەناسی لە وەسفکردنی ئەم زانستە ستراتیژییەدا. بێگومان یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم بابەتە بریتییە لە ساوابوونی توێژینەوەی ئایندەناسی. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بابەتە، دەبێت بڵێین پێشکەشکردنی پێناسەیەکی تێروتەسەل بۆ ئایندەناسی دژوارە.

توێژینەوەی ئایندەناسی لەسەر چەند گریمانە دامەزراوە لەبارەی جیهانی بوون و ڕۆڵی مرۆڤ [تێیدا]. لێرەدا چاو بە هەندێک لەو بنەما سەرەکییانەدا دەخشێنین کە نیشانەی سەرەکیی بیرکردنەوەی توێژەرانی ئایندەناسین:

**پێوەندیی ڕابردوو و ئێستا:** ئەم بنەمایە تا ڕادەیەک لەنێو هەموو توێژەرانی ئایندەناسیدا هاوبەشە کە جیهانی بوون یەکپارچەیە نەک تێکەڵەیەک بێت لە بەشی سەربەخۆ و لێکدابراو. لە ڕوانگەی ئایندەناسییەوە مرۆڤیش وەک هەموو بوونەوەران بەشێکە لە جیهانی بوون.

بە بڕوای توێژەرانی ئایندەناسی زۆر لە دەرکەوتەکانی جیهانی داهاتوو لە هەناوی جیهانی ئێستاوە دێنە بوون. لەم ڕووەوە بە ڕوانینی ورد بۆ ڕووداوەکانی جیهانی چەند ساڵی ڕابردوو دەتوانین زۆر شت لەبارەی داهاتووەوە بزانین.

چەمکی «ڕوانگەی ستراتیژی»یش بە جۆرێکی دی هەبوونی ئەم پێوەندییە نیشان دەدات. لەسەر ئەم بنەمایە، ئایندە بە نسبەت ئێستا و ڕابردووەوە لایەنی هۆکارێتی پەیدا دەکات و ڕوانگەیەک کە ئێمە هەمانە بۆ ئایندە و ئایندەی دڵخواز، بڕیارەکانی ئێستا و ڕابردوومان دەگۆڕێت: «ئامانجی بیرکردنەوە لەسەر بنەمای ڕوانگە، بریتییە لە ڕوونکردنەوەی هەڵبژاردنەکانی ئێستا و ڕابردوو لەژێر تیشکی ئایندە مومکینەکاندا» (گودە، ١٣٧٥: ١٥٤).

**هێزی ڕوانگە:** لەو شوێنەدا کە ئایندە لە ئارادا نییە، دەبێت دای بهێنین؛ واتە دەبێت ئایدیاگەلێک بخرێنە ڕوو کە لە چوارچێوەی خستنەڕووی مەفهوومەوە ڕەوتی هزری دروست بکەن و ئەو ڕووداوانە نیشان بدەن کە ڕەنگە لە ئایندەدا ڕوو بدەن، هەروەها

گوتار بەرهەم بهێنن. گرنگیی ئەم ئایدیایانە لەوەدایە کە بیرکردنەوەی ئێمە تێکەڵەیەکە لە دەرککردنی ڕابردوو و وێنە زەینییەکانی ئێمە سەبارەت بە ڕووداوە گریمانەییەکانی داهاتوو. ئەو وێنەیەی کە ئێمە هەمانە سەبارەت بە داهاتوو ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە بەدیهاتن، یان بەدینەهاتنی ئایندە بەو شێوەیەی کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە. لەمڕۆدا یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر ئایندە، وێڕای ڕەوت و ڕووداوەکان بریتییە لەو وێنانەی کە ئێمە لەبارەی ئایندەوە هەمانە. ئەمە هەر ئەو شتەیە کە پێی دەگوترێت هێزی ڕوانگە بۆ ئافراندنی ئایندەیەکی دڵخواز (مونرو، ١٣٨٥: ١٤).

## ٢. هەندێک ئامانج لە توێژینەوەی ئایندەناسیی سیاسیدا

بەهێزکردنی زەمینەی ناسینی بابەتە سیاسییەکان لەڕێی بەکارهێنانی تیۆرییە زۆر بەکارهاتووەکانی ناو کایەی سیاسەتەوە دەبێت وەک: تیۆریی ئاژاوە، تیۆریی گەمەکان، تیۆریی ڕووبەڕووبوونەوە، تیۆریی ئاڵۆزی و هتد. دەتوانین هەندێک لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەی ئایندەناسیی سیاسی بەم شێوەیە بژمێرین:

١. ئامادەکردن و ڕێکخستنی ڕێسا بۆ گۆڕانە سیاسییەکان کە لە ئایندەدا ڕوو دەدەن و لەسەر بنەمای توێژینەوەی ئایندەناسی شیاوی پێشبینیکردنن؛

٢. ناسین و تێگەیشتنی دروستی بابەتە نوێباوەکان و ئاڵنگارییە سیاسییەکان کە دێنە پێش؛

٣. بەرنامەڕێژیی درێژماوە و کورتماوە و ڕێگری لە ئاکامە زیانهێنەکانی ڕووداوە پێشبینینەکراوەکان؛

٤. خۆپاراستن لە هەنگاونان لە بەستێنی مەترسیدار و نەناسراو و ژینگەی پڕئاژاوەدا؛

٥. قبووڵکردن و تێگەیشتن لە گرنگیی ئایدیاکان، بەهاکان و ڕوانینە ئەرێنییەکانی ڕابردوو و ئێستا لە ئافراندن و بەدیهێنانی ئایندەدا؛

٦. شیکاریی ڕەوتە سیاسییەکانی ڕابردوو و ئێستا بە مەبەستی ناسینی بابەتە پێشگیرانەکان و ئەزموونە نەرێنییەکان کە هەرەشەن لەسەر گۆڕانکارییەکانی ئایندە؛

٧. دروستکردنی دیدگایەکی سیستماتیک، ڕێکوپێک و لۆژیکی لەبارەی گۆڕانەکانی داهاتوو لەگەڵ پاشخانێکی مەعریفی و بنچینەیەکی بوونناسی.

### ٣. پتەوکردنی تیۆریی سیاسی لە شیکاریی ڕەوتی گۆڕانە سیاسییەکانی ئایندەدا

تیۆرییە سیاسییەکان پتر لە تیۆرییەکانی دی دووچاری گۆڕان و چاکسازی دەبن، بە جۆرێک کە لەمڕۆدا تیۆرییە سیاسییەکان پۆلێن دەکرێن بەسەر کلاسیک و نوێدا کە لە چەند ڕوویەکەوە دەتوانرێت لە نێوان ئەم دوو دەستەیەی تیۆرییە سیاسییەکاندا جیاکاری بکرێت. لەم ڕووەوە بە شێوەیەکی تایبەت دەتوانین ئاماژە بۆ جیاکاریی نێوان ئەو دوو جۆرە تیۆرییە بکەین لە ڕووی بابەت و شێوازەوە. لەم ڕووەوە تیۆرییەکی سیاسی کاتێک کە دەبێت بە تیۆرییەکی سیاسیی نوێ لە ڕووی شێوازیشەوە گۆڕانی بەسەردا دێت. لەبەر ئەمە تیۆریی سیاسیی نوێ پێبەندیی جیاوازی هەیە لە پێبەندی و لێکەوتەی شێوازی تیۆریی سیاسیی کلاسیک. یەکێک لەو پێبەندییە شێوازیانەی گۆڕانی تیۆریی سیاسی لە کلاسیکەوە بۆ نوێ بریتییە لە ڕوانینی هەندەکی (جزئی). لەم ڕووەوە تیۆریسیەنی سیاسیی نوێ بە پێچەوانەی تیۆریسیەنی کلاسیکەوە لە شیکاری و ڕوونکردنەوەی بابەتە سیاسییەکاندا سەرقاڵی بابەتە هەمەکییەکان (کلیات) نابێت، بەڵکوو گرنگی بە بابەتە هەندەکییەکان و نموونەکان دەدات و ڕوانینی هەندەکییە. لە لایەکی ترەوە تیۆرییە سیاسییە نوێیەکان لەسەر بنەمای ئیرادەگەراییین بە پێچەوانەی تیۆرییە سیاسییە کلاسیکییەکانەوە کە جەبرگەرایی زاڵە بەسەریاندا. لەم ڕووەوە تیۆریسیەنە نوێیەکانی زانستی سیاسەت لە شیکاریی دیاردە سیاسییەکاندا پابەندی شێوازێکی تایبەت نین، لەبەر ئەمەیشە شێوازێکی تێکهەڵکێش بەکار دەهێنن. یەکێکی تر لە پێبەندییە میتۆدییەکانی گۆڕانی تیۆریی سیاسی لە کلاسیکەوە بۆ نوێ بریتییە لە ڕوانین بۆ ئایندە. لەم ڕووەوە تیۆریسیەنەکانی تیۆریی سیاسیی نوێ چاو دەبڕنە ئایندە و لەبەر ئەمەیش لەمڕۆدا جەخت دەکرێتەوە لەسەر گرنگی و زەرورەتی توێژینەوەی ئایندەناسی لە شیکارییە سیاسییەکاندا. لەم ڕووەوە پرسیار ئەوەیە کە تیۆرییەکی سیاسی چۆن دەتوانێت وەک تیۆرییەکی زاڵ لە ڕەوتی ئایندەی گۆڕانە سیاسییەکانی ڕووداوێکی دیاریکراودا جێگەی هەبێت؟

بۆ گەیشتن بە وەڵامی دروست، سەرەتا پێویستە پێناسەی تیۆری بکەین، پاشان پتەوکردنی بنەماکانی بخەینە بەر باس. ئەگەر تیۆرییەک پێکەوەگونجانی لۆژیکی و پتەوی و بەهێزیی هەبوو و بنەماکانی کامڵ بوو، بێگومان دەکرێت وەک تیۆرییەکی زاڵ لە ڕەوتی

گۆڕانە سیاسییەکانی ڕووداوێکی دیاریکراودا جێگەی هەبێت. پێناسەی جۆراوجۆر کراوە بۆ تیۆری. نووسەر[ی ئەم توێژینەوەیە] بڕوای وایە: «تیۆری بەرهەمی بیر و کەڵکەڵەی مرۆڤە سەبارەت بە تێگەیشتنی لۆژیکی و ژیرانەی ئەو ڕووداو و گۆڕانانەی کە ژیانی خۆی و هاوڕەچەڵەکەکانی دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە» (عیوضی، ١٣٨٥: ١٦). کەواتە تیۆری سەرەتا بەرهەمی هزرە، پاشان کەڵکەڵەیەکی مرۆییە سەبارەت بە تێگەیشتنی لۆژیکی و ژیرانەی ڕووداو و گۆڕانەکان کە کار دەکەنە سەر ژیانی مرۆڤ. لەسەر بنەمای پێناسەی تیۆری دەتوانین بڵێین تیۆریی سیاسی وەک بەرهەمێکی هزری شیکاریی ڕووداوە سیاسییەکان لە ئەستۆ دەگرێت بە مەبەستی پێشکەشکردنی ڕێگەچارە و وەڵامی گونجاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران و ئاڕێشە و کێشە سیاسییە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگە. تیۆرییەکی دیاریکراو کاتێک دەتوانێت وەک تیۆرییەکی زاڵ لەنێو تیۆرییە ڕکابەرەکاندا جێی خۆی بکاتەوە کە دەبێت بڕستی ناوەکی و دەرەکیی (ظرفیت درونی و بیرونی) هەبێت بۆ شیکاریی ڕووداوەکان:

١. بڕستی ناوەکی: بڕستی ناوەکیی تیۆرییەکی دیاریکراو بریتییە لە بنەما و بنچینە هزرییەکان وەک بنەماکانی هەبووناسی، مرۆڤناسی و مەعریفەناسی کە وەک پاڵپشتێکی هزریی تیۆری دەخرێنە بەر باس.

٢. بڕستی دەرەکی: بڕستی دەرەکیی تیۆرییەکی دیاریکراو بریتییە لەوەی کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیۆرییەکانی دیدا توانایی دروستکردنی ئاڵنگاریی هەبێت لەگەڵ تیۆرییە ڕکابەرەکاندا و ئەم توانایییە کاتێک مومکینە کە تیۆرییەکە لەباریدا بێت ڕووداوە سیاسییەکان بە لەبەرچاوگرتنی ڕابردوو و ئێستا و ئایندە شیکاری بکات.

بە دەربڕینێکی دی ڕوانین بۆ ئایندە لە تیۆریی زاڵدا بابەتێکە کە یارمەتیی ئەوە دەدات تیۆری بتوانێت بە پشتبەستن بە ڕابردوو و سوودبینین لە ئەزموونە بونیادنەرەکانی ڕووداوە سیاسییە هەنووکەییەکان بە شێوەیەکی لۆژیکی شیکاری بکات و گۆڕانیان تێدا بەدی بهێنێت و بۆ داهاتوویش ڕێگەچارە و ڕێکاری لۆژیکی و ژیرانە پێشکەش بکات. لە ڕاستیدا جۆری شیکاریی پرس و ڕووداوە سیاسییەکان و پێشکەشکردنی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ ئایندە و توانایی وەڵامدانەوەی پرسە سیاسییە هەنووکەییەکان بە پشتبەستن

بە بڕستە ناوەکی و دەرەکییەکانی تیۆرییەکە دەرخەری توانایی تیۆرییەکەیە لە مەیدانی ڕکابەرایەتی لەگەڵ تیۆرییەکانی دیدا. لەمڕۆدا تیۆریی سیاسیی جۆراوجۆر بۆ پێشبینی خوێندنەوەی گۆڕانە سیاسییەکانی داهاتوو لە ئارادان کە بە ڕەوتێکی ڕوولەگەشەدا تێ دەپەڕن لە توێژینەوەکانی ئایندەناسیدا. سەبارەت بە ڕووداوە ڕەوتسازە سیاسییەکانی توێژینەوەی ئایندەناسیی سیاسی ئێمە لە لایەکەوە لەگەڵ نادڵنیاییەکان و لە لایەکی ترەوە لەگەڵ ئاڕاستەکەرەکان مامەڵە دەکەین. یەکێک لە ڕێگا گەشەسەندووەکانی چارەسەری پرسە سیاسییەکان لە دۆخی نادڵنیاییدا بریتییە لە تیۆریی شیمانە (نظریە احتمال) کە دەتوانرێت ئاماژە بکرێت بۆ ئەو نادڵنیاییانەی کە لەو ڕەهەندانەوە سەرچاوە دەگرن کە لە دۆخی هەنووکەدا ڕوو دەدەن. تیۆریی شیمانە لە هەندێک دۆخی نادڵنیاییدا بەکار دەبرێت کە دڵنیایی تەواو لەگۆڕێ نەبێت، [هەروەها کاتی بوونی] ناجێگیری لە کاریگەرییە ئاڕاستەکەرەکاندا، نەبوون یان گۆڕانی ڕەوتەکان و ئەوەی کە بەهۆی ئاڵۆزیی دۆخی ژینگەیی و فراوانیی هۆکارە کاریگەرەکانەوە بەباشی توانایی دەستنیشانکردنیان لە ئارادا نەبێت و لێکەوتەی ئەم کاریگەرییانە بەشێوەی جیاجیا نەتوانرێت هەڵبسەنگێنرێت.

لەبەر ئەوە بەکارهێنانی تیۆریی شیمانە لە گۆڕانەکانی داهاتوودا و دەستڕاگەیشتن بە ئەلگۆریتمێک بۆ پێشبینیی ئایندە گریمانکراوەکان (سیناریۆ گریمانکراوەکان) لەڕێی لەبەرچاوگرتنی ڕەوتەکان و نادڵنیاییەکان (گریمانە مومکینەکان) و پێشهات و ڕووداوە نزیک بە ڕوودانەکانەوە دەبێت.

هەرچەند تیۆریی شیمانە بۆ ڕوونکردنەوەی ئایندە و ئەو لێکەوتانەی لە ئاڕاستەکەرە سیاسییەکان بەدەست دێت زۆر پێویست و گونجاوە، بەڵام بەتەنیایی ناتوانێت شیکاری و سیناریۆسازی بکات؛ لەبەر ئەمە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە مەیدانی سیاسەت و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەستکەوتی گەمەکەر تەنها نەبەستراوەتەوە بە هەڵسوکەوتی خۆیەوە، بەڵکوو کاریگەرە بە هەڵسوکەوتی یەک یان چەند گەمەکەری دی و ئایندەکان لەژێر کاریگەریی ئەم ڕێسایەدان، لەبەر ئەوە تیۆریی گەمەکان بۆشایی شیکارییە تیۆرییەکانی ئایندەی گۆڕانە سیاسییەکان پڕ دەکاتەوە. تیۆریی گەمەکان و گەمەسازیی ئایندە پێوەندیی نزیکی هەیە لەگەڵ بڕیاردان و دانوستاندا. ئەم تیۆرییە

بۆ خوێندنەوەی ئایندەی پێوەندیی هێزە سیاسییەکان بەکار دێت کە تێیدا دانوستان و هەوڵ بۆ پێشبینیی هەنگاوەکانی ڕکابەر، یان بەربەستکردنی ڕکابەر و بەکارهێنانی تەکنیکی شیکاریی ئەنجامداری تیۆریی گەمەکان پێکەوە گرێدراون.

گرنگترین بنەما لە تیۆریی گەمەکاندا بریتییە لە ڕوانگەسازیی پێوەندییەکان لە بواری کرداریدا کە لەسەر بنەمای هۆشمەندی و ژیرانەبوونی هەڵسوکەوتی گەمەکەرانە.

تیۆرییەکی دی لە توێژینەوەکانی ئایندەناسیدا لە بواری گۆڕانە سیاسییەکاندا بە شێوەیەکی تایبەت بەکار دێت، بریتییە لە تیۆریی ئاژاوە. لە دیدی تیۆریی ئاژاوەوە سیستمە ئاڵۆزەکان تەنها ڕواڵەتێکی ئاڵۆزیان هەیە و دواجار وا دەکەونە بەر چاو کە نارێک و بەرێکەوتن، بەڵام بەپێی هاوکێشەیەکی بیرکاریی ڕوون لەسەر ڕەوتێکی دیاریکراون. لەم ڕووەوە بابەتی ئاژاوە لە بیرکاریدا بەگشتی لەژێر ناوی «ئاژاوەی دیاریکراو»دا دەخرێتە بەر باس کە لەسەر بنەمای تیۆریی «گەشەی نا-هێڵیی فیدباکی» (رشد غیر خطی بازخوردی) دامەزراوە. لەم ڕوانینەدا دەتوانرێت ئاژاوە بە پرۆسەیەکی نا-هێڵیی دیاریکراو بزانرێت کە پەشێو و بەرێکەوت نییە، بەڵام وا دەردەکەوێت. تیۆریی ئاژاوە ئەم گریمانەیە دەخاتە ڕوو کە زۆر لەو سیستەمانەی بە ڕواڵەت دەردەکەون بەرێکەوت بن، بەتەواوی پەیڕەوی لە پێوەندییەکی بیرکاریی نا-هێڵی دەکەن و دواجار شیاوی پێشبینیکردنن.

لە سیستمێکی ئاژاوەدا هۆکاری سەرەکیی بەرزونزمیی لێکەوتەکان بریتییە لە میکانیزمە ناوەکییەکانی سەر بە سیستمە نا-هێڵییەکە کە بەرهەمهێنەری پێدراوەکانە نەک ڕووداوی پێشهاتە دەرەکییەکان. کاتێک سیستمێکی فیدباکی نا-هێڵی لە دۆخی ئارامی هاوسەنگیی بەردەوام دەربچێت و بەرەو هاوسەنگییەکی نائارام و فرەناجێگیر بچێت لە قۆناغێکی ناجێگیریی سنووردار ڕەت دەبێت کە تێیدا هەڵسوکەوتێکی یەکجار ئاڵۆز دەنوێنێت. دەتوانرێت ئەم قۆناغە ناو بنرێت ناوچەی سنووریی نێوان هاوسەنگیی جێگیر و هاوسەنگیی ناجێگیر. لەم ناوچە سنوورییەدا دوو هێزی پێکدژ سیستمەکە بە ئاراستەی جیاوازدا دەبەن. کاتێک کە سیستمەکە لەم ناوچە سنوورییەدا بێت ناتوانرێت هیچکام لەم هێزە پێکدژانە لەناو ببرێن. کاتێک کە سیستەمەکە لە ناوچەی سنووریدا بێت هەرگیز بە جۆرێکی ڕێکوپێک هەڵسوکەوت ناکات کە ببێتە هۆی هاوسەنگی. بە پێچەوانەوە

هەندێک مۆدێلی ڕەفتاری دروست دەکات کە نەک هەر ناڕێکوپێکن، بەڵکوو بەتەواوی لە دەرەوەی پێشبینین. هەرچۆنێک بێت ئەو ڕەفتارانە لەڕووی چۆنیەتییەوە مۆدێلێکی شاراوەیان هەیە. زانایان ئەم تێکەڵەیە لە پێشبینینەکراوی و مۆدێلی چۆنیەتییەیان ناو ناوە فراکتاڵ (fractal). کەواتە ئاژاوە یان پەشێوی بە واتا زانستییەکەی وشەکە بریتی نییە لە بێسەروبەریی ڕەها، بەڵکوو زیاتر بریتییە لە ناجێگیرییەکی سنووردار نەک ناجێگیرییەکی بەهێز و لە دەرەوەی کۆنترۆڵ. تێکەڵەیەکە لە نەزم و بێنەزمی کە تێیدا مۆدێلەکان بە شێوەیەکی بەردەوام لە نموونەی بێنەزم، بەڵام هاوشێوەدا دەردەکەون.

کاتێک سیستمێک جێگیر یان ناجێگیر بێت، ئایندەی کورتماوە و درێژماوەی سیستمەکە بەتەواوی شیاوی پێشبینیکردنە، بەڵام کاتێک کە سیستم لە پەشێویدا ڕۆ چووبێت، دەتوانرێت هەڵسوکەوتی کورتماوەی پێشبینی بکرێت لەبەر ئەوەی گۆڕانە بچووکەکان بۆ ئەوەی گەورەتر ببن و گەشە بکەن پێویستیان بە کاتە، بەڵام پێشبینیی هەڵسوکەوت و لێکەوتە درێژماوەکانی مومکین نییە. لەم دۆخەدا پێوەندیی نێوان هۆکار و هۆکرد لەڕووی کات و شوێنەوە لێک دوورن. بوونی وەها مەودایەک لەنێوان هۆکار و هۆکردەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی دەستنیشانکردنی ئەوەی چ شتێک بووەتە هۆی چ شتێک دژوار بێت؛ واتە پێشبینیی ورد و دروستی ئەوەی لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا ڕوو دەدات یەکجار قورس بێت. لە ڕاستیدا تاکە ئایندەیەک لە ئارادا نییە کە ئەم سیستمە بەهۆی هۆکارێکی دەرەکییەوە بەرەوڕووی دەبزوێت، بەڵکوو ئایندەگەلی گریمانەیی زۆر هەن و ئەوەی دەکەوێتە بەرچاو پێوەندیی هەیە بەوەی سیستمەکە و سیستمە ئافرێنەرەکانی دەوروبەر دەیئافرێنن، بەڵام پێشبینی هەڵنەگریی ناوەکی و خودی (پیشبینی ناپذیری درونی و ذاتی) لە درێژماوەدا، هەروەها پێوەندیی ناڕوونی نێوان هۆکار و هۆکرد تەنها تایبەتمەندیی پەشێوی نییە (روزنا، ٢٠٠٥: ١٤-١٢).

کەواتە تیۆرییە سیاسییەکان بە کردەوە لە شیکاریی ڕەوتی گۆڕانە سیاسییەکانی داهاتوودا لەگەڵ شێوازگەلی بەپێزدا لە پەیوەندیدان کە دەتوانرێت لەسەر بنەمای ئەوانە هەندێک پێشبینی بکرێت بۆ گۆڕانە سیاسییەکان کە پێویستە شێوازە میتۆدییەکانی بواری سیاسەت لەسەر بنەمای پێشبینی لە توێژینەوەی ئایندەناسیی سیاسیدە ڕەچاو بکرێت.

ئاتیلا هاڤەس٦ بە دیاریکراوی گەشەسەندنی بەردەوامی پێشبینی گرێ دەداتەوە بە هۆکاری گرنگی وەک بەجیهانیبوون، گۆڕانە سیستمی و تەکنەلۆژییەکان، ئاڵۆزیی بارودۆخ، ئاڵنگارییەکانی بڕیاردان، بابەتە ژینگەییەکان، دەرکەوتنی نادڵنیاییەکان، بەدەستهاتنی کارامەیی نوێ، هاوکارییە دەستەجەمعی و ڕایەڵەییەکان، پەستانە ئابووری و سیاسییە پەرەسەندووەکان بۆ سەر دەوڵەتان، چوونەژێرپرسیاری متمانەی توێژینەوە زانستییە باوەکان، تاکگەرایی و گرنگی پەیداکردنی بڕیارە تاکەکەسییەکان (Havas, ٢٠٠٣: ٣٤). وا دێتە پێش چاو کە شێوازەکانی توێژینەوەی پێشبینی لە دوو دەیەی ڕابردوودا گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە و لەڕووی بابەتی و میتۆدناسییەوە بە شێوەیەکی بنچینەیی گۆڕاوە. ئەم گۆڕانە میتۆدناسییانە ناسینی دیاردە سیاسییەکانی بزۆک کردووە.

### ٤. پێوەندیی نێوان پێشبینی و ڕوونکردنەوەی زانستی

لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوونکردنەوە پێشەکیی پێشبینییە کە خۆی وەستاوەتە سەر خستنەڕووی وەسفێکی تێروتەسەلی دیاردەکان. گرنگیی ڕوونکردنەوە لەوەدایە کە قانوون و ڕێسا بنچینەییەکانی پێشبینی دەخاتە ڕوو. لە ڕاستیدا ئەو دیاردانەی توێژینەوەیان لەبارەوە دەکرێت لە چوارچێوەی ڕێسایەکی زانستیی دیاریکراودا پێشبینییان بۆ دەکرێت کە ئەویش بریتییە لە تیۆری (دانیل، ١٣٨١: ٨٣). جیاوازیی نێوان پێشبینی و پێشگۆیی لەوەدایە کە پێشبینی خاوەنی میتۆدە و بابەتەکەی ڕوونکردنەوەی هەیە. لە ڕاستیدا پێشبینیی دیاردەکانیش وەستاوەتە سەر ڕێسا و تیۆرییە زانستییە قبووڵکراوەکان کە دڵنیاین لە ڕاستی و دروستییان و توانیویانە بەبەردەوامی ڕاڤەی جیهانی دەوروبەر و بەدیاریکراوی دیاردەی مەبەست بکەن.

### ٥. توێژینەوە ستراتیژییەکان، خاڵی پێکگەیشتنی توێژینەوەکانی ئایندەناسیی سیاسی

بە لەبەرچاوگرتنی فرەپسپۆڕێتیی توێژینەوەکانی ئایندەناسی و ڕوولەگەشەبوونی ئەوەی پێوەندیی بە زانستی سیاسەتەوە هەیە، هەروەها [لەبەرچاوگرتنی ئەوەی] لە مەیدانی زانستە سیاسییەکاندا -کە لەسەر تەوەری بابەتی مرۆڤ، سیاسەت و بنەما مەعریفییەکانی دامەزراون- توێژینەوەی ئایندەناسی چۆن دەتوانێت دەرفەتی گونجاوی ڕووبەڕووبوونەوەی لۆژیکیی هەبێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و بڕیارە ستراتیژییە سیاسییەکاندا بە جۆرێک

کە دەستکەوتی دڵخواز بەدەست بهێنێت و دواجار دەرفەتی دروستکردنی ئایندەیەک بڕەخسێنێت بۆ تیۆریسیەنە سیاسییەکان و ئۆرگانە جێبەجێکارەکانی سیستمی سیاسی لە پێناو چارەنووسێکی دڵخوازدا؟

لە قەڵەمڕەوی بابەتی و شێوازناسی و پرسناسیدا پێوەندیی زانستی سیاسەت لەگەڵ پۆل (category)ی کات و ئایندەدا لەڕووی ماهییەت و قابیلییەتەوە بریتییە لە گەوهەر و ماکی توێژینەوەی ئایندەناسیی سیاسی. هەریەک لە مەعریفەناسی و بەکارهێنانی بەستێنی مەعریفە لە مەیدانی کرداردا، لە بابەت و شێواز و پرسگرێکدا دەستنیشانکەری پێگەی خاڵی یەکتربڕی نێوان توێژینەوەی ئایندەناسی و زانستە سیاسییەکانن، بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە پشکی شێری توێژینەوەکان لە مەیدانی توێژینەوە سیاسییەکاندا پێوەندییان بە توێژینەوە ستراتیژییەکان و لێکەوتە کردارییەکانیەوە هەیە. سپرەیگنز[٧] پێی وایە لە سەرەتای دروستبوونی یەکەمین بیر و تیۆرییە هاوپێوەندەکان لەگەڵ زانستی سیاسەت، هەمیشە وێناکردنی ئایندە بە مەبەستی دەرچوون لە دۆخی هەنووکەیی و بەدەستهێنانی دۆخێکی دڵخواز سەرنجی بیرمەندانی ئەم زانستەی ڕاکێشاوە (اسپرینگز، ١٣٧٠: ١٤٣-١٤٢). توێژینەوەی ئایندەناسی یارمەتیی زانای زانستە سیاسییەکان دەدات کە نەخشەی ئایندەیەکی دڵخوازی گونجاو بکێشێت بەو ئامراز و واقیعانەی بەردەستن و لەڕێی خستنەڕووی ستراتیژ و سیناریۆی گونجاوەوە بەستێنی وەدیهاتنیان بڕەخسێنێت (عیوضی، بیتا: ٤). لەو ڕووەوە کە توێژینەوە ستراتیژییەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە توێژینەوەکانی ئایندەناسیی سیاسیدا، کەواتە بۆ هەڵسەنگاندنی پێوەندیی نێوان توێژینەوەی ئایندەناسی و تیۆری لە زانستە سیاسییەکاندا و ڕۆڵی توێژینەوەی ئایندەناسی لە توێژینەوە تیۆرییەکانی زانستە سیاسییەکاندا، پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ توێژینەوە تیۆرییەکان، یان بڵێین تیۆرییەکانی زانستی سیاسەت و توێژینەوە ستراتیژییەکانی ئەم بوارە بکرێت.

### ٦. توێژینەوەی ئایندەناسی لە بواری توێژینەوە ستراتیژییەکاندا و پێوەندیی لەگەڵ تیۆریدا لە زانستی سیاسەتدا

دەتوانرێت لەنێوان ستراتیژ و تیۆریدا سێ جۆر پێوەندی وێنا بکرێت. لە وێنای یەکەمدا نکۆڵی لە هەموو جۆرە پێوەندییەک لەنێوان توێژینەوەی ستراتیژی و توێژینەوەی تیۆریدا دەکرێت و ئەو دووانە بە سەربەخۆ لە یەک لە قەڵەم دەدرێن. لە وێنای دووەمدا توێژینەوە

ستراتیژییەکان بەتەواوی لە هەناوی تیۆریدا چێ دەبن و کاریگەرییەکی یەکلایەنە لەئارادایە لە تیۆرییەوە بۆسەر ئایندەناسی و توێژینەوە ستراتیژییەکان. لە وێناوی سێیەمدا پێوەندییەکە دوولایەنەیە و هەروەک چۆن توێژینەوەکانی ئایندەناسی و ستراتیژی تەنها لەژێر تیشکی تێگەیشتنی بەدەستهاتوو لە تیۆری وەدی دێت، توێژینەوەی ئایندەناسی و ستراتیژییش کاریگەری دەکەنە سەر تیۆرییەکان لەڕووی چاکسازی، پەژراندن (تأیید) و نکۆڵیکردنەوە.

**٦،١. لەپێشدابوونی ستراتیژو سەربەخۆبوونی لە تیۆری**

ئەوانەی پێیان وایە پێوەندی لەنێوان توێژینەوەی ئایندەناسی و ستراتیژ و بەرنامەڕێژیی ستراتیژیدا نییە، پێیان وا نییە لە هیچ قۆناغێک لە قۆناغەکانی پێکهاتنیدا موحتاج یان وابەستەی تیۆری بێت. توێژینەوەی ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان، نووسینی سیناریۆ و دیاریکردنی سیاسەت و هەڵبژاردنی ستراتیژی گونجاو [لای ئەمان] بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە تیۆری و لەسەر بنەمای ڕوانینی تەواو سەربەخۆ، بابەتی و نا-تیۆری دادەڕێژرێت (فریدمن، ١٣٨٢: ٤١١). هەندێکی تر بەم شێوەیە بەڵگە دەهێننەوە کە ئەوەی لە بابەتی سیاسەتگوزاری و دیاریکردنی ستراتیژدا یەکلاکەرەوەیە، بریتییە لە تێڕوانینی بابەتی و هەڵسەنگاندنی ژیرانەی پەتی. گۆڕاوەکانی وەک تەکنەلۆژیا، هێزی مرۆیی، ئەندازە و جۆری ئامێرە سەربازییەکان و ... لە پلەی یەکەمی گرنگیدان (عبداله خانی، ١٣٨٦: ٢٤٠). ئەو بڕە زانستەیش کە بەگشتی لە نووسینی سیناریۆکان، شیکاریی ڕەوتەکان و دەستنیشانکردنی ستراتیژەکاندا بەکار دەهێنرێت، بریتییە لە زانستە مادی و ئەندازەگیراوەکان کە هاوپێوەندن لەگەڵ بابەتە ئامارییەکان و شیکارییەکانی [ئەو زانستە] (فریدمن، ١٣٨٢: ٤١١) نەک زانستی تیۆری و ئەو تیۆریانەی کە چۆنیەتیی پێوەندیی نێوان دیاردەکان نیشان دەدەن لە بواری سیستمی سیاسیدا. جەختکردنەوە لەسەر کرداریبوونی زانستی ئایندەناسی و بوونی جێگەی «سیاسەتگوزاری» و «دیاریکردنی ستراتیژ»یش لە چوارچێوەی [بابەتە] «کردار»ییەکاندا دەتوانێت وەک پاڵپشتیی ئەو بەڵگەهێنانەوەیەی سەرەوە چاوی لێ بکرێت. بابەتی سیاسەتگوزاری و دیاریکردنی ستراتیژ خۆی لە خۆیدا پراگماتیکییە و سروشتێکی «کردارەکی»ی هەیە. لەسەر ئەم بنەمایە، تیۆرییە ستراتیژییەکانیش بریتین لە تیۆریی هەنگاونان. ستراتیژ واتە ئەوەی چۆن کارێک بکەین (بیلیس و ویرتر، ١٣٨٢: ٢٣). ئەم ڕاستییە خۆی لە خۆیدا پاڵپشتیی ئەوە ناکات کە بابەتە ستراتیژی و ئایندەبینییەکان لەپێشترن لە تیۆریی سیاسی و سەربەخۆن

لێی، مەگەر ئەوە بکەین بە پێشەکیی قسەکانمان کە تیۆری بەدوای کەشفکردنی نموونە و ڕێسای گشتییەوەیە، لە کاتێکدا توێژینەوەی ئایندەبینانە کاتێک دەرفەتی دەبێت بخرێتە ڕوو کە بڕیارە تاکەکەسییەکان وەک هۆکاری پێکهێنەری مێژوو لەبەرچاو بگیرێن. لەم شێوازەدا جەختکردنەوە لەسەر کارابوونی مرۆڤ پێچەوانەی قبووڵکردنی ئەو نموونە و ڕێسا گشتییانەیە کە ناوەڕۆکی تیۆرییەکان پێک دەهێنن. لەسەر ئەم بنەمایەیە کە بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەڵێن: «کەسانێک کە پێیان وایە شیکاریی سیاسەت پێویستی بە ناسینی ڕووداوە مێژووییەکان، ڕێسا جیهانییەکانی ژیانی سیاسی و نموونە جێگیرە ڕەفتارییەکان و بڕیارە ستراکچەرییەکانە بۆ کارکردن، بێگومان بەشێوەیەکی ستراتیژی بیر ناکەنەوە» (فریدمن، ١٣٨٢: ٤٢٠). توێژینەوەکانی ئایندەناسی پێوەندییان بە بواری ڕەفتارەوە هەیە و هەڵبژاردنە ستراتیژییەکان لە چوارچێوەی ڕەفتاردا دروست دەبن. [ئەویش] چوارچێوەیەکی سەربەخۆیە لە بیرکردنەوە کە لێکەوتەی یەکسان و هاوشێوە دەسەپێنێت بەسەر ستراتیژیستەکاندا، تەنانەت ئەگەر سەر بە پاشخانی هزری و تیۆریی جیاوازیش بن (عبداله خانی، ١٣٨٦: ٢٤١). ئەو هۆکارەی بووە بە هۆی وەها یەکسانییەک لە نووسینەوەی ستراتیژەکاندا بریتییە لەوەی هەموویان لەسەر یەک لۆژیک بونیات نراون بە ناوی «عەقڵانییەت» کە فەرمانڕەوایە بەسەر قەڵەمڕەوی ڕەفتارە ستراتیژییەکاندا. عەقڵانییەت دەکرێت وەک هەڵبژاردنێکی کرداری چاوی لێ بکرێت کە دەبێتە هۆی ئەوەی پێگەی بەهاییی تاکە کەسێک بگاتە چڵەپۆپە لەسەر بنەمای لێکدانەوەی ورد و سوود و زیانە لێکەوتەکانی و ئەو ئەگەرانەی پێوەندییان بە هەڵبژاردنەکانی لایەنی بەرانبەرەوە هەیە (گارنت، ١٣٨٥: ٢٣ و ٢٤). بە دەربڕینێکی تر، دەوڵەتەکان گۆڕانەکانی ئایندە لەسەر بنەمای لۆژیکی عەقڵانییەت دەپێون بە جەختکردنەوە لەسەر لێکدانەوەی سوود و زیان و هەڵسەنگاندنی دیپلۆماسییانە.

### ٦,٢.لەپێشدابوونی تیۆری و دامەزراندنی ستراتیژلەسەربنەمای ئەو

ئەوانەی پێیان وایە پێوەندی لەنێوان توێژینەوەی ئایندەناسی و ستراتیژ و بەرنامەڕێژیی ستراتیژیدا نییە، پێیان وا نییە لە هیچ قۆناغێک لە قۆناغەکانی پێکهاتنیدا موحتاج یان وابەستەی تیۆری بێت. توێژینەوەی ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان، نووسینی سیناریۆ و دیاریکردنی سیاسەت و هەڵبژاردنی ستراتیژی گونجاو [لای ئەمان] بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە تیۆری و لەسەر بنەمای ڕوانینی تەواو سەربەخۆ، بابەتی و نا-تیۆری دادەڕێژرێت. دەتوانرێت

بە شێوەی جۆراوجۆر بەڵگە بکرێت بە پاڵپشتی ئەم ڕوانینە. بۆ نموونە دەتوانرێت لەم واقیعییەتە بابەتی و بەرهەستەوە دەست پێ بکرێت کە توێژینەوەی ئایندەناسی و بەدوای ئەویشدا بابەتە ستراتیژییەکان بەگشتی لەژێر هیچ یەک لە پسپۆڕییە تیۆرییە ئەکادیمییەکاندا پۆلێن ناکرێن، لەسەر ئەم بنەمایەیە کە لۆرانس فریدمان[٨] زۆر بەتوندی بەگومانە لەم بابەتە کە بکرێت لەڕێی پسپۆڕییە زانکۆییەکانەوە چوارچێوەیەکی زانایانە لەم بوارەدا دابڕێژرێت (فریدمن، ١٣٨٢: ٤١١). هەندێکی تر بەم شێوەیە بەڵگە دەهێننەوە کە ئەوەی لە بابەتی سیاسەتگوزاری و دیاریکردنی ستراتیژدا یەکلاکەرەوەیە، بریتییە لە تێڕوانینی بابەتی و هەڵسەنگاندنی ژیرانەی پەتی. گۆڕاوەکانی وەک تەکنەلۆژیا، هێزی مرۆیی، ئەندازە و جۆری ئامێرە سەربازییەکان و ... لە پلەی یەکەمی گرنگیدان (عبداله خانی، ١٣٨٦: ٢٤٠). ئەو بڕە زانستەیش کە بەگشتی لە نووسینی سیناریۆکان، شیکاریی ڕەوتەکان و دەستنیشانکردنی ستراتیژەکاندا بەکار دەهێنرێت، بریتییە لە زانستە مادی و ئەندازەگیراوەکان کە هاوپێوەندن لەگەڵ بابەتە ئامارییەکان و شیکارییەکانی [ئەو زانستە] (فریدمن، ١٣٨٢: ٤١١) نەک زانستی تیۆری و ئەو تیۆرییانەی کە چۆنیەتیی پێوەندیی نێوان دیاردەکان نیشان دەدات لە بواری سیستمی سیاسیدا. کلاوزویتز[٩]یش وەک کەسێک کە لەسەر سنووری نێوان گۆڕانی توێژینەوە ستراتیژییەکاندا وەستاوە، کاتێک باسی پێکهێنەرەکانی ستراتیژ دەکات تەنها جەخت لەسەر پێکهێنەرە مادی و بابەتییەکان دەکاتەوە. وەک بڵێیت توێژینەوەی ئایندەبینانە و ستراتیژی لای ئەو تەنها بابەتی وەک لایەنی دەروونی، فیزیکی، بیرکاری، جوگرافیایی و ئاماری لەخۆ بگرێت (کلازویتس، بی تا: ١٩). جەختکردنەوە لەسەر کرداریبوونی زانستی ئایندەناسی و بوونی جێگەی «سیاسەتگوزاری» و «دیاریکردنی ستراتیژ»یش لە چوارچێوەی [بابەتە] «کردار»ییەکاندا دەتوانێت وەک پاڵپشتیی ئەو بەڵگەهێنانەوەیەی سەرەوە چاوی لێ بکرێت. بابەتی سیاسەتگوزاری و دیاریکردنی ستراتیژ خۆی لە خۆیدا پراگماتیکییە و سروشتێکی «کردارەکی»ی هەیە. لەسەر ئەم بنەمایە، تیۆرییە ستراتیژییەکانیش بریتین لە تیۆریی هەنگاونان. ستراتیژ واتە ئەوەی چۆن کارێک بکەین (بیلیس و ویرتر، ١٣٨٢: ٢٣). ئەم ڕاستییە خۆی لە خۆیدا پاڵپشتیی ئەوە ناکات کە بابەتە ستراتیژی و ئایندەبینییەکان لەپێشترن لە تیۆریی سیاسی و سەربەخۆن لێی، مەگەر ئەوە بکەین بە پێشەکیی قسەکانمان کە تیۆری بەدوای کەشفکردنی نموونە و ڕێسای گشتییەوەیە کە لەسەر بنەمای توێژینەوە

ئایندەبینانەکان ئیمکانی ناسینی هۆکارە پێکهێنەرەکانی ئایندە دەخاتە بەر دەست، دەنا ئەم لێکدانەوەیە هەر لە بنەڕەتەوە پێچەوانەی لێکدانەوەکەی سەرەوەیە کە کارابوونی مرۆڤ بەپێچەوانەی قبووڵکردنی ئەو نموونە و ڕێسا گشتیانەوەیە کە ناوەڕۆکی تیۆرییەکان پێک دەهێنن. لەسەر ئەم بنەمایەیە کە بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەڵێن: «کەسانێک کە پێیان وایە شیکاریی سیاسەت پێویستی بە ناسینی ڕووداوە مێژووییەکان، ڕێسا جیهانییەکانی ژیانی سیاسی و نموونە جێگیرە ڕەفتارییەکان و بڕیارە ستراکچەرییەکانە بۆ کارکردن، بێگومان بەشێوەیەکی ستراتیژی بیر ناکەنەوە» (فریدمن، ١٣٨٢: ٤٢٠). ئەم قسەیەیش کە دەدرێتە پاڵ وینستۆن چەرچڵ دەبێت هەر لەم چوارچێوەیەدا شیکاری بکرێت کە دەڵێت: «حەقیقەتەکانی جەنگ ڕاستیی ڕەهان، بەڵام ئەو بنەمایانەی بە کردەوە حوکمیان بەسەردا دەکەن، دەبێت لە هەموو کاتێکدا، لە دۆخی تایبەتدا بەدەست بێن کە هەمیشە جیاوازن، لە ئاکامیشدا هیچ ڕێسایەک نابێتە ڕێنیشاندەری کردار» (لطفیان، ١٣٨٣: ٣٢). توێژینەوەکانی ئایندەناسی پێوەندییان بە بواری ڕەفتارەوە هەیە و هەڵبژاردنە ستراتیژییەکان لە چوارچێوەی ڕەفتاردا دروست دەبن. [ئەویش] چوارچێوەیەکی سەربەخۆیە لە بیرکردنەوە کە لێکەوتەی یەکسان و هاوشێوە دەسەپێنێت بەسەر ستراتیژیستەکاندا، تەنانەت ئەگەر سەر بە پاشخانی هزری و تیۆریی جیاوازیش بن. لەبەر ئەم هۆکارەیش هەموو دەوڵەتان لە شێوازی بەدواداچوونی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکاندا بە شێوەیەکی یەکسان هەڵسوکەوت دەکەن. دەوڵەتەکان لەڕووی کردارەوە جیاواز نین و هەموویان عەوداڵی ئەوەن قازانجی خۆیان بگەیەننە لووتکە. بەگشتی ئەم قازانجکردنە بە شێوەیەکی تەواو سادە لە هێز و بەزۆری لە چوارچێوەی توانایی و سەرچاوەکانیانەوە پێناسە دەکەن. لەبەر ئەمە، دەوڵەتان تواناییەکان دروست دەکەن و پەرەی پێ دەدەن، هەر بەو شێوەیەیش سوود لە دەرفەتە بەردەستەکان دەبینن. بە دەربڕینێکی دی، هەموویان بە یەک لۆژیک کە لۆژیکێکی بابەتی و نا-تیۆرییە دەڕواننە ئایندە و لەسەر بنەمای ئەوە دەست دەبەن بۆ بڕیاردان. هەڵبژاردنە ستراتیژییەکان ئارەزوویان بە ئاراستەی لانیزۆر دەڕوات و تەنها و بەزۆری لەڕێی هەندێک گۆڕاوەوە سنووردار دەکرێن، گۆڕاوی وەک جوگرافیا، توانایی، هەڕەشە و حەزکردنی دەوڵەتان لە خۆبەدوورگرتن لە ڕەفتارێک کە دەتوانێت مانەوەی دەوڵەتانی دی بخاتە بەر هەڕەشەی خێراوە (عبداله خانی، ١٣٨٦: ٢٤١). ئەو هۆکارەی بووە بە هۆی وەها یەکسانییەک لە نووسینەوەی ستراتیژەکاندا

بریتییە لەوەی هەموویان لەسەر یەک لۆژیک بونیات نراون بە ناوی «عەقڵانییەت» کە فەرمانڕەوایە بەسەر قەڵەمڕەوی ڕەفتارە ستراتیژییەکاندا. لەسەر ئەم بنەمایە هەموو کردەوەیەکی گەمەکەران لە چوارچێوەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لەسەر بنەمای پێڕەویکردن لە یەک لۆژیک ساز دەبن و هەموو گەمەکەران بە شێوەیەکی عەقڵانی ڕەفتار دەکەن. عەقڵانییەت دەکرێت وەک هەڵبژاردنێکی کرداری چاوی لێ بکرێت کە دەبێتە هۆی ئەوە پێگەی بەهایی تاکە کەسێک بگاتە چڵەپۆپە لەسەر بنەمای لێکدانەوەی ورد و سوود و زیانە لێکەوتەکانی و ئەو ئەگەرانەی پێوەندییان بە هەڵبژاردنەکانی لایەنی بەرانبەرەوە هەیە (گارنت، ١٣٨٥: ٢٣ و ٢٤).

تیۆریی گەمەکان هەر لەسەر ئەم بنەمایە دروست بووە و دەری دەخات کە هەڵبژاردنە ستراتیژییەکانی گەمەکەران چۆن ساز دەبن. تایبەتمەندیی بنەڕەتیی بڕیاردان لە دۆخی گەمەکردندا ئەوەیە کە هەموو گەمەکەرێک بەر لە بڕیاردان و هەڵبژاردن دەبێت کاردانەوەی ئەوانی دی بەرانبەر هەڵبژاردن و بڕیاری خۆی شیکاری بکات، ئەو دەمە بڕیارێک بدات کە باشترینە بۆی. بە دەربڕینێکی دی، دەبێت باشترین دەستکەوتی هەبێت بۆ خۆی بە لەبەرچاوگرتنی کاردانەوەی لایەنی بەرانبەر (عبدلی، ١٣٨٦: ٢). گریمانە بنەڕەتییەکە ئەوەیە کە لە ژینگەیەکی ستراتیژیدا گەمەکەر ژیرانە هەڵسوکەوت دەکات، واتە بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەریی گریمانەیی بڕیارەکانی خۆی لەسەر ئەوانی دی، ئەو بڕیارە دەدات کە زۆرترین بەرژەوەندیی تێدا بێت (گارنت، ١٣٨٥: ٢٣). لەسەر ئەم بنەمایە و لەژێر ڕۆشنایی تیۆریی گەمەکاندا، ستراتیژ بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت: «بەکارهێنانی ئەوپەڕی کارامەیی لە گەمەدا»، یان «ستراتیژ کارامەیی باش گەمەکردن، یان تاووتوێکردنی وەگەڕخستنی کارامەییە بە باشترین شێوە» (عبدلی، ١٣٨٦: ٤). بە دەربڕینێکی تر، دەوڵەتەکان گۆڕانەکانی ئایندە لەسەر بنەمای لۆژیکی عەقڵانییەت دەپێون نەک لە چوارچێوەی تیۆرییە ئەکادیمییەکانی بواری سیاسەتدا کە دوورن لە واقیعەوە. یەکێک لەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی ئەم شێوازەی شیکاریی ستراتیژی دەبێتەوە بریتییە لە جیاوازیی ستراتیژەکان لە دۆخە هاوشێوەکاندا. بۆ نموونە، ڕەخنەی ئەوە لە ستراتیژیستە ئەمریکاییەکانی قۆناغی شەڕی سارد دەگیرێت کە نەیانتوانی پێشبینیی کاردانەوەکانی یەکێتیی سۆڤیەت بکەن و هۆکاری ئەمەیش بریتی بوو لە گریمانەی گومانهەڵنەگری ئەوەی کە سۆڤیەتییەکانیش هەر ئەو کاردانەوانەیان دەبێت کە

ئەمریکا لە هەندێک دۆخی تایبەتدا دەبینێت. لە کاتێکدا کە لێکەوتە سیاسییەکان سەلماندیان کە ئەم جۆرە «پێشبینییە ڕەفتارییانە» لەلای زانایانی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە (لەسەر بنەمای پارادایمەکانی گەمەکەری عەقڵانی و مۆدێلسازیی تیۆریی گەمە لە شیکاریی پێوەندیی نێوان زلهێزاندا) هەڵەن (عبداله خانی، ١٣٨٦: ٢٤٢).

لە بەرانبەردا هەندێک پێیان وایە کە سەربەخۆیی توێژینەوەی ئایندەناسی و بابەتە ستراتیژییەکان لە بابەتە تیۆرییەکانی سیاسەت بابەتێکی بێمانایە و لە دیدێکی کاڵوکرچ و ساویلکانەوە سەرچاوە دەگرێت. جۆن گارنت[10] لەم بارەیەوە دەڵێت: «شیکاریی ستراتیژی بەبێ هەبوونی زانستی سیاسی بێمایانە، لەمڕۆدا بیرکردنەوە ستراتیژییەکان وەها پێوەندییەکی پێکەوەبەستراویان لەگەڵ سیاسەتی نێودەوڵەتی هەیە کە هەر هەنگاوێک بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکدی مەترسیدار و سەرلێشێوێنەرە. کەسانێک کە سەر لە سیاسەت دەر ناکەن، بەزۆری وەها تێگەیشتنێکی ساویلکانەیان سەبارەت بە ڕەفتاری دەوڵەتێکی دیاریکراو هەیە کە تێگەیشتنەکەیان دەبێتە ڕێگر لەوەی لەو زەمینەیە تێ بگەن کە بابەتە ستراتیژییەکان سەرچاوەی لێوە دەگرن، یان نرخ بۆ شیکاری و وردبینیی ئەو زەمینەیە دابنێن» (گارنت، ١٣٨٥: ٦). بە واتایەکی دی، ناتوانین لەو تیۆرییە لۆژیکییەی کە حوکم دەکات بەسەر ڕەفتاری گەمەکەرانی جیهانی سیاسەتدا تێ بگەین یان پێشبینیی بکەین.

ڕەنگە بتوانرێت ڕادیکاڵترین ڕوونکردنەوەی ئەم دیدگایە لەسەر بنەمای تیۆریی بونیادگەرایی (Constructivism) پێناسە بکرێت. بەپێی ئەم دیدگایە لە بنەڕەتەوە سیستمی سیاسی لە دەرەوەی چوارچێوە تیۆری و مەفهوومییەکان، وێناکان، واتاکان، ڕێسا و نۆڕمەکان واقیعییەتی دەرەکیی نییە. بە دەربڕینی وێنت[11] گەمەکەران لەسەر بنەمای ئەو واتایانە کار دەکەن کە دیاردەکان لای ئەوان و گەمەکەرانی دی دەیگەیەنن، لەوەیش گرنگتر ئەوەیە کە ئەو واتایانە لە خودی جیهاندا نین (مشیرزادە، ١٣٨٩: ٣٢٦). بە واتایەکی دی خودی گۆڕانەکان واتا و لۆژیک و مەفهوومێکیان نییە تا لە ڕێی کەشفکردنیانەوە ڕەوتی ئایندەی ئەو شتانە پێشبینی بکەین، مەگەر ئەوەی لە کڵاوڕۆژنەی تیۆرییەوە تێیان بڕوانین. بۆ نموونە، سیستمی نێودەوڵەتی بریتییە لە کۆمەڵێک ئایدیا و چوارچێوەی هزری و دامەزراوەیەکی پێکهاتوو لە کۆمەڵێک نۆرم کە لەلایەن کەسانێکی دیاریکراوەوە و لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا دامەزراوە. بونیادگەرایان پێیان وایە ئەگەر ئەو بیر و ئایدیایانەی

کە دەچنە هەناوی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە گۆڕانیان بەسەردا بێت، ئەوا خودی سیستمیش گۆڕانی بەسەردا دێت (عبدالە خانی، ١٣٨٧: ٥٩).

توێژینەوەی مەیدانی لەبارەی دارێژەرانی سیناریۆ و ستراتیژە نێودەوڵەتییەکانەوە بەگشتی لە چوارچێوەی دوو وەچە (جیل)دا خۆی دەنوێنێت. وەچەیەک کە هاوکات لەگەڵ سەردەمی جەنگی سارد جەختی لەسەر پاراستنی دۆخە هەنووکەییەکە دەکردەوە نەک لەسەر گۆڕینی جیهان و هەموو سیناریۆکانیان فەزایەکی دووجەمسەری، یان لە باشترین دۆخدا فەزایەکی هاوسەنگی وێنا دەکرد. وەچەی دوای ئەو کە عەوداڵی نووسینەوەی ستراتیژ بوو بە مەبەستی دروستکردنی گۆڕان لە سیستمی نێودەوڵەتیدا و لەو سیناریۆیانەدا کە بۆ ئایندەی سیستمی نێودەوڵەتی وێنای دەکرد باسی گوندی جیهانیی دەکرد و لە پشت ستراتیژەکانی وەچەی پێشووەوە دەتوانرێت شوێنپێی گەلێک لە گریمانە فەلسەفییە واقیعگەرایانەکان هەڵبگیرێت.

بۆ نموونە ئایدیا واقیعگەرایانەکانی وەک سروشتی وێرانکەرانەی مرۆڤ و نەشیاوێتیی بۆ چاکسازی و نامومکینێتیی ئاشتیی هەمیشەیی، واقیعگەرایان دەگەیەنێتە ئەوەی کە «لە پێناو هەرەکەمکردنەوەی ئەو زیانانەی لە ناکۆکی و توندوتیژییە نێودەوڵەتییەکان دەکەونەوە ڕێگەی مامەڵەکردن بخەنە ڕوو لەگەڵ هەڕەشەی بەردەوامی ناکۆکییەکان لەڕێی بەکارهێنانی ستراتیژەوە» (بیلیس و ویرتر، ١٣٨٢: ٢٦). لەبەر ئەوەی لەژێر ڕۆشنایی تیۆریی لەم شێوەیەدا بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت داهاتوویەکی تەواو ئاشتییانە پێشبینی بکرێت بۆ مرۆڤایەتی، یان سیناریۆیەک وێنا بکرێت کە ئاشتیی ڕەها لەخۆ بگرێت. هەروەها باوەڕ بە ئەنارشیبوونی سیستمی نێودەوڵەتی و یەکلاکەرەوەبوونی هێزەکان لە ڕووداو و گۆڕانە نێودەوڵەتییەکاندا، «خۆیارمەتیدان» (self-help) یان ڕەچەتەی پەرەپێدان و بەکارهێنانی هێز بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانج وەک ستراتیژ دەخەنە ڕوو (بیلیس و ویرتر، ١٣٨٢: ٢٧)، لەبەر ئەوەی لەم چوارچێوە تیۆرییەدا ناتوانرێت لە هیچ سیناریۆیەکدا باس لە وەلانانی دەستەڵاتی نیشتیمانی و جێگیربوونی تاکە دەستەڵاتێکی جیهانی بکرێت.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم گریمانە تیۆرییە واقیعگەرایانەیەیە کە هەندێک لەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی سیناریۆنووسان و ستراتیژیستەکان دەبنەوە، پتر لەوەی بپەرژێنە سەر شێوازەکانی نووسینی سیناریۆکان و ستراتیژەکان، ڕووبەڕووی پێشگریمانە تیۆرییەکانیان

دەبنەوە. بۆ نموونە دەوڵەتتەوەربوون یەکێکە لە بنەما چەسپاوەکانی تیۆریی نێودەوڵەتیی واقیعگەرایان کە ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەتەوە. نادیدەگرتنی بڕستی ئاشتی و هاوکاری لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا و ڕۆچوون لە بەشی تاریکی ماهییەتی مرۆییدا یەکێکی ترە لەو ڕەخنانەی لە زیاد لە هەموو شت تەگەرە دەخاتە بەردەم ئەو بنچینە تیۆرییانەی ئەم وەچەیە لە توێژەرانی ئایندەناسی و ستراتیژیستەکان لێیەوە بۆ نووسینەوەی ئایندە دەڕوانن (بیلیس و ویرتر، ١٣٨٢: ٢٨).

**٦,٣. پێوەندیی دوولایەنە**

ڕاسپاردەی ئەوەی کە ستراتیژ دەبێت بە ئاوێتەکردنی تێبینییە مەیدانییەکان و تێڕوانین و شیکارییە سیاسییەکان دابڕێژرێت، دەکرێت لەسەر بنەمای سێیەمین شێوازی پێوەندیی نێوان تیۆری و ستراتیژ بێت.

«لە کاتێکدا کە بەڕاستی ئەوە سیاسەتمەدارانن کە دەبێت ئامانجی سیاسەتی دەرەکیی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی دیاری بکەن نەک بەرفەرمانە سەربازی و مەدەنییەکان، ئەم کارە دەبێت بە ڕاوێژ لەگەڵ کەسانێک بکرێت کە هەرچەند دەکرێت شیاوێتییان نەبێت لێدوان لە کاروباری سیاسی بدەن، بەڵام بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەی لە زانستە پسپۆڕییانەکەی خۆیان بەدەستیان هێناوە باشتر لە کەسانی دی توانایی هزرینیان هەیە و دەتوانن بە باشترین شێوە لەبارەی کردەییبوونی هێڵکارەکان و لێکەوتەکانی بەکارهێنانیانەوە ڕێنوێنی بکەن... بێگومان سیاسەتمەداران دەبێت کۆنترۆڵی کۆتاییان لە دەستدا بێت، بەڵام دەبێت بڕیارەکانیان بەو ڕێنوێنییانە هەموار بکرێنەوە کە لە پسپۆڕانەوە پێیان دەدرێت. ئەم ڕستەیە بێت دەدرێتە پاڵ کلیمۆنسۆ[١٢] -ئەگەر ڕاست- کە دەڵێت: «جەنگ زۆر لەوە جدیترە کە تەنها بە ژەنەڕاڵەکان بسپێردرێت». هەر بەو شێوەیەیش جەنگ زۆر لەوە جدیترە کە تەنها بە سیاسەتمەداران بسپێردرێت. ئەوەی کە پێویستە بریتییە لە وتووێژ و پێوەندیی بەردەوام لە نێوان هزرە سیاسی و سەربازییەکاندا» (گارنت، ١٣٨٥: ٧). لەبەر ئەم بنەمایە، پێوەندیی نێوان توێژینەوەکانی ئایندەناسی و بابەتە ستراتیژییەکان لە لایەک و تیۆری لە لایەکی دی، پێوەندییەکی دوولایەنەیە. ئەمە بەو واتایەیە کە توێژینەوەی ئایندەناسی و نووسینەوەی ستراتیژ لە بۆشاییەکی تیۆریدا ڕوو نادات، بەڵکوو هەمیشە لەسەر بنەمای دید و تێڕوانینە تیۆرییەکان دروست دەبێت. هاوکات

دۆخی مادییش کاریگەریی تایبەتی خۆی دەبێت. بە دەربڕینی وێنت «دۆخی مادی لە دەرەوەی گریمانەکان، لانیکەم دوو کاریگەریی ئافرێنەری تایبەتیی هەیە: یەکێکیان بریتییە لە ناساندنی سنووردارێتییە فیزیکییەکانی بۆلوان [و دەستڕاگەیشتن]، ئەوی دی یارمەتیدەربوونیەتی لە دەستنیشانکردنی خەرجی و قازانجەکانی ڕەوتە جێگرەوەکان» (مشیر زاده، ١٣٨٩: ٣٢٩). ستراتیژ و سیناریۆکان تەنها بە پشتبەستن بە هەڵبژاردنی گەمەکەر دروست نابن، هەروەک لە پرۆسەیەکی زۆرەملێییدا لە دەرەوەی هەڵبژاردنی گەمەکەران و تەنها بە پشتبەستن بە چوارچێوە هزری و کولتوورییەکانیش دانارێژرێن. ستراتیژ ئەڵقەی گەیەنەری نێوان مەیدانی کردار و تیۆرییە. ستراتیژیستێک کە لەسەر بنەمای هزرینی ستراتیژییانە بڕیار دەدات، هەمیشە لە نێوان دوو بەستێنی تیۆری و کرداریدا، یان بە دەربڕینێکی دی، لە نێوان ئامانجەکان و ئامرازەکاندا پێوەندی دروست دەکات. ئەم جۆرە کەسانە نە وەک زانایانی سیاسەت تەنها خاوەنی ڕوانینی تیۆرین، نە وەک گەمەکەرانی سیاسییش تەنها خاوەنی مەیلی پراگماتیکین، بەڵکوو گرووپێکی سێیەمن کە توانایی و هونەری ئەوەیان هەیە کە:

- لە مەیدانی کرداردا بگەن بە شیکارییەکی زانایانە و شێوازمەندی دیاردە سیاسییەکان؛
- ئەو لۆژیکە کەشف بکەن و درکی پێ بکەن کە حوکم دەکات بەسەر گۆڕانکارییەکاندا؛
- وێنایەک (وێناگەلێک) بۆ داهاتووی هاوکێشە سیاسییەکان بخەنە ڕوو (سیناریۆسازی بکەن)؛
- بەپێی ئیمکان و بارودۆخ ڕەچەتەی پێویست بنووسن بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە پەسەندکراوەکان (خلیلی، ١٣٨٥: ٧٧٥).

### ٧. توێژینەوەی ئایندەناسیی زانستە سیاسییەکان

لە سەرەتای دروستبوونی یەکەمین بیر و تیۆرییە هاوپێوەندەکان لەگەڵ زانستی سیاسەت، هەمیشە وێناکردنی ئایندە بە مەبەستی دەرچوون لە دۆخی هەنووکەیی و بەدەستهێنانی دۆخێکی دڵخواز سەرنجی فەیلەسووفانی سیاسیی ڕاکێشاوە (Lombardo, 2010). بە باوەڕی تۆماس سپرەیگنز شاری خەونەکان (Utopia) بریتییە لە بەرجەستەبوونی کۆمەڵگەی سەرلەنوێ دارێژراوە لەلایەن زانا و تیۆریسیەنی زانستی سیاسەتەوە و نیشاندەری ئایندەیە. ناوبراو جەخت دەکاتەوە کە تیۆریسیەنی زانستی سیاسەت دەستی کراوە نییە کە لە خەیاڵی خۆشدا نوقم ببێت. بە واتایەکی ڕوونتر، بیرکردنەوە لە ئایندە جۆرێک نییە لە خەیاڵچنین و خەونگەرایی، بەڵکوو زۆر بەتوندی هاوپێوەندە لەگەڵ واقیعدا. وێنەی ئایندە دەبێت لەسەر بنەمای

کەرەستە واقیعییەکان و لێهاتوویيە حەقیقییەکانی ژیان مرۆیی بێت، واتە لەسەر بنەمای ژیانی واقیعیی تاکەکانی کۆمەڵگە دامەزرابێت (اسپریگنز، ١٣٧٠: ١٤٣). زانستی سیاسەت خۆی لەخۆیدا ئایندەبینە و بیر لە ئایندە دەکاتەوە. بە بۆچوونی لاسوێڵ[١٣] بڕیاردان و دانانی ڕێکار سەر بە بابەتی ئایندەبینین. بڕیاردان و دانانی ڕێکار هۆکاری چێکردنی وێنەیەکی واقیعییەتە جێگرەوەکان و پاشان هەڵبژاردنی یەکێک لە وێنەکانن وەک وێنەی دڵخواز. لەم ڕووەوە زۆر لە توێژەرانی ئایندەناسی وەک وێندڵ بێڵ لە هەڵسەنگاندنی ڕیشەی پێکهاتن و بوونی توێژینەوەی ئایندەناسی بە زانست ڕۆڵی زانستە سیاسییەکان و ناوەڕۆکەکانی ئەم زانستە بەرجەستەیە لایان (Bell, 2003: 51). توێژینەوەی ئایندەناسی ژینگەیەکی گونجاوە دەڕەخسێنێت بۆ ئافراندن و چێکردنی وێنەی ئایندەی دڵخواز لە توێژینەوەکانی زانستە سیاسییەکاندا و هەمیشە زەینی توێژەری زانستی سیاسی بەرەو ئایندە و تێپەڕین لە دۆخی هەنووکەیی دەبات (ماسە، ١٣٤٧: ٦).

بە چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر ڕۆڵی توێژینەوەی ئایندەناسی سیاسیدا سەرنجدانی ئەم خاڵانە گرنگە:

1.توێژینەوەی ئایندەناسی ئیمکانی ڕوانین بەرەو ئایندە بۆ بیرمەندان و زانایانی سیاسەت دەڕەخسێنێت و ڕێگای چۆنیەتیی ئافراندنی ئایندەی سیاسیی دڵخواز دەستنیشان دەکات؛

2.توێژینەوەی ئایندەناسیی سیاسی چرایەکە لەبەردەم پرۆسەی سیاسەتگوزاری بۆ بەئامانجگەیاندنی وەها ئایندەیەک؛

3.توێژینەوەی ئایندەناسیی سیاسی بریتییە لە ڕێگری لە شڵەژان بەهۆی دیاردە کتوپڕ و نوێباوەکانەوە و نیشانی دەدات چۆن بە کەمترین زیان و زۆرترین سوود دەتوانرێت ئامانجە دیاریکراوەکان وەدەست بهێنرێن و ڕێگری لە شڵەژان دەکات؛

4.توێژینەوەی ئایندەناسیی سیاسی برەو دەدات بە چالاکیی سیاسی و کولتووری و بەرنامەڕێژیی سیاسی و هەبوونی هیوا بە ئایندە. لە ڕاستیدا ئیرادەی سیاسیی مرۆڤەکان لە دروستبوونی کۆمەڵگەی دڵخوازدا ڕۆڵی هەیە؛

5.توێژینەوەی ئایندەناسی دەبێتە هۆی دروستبوونی کاریگەریی سیستمی سیاسی لەژێر سێبەری کۆدەنگیی خاوەن بەرژەوەندییەکاندا و بە سوود وەرگرتن لە دیدگای خاوەنڕایان بەدەست دێت.

## ئەنجام

توێژینەوەی ئایندەناسیی سیاسی بەستێنێکی گونجاو بۆ ئافراندنی ئایندەی دڵخواز دەرەخسێنێت و هزری توێژەری زانستە سیاسییەکان بەرەو ئایندە و تێپەڕین لە دۆخی هەنووکەیی ئاراستە دەکات. بە سەرنجدان لە تێکەڵاویی بابەتی و مەفهوومیی قەڵەمڕەوەکانی زانست و مەعریفەی مرۆیی، هەروەها بە سەرنجدان لە زەرووڕەتی وەگەڕخستنی شێوازەکانی توێژینەوەی چەندپسپۆڕی و چەندپارادایمی بە مەبەستی دەستڕاگەیشتن بە تێگەیشتنی قووڵ و وردی ئەو ڕووداو و ڕەوتانەی کە ئایندە پێک دەهێنن. توێژەرانی زانستە سیاسییەکان لەڕێی بەکارهێنانی شێوازەکانی توێژینەوەی ئایندەناسی لە بابەتە سیاسییەکاندا و بە بەکارهێنانی بنەما مەعریفەناسانەکانی ئەم زانستە، پرۆسەی ڕەوتی یۆتۆپیایی سیاسییانە بەرەو ئایندە دەرەخسێنن. توێژینەوەی ئایندەناسیی سیاسی هەوڵ دەدات لەڕێی ناسینی پرسە سیاسییەکانی ئایندەوە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکان و ڕزگاربوون لە قەیرانەکان لە چوارچێوەیەکی میتۆدمەند و ئایندەناسانەدا دەستنیشان بکات و بە گرتنەبەری ستراتیژگەلی بەڕێوەبردن بارودۆخە پێشبینیکراوەکان و سیناریۆ گریمانەییەکان کە لە پرسە کتوپڕەکان دەکەونەوە بگۆڕێت بۆ دەرفەتی سیاسی. بابەتناسیی ڕووداوە سیاسییەکانی ئایندە دەتوانێت ببێت بە پایەی ئەم بنەما زانستییانەی خوارەوە:

**مەعریفەناسی وپێوەرەکانی ڕاستی وناڕاستیی مەعریفەناسی:** ناسینی سنووردارییەکان و چۆنیەتیی بەدەستهێنانی مەعریفە دەتوانێت ئاسانکاری بکات بۆ تێگەیشتنی ئایندە لای توێژەرانی ئایندەناسی.

**هەبوونناسی و ڕوونکردنەوەی چییەتیی ئەو قانوونانەی حوکم بەسەر هەبووندا دەکەن:** ڕوونکردنەوە و ڕاڤەی سەرچاوەی هەبوون، قانوونمەندییەکان و ئەو نەریتانەی حوکم بەسەر هەبووندا دەکەن، مەیدانەکان و جۆرەکانی، هەروەها ئامانجی.

**مرۆڤناسی و ماهییەتی وجوودیی مرۆڤ:** پرسیار لەبارەی چییەتیی مرۆڤ و ڕوونکردنەوەی ماهییەتی وجوودییەوە، ناسینی توانایی و بڕستە وەگەڕنەخراوەکانی، هەروەها ڕوانینە گەشبینانە و ڕەشبینانەکان، تاکڕەهەندێتی یان چەندڕەهەندێتی، سۆزداری یان عەقڵانی، ڕابردووخواز و ئایندەخواز، زەرووڕەتی خستنەڕووی وەڵامگەلی جۆراوجۆر و گونجاو لە زەمینەی چییەتیی مرۆڤدا دەرەخسێنێت.

**کۆمەڵناسی و ڕوونکردنەوەی پێداویستی و لێکەوتەی تایبەتی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:** ناسینی ماهییەتی ژیانی کۆمەڵایەتی، زەروورەتەکانی بژێوی، چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی ژیانی سیاسی کە لە قوتابخانە کۆمەڵناسانەکاندا لە مەیدانی جۆراوجۆری مرۆییدا بەکار دێن.

## سەرچاوە فارسییەکان


احمدی، پروین (١٣٨٨). «برنامه درسی میان رشته ای» **فصلنامه مطالعات میان رشته ای در علوم انسانی**، سال اول شماره ٣.

اسپریگنز، توماس (١٣٧٠). **فهم نظریه های سیاسی**، ترجمه فرهنگ رجایی، تهران: آگاه.

باوی، محمد (١٣٧٧)، «وضعیت رشته علوم سیاسی در ایران» **فصلنامه علوم سیاسی**، سال اول، شماره ٣.

بل، وندل (زمستان ١٣٧٤)، «بازاندیشی در ارزشها عینیت و آینده»، ترجمه علی بهار، **فصلنامه رهیافت**، شماره ١١.

بیلیس، جان و جیمز ورتر (١٣٨٢)، **استراتژی در جهان معاصر مقدمه ای بر مطالعات استراتژیک**،

ترجمه کابک خبیری، تهران: مؤسسه ابرار معاصر.

پورعزت، علی اصغر (١٣٨٧)، «گذار از حصارهای شیشه ای معرفت شناسی با تأکید بر الزامات زبان

شناختی علوم میان رشته ای» **فصلنامه مطالعات میان رشته ای درعلوم انسانی**، سال اول، شماره ١.

ماسه، پی یر (١٣٤٧)، **چند مقاله درباره دورنگری**، ترجمه امیر حسین جهانبگلو، تهران: مؤسسه مطالعات و تحقیقات اجتماعی دانشگاه تهران.

پورنگ، حمید (١٣٨٥)، **مقالاتی درباب آینده نگری**، تهران: شورای عالی انقلاب فرهنگی.

تانسی، استیون (١٣٨١)، **مقدمات سیاست**، ترجمه هرمز همایون پور، تهران: نی.

حاجی یوسفی، امیر محمد (١٣٨٨)، «میان رشتگی در علوم سیاسی در دانشگاههای کانادا: مفهوم و اجرا»، **فصلنامه مطالعات میان رشته ای درعلوم سیاسی**، سال اول، شماره ٢.

خلیلی، رضا (١٣٨٥)، «ایدئولوژی و استراتژی؛ نسبت سنجی مفهومی و نگرش ایدئولوژیک و تفکر استراتژیک»، **فصلنامه مطالعات راهبردی**، دوره نهم، شماره ٣٤.

دوورژه، موریس (۱۳۶۲)، **روشهای علوم اجتماعی**، ترجمه خسرو اسدی، تهران: امیر کبیر.

دیتور، جیمز (۱۳۷۷)، «آینده پژوهی به عنوان دانشی کاربردی»، ترجمه سید احمد ابراهیمی و همکاران، **فصلنامه علمی پژوهشی سیاست و رهیافت**، شماره ۲۰.

**شوارتس، پیتر(۱۳۹۰)، هنر دورنگری ،ترجمه مسعود منزوی، تهران: موسسه آموزش و تحقیقات صنایع دفاعی.**

**عالم، عبد الرحمن (۱۳۷۳)، بنیادهای علم سیاست، تهران: نی.**

**عبداله خانی، علی (۱۳۸۷)، فرهنگ استراتژیک، تهران: مؤسسه فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین المللی ابرار معاصر.**

**عبداله خانی، علی (۱۳۸۹)، نظریه های امنیت، تهران: مؤسسه فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین المللی ابرار معاصر.**

**عبدلی، قهرمان (۱۳۸۶)، نظریه بازیها و کاربردهای آن، تهران: سازمان انتشارات جهاد دانشگاهی واحد تهران.**

عنایت ا...، سهیل (۱۳۸۸)، **تحلیل لایه لایه ای علتها**، ترجمه مسعود منزوی، تهران: مرکز آینده پژوهی علوم و فناوری دفاعی.

عیوضی، محمدرحیم (۱۳۸۵)، **مقدمه بر بایستگی نظریه و نظریه پردازی در علوم سیاسی**، تهران: دبیرخانه کرسیهای نقد، نوآوری و نظریه پردازی.

عیوضی، محمدرحیم (۱۳۸۷)، «کاربرد آینده پژوهی در علوم سیاسی با تکیه بر روش تحلیل لایه لایه علی»، مجموعه مقالات انجمن علوم سیاسی ایران.

عیوضی، محمدرحیم (۱۳۸۸)، «آینده انقلاب اسلامی و منازعات آینده جهان»، **فصلنامه مطالعات انقلاب اسلامی**، سال ششم، شماره ۱۸.

فریدمن، لارنس (۱۳۸۲)، «آینده مطالعات استراتژیک» در: **استراتژی در جهان معاصر**، مجموعه نویسندگان، ترجمه کابک خبیری، تهران: ابرار معاصر.

گارنت، جان (۱۳۸۵)، «مطالعات استراتژیک و فرضیات آن» در **استراتژی معاصر**، **نظریات و خط مشیها**، جان بیلیس و دیگران، ترجمه هوشمند میرفخرایی، تهران: وزارت امور خارجه.

گوده، میشل (۱۳۷۵)، «از پیش بینی تا چشم انداز راهبردی»، ترجمه محمدرضا صالح پور، **مجله برنامه و بودجه**، شماره ۱۱.

لطفیان، سعیده (۱۳۸۳)، **استراتژی و روشهای برنامه ریزی استراتژیک**، تهران: وزارت امور خارجه. مارش، دیوید و جری استوکر (۱۳۷۸)، روش و نظریه در علوم سیاسی، ترجمه امیر محمد

حاجی یوسفی، تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی.

مشیرزاده، حمیرا (١٣٨٩)، **تحول در نظریه های رو ابط بین الملل**، تهران: سمت.

مونرو، مایلز (١٣٨٥)، **قدرت چشم انداز**، ترجمه فرزانه میرشاه ولایتی، تهران: مرکز آینده پژوهی علوم و فناوری دفاعی.

های، کالین (١٣٨٥)، **درآمدی انتقادی بر تحلیل سیاسی**، ترجمه احمد گل محمدی، تهران: نی.

هیوود، اندرو (١٣٨٣)، **مقدمه نظریه سیاسی**، ترجمه عبدالرحمن عالم، تهران: قومس.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

Bell, W. (2011), Foundations of Futures Studies: Human Science for a New Era: Values, Objectivity, and the Good Society, London and New Brunswick: .Transaction Publishers

Dator, J. A. (2002), Advancing Futures: Futures Studies in Higher Education, .Greenwood Publishing Group

Laitin, David d (June, 1995), "Disciplining Polical Science", American Political .Science Review, Vol.89, No.2: 454-56

## پەراوێزەکان

1 . **Wendell Bell**
2 **Roy Amara**
3 **E. S. Quade**
4 **Wayne I. Boucher**
5 **Strategic Perspective**
6 **Attila Havas**
7 **Spragens**
8 **Lawrence Freedman**
9 **Clausewitz**
10 **John Garnett**
11 **Wendt**
12 **Clemenceau**
13 **Lasswell**

# پراكتیزەی دیكۆلۆنیالیزەكردنی ئاینده:
## دەستپێكردنی جێگرەوەی ئاییندەیەكی دروستتر

نووسین: كێڤن جەی

وەرگێڕان: لۆنا شێرزاد ئەیوب

**پوختە**

ئەم بابەتە پێكهاتووە لە كۆكردنەوە و ڕێكخستنی توێژینەوەكان بۆ یارمەتیدانی ئەو كەسانەی كە بەدواداچوون بۆ پراكتیزەكردنی ئاینده دەكەن و جەخت لە دۆزینەوەی ڕێگای باشتر دەكەن بۆ ئاینده. لە ڕێگەی پێداچوونەوەیەكی ئەدەبییەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە ئەم جۆرە ئەركانە پێویستی بە پراكتیزەكردنی ئایندەی دیكۆلۆنیالیزەكراو هەیە كە هەمەجۆریی میتۆدۆلۆژی لەخۆ بگرێت، كە كراوە بێت بە ڕووی فرەیی و شێوازی بیركردنەوەی ناڕۆژئاوایی و هەروەها كۆمەڵێک هاوكاریی جۆراوجۆر لەخۆ بگرێت. دواتر لە ڕێگەی چەند تەوەرێكەوە باس لە لایەنەكانی پراكتیزەی دیكۆلۆنیالیزەكردنی ئاینده دەكەین: شێوازناسی، نەخشەسازیی پرۆژە، ڕۆڵی ئاییندەناسەكان، گەڕان بەدوای جیهانبینیی كەسانی دیكە و كۆلۆنیالیزەكردنی كاتە هەژموونییەكان.

**وشە سەرەكییەكان**

دیكۆلۆنیالیزەكردن (پێدانی سەربەخۆی)، لێكۆڵینەوە لە ئاینده، پراكتیزەكردنی ئاییندەیی، ئاییندەناسان، ئاییندەی جێگرەوە

سەرچاوە: جۆرناڵی لێكۆڵینەوە ئاییندەییەكان (Journal of Futures Studies) لینك:

**https://jfsdigital.org/articles-and-essays/2023-2/vol-28-no-1-september- 2023/decolonizing-futures- practice-opening-up- authentic-alternative- futures/**

**بەرایی**

هەروەکوو چۆن چەندین ئایندە بوونی هەیە، بە هەمان شێواز چەندین توێژینەوە سەبارەت بە ئایندەش بوونی هەیە. یەکێک لە ڕێکارە فێرکارییەکان سەرنج دەخاتە سەر دۆزینەوەی ئایندەیەکی جێگرەوە بە بارودۆخێکی زۆرەملێ کۆلۆنیالیزم بکرێت (داتۆر، ٢٠٠٥).

بۆ هەندێک لە ئایندەناسان و هەندێک ڕێکخراوی وەک فیدراسیۆنی جیهانیی توێژینەوەکانی ئایندە (WFSF) و پەیمانگای پێشووی ئایندەی جێگرەوە (IAF)، ئەمە ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکانی ئایندەیانە: دۆزینەوەی جێگرەوە و فرەییکردنی چارەنووسی مرۆڤ (ڤان ستینبێرگن، ٢٠٠٥). ئێستا پرسیارێک دێتە ئاراوە: چ جۆرە پراکتیزەکردنێکی ئایندەیی بۆ ئەرکێکی لەو شێوەیە پێویستە؟

ئەم بابەتە پێک هاتووە لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی توێژینەوەکان بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە بەدواداچون بۆ پراکتیزەکردنی ئایندە دەکەن و جەخت لە دۆزینەوەی ڕێگای باشتر دەکەنەوە بۆ ئایندە.لە ڕێگەی پێداچوونەوەیەکی ئەدەبییەوە ئەوە دەخەینە ڕوو کە ئەرکێکی لەو جۆرە پێویستی بە پراکتیزەکردنی ئایندەی دیکۆلۆنیالیزەکراو هەیە کە لە گۆڕانی میتۆدۆلۆژی نەترسێت، کە هان دراوە لە لایەن زانستە هەمەچەشنەکانەوە (زانستە هەمەچەشنەکان ئاماژەیە بۆ تێکەڵکردن یان بەشداریکردنی دوو یان زیاتر لە دیسیپلینەکانی ئەکادیمی یان بوارەکانی خوێندن) (بە شێوازێکی ڕاستتر بڵێین نادیسیپلینەکانەوە)، پراکتیزەکردنێکی ئایندەیی کە کراوە بێت بۆ فرەیی و بۆ شێوازەکانی بیرکردنەوەی نارۆژئاوایی. دواتر لە ڕێگەی چەند تەوەرێکەوە باس لە لایەنەکانی پراکتیزەی دیکۆلۆنیالیزەکردنی ئایندە دەکەین: شێوازناسی، نەخشەسازیی پرۆژە، ڕۆڵی ئایندەناسەکان، ئەزموونکردنی دونیا لە تێڕوانینی کەسانی ترەوە و کۆلۆنیالیزەکردنی کاتە هەژموونییەکان.

**پراکتیزەکردنی ئایندەی دیکۆلۆنیالیزەکراو لە پێناو ئایندەی دیکۆلۆنیالیزمدا**

توێژینەوە ئایندەییەکان مێژوویەکی دوورودرێژیان هەیە لە بەکارهێنانیان وەک ئامرازێک لە لایەن دیکۆلۆنیالیزکردن و بەرهەڵستیکارانەوە.

داتۆر (٢٠٠٥) یەکێک بوو لە دەنگە سەرەتایی و کاریگەرەکان بۆ خستنەڕووی پرسی دیکۆلۆنیالیزەکردن لە ڕێگەی توێژینەوەکانی ئایندەوە.

داتۆر وشەی «کۆلۆنیالیزم»ی بە شێوەی لێکچوواندن بەکار هێناوە کە لە چوارچێوەی

مێژووی تایبەتی خۆیەوە وەریگرتووە، بۆ ئاماژەکردن بە «کەسە خراپەکان»، «بۆ ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی نابەرپرسیارانە دەسەڵاتی بەرفراوان و دوورمەودا بەکار دەهێنن»، وەک (بەڵێندەرانی بیناسازی، گەشەپێدەرانی خانووبەرە، دروستکەرانی ڕێگاوبانەکان، پیشەسازیی بەرگری، بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان، بڕیاردەرانی سیاسی...»

ئەوانەی بڕیار دەدەن کە «بە شێوەیەکی کاریگەر شێوە بە ئایندە بدەن و بژاردە و جێگرەوەکان بۆ ئەوانی دیکە سنووردار بکەن« (ل٩٤-٩٥).

لە بنەڕەتدا مەبەستی داتۆر ئەوە بوو کە «ئایندە بێلایەن نییە›› (ئینایەتوڵڵا، ٢٠١٣، ل٢)، بەڵام لە ئێستادا دەورە دراوە بە چەندین سنووری «داگیرکاری».

داتور (٢٠٠٥) توێژینەوەکانی ئایندەی وەک چارەسەرێک بۆ کێشەکان وێنا کردووە، یان وەک ئیناتوڵڵا (٢٠١٣) لە لێکۆڵینەوەکانیدا لە بارەی داتورەوە دەنووسێت، وەک «ئامرازێکە کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت ئایندە دیکۆلۆنیالیز بکرێت» (ل٢).

لە دژی ئەو سەپاندنە «کۆلۆنیالیزمانەی» کە لە لایەن زلهێزەکانەوە ئەنجام دەدرێن، کە دیدگای خۆیان بۆ ئایندە -»ئایندەی بەکارهێنراو» (ئینایتوڵڵا، ٢٠٠٨)- بەسەر باقیی دانیشتووان‌دا دەسەپێنن، داتور داوای کرد کە پڕۆژەکە ئەو ئاخاوتنە زاڵانەی ئایندە «دیکۆلۆنیالیز» بکات بە کۆکردنەوەی دیدگا جێگرەوەکانی ئایندە لە ڕێگەی «بەشداریکردنی ڕاستەقینەی لایەنە پەیوەندیدارەکان» (ئینایەتوڵڵا، ٢٠١٣، ل٢).

داتور وشەی «کۆلۆنیالیزم»ی بە شێوەی لێکچوواندن بەکار هێناوە، بەڵام دیدگاکەی هێشتا لە مێژووی تایبەتی داگیرکاری و دیکۆلۆنیالیزەکردن (پێدانی سەربەخۆیی) و بەرهەڵستیدا بە دروستی ماوەتەوە.

بە تایبەتی لێکۆڵینەوەکانی نان‌دی (٢٠٠٦) کاریگەریی ئایندەی جێگرەوە بۆ مەبەستی دیکۆلۆنیالیزەکردن (پێدانی سەربەخۆیی) پیشان دەدات.

لێکۆڵینەوەکانی ئەوە پیشان دەدەن کە ئەرکی دۆزینەوە و درێژەپێدان و خستنەڕووی جێگرەوە دروستەکان بۆ ڕۆژئاوا پڕە لە ئاڵنگاری بە هۆی کاریگەرییەکانی داگیرکەران لەسەر داگیرکاری: دەرئەنجامەکانی داگیرکاری شوێنەوارێکی دەروونی لەسەر ناڕۆژئاواییەکان بەجێ دەهێڵێت (نان‌دی، ١٩٨٣).

مەبەستە ڕوونەکان بۆ دۆزینەوەی جێگرەوە بۆ ڕۆژئاوا لە کۆتاییدا ڕۆژئاوا بەهێزتر دەکات بە وەرگرتنی وەک خاڵی ناسینەوەی، یان وەک سەردار (١٩٩٧) لە وتارەکەیدا

سەبارەت بەناندی پوختی دەکاتەوە، «دژەرۆژئاواییبوون خۆیلەخۆیدا هاوتایە لەگەڵ لایەنگربوونی رۆژئاوا» (ل٦٥١).

سەرەڕای ئەوەش بەرهەڵستی خودی خۆی داگیر کراوە.

نارەزایەتییە ریشەییەکان لە سەرەتادا و لە فۆرمی کاکۆفۆنی (ژاوەژاوی) خۆیدا لە مەترسیدایە کە بگۆڕێت بۆ فۆرمێکی ستاندارد و روون (ناندی، ١٩٨٩)، کە لە جیهانی هاوچەرخدا زمانێکی «گەردوونی»ی رۆشنگەرییە، «زمانێکی رزگاریخوازی»یە (ل٢٦٧).

ئەو جێگرەوانەی کە ئەم زاراوەیە بەکار دەهێنن، لە کۆتاییدا دەبنە «بەرهەمی هەمان جیهانبینی کە چەمکی باڵادەستی زانست، ئازادی و گەشەسەندنی بەرهەم هێناوە» (ل٢٧٠) و جێگرەوە دژبەیەکەکان زۆر جار لە کۆتاییدا دەچنە ئەو چوارچێوەیەی کە بۆی دیاری دەکرێت.

لە وەڵامی ئەم ئاڵنگارییانەدا، توێژینەوەکانی ئایندە وەک شێوازێکی بیرکردنەوە و داهێنان سەر هەڵدەدەن بۆ زاڵبوون بەسەر بنبەستەکانی ئێستا و دەستپێکردنی جێگرەوەی راستتر بۆ ئایندەی نارۆژئاوایی (ناندی، ٢٠٠٦؛ رامۆس، ٢٠٠٥).

چ جۆرە توێژینەوەیەک بۆ ئایندە دەتوانێت جێگرەوەیەکی دروست؛ دروست بکات؟

ئەمە بیرۆکەیەکە کە ئاسۆی ئایندەی نارۆژئاوایی لە رێگەی پۆلێن و چەمکە نارۆژئاواییەکانەوە دەکاتەوە، وەک راهێنانێکی ئاژانسی نارۆژئاوایی، لە بریی ئەوەی کە لە رێگەی چوارچێوە رۆژئاواییەکانەوە نێوەندگیر بکرێت (سەردار، ١٩٩٩).

بە وتەی ناندی، ئەمە توێژینەوەیەکی ئایندەیی نارێکە کە دەتوانێ «شێوازی بیرکردنەوەی لامەرکەزی و خەیاڵی و مەترسیدار و ئەزموونی زۆرتر و دەوڵەمەندتر بکەن» (رامۆس، ٢٠٠٥، ل٤٣٧).

بەبێ ئەم کارەکتەرە بێدیسیپلینە (ئیتۆس وشەیەکی یۆنانییە بە واتای «کارەکتەر» دێت، کە بەکار دێت بۆ وەسفکردنی ئەو بیروباوەڕ یان ئایدیاڵە رێنماییکارانەی کە تایبەتمەندیی کۆمەڵگە، نەتەوە، یان ئایدۆلۆژیایەکن)، مەترسیی ئەوە هەیە کە توێژینەوەکانی ئایندە رێبازی خۆی و دەقە پیرۆزەکانی خۆی پێک بهێنێت و ببێتە شێوازێکی دابڕاو کە هێمای خۆی بۆ شکۆمەندی هەبێت (سەردار، ١٩٩٣).

ئەم رێبازە دەتوانێت رێڕەوی دیسیپلینی نارەزایەتی پێش خۆی بگرێتە بەر، وەک «ژینگەناسی، فێمینیزم و توێژینەوە کولتوورییەکان کە بە سەرکەوتوویی وەک پسپۆڕییەکی نوێ لە پیشەسازیی زانیندا خۆماڵی کراون و بەپیشەیی کراون... بۆ دڵنیابوون کە ناوەندی نارەزایەتییەکان، لەگەڵ ناوەندەکانی ئابووری، سیاسی، جیهانی؛ لە زانکۆ مۆدێرنەکان،

ناوەندەکانی بیرکردنەوە و ناوەندە فیکرییەکانی دیکەی جیهانی یەکەمدا هەڵکەوتوون» (سەردار، ١٩٩٧، ل٦٥٧).

سەردار (١٩٩٣) هۆشداری دەدات لەوەی کە توێژینەوەکانی ئایندە دەبنە ئامرازێک بۆ «خودی ئایندەی ناڕۆژئاوایی ئەگەر دامەزراندنی توێژینەوەکانی ئایندە لەسەر بنەمای جیهانی ڕۆژئاوا ڕوو بدات، کە ئەمە بەو مانایە دێت» (ل١٨٧).

بە کورتی: جێگرەوەکانی ئایندەی دیکۆلۆنیالی دروست پێویستیان بە لێکۆڵینەوە و پراکتیزەکردنی ئایندەی دیکۆلۆنیالیزم هەیە کە بتوانێت لە دەرەوەی چوارچێوەی دامەزراوە باوەکان بیر بکاتەوە. تەنیا بە ئەنجامدانی ئەم کارە دەتوانین ئایندەیەکی جێگرەوە بۆ بەرهەڵستیی ڕاستەقینە دروست بکەین. هەر لەسەر ئەم بنەمایە، ڕوو لە باسکردنی پراکتیزەکردنی دیکۆلۆنیالیزم و مامەڵەکردن لەگەڵ ئایندەدا دەکەین.

## پراکتیزەی دیکۆلۆنیالیزەکردنی ئایندە

چۆن ئایندەناسان و پێشبینیکارانی ئایندە دەتوانن پراکتیزەکانیان دیکۆلۆنیالیزم بکەن، بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بن لە بنیادنانی ئایندەیەکی جێگرەوەی باشتر؟

ئایندەناسان دەتوانن چی بکەن بۆ ئەوەی شێوازەکانی بیرکردنەوە و زانیاریی ناڕۆژئاوایی (یان ناستاندارد) بخەنە ناو پرۆژەکانیانەوە؟

چۆن هانی فرەیی بدەین و لێی بکۆڵینەوە لە پرۆژەیەکدا؟

دوابەدوای باسەکەی بەشی پێشوو، ڕێبازی ئێمە بۆ دیکۆلۆنیالیزەکردنی پراکتیزەی ئایندە هەوڵ دەدات فرەیی و بیرکردنەوەی جیاواز بە ڕۆحێکی نادیسیپلینییەوە ئاسان بکات. لە کاتێکدا توێژینەوەکە هەوڵ دەدات کارەکانی ئایندە بەرەوپێش ببات کە بە شێوازێکی «دیکۆلۆنیالیزەکردن» ئەنجام دەدرێن، ئێمە دان بەوەدا دەنێین کە ئەمە مەرج نییە بەو مانایە بێت کە ئەو خوێنەرانەی کە ئێمە توێژینەوەکەیان ئاڕاستە دەکەین، بە قووڵی سەرقاڵی گەڕان بەدوای جێگرەوە ناڕۆژئاواییەکان بن بۆ دیدگا باوەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئایندە و شێوازەکانی بیرکردنەوە و زانین لە پرۆژەکانیاندا.

پراکتیزە و پرۆژەکانی ئایندە نارێکخراون و ناتوانرێت بە وردی لە چەمکی دووانەی هەریەکە لە «کۆلۆنیالیزم» یان «دیکۆلۆنیالیزم»دا پۆلێن بکرێن.

کارپێکردنی بیرۆکەکان پشت دەبەستێت بە ناوەرۆکی پرۆژەکە و ئەزموونی شارەزا و ئامانج و مەبەستی پرۆژەکە و هۆکارە سنووردارەکانی وەک کات و بودجە و ئەو گرووپەی

کە کەسێک لەگەڵیدا کار دەکات.

لە ناوەرۆکی توێژینەوەکە و گفتوگۆکردن لەگەڵ دامەزراوەکانی ئایندەناسیدا، سەرنج دەخەینە سەر چەندین بیرکردنەوەی بەرفراوان کە هۆکارن لە پراکتیزەی دیکۆلۆنیالیزەکردنی ئایندەدا. لەم بەشەدا بە ڕێکخستنیان بۆ چەند تەوەرێک ڕوونیان دەکەینەوە: شێوازناسی، نەخشەسازیی پرۆژە، ڕۆڵی ئایندەناسان، ئەزموونکردنی دونیا لە تێڕوانینی کەسانی ترەوە و دیکۆلۆنیالیزەکردنی کاتە هەژموونییەکان.

**شێوازناسی**

توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەندێک میتۆد هەن کە بەرەو کۆلۆنیالیزم و بەردەوامبوونی دۆخی ئێستا دەڕۆن، وەک «پێشبینیی تەکنەلۆژی و ئامرازەکانی دیکەی وەک مۆدێلکردنی داینامیکی، بەکارهێنانی تیۆری سیستمی گشتی، هاوشێوەکردنی کۆمپیوتەر و میتۆدی دێلفی« (سەردار، ١٩٩٣، ل١٨١).

بە پێچەوانەوە، توێژینەوەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن کە شێوازەکانی تر گونجاوترن بۆ دیکۆلۆنیالیزەکردن، هەروەکوو شێوازەکانی وەک «باک کاستینگ (باککاستینگ شێوازێکی پلاندانانە کە لە پێناسەکردنی ئایندەیەکی خوازراوەوە دەست پێ دەکات و دواتر کار دەکات بۆ دواوە بۆ دەستنیشانکردنی سیاسەت و بەرنامەکان کە ئەو ئایندەە دیاریکراوە بە ئێستاوە دەبەستێتەوە) و هەروەها وۆرکشۆپەکانی بینین لەگەڵ گرووپە لاوازەکان کە بەهێزیان دەکەن» (میلۆیڤیچ، ١٩٩٩، ل٦٩). هەروەها هەندێک شێوازناسی هەن کە بۆ «دیکۆلۆنیالیزەکردن›› پێشنیار کراون (بڕوانە بشت، ٢٠٢٠).

هەر چەندە لەم بەشەدا تا ڕادەیەکی زۆر خۆمان لە پێشنیارکردنی یەک شێوازی تایبەت و دیاریکراو بەدوور دەگرین، وەک کتێبی ڕێنیشاندوەر و «باشترین ڕێگا» بۆ دیکۆلۆنیالیزەکردن.هەروەها خۆمان لە ژماردنی لیستی درێژی شێوازەکان بەدوور دەگرین. سەردار (١٩٩٩) کە باس لە ئایندەگەرایی نارۆژئاوایی دەکات، دەنووسێت کە «دەبێت کۆمەڵێک توێژینەوەی ئایندەیی تەواو جۆراوجۆر هەبن لە ئایندەدا، کە هەریەکەیان کایە چەمکییەکانی کولتوورێکی دیاریکراو بەکار بهێنن و بەم شێوەیە بەها و نیگەرانییە ناوەکییەکانی ئەو کولتوورە تیایدا ڕەنگ بداتەوە.

»پێویستە فرەیی ئایندەی لە فرەیی توێژینەوەکانی ئایندەدا ڕەنگ بداتەوە« (ل١٧).

ئێمە بە ڕۆحی کراوەیی و نادیسیپلین بیر لە میتۆدەکان دەکەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە پێکهاتە جیاوازەکانی میتۆدەکان لە چوارچێوەی جیاوازدا کار دەکەن (سەردار، ١٩٩٦؛

گوناتیلاکە، ١٩٩٦؛ تاف، ١٩٩٦؛ مەهادەڤان، ١٩٩٦). هەروەها مەیلی تاکەکەسی، ئەزموون و لێهاتووییەکان لە هەڵبژاردنی شێوازەکاندا گرنگییەکی زۆریان هەیە.

سەرەڕای ئەوەش، لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە شێوازە جیاوازەکان دەبێتە هۆی ئایندەە جیاوازەکان. مەترسییەکی شاراوە هەیە کە سەپاندنی هەندێک شێواز بەسەر شێوازەکانی تردا، ڕەنگە لە ڕاستیدا هەندێک جۆری ئایندەکان تێک بشکێنێت.

لە جیاتیی ئەوە، ئێمە بە شێوەیەکی فراوانتر بیر لە دیکۆلۆنیالیزەکردن دەکەینەوە و بە لەبەرچاوگرتنی لێدوانەکەی میلۆسێڤیچ: «ئەگەر جیهانەکەمان لە سەر بنەمای ڕێکخستنی دەسەڵاتی دیاریکراو دابنرێت -واتە لە سەر بنەمای نۆرمەکانی کولتووری و جێندەریی دیاریکراو-، کەواتە ئاشکرایە کە «هەروەکوو هەمیشە›› و «ڕۆتینی بەردەوامی کارکردن›› پشتگیری لە سیستمی ئێستا دەکات و بۆ کۆتایهێنان بە دیکۆلۆنیالیزم، مرۆڤ دەبێت لە دۆخی ئێستای «ڕۆتینی بەردەوامی کارکردن» ڕزگاری بێت، یان وەک سەردار (١٩٩٦) دەپرسێت: «کێ سوودمەند دەبێت؟» (ل٦٦٧).

هەندێک لە شێوازەکان دەتوانن مەیلیان بۆ پێشخستنی دۆخی ئێستا هەبێت نەک تێکدان و خستنەڕووی جێگرەوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا توانای گۆڕانکارییان هەیە لە سەر بنەمای چۆنیەتیی بەکارهێنانی شێوازەکە.

«میلۆسێڤیچ›› هەندێک شێواز دیاری دەکات کە ڕەنگە بۆ ئەم دۆخە بگونجێت و دەڵێت کە «دەتوانێت چەرخی ئایندە هەم بەهێزتر بکات و هەم ئاڵنگاریی دۆخی ئێستا بکات، ئەمەش بەندە بە چۆنیەتیی بەکارهێنانی››.

شیکاریی کێشە دەرکەوتووەکان زۆر تێکدەرانەیە، بەڵام لێرەشدا گرنگە بزانین ئێمە سەرنج دەخەینە سەر چ جۆرە کێشەیەکی دەرکەوتوو.

تەنانەت ئێمە دەتوانین وێنای ئەوە بکەین کە چۆن دەتوانرێت شێوازەکانی وەک شێوازی دێلفی بۆ مەبەستی دیکۆلۆنیالیزەکردن بەکار بهێنرێت، کە لە بریی ئەوەی ڕاپرسی لەسەر شارەزایانی ڕۆژئاوا بکرێت، دەتوانرێت ڕاپرسی لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەی ناوخۆیی بکرێت بۆ ئەوەی بگەنە کۆدەنگی.

لە لایەکی دیکەوە، شێوازەکانی وەکوو باککاستینگ، کە دەتوانێت گرووپە پەراوێزخراوەکان بەهێز بکات بۆ خستنەڕووی ئایندەیەکی پەسەندکراو، دەتوانرێت لە لایەن ڕاوێژکارانی بازرگانی کە لەگەڵ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەرانی نەوتی خام کار دەکەن؛ بۆ داگیرکردنی (کۆلۆنیکردنی) ئایندەی مرۆڤایەتی بەکار بهێنرێت.

بەم شێوەیە شارەزایان ئازادن لە ڕێکخستن و بەکارهێنانی داهێنەرانەی مێتۆدەکان بۆ مەبەستی خۆیان. لە کاتی هەڵسەنگاندنی ئەو شێوازە تایبەتانەی کە بۆ دیکۆلۆنیالیزەکردنی پرۆژەیەک بەکار دەهێنرێن، دەتوانین هەندێک بیرۆکەی گشتی لەبەرچاو بگیرین: ئایا دۆخی ئێستا تێک دەچێت؟ ئایا پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی ئێستا بەهێز دەکات و ئایا ئامرازێکە بۆ دیالۆگ و لەخۆگرتن؟ کێ سوودمەند دەبێت؟

درێژەپێدانی شێوازەکانی ئاینده لە دەرەوەی چوارچێوەی وتارەکەدا، بەڵام چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر هەن کە بە وردی باس لە باوترین شێوازە بەکارهێنراوەکان دەکەن (بۆ نموونە: بێڵ، ٢٠٠٣؛ سلاوتەر و بوسی، ٢٠٠٥؛ سلاوتەر و هاینز، ٢٠٢٠). هەروەها نابێت شارەزایان خۆیان لە شێوازە تەقلیدییەکاندا سنووردار بکەن، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە شێوازی ناتەقلیدی و شێوازەکانی کەسایەتی هەن کە لە لایەن ئایندەناسەکانەوە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکار دەهێنرێن. هەروەها ئەمە لە ژمارەی تایبەتی «ئایندەناسان بیر لە چی دەکەنەوە» لە گۆڤاری ئاییندەدا بەدی دەکرێت، کە هەوڵ دەدات بەرەنگاری پارادایمە زاڵەکان بکات لە توێژینەوەکانی ئایندەدا بە پێشکەشکردنی «مەودای بیرکردنەوە/چالاکییەکانی ئاینده وەک تێگەشتن لە بنەمای زانیاریی توێژینەوەکانی ئاینده و بۆ خستنەڕووی باسێکی هاوسەنگ لە توێژینەوەکانی ئاینده، دیدگا و چالاکییەکان لە سەرانسەری جیهاندا» (ئینایەتوڵلا، ١٩٩٦، ل٥٠٩).

مەودایەکی بەرفراوان لە شێوازەکانی کەسی دەخرێنە ڕوو. بۆ نموونە، مارکلی (١٩٩٦) دەڵێت کە «گرنگە شێوازی توێژینەوە لەسەر بنەمای ئینتێزی (ژیری) بەکار بهێنرێت، کە زۆربەیان بریتین لە مێدیتەیشنی تەرکیز (کە بەسوودە لە کاتێکدا خۆم کار دەکەم) و ڕێنیشاندەری خەیاڵکردنی مەعریفی (خەیاڵکردنی مەعریفی چارەسەرێکی تەواوکارە کە دەتوانێت تەکنیکێکی بەهێز بێت بۆ بەکارهێنان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە کێشەیان هەیە لە دەربڕینی جیهانی ناوەوەیان تەنیا بە وشە)» (ل٦٢٢).

شێوازی ئەنتۆنانۆ (١٩٩٦) ئیلهامەکەی لە «سێ یاسای نوێی لێکۆڵینەوەی زانستی... ڕەنگدانەوە، وەڵامدانەوە و ئاڵوگۆڕکار» وەرگرتووە (ل٥٢٦).

بۆ دووپاتکردنەوەی ئەوانەی سەرەوە، ئایندەی فرەیی پێویستی بە زۆرترین توێژینەوەی ئایندەیی هەیە. لە ڕووی شێوازناسییەوە، شارەزایان نابێت لە گرتنەبەری بیرکردنەوەی بەدواداچوون و تاقیکردنەوە بترسن.

**نەخشەسازیی پرۆژە**

لەگەڵ یەککگرتنی نەخشەسازی و پێشبینیدا، تێگەشتنێک هەیە کە نەخشەسازی تەنها ئامرازێک نییە بۆ پرۆژەیەکی پێشبینیکراو (هاینز و زینداتۆ، ٢٠١٦؛ کاندی و کۆرنێت، ٢٠١٩). لێکۆڵینەوەی نەخشەسازی، کە مەودای هەڵبژاردنی بەشداربووان تا ژینگەی فیزیکی دەگرێتەوە، بەشێکی سەرەکیی پرۆژەکە پێک دەهێنێت و دەبێت بۆ مەبەستی دیکۆلۆنیالیزەکردن بیری لێ بکرێتەوە.

نەخشەسازی بە شێوەیەکی نزیک پەیوەستە بەوەی کە ئینایەتوڵڵا (١٩٩٨) پێی دەڵێت «سیاسەتی پلاندانان»، یان «ڕۆڵی بەشداریکردن و پلەبەندی، کێ دەتوانێت قسە بکات و کێ گوێ بگرێت، کێ شارەزایە و کێ ئارەزومەندە» (ل٣٨٩). هەر پرۆژەیەک زنجیرەیەک بڕیاری هۆشیاریی نەخشەسازی لەخۆ دەگرێت کە کاریگەرییان لەسەر سیاسەتەکانی پلاندانان هەیە. عینایەتوڵڵا چەند بیرۆکەیەک دەخاتە ڕوو: «کێ لە شوێنەکەدایە؟» کێ لە شوێنەکەدا نییە؟ ئایا من ئەم کارە لەگەڵ خەڵکدا دەکەم؟ یان ئێمە هاوبەشی دروستکردنین؟

«ئەو پێشنیاری ئەوە دەکات کە لەگەڵ بەشداربووانی هەمەجۆر، دەرفەتێکی باشتر هەیە بۆ بەدەستهێنانی «سیناریۆی بەهێزتر... چیرۆکێکی باشتر». ئاماژە بە گرنگیی زیادکردن و وەرگرتنی دەنگی جۆراوجۆر دەکات بە شێوەیەکی هەستیار. هەروەها گرنگە دەنگە هەمەجۆرەکانی ئەو شوێنە یەک بگرن، لە جیاتیی ئەوەی بەشداربووان بە پێی پۆل ناسنامەکانیان پۆلێن بکرێن. میلۆیڤیچ دەڵێت: «ڕێبازە دیالۆگییەکان بۆ پرۆژەکانی دیکۆلۆنیالیزەکردن زۆر باشترن، چونکە ئەم بنەمایانە بە پێی پێناسە خۆیان گشتگیرن.» لە مەودای نێوان پلەبەندیی پسپۆڕان و بەشداریکردنی یەکسان، گفتوگۆ و مۆنۆلۆگ، ئارەزووی بەشداریکردن و گفتوگۆ؛ دەتوانێت دیدگای دیکۆلۆنیالیزم بۆ ئایندە بورووژێنێت.

یەکەم زاراوە لە «سیاسەتی پلاندانان»ی ئینایەتوڵڵا واتە سیاسەت باس لە داینامیکی دەسەڵات دەکات کە بەشدارە لە پرۆژە پێشبینیکراوەکاندا. لە ئاستێکی گشتیتردا، باسکردنی داینامیکی دەسەڵات ڕەنگە بابەتگەلێکی تەواو نوێی لێکۆڵینەوە ئاشکرا بکات کە بە دەگمەن لە لایەن شارەزایان و لە لایەن دیسیپلینەکەوە باس دەکرێن.

میلۆیڤیچ (١٩٩٩) لە بارەی نەبوونی دیدێکی فێمینیستی لە توێژینەوەکانی ئایندەدا دەنووسێت: «ئەگەر توێژینەوەکانی ئایندە لە چوارچێوەی ڕێنماییە ‹فێمینیستەکان›دا کار بکەن، ئەوا ئەگەری زۆرە ئایندەی پەروەردە، پەروەردەکاران (دایک و باوکان)، کۆمەڵگا، پەیوەندییەکان و تەندروستی؛ ئەولەویەت دەدەن بە کێشە گەورە ڕاستەقینەکان» (ل٦٩).

بە پشتبەستن بەم تێبینییە، ڕەنگە تەوەرە زاڵەکان لە توێژینەوەکانی ئایندەدا شوێنەواری داینامیکیی نایەکسانی دەسەڵات بن، ئەمەش بە تەواوی گەڕان بەدوای تەواوی هێڵەکانی لێکۆڵینەوەدا سنووردار دەکات و بەم شێوەیەش دەربڕینی ئایندەیەکی دیاریکراو سنووردار دەکات.

دەسەڵات و زانیاری بەیەکەوە بەستراون (فۆکۆ، ١٩٨٠) و ئەم بیرۆکە ئەبستراکتە دەربڕینی چەقبەستووی خۆی لە پرۆژە پێشبینیکراوەکاندا دەدۆزێتەوە. وەک ئینایەتوڵڵا (١٩٩٨) دەنووسێت، داینامیکی دەسەڵات نەک هەر کۆنترۆڵی ئەو کێشە و ئاراستانە دەکات کە دەخرێنە بەر باس، بەڵکوو «کۆنترۆڵی ئەوەش دەکات کە چۆن کێشەیەک وەک ڕووداوێک یان ئاراستەیەک لە یەکەم شوێندا بنیاد نراوە و هەروەها ‹تێچووی› ئەم بنیادنانە کۆمەڵایەتییە دیاری کراوە -چ نموونەیەک بە دیاریکردنی ئاراستەیەک یان ڕووداوێک بەو شێوەیە ئیمتیازاتی پێ دەدرێت» (ل٨١٧). تەنانەت سەرەتاترین بنیادنان؛ دیاریکردنی ئاراستە و ڕووداوە وەک خۆیان کە دەرئەنجامی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتن، کە لە پشتیانەوە مۆدێلەکانی «ژیری» و چوارچێوەی مەعریفی هەن.

نەخشەسازیی پرۆژەیەک بڕیار دەدات کە ئایا هەندێک لە قسەکەران و سیستەمی زانیاری مافیان بەسەر ئەوانی ترەوە هەیە یان نا و لە بنەڕەتدا جۆری ئەو پرسیارانە دیاری دەکات کە دەکرێن، چۆن پرۆژەکە داڕێژراوە؟ چ شتێک وەک ڕاستییەکی پەیوەندیدار پێک دەهێنرێت و چ شتێک بەهای بۆ دادەنرێت؟ ئەمەش کاریگەریی ڕیشەیی لەسەر ئاینده دەبێت کە لە کاتی پێشکەوتنی پرۆژەکەدا بنیاد دەنرێت. بۆ ئەوەی ئەگەرەکانی ئاینده کۆ بکەنەوە، پسپۆڕەکە دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارە بنچینەییانە بداتەوە کە دەچنە ناو کرۆکی (دڵی) داینامیکی دەسەڵاتەوە.

### ڕۆڵی ئایندەناسان

ئایندەناسان و شارەزایانی پێشبینیکردنی ئاینده چەندین ڕۆڵ دەگێڕن لە ماوەی پرۆژەکەدا. وەک نموونەیەک، ویلکینسن (٢٠١٧) پۆلێنکردنێکی بنەڕەتی پێشکەش دەکات کە تاوتوێی ڕۆڵ لێهاتووییە جۆراوجۆرەکان دەکات کە پێویستە لە پسپۆڕەکاندا، لە ڕاهێنەری چیرۆککگێڕانەوە (گێڕانەوەی چیرۆک بۆ گۆڕانکاری)، پاککەرەوەی پەنجەرە (یارمەتیدانی ئەوانەی کە بیرکردنەوەیان لە دەرەوەی سنوورە دیاریکراوەکانە) و نەخشەساز (دابینکردن دەقێکی گەورەتر بۆ مانا نوێیەکان)، شیکارکاری دەروونی (دروستکردنی بیرکردنەوەی ئەرێنی)، بۆ ئاسانکاریی فێربوون (دروستکردنی ئەزموونی فێربوون لەگەڵ بەشداربووان).

سەرەڕای ئەوەش، ڕەهەندێکی دەروونی هەیە بۆ بیرکردنەوە لەو ڕۆڵە جۆراوجۆرانەی کە شارەزایان دەیگێڕن. بە گوێرەی ستۆن (١٩٩٤)، لە دەروونندا چەندین خودی تاکەکەسی هەیە، هەریەکەیان «مێژووی تایبەتی خۆی هەیە، تایبەتمەندیی جەستەیی، کاردانەوەی سۆزداری و جەستەیی و بۆچوونیان هەیە سەبارەت بە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ژیانمان».

ئایندەناسان پێویستە بە وردی گوێ لە خود بگرن بۆ دەستگەیشتن بە «ژینگەی خود» (ڕامۆس، ٢٠١٥، ل٩٧) بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەوە بن کە کام خود کاری ئایندە ئەنجام دەدات و لە ڕێگەی ئەم خودە جۆراوجۆرانەوە لە پرۆژەکان نزیک ببنەوە.

زۆر جار چوارچێوەی زاڵ کە بەسەر شارەزایاندا دەسەپێنرێت، ڕۆڵی «شارەزای»یە کە لە لایەن ڕێکخراوەکان و سپۆنسەرەکانەوە پارەی پێ دەدرێت بۆ پێشکەشکردنی ڕێنمایی پسپۆڕانە و چارەسەری کێشەکان لە ئایندەدا. بۆ کردنەوەی مەودایەک بۆ گفتوگۆی یەکسان، گرنگە ئەم گریمانانە دووبارە دابڕێژرێتەوە و خودێکی دیکە بەرجەستە بکەین.

وەک ئینایەتوڵڵا دەڵێت: «هەمیشە هەوڵی دیکۆلۆنیالیزەکردن و ڕوونکردنەوە دەدەم و بیر لە گێڕانەوەی دیکە دەکەمەوە [و]... بە گرووپەکان دەڵێم کە من زیرەکترین کەس نیم لە شوێنەکەدا، بەڵام دەتوانم یارمەتیی کەسانی زیرەکتر بدەم کە جیاواز بیر بکەنەوە.»

کاتێک ئامانجمان دیکۆلۆنیالیزەکردن بێت، پێویستە شارەزایان ئامانجیان ئەوە بێت کە ئەو ڕۆڵانە بگێڕن کە گفتوگۆ لە نێوان چەندین بەشداربوودا بەرەوپێش دەبەن.

بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بە شێوەیەکی کاریگەر، پێویستی بە ئاگاداریی چەندین خودی ناوەکی هەیە بۆ ئەوەی بتوانن ئاگاداری ئەوە بن کە چ خودێک کاری ئایندە ئەنجام دەدات و چوارچێوەیەک بۆ خودەکە دروست بکات کە ڕێگە بە گفتوگۆ بدات و کراوەیی و ئەگەرەکان قبووڵ بکات.

بۆ بەرەوپێشبردنی گفتوگۆ لەگەڵ تاکەکانی کولتووره جیاوازەکان، پێشینەی چینایەتی، جۆرەکانی ناسنامە و ئەزموونی ژیانکردنیان، کە هەموو ئەمانە بەرەو شێوازێکی جیاوازمان دەبات بۆ بینینی جیهان، هەندێک تایبەتمەندیی کەسی هەن کە شارەزایان دەتوانن پەرەی پێ بدەن. ئایندەناسان پێویستە بە دەستەواژەی خۆیان لە بەشداربووان تێبگەن، لە بریی ئەوەی ئایندەکانیان بە چوارچێوە چەمکییە پرسیارنەکراوەکانی ئایندەناسان سەرلەنوێ «کۆلۆنیالیزم» بکەن. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش، ئایندەناسەکان پێویستیان بە دەربازبوونە لە پۆلێنە کولتوورییەکانی خۆیان بۆ ئەوەی بچنە ناو جیهانی چەمک و سیمبوڵی بەشداربووانەوە. بە گوێرەی ئینایەتوڵڵا، ئەمە پێویستی بە «کۆمەڵە شارەزاییەکی

هەمەجۆر، زانینی زیرەکیی هەمەجۆر، زیرەکیی سۆزداری، زیرەکیی ڕۆحی و پراکتیزەکردنی بیرکردنەوەی ڕۆحی» و «ئاگایی» هەیە.

بە لەبەرچاوگرتنی نموونە نادیسیپلینییەکانی توێژینەوەکانی ئایندەی دیکۆلۆنیالیزم کە لە سەرەوە باسمان کردن، ئایندەناسان دەتوانن هەوڵ بدەن خوێنەری هەموو جۆرە بابەتێک و سەرچاوەی ڕاکێشانی زانیارییە جیاوازەکان بن (مەرج نییە کە تەنها کتێب و بابەت و دەقی نووسراو بن، کە بەهادانیان بەرهەمی ڕێزگرتنی ڕۆژئاوایە بۆ وشەی نووسراو).

سەبارەت بە وتەکانی ئینایەتوڵلا دەربارەی بە بەئاگایی و زیرەکیی ڕۆحی، دەتوانین بە لەبەرچاوگرتنی تێبینییەکانی مامۆستای ڕۆحی «شونریو سوزوکی» (٢٠٠٥) بیر لەم بابەتە بکەینەوە کە دەڵێت: «لە مێشکی کەسانی دەستپێکەردا (شۆشین) ئەگەرەکان زۆرن، بەڵام لە مێشکی پسپۆڕەکاندا کەمن» (ل١).

شارەزایان پێویستیان بە مێشکی دەستپێکەر هەیە بۆ چوونە ناو چەندین ڕێگەی زانین و بوون، بۆ زاڵبوون بەسەر پۆلە چەمکییەکانی خۆیاندا و هاوبەشی بکەن لە دروستکردنی ئایندە لەگەڵ بەشداربووواندا بە پێی دەستەواژەکانی خۆیان.

### ئایندەکان لە ڕێگەی جیهانبینییەکانی ئەوانی دیکەوە

وەک ناندی (١٩٨٩) دەنووسێت: «باڵادەستی لە ئەمڕۆدا بە دەگمەن لە ڕێگەی قسەکردن، ڕێورەسمی باڵا، یان داواکردنی مافی لەدایکبوون بە ڕەوا دەبینرێت، ئێستا باڵادەستی زیاتر لە ڕووی ئاشنابوونی باشتر بە زانستی گشتگیر و دەستڕاگەیشتنێکی باشتر بە شێوازە گشتگیرەکانی بەدەستهێنانی زانست ڕەوایە.

لە جیهانی هۆشیاریی ئەمڕۆدا کە تێیدا دەژین، بەبێ شتانێکی وەک زانستی لۆژیکی، تاقیکردنەوە تاقیگەییەکان و بەڵگەی شیکاری، بەبێ بەدەستهێنانی زاراوەی پێشکەوتنخوازی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و بەبێ هۆشیارییەکی مێژوویی دروست، دەوترێت هیچ مرۆڤێک مرۆڤێکی تەواو نییە.»

تەنیا لە ڕێگەی ئاشنابوون بە دابونەریتی ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوایی کە گوایە «گەردوونی»یە، دەتوانرێت تاکەکان وەک بەرهەمهێنەری ڕەوای زانست سەیر بکرێن و تەنیا ئەو زانستەی کە دەتوانرێت لە ڕێگەی نەریتی ڕۆژئاواوە بخوێنرێتەوە؛ وەک زانستی ڕەوا پشتڕاست دەکرێتەوە (سمیس، ١٩٩٩).

دروستکردنی جێگرەوە لەگەڵ بەشداربووان پێویستی بە شارەزاییان هەیە کە دیدگا

نارۆژئاواییەکانی بەشداربووان وەربگرن، کە ڕەنگە بۆ گوێگرێکی کەمتەرخەم و نەشارەزا بێبەها و بێئەزموون دەربکەون و تێکەڵ بە دیدگا جێگرەوەکانی ئایندەیان بکەن.

ئەمە وتنی ئاسانترە لە ئەنجامدانی.

لە کاتێکدا ئێمە هەوڵ دەدەین خۆمان لە وەسفکردنی شێوازێکی دیاریکراو بەدوور بگرین، دەبێت ئاماژەیەکی تایبەت بە شیکردنەوەی هۆکاری چینایەتی (CLA)ی ئینایەتوڵڵا (١٩٩٨) بکەین، کە دەتوانێت وەک ئامرازێکی بێهاوتا خزمەت بکات بۆ یارمەتیدانی شارەزایان بۆ جێگیربوونی جیهانبینییەکانی کەسانی دیکە. وەک لە بەشە لاوەکییەکەی پێشوودا «ڕۆڵی ئایندەناسان» لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا، شارەزایان دەبێ بتوانن لە پۆلە کولتوورییەکانی خۆیان دەربچن و بچنە ناو پۆلەکانی بەشداربووانیانەوە -دەتوانرێت دەنگی بەشداربووان سەرکوت بکرێت ئەگەر شارەزایان بەبێ ئاگاداریی خۆیان پۆلە کولتوورییەکانی خۆیان (و ئایندەکانیان) بسەپێنن بەسەر پۆلەکانی بەشداربووانیان.

لەم چوارچێوەیەدا دەتوانرێت «CLA» بەکار بهێنرێت بۆ دروستکردنی مەودای زانستی لە پۆلێنەکانی بیرکردنەوەی ئایندەناسان خۆیان. «CLA» سەرنجی لەسەر چەند چینێکی شیکارییە: سرووودی ئایینی، کۆمەڵایەتی، پێکهاتە و گوتار/جیهانبینی و لە کۆتاییدا لێکچوواندن یان ئەفسانە. گەڕان بەدوای هەر چینێکدا زنجیرەیەکی جیاواز لە کێشە و قەوارە و سیناریۆ دەخاتە ڕوو. لە ئاستە زۆر قووڵەکاندا -ئاستەکانی پێکهاتە، گوتار/ جیهانبینی، لێکچوواندن یان ئەفسانە- ئاشنا دەگۆڕێت بۆ نامۆ، نامۆش دەگۆڕێت بۆ ئاشنا، گریمانە بنچینەییەکان و یەکەکانی شیکردنەوەی دۆخی ئێستا ئاڵنگاری دەکرێن.

بە جووڵەکردن بۆ سەرەوە و خوارەوە لە چوار ئاستدا کاتێک لە کێشەکان نزیک دەبنەوە، شارەزایان دەتوانن باشتر لە بەشداربووان تێبگەن -ئەوان دەتوانن خۆیان لە جیهانبینیی خۆیان دوور بخەنەوە، خۆیان باشتر لە جیهانی بەشداربوواندا دابنێن و ئاینده لەگەڵ ئەواندا بە هاوبەشی دروست بکەن نەک لەسەر ئەوان.

دەتوانرێت بیر لەو تێڕوانینانە بکرێتەوە کە لە شیکاریی چینایەتییەوە وەرگیراون لە ڕێگەی سێ گریمانەی ئیپیستمۆلۆژییەوە (زانستناسی) کە لە لایەن ئینایەتوڵڵا (١٩٩٠) بۆ لێکۆڵینەوە ئایندەییەکان پەرەی پێ دراوە، ئەوانیش ئەزموونگەرایی پێشبینیکراو، لێکدانەوەی کولتووری و ڕەخنەیی-دوای پێکهاتەیی.

پێشبینی ئەزموونی «ئێستا دەنووسێتەوە» (ل١١٥) بۆ ئاینده و پەیوەستە بە شێوازەکانی چەندێتی و پێشبینیکردن و لە چوارچێوەی ئەزموونی هاوبەشی لەگەڵ زانستە

سروشتییەکاندا بوونی هەیە، کە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی هەنووکەیی دەپارێزن.

بۆچوونی لێکدانەوەی کولتووری؛ ڕێبازێکی کولتووری دەگرێتە بەر و هەوڵ دەدات ئاینده لە ڕێگەی دیدگای گرووپە جیاوازەکانەوە ببینێت، بەو مانایەی کە «هیچ ڕێگایەک نییە بۆ درووستکردنی ئایندەی ڕاستەقینە» (ل١٢٣) و هیچ گشتگیرێک نییە، تەنیا تایبەتمەندییەکان.

لە کۆتاییدا ڕێبازی گرنگییەکانی دوای بنیادنان چوارچێوەیەکی فۆکۆی بۆ ڕاستی وەک بنیادنانی کۆمەڵایەتیی پەیوەندییەکانی دەسەڵات وەردەگرێت، کە ڕێگە بە شارەزایان دەدات بابەتە سروشتییەکان بە کێشە دابنێن.

لە ڕێگەی ئەم ڕێبازەوە نەک هەر «ڕابردوو» و ڕاستییە مێژووییەکان دەبنە هۆی دروستکردنی گوتاری تۆڕە بەیەکەوە گرێدراوەکانی دەسەڵات، بەڵکوو دەتوانین ئەوەش ببینین کە «هاتنی ئایندەیەکی دیاریکراو؛ بێدەنگکردنی ئایندەکانی دیکەیە».

بە بەکارهێنانی «CLA»، شارەزایان ڕێبازی گرنگییەکانی دوای بنیادنان دەگرنە بەر «بۆ تێکدانی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی ئێستا لە ڕێگەی کێشەدارکردنی پۆلەکانمان و وەبیرهێنانەوەی شوێنەکان یان سیناریۆکانی دیکەی ئایندە»، کە دەبێتە هۆی دیکۆلۆنیالیزەکردنی ئایندەی دۆخی ئێستا.

## دیکۆلۆنیالیزەکردنی کاتە هەژموونییەکان

پێویستە تێبینیی زیاتر لەسەر پۆلەکانی بەشداربووان بکرێت لە ڕووی کاتەوە، بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندییەکی لێکدانەبڕاو لە نێوان کات و ئایندەدا.

ئاینده لە هەموو جیهاندا بە هەمان شێوە بیری لێ ناکرێتەوە (ئینایەتوڵلا، ١٩٩٣؛ هەروەها سەیری گالتونگ و ئینایەتوڵلا، ١٩٩٧ بکە).

ژمارەیەکی زۆر بنیادنانی کات و ئاینده هەن کە لەگەڵ ڕۆژئاوا بەراورد ناکرێن (ئینایەتوڵلا، ١٩٩٣ب).

گرنگە ڕەخنە بگیرێت و جێگرەوەکان بخرێتە ڕوو بۆ بنیادنانی ڕێسای کاتە هەژموونییەکان بۆ کردنەوەی شوێن بۆ ئایندەە جێگرەوەکان. وەک میلۆیڤیچ (٢٠٠٨) ئاماژەی پێ دەکات، کات دەسەڵاتە، بەو پێیەی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییانەی کە سەرکەوتوو بوون لە «ئاساییکردنەوە و گشتاندن»ی کاتە هەژموونییەکان، لە «کۆنترۆڵکردنی» ئێستا و ئایندەشدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سەرکەوتوو دەبن (ل٣٣٤).

ئاساییکردنەوەی چەمکێکی تایبەت بە کات؛ خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی گرووپێکی

کۆمەڵایەتیی دیاریکراو دەکات و زەمەنە هێڵییە پیشەسازییە هەژموونییەکەی ئێستا بریتییە لە بنیادنانی «ڕۆژئاوایی، مەسیحیەت، هێڵی، ئەبستراکت، کاتژمێر زاڵ، ئاڕاستەی کار، زۆرەملێ، سەرمایەداری، پیاوەتی و دژەسروشت» (گریفیتس، ٢٠٠٢، وەک لە میلۆیڤیچ، ٢٠٠٨، ل٣٣٣ دا ئاماژەی پێ کراوە).

تەنیا دوای ڕزگارکردنی خۆمان لە چاوەڕوانییە نۆرماتیڤەکانی ئەو سەردەمە، جێگرەوەکان دەردەکەون (ئینایەتوڵڵا، ١٩٩٩).

وەک میلۆیڤیچ دەڵێت: «کاتێک گریمانە بنچینەییەکان دەربارەی ڕابردوو و ئێستا و ئاینده دەخرێنە ژێر پرسیارەوە، یەکسەر جێگرەوەکان دەست پێ دەکەن.»

پاشان پرسیارەکان دەبن بە:

١. چۆن لەم جیهانەدا بژیم کە داوای ئەوە دەکات هەموومان ملکەچی هەندێک پێوەری دیاریکراو بین کە دەتوانێت وێرانکەر بێت بۆ من بە شێوەیەکی کەسی، بۆ ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییەی کە سەر بە ئەوانم، یان تەنانەت بۆ کۆمەڵگە بە گشتی؟

٢. چۆن بژیم و کار بکەم بۆ ئەوەی نەک هەر ئەوەی نەخوازراوە لەناو ببەم، بەڵکوو ئەوەی خوازراویشە بنیادی بنێم؟ بە لەبەرچاوگرتنی گرنگیی پۆلێنی کولتووری کات بۆ دیکۆلۆنیالیزەکردن، پێویستە شارەزایان چاویان لە چارەسەرکردنی پرسی کات بێت لە کاتی بەشداریکردنندا. بۆ ئەم مەبەستە، ئینایەتوڵڵا دەڵێت گرنگە بەدواداچوون بۆ چەمکە جێگرەوەکانی کات بکرێت بۆ ئەوەی یارمەتیی بەشداربووان بدات لە ڕوونکردنەوەی چەمکی هەژموونی کات.

بۆ نموونە؛ بەندۆڵی سۆرکین کە «مێژووی ڕۆژانە لە چوارچێوەی شەش پایەدا دەهێنێت»... خولگەی سەرکار باس لە» کام بەشی ئاینده بە شێوەی خولگەییە» (واتە دووبارەبوونەوەی هەیە).

چ شتێک بەرەو پێش و دواوە دەجووڵێت وەکوو بەندۆڵی کاتژمێر؟

هەموو ئەم نموونانە بە مەبەستی یارمەتیدانی بەشداربووانن بۆ ئەوەی تێبگەن کە ئەوان «تیۆرێکی تایبەتی کاتیان هەیە».

بە هێنانی چەندین چەمکی کات بۆ پێشەوە، بەشداربووان توانای ڕوونکردنەوە و کۆلۆنیالیزمکردنی چەمکە زاڵەکانیان لە بارەی کاتەوە هەیە، بۆ ئەوەی باشتر بتوانن بیر لە تیۆرییەکانی کات بکەنەوە کە بە «سروشتی»ی دەزانن. بە کردنەوەی کۆنترۆڵی کاتە هەژموونییەکان، شارەزایان و بەشداربووان دەتوانن کار بکەن بەرەو چەمکە جێگرەوەکانی کات کە بتوانن لەگەڵ ئایندەی جێگرەوە و خوازراویاندا بگونجێت.

## خشتەی (١)

### پوختەی بابەتە سەرەکییەکان

| بەبەتەکانی پراکتیزەی دیکۆلۆنیالیزەکردنی ئاینده | وەسفکردنی بابەتەکە | پوختەی بیرۆکە سەرەکییەکان |
|---|---|---|
| شێوازناسی | بابەتەکە بەدواداچوون بۆ ئەو شێوازانە دەکات کە لە پراکتیزەکردنی ئایندەدە کۆلۆنیالیزەکراوەکاندا بەکار دەهێنرێن. | •لە بریی ئەوەی بیر لە شێوازێکی تایبەت بکەیتەوە وەک «باشترین ڕێگا» بۆ دیکۆلۆنیالیزەکردن، ڕێبازێکی ئەزموونی و زانستە هەمەچەشنەکان بگرنە بەر.<br>• پێکهاتە جیاوازەکان لە شێوازەکان دەتوانن لە چوارچێوەی جیاوازدا کار بکەن.<br>• بیر لەو ڕێبازانە بکەرەوە کە دۆخی ئێستای «ڕۆتینی بەردەوامی کارکردن» تێک دەدەن. |
| نەخشەسازیی پرۆژە | بابەتەکە باس لەوە دەکات کە چۆن نەخشەسازیی پرۆژە دەتوانێت ببێتە هۆی دەرئەنجامە دیکۆلۆنیالیزەکراوەکان. | •لە کاتی دارشتنی پرۆژەیەکدا ئەوە لەبەرچاو بگرە کە بەشداربووان کێن، کێ بەشداریکردنی هەیە، کێ بڕیار دەدات و تا چەند دەنگی هەمەجۆر لەخۆ دەگرێت.<br>• نەخشەسازیی پرۆژە دەبێت ئامانجی بەشداریکردن و گفتوگۆی یەکسان بێت.<br>• نەخشەسازیی پرۆژە دەتوانێت تەواوی پرۆژەکە بگۆڕێت بە ئەولەویەتدان بە هەندێک کێشە و ئاراستە و ڕووداو بەسەر ئەوانی تردا، هەروەها بە ئەولەویەتدان بە هەندێک پارادایم (دارشتان) و چوارچێوەی زانستی. |

| | | |
|---|---|---|
| ڕۆڵی ئایندەناسان | بابەتەکە لەو ڕۆڵانە دەکۆڵێتەوە کە ئایندەناسان دەتوانن بیگرنە بەر بۆ پراکتیزەکردنی دیکۆلۆنیالیزم. | •ئایندەناسان بە درێژایی پڕۆژەکە چەندین ڕۆڵ دەگێڕن.<br>• ئەو چوارچێوە زاڵەی کە بەسەر ئایندەناسیدا سەپێنراوە، «شارەزا»یە. بۆ کردنەوەی بوار بۆ گفتوگۆی یەکسان لەم بارودۆخانەدا، پێویستە دۆخەکە دووبارە دابڕێژرێتەوە و ڕۆڵێک وەربگرن کە گفتوگۆ بەرەوپێش ببات.<br>• ئایندەناسان دەتوانن چەندین زیرەکی پەرە پێ بدەن، بە شێوەیەکی بەرفراوان بخوێننەوە و گوێ بگرن، لە ڕووی فیکرییەوە شارەزا بن لە بەدواداچوونی گفتوگۆی قووڵتر لە نێوان کەسانی چینە جیاوازەکاندا. |
| گەڕان بەدوای جیهانبینیی کەسانی دیکە | بابەتەکە باس لەوە دەکات کە چۆن شارەزایان دەتوانن ئایندە لەگەڵ بەشداربووان لەسەر دەستەواژەکانی خۆیان و لە ڕێگەی پۆلێنە کولتوورییەکانی خۆیانەوە دروست بکەن. | •ئاشنانەبوون بە نەریتە «گشتگیرە» ڕۆژئاواییەکان دەتوانێت لە ڕووی پێکهاتەییەوە بێشەرعیەتی بدات بە بیرۆکەی تاکەکان و کۆمەڵانی خەڵک.<br>• جێگرەوە ڕاستەکان پێویستیان بە دروستکردنی جێگرەوە هەیە لەگەڵ تاکەکان بە پێی دەستەواژەکانی خۆیان.<br>• «CLA» دەتوانێت یارمەتیی شارەزایان بدات کە ئایندە لە زاراوەی بەشداربوودا دروست بکەن بە دروستکردنی مەودای زانستی لە پۆلەکانی بیرکردنەوەی خۆیان بۆ ئەوەی بچنە ناو پۆلەکانی بەشداربووانەوە. |

| | | |
|---|---|---|
| دیکۆلۆنیالیزەکردنی کاتە هەژموونییەکان | بابەتەکە بەدواداچوون بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکە نۆرماتیڤەکانی کات دەکات. | •لە سەرانسەری جیهاندا چەندین بنیادنانی کولتووری بۆ کات و ئاینده هە یە.<br>• ئاساییکردنەوەی چەمکی کات خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی یەک گرووپ دەکات. گرنگە بنیادنانی نۆرماتیڤی کات دروست بکرێت.<br>• پێویستە شارەزایان چاویان لە ڕوونکردنەوەی ڕەهەندی کات بێت بە پێشکەشکردنی چەمکە جێگرەوەکانی کات، کە دەرگا بە ڕووی جێگرەوەکاندا دەکاتەوە. |

## ئەنجام

گەڕان بەدوای جێگرەوە و فرەیی لە ئایندەیەکی جیاوازدا ڕەنگە وەک ئەرکێکی گەورە دەربکەوێت، بە تایبەت کە پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی بیروباوەڕە پتەوەکان و گریمانەکان هەیە سەبارەت بە جیهان.

هەر چەندە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر جیهان پێویستی بە بیرکردنەوەی نوێ و جێگرەوەیەکی نوێ هەیە بۆ ئەو کێشانەی کە دۆخی ئێستا چارەسەری نییە بۆی. قەیرانی کەشوهەوا نموونەیەکی کاریگەرە: وەک «واینڕایت» و «مان» (٢٠١٨) لە کتێبی «کەشوهەوا لیڤیاتان»دا نوسیویانە: «... ئەگەر دەیتا و مۆدێلی باش بۆ چارەسەرکردنی گۆڕانی کەشوهەوا پێویست بووایە، ئەوا کاردانەوەیەکی سیاسیمان دەبینی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا.»

«ئەو ئاڵنگارییەی کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، نزیکترە لە قەیرانی خەیاڵ و ئایدۆلۆژیا.»

لە بریی جێگرەوەکان، ئێمە لە دۆخی ئێستا و بیرکردنەوەی «ژیری»ی دامەزراوە سیاسییە باڵادەستەکاندا گیرمان خواردووە، کە بەردەوامن لە «داگیرکردنی» ئایندەی جیهان بە دیدگا شکستخواردووەکانیان بۆ ئاینده و ئەو ئایندەی کە چاوەڕێمان دەکات، بەڵێن

دەدات کە بەدبەختی بێت و تەنانەت کوشندەش بێت بۆ زۆرێک لە خەڵکی جیهان.

پێویستمان بە جێگرەوەیەکی نوێ و بەهێز و داهێنەرانەی ئایندە هەیە بۆ تێپەڕاندنی دۆخی نالەباری ئێستا.

بۆ هاندانی ئەم جێگرەوانە، پێویستمان بە پراکتیزەکردنێکی ئایندەی دیکۆلۆنیالیزم هەیە.

پراکتیزەکردنی ئایندەی دیکۆلۆنیالیزم فرەپسپۆڕییە و کراوەیە بۆ شێوازە جێگرەوەکانی بیرکردنەوە و بوون.

ئەمە پراکتیزەکردنێکی ئایندەییە کە گفتوگۆ پەرە پێ دەدات و بە نەخشەسازی گرووپێکی هەمەجۆر لە بەشداربووان بانگهێشت دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لەو کێشە و بابەتانەی کە بۆ ئەوان گرنگن، لە کاتێکدا ئەوان و جیهانبینییەکانیان وەک سەرچاوەیەکی ڕەوای زانیاری بەهەند وەردەگرن.

بابەتەکە لە ڕێگەی چەند تەوەرێکەوە بەدواداچوونی بۆ هێڵکارییەکانی ئەم جۆرە پراکتیزەکردنە ئایندەییە کردووە، کە بریتین لە: شێوازناسی، نەخشەسازیی پرۆژە، ڕۆڵی ئایندەناسان، ئەزموونکردنی دونیا لە تێڕوانینی کەسانی ترەوە و دیکۆلۆنیالیزەکردنی کاتە هەژموونییەکان.

دروستکردنی ئەم دیدگا بەهێزە جێگرەوانەی ئایندە یەکێکە لە بەشدارییە بێهاوتاکانی توێژینەوەکانی ئایندە بۆ جیهان، هیواداریین ئەم بابەتە ببێتە هۆی هاندانی گفتوگۆی نوێ و ئایندەیەکی جێگرەوە و بەهێز کە تا ئێستا خەیاڵی بۆ نەکراوە.

## سەرچاوەکان


1. Antunano, M. (1996). From reflection to action. Futures, 28(6-7), 524-527.
2. Bell, W. (2003). Foundations of Futures Studies: History, Purposes, and Knowledge. Routledge.
3. Bisht, P. (2020). Chapter 14: Decolonizing futures: Finding voice, and making room for non-Western ways of knowing, being, and doing. In R. Slaughter & A. Hines (Eds.), The Knowledge Base of Futures Studies 2020 (pp. 216-230). Association of Professional Futurists and Foresight International.
4. Candy, S., & Kornet, K. (2019). Turning Foresight Inside Out: An Introduction to Ethnographic Experiential Futures. Journal of Futures Studies, 23(3), 3-22.
5. Curry, A., & Schultz, W. (2009). Roads Less Travelled: Different Methods, Different Futures. Journal of Futures Studies, 13(4), 35-60.
6. Dator, J. (2005). De-Colonizing the Future. Journal of Futures Studies, 9(3), 93-104.
7. Foucault, M. (1980). Truth and Power. In Gordon, C. (Ed. & Trans.), Power/knowledge: Selected interviews and other writings 1972-1977. New York: Pantheon Books.
8. Galtung, J., & Inayatullah, S. (1997). Macrohistory and Macrohistorians: Perspectives on Individual, Social, and Civilizational Change. Praeger.
9. Goonatilake, S. (1996). Towards a post-European, post-enlightenment future. Futures, 28(6-7), 573-576.
10. Hines, A., & Zindato, D. (2016). Designing Foresight and Foresighting Design: Opportunities for Learning and Collaboration via Scenarios. World Futures Review, 8(4), 180-192.
11. Inayatullah, S. (1988). Sarkar's Spiritual Dialectics: An unconventional view of the future. Futures, 20(1), 54-65.
12. Inayatullah, S. (1990). Deconstructing and Reconstructing the Future: Predictive, cultural and critical epistemologies. Futures, 22(2), 115-141.
13. Inayatullah, S. (1993a). Colluding and colliding with the orientalists. A response to Zia Sardar's 'Colonizing the future.' Futures, 25(2), 190-195.
14. Inayatullah, S. (1993b). From 'Who am I?' to 'When am I?': Framing the shape and

time of the future. Futures, 25(3), 235-253.

15. Inayatullah, S. (1996). What Futurists Think: Stories, methods and visions of the future. Futures, 28(6-7), 509-517.
16. Inayatullah, S. (1998a). Pedagogy, Culture, and Futures Studies. American Behavioural Scientist, 42(3), 386-397.
17. Inayatullah, S. (1998b). Causal Layered Analysis: Poststucturalism as method. Futures, 30(8), 815-829.
18. Inayatullah, S. (1999). Reorienting Futures Studies. In Z. Sardar (Ed.), Rescuing All Our Futures: The Future of Futures Studies (pp. 49-60). Twickenham: Adamantine Press Limited.
19. Inayatullah. (2008). Six Pillars: futures thinking for transforming. Foresight, 10(1), 4-21.
20. Inayatullah, S. (2013). Learnings From Futures Studies: Learnings From Dator. Journal of Futures Studies, 18(2), 1-10.
21. Mahadevan, A. (1996). The need for hope and faith. Futures, 28(6-7), 611-614.
22. Markley, O. (1996). Global Consciousness: An alternative future of choice. Futures, 28(6-7),622-626.
23. Miller, R. (2018). Futures Literacy Laboratories (FLL) in practice: an overview of key design and implementation issues. In R. Miller (Ed.), Transforming the Future: Anticipation in the 21st Century (pp. 95-109). Swales & Willis Ltd, Exeter, Devon, UK.
24. Milojevic, I. (1999). Feminising futures studies. In Z. Sardar (Ed.), Rescuing All Our Futures: The Future of Futures Studies (pp. 61-71). Twickenham: Adamantine Press Limited.
25. Milojevic, I. (2008). Timing feminism, feminising time. Futures, 40, 329-345.
26. Nandy, A. (1983). The intimate enemy: loss and recovery of self under colonialism. Delhi: Oxford University Press.
27. Nandy, A. (1989). Shamans, Savages and the Wilderness: On the Audibility of Dissent and the Future of Civilizations. Alternatives, 14(3), 263-277.
28. Nandy, A. (2006). Visions that do not Reproduce Another Nightmare. Journal of Futures Studies, 10(3), 89-92.
29. Ramos, J. (2005). Memories and methods: conversations with Ashis Nandy, Ziauddin Sardar and Richard Slaughter. Futures, 37(5), 433-444.

30. Ramos, J. (2015). The Inner Game of Futures. Journal of Futures Studies, 20(1), 91-100.
31. Sardar, Z. (1993). Colonizing the future: the 'other' dimension of futures studies. Futures, 25(2), 179-187.
32. Sardar, Z. (1996). Natural born futurist. Futures, 28(6-7), 665-668.
33. Sardar, Z. (1997). A futurist beyond futurists: the a, b, c, d (and e) of Ashis Nandy. Futures, 29(7), 649-660.
34. Sardar, Z. (1999). The Problem of Futures Studies. In Z. Sardar (Ed.), Rescuing All Our Futures: The Future of Futures Studies (pp. 9-23). Twickenham: Adamantine Press Limited.
35. Slaughter, R. A., & Bussey, M. (2005). Futures Thinking For Social Foresight. Taipei: Tamkang University Press.
36. Slaughter, R. A., & Hines, A. (Eds.). (2020). The Knowledge Base of Futures Studies 2020. Association of Professional Futurists and Foresight International.
37. Smith, L. T. (1999). Decolonizing methodologies: Research and indigenous peoples. London: Zed Books.
38. Stone, H., & Stone, S. (1994). Embracing All Our Selves. Voice Dialogue International. https://voicedialogueinternational.com/articles/Embracing_All_Our_Selves.htm
39. Suzuki, S. (2005). Zen mind, beginner's mind. Weatherhill.
40. Tough, A. (1996). My connectedness with future generations. Futures, 28(6-7), 687-689.
41. Van Steenbergen, B. (2005). The first fifteen years: a personal view of the early history of the WFSF (1967-1982). Futures, 37(5), 355-360.
42. Wainwright, J., & Mann, G. (2018). Climate Leviathan: A Political Theory of Our Planetary Future. London, New York: Verso.
43. Wilkinson, A. (2017). Strategic foresight primer. European Policy Strategy Centre. https://cor.europa.eu/Documents/Migrated/Events/EPSC_strategic_foresight_primer.pdf

راپۆرتی ئایندەیی

ئایندەناسی

# ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

## لە سەردەمی دووەمی ترەمپ-دا

ئامادەکردن: ژیلوان لەتیف یارئەحمەد



سەرکەوتنی «دۆناڵد ترەمپ» کاندیدی کۆمارییەکان و سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا، سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ و هێنانەکایەی زنجیرەپرسیارێکە لەسەر چۆنیەتیی هەنگاوە سیاسییەکانی ئیدارەی نوێی ئەمەریکا لە قۆناغەکانی داهاتوودا، کە تیایدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک ناوەندێکی کاریگەری نێو ئەو ستراتیژە نوێیە دەبێتە شاهیدی گۆڕانێکی چاوەڕوانکراو لەسەر ئاستەکانی سیاسی و ئابووری و ئەمنی. هەر بۆیە سەرکەوتنی ‹دۆناڵد ترەمپ خاڵێکی سەرەکی پێک دەهێنێت لە دیاریکردنی کاریگەرییە چاوەڕوانکراوەکان لەسەر داهاتووی پرسی فەڵەستین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەت کە دوابەدوای سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ بۆ خولی دووەمی سەرۆکایەتی، لە یەکەمین وتاریدا لە بەرەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە لە ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤، جەختی لەوە کردەوە کە ڕێبەرایەتیی گەورەترین سەرکەوتن و گەڕانەوەی لە مێژووی سەرۆکایەتیی ئەمەریکادا کردووە و لە یەکەمین بەڵێنیدا کۆتایهێنان بە شەڕ و ناکۆکییە گەرم و هەنووکەییەکانی ڕاگەیاند.

لەم هەلومەرجەدا دۆناڵد ترەمپ کاریگەرترین سەرۆکەکانی ئەمەریکا بووە کە دۆسیەی سیاسی و ئابووری و ئەمنیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێو پێڕەو و ستراتیژی سیاسیدا زۆرترین مشتومڕی لەسەر بووە. ئاشکراش بوو لە یەکەم خولی سەرۆکایەتی لە کۆشکی سپیدا، مێژوویەکی کاریگەری لە پەیوەندیی سیاسی و ئابووریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تۆمار کرد، ئەویش بە یەکەمین گەشتی دەرەوەی بۆ وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەک سعودیە، هاوکات پەیوەندیی کەسی و زاوا و ڕاوێژکارەکەی (جارێد کوشنەر) لەگەڵ سەرکردەکانی ناوچەکەدا؛ بەشدار بوو لە داڕشتنی بڕیارە گەورەکان، ئەمەش بووە هۆی بەرهەمهێنانی «مامەڵەی سەدە». ئەم ڕێککەوتنە سیاسییە دەرگای بە ڕووی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل کردەوە، تەنانەت ئاواتەخوازی ئەوە بوو کە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پرسی فەڵەستیندا بهێنێتە ئاراوە، هەر بۆیە ئەم هەنگاوە بە «گرێبەستی سەدە» ناسرا. ئەمانە جگە لەوەی یەکگرتنی ناوچەیی و هەوڵە دیپلۆماتییەکانی؛ کاریگەریی جوولەکەی لە ناوچەکەدا بەهێز کرد و زەمینەیەکی ئاشکرای ڕەخساند تاکوو ڕۆژئاوا فشارەکان لەسەر ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو چڕ بکاتەوە، هەر

بۆیە پێچدەچێت ئیدارەی نوێی ئەمەریکا تێڕوانینی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاستێکی بەرزدا لە نێو کارنامەکەیدا بهێڵێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دوای شکستی دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢١، گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەسەردا هاتووە. جموجووڵە سیاسی و سەربازییەکان خێرا و کاریگەرتر بوون، ململانێ و ڕکابەرییەکان چوونەتە قۆناغی ڕووبەڕووبونەوە و پێکدادانی ئاشکرا. هەر بۆیە گرنگترین ئەکتەرە ناوچەییەکان بە وردی تەماشای مانۆڕەکانی سەرۆکی نوێی ئەمەریکا دەکەن، کە پێشینەیەکی مێژوویی و ئاگاییەکی بەرچاوی هەیە کە چۆن ئەم گۆڕانکاریانە بەڕێوە دەبات. سەرەتای ئەم هەنگاوە نوێیانە لە وتەیەکی بنیامین ناتانیاهۆ سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی سەرکەوتنەکانی دۆناڵد ترەمپدا پشتڕاست بوویەوە، کاتێک لە پۆستێکی پلاتفۆرمی «ئێکس»دا ئاماژەی بەوە کرد کە گەڕانەوەی مێژوویی ترەمپ بۆ کۆشکی سپی، سەرەتایەکی نوێ و پابەندبوونێکی بەهێز بە هاوپەیمانیی مەزنی نێوان ئیسرائیل و ئەمەریکا پێشکەش دەکات. هەروەها وڵاتانی کەنداو پێشوازییان لە سەرکەوتنی سەرۆکی هەڵبژێردراو کرد. شا سەلمان بن عەبدولعەزیز شای سعودیە و محەمەد بن سەلمان شازادەی جێنشینی سعودیە پیرۆزباییان لە ترەمپ کرد و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبییش لە پەیامێکی فەرمیدا هیوایان خواست ئیدارەی نوێی ئەمەریکا لە هاوبەشیی بەردەوامیان لەسەر بنەمای خواستە هاوبەشەکان پتەوتر بێت. لە لایەکی ترەوە میدیاکانی دەوڵەتی ئێران بۆ کەمکردنەوەی بایەخی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا و پێگەی سیاسیی دۆناڵد ترەمپ، دووپاتیان کردەوە کە جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکەن لەوەی کێ دەبێتە سەرۆکی ئەمەریکا، تەنانەت «فاتمە موهاجرانی» وتەبێژی حکومەتی ئێران ئاماژەی بەوە کرد هێڵە گشتییەکانی سیاسەت و بەرنامە کارڕاییەکانی ئەمەریکا و ئێران لە دوای ٦ی تشرینی یەکەمەوە نەگۆڕاوە و ناگۆڕێت. دووپاتی کردەوە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا پەیوەندییان بە ئێرانەوە نییە، ئەوەی هەیە کۆماری ئیسلامی سیاسەتی جێگیری هەیە و ناگۆڕێن لەسەر بنەمای دەموچاوەکان. لێرەوە دەکرێت بڵێین هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپ دەتوانێت کاریگەری لەسەر یاریزانە سەرەکییەکانی نێو گۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بسازێنێت.

## وڵاتانی کەنداو لە پێشوازیی گەڕانەوەی دۆناڵد ترامپدا

بەو پێودانگەی دۆناڵد ترەمپ زیاتر لە هەر سەرۆکێکی ئەمەریکا ئاشنایەتیی لەگەڵ سەرۆک و سەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداودا هەیە، پێدەچێت وردتر و ئاشکراتر کاریگەرییەکانی پەیوەندیی ئەمەریکا و وڵاتانی ناوچەکە نیشان بدات. لەم بارەیەوە «محەمەد ئەلسەتوحی» لێکۆڵیاری ناوەندی «شەفەق» لە کاروباری سیاسیی ئەمەریکادا، پێی وایە گەڕانەوەی ترەمپ لە دەوڵەتانی کەنداو بە سانایی پەسەند دەکرێت و هەستێکی ئاسوودە لە نێویاندا دروست دەکات، چونکە سەرکردەکانی ئەو وڵاتانە دەیناسن و بە شێوازەکەی ئاشنان. هاوکات کەناڵی «DW Arabia» دووپاتی کردووەتەوە، لە قۆناغی یەکەمدا دۆناڵد ترەمپ گرنگیی بە پرسەکانی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ نەدا، ئەم پرسانە توخمێکی جەوهەریی لە سیاسەتی دەرەوەی واشنتندا نەبوو، بەڵام ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە ئەم پرسە لە ماوەی خولی دووەمیدا دەگەڕێتەوە و جێی خۆی دەگرێت. ئەم پرسە کاریگەرییەکی ناڕاستەوخۆی لەسەر مانۆڕە تاکتیکییەکانی سعودیە وەک وڵاتێکی کاریگەری ناوچەیی لە ڕۆژهەڵات و هەستیاربوونی جێنشینی شای سعودیە جێ هێشتووە، لە کاتێکدا پەیوەندییەکانی سعودیە و ئەمەریکا لە سەردەمی ئیدارەی «جۆ بایدن» سارد و پڕ گرێ بوو، بە تایبەت دوای ئەوەی حکومەتی ئەمەریکا بەشێک لەو ڕاپۆرتانەی بڵاو کردەوە کە تێیدا «محەمەد بن سەلمان» تۆمەتبار دەکات بە تێوەگلانی ڕاستەوخۆ لە تیرۆرکردنی «جەمال خاشقچی»، ئەگەرچی سعودیە ڕەتی کردەوە شازادەی جێنشین دەستی هەبێت لە کوشتنی. بەڵام بە گەڕانەوەی دۆناڵد ترەمپ، پێدەچێت گەرمی بە دووبارە پەیوەندییەکانی نێوان ڕیاز و واشنتن بداتەوە. لای خۆیەوە «محەمەد کاوەس» لێکۆڵەری سیاسی، پێی وایە دەوڵەتانی کەنداو هەژماری پەیوەندییە کۆنەکانیان لەگەڵ ترەمپ دەکەن، زیاتر لەوە پێی وایە ترەمپ پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کەنداو هەیە و ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ دروستکردنی پەیوەندیی پێشکەوتوو.

## چارەنووسی شەڕی غەززە، گۆڕانی هاوکێشەکان نەک سیاسەتەکان

هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا ئاڕاستەی مامەڵە و ڕەوتی ڕووداوەکان لەگەڵ پرسی فەڵەستین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی دیاری دەکات، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی شەڕی بەردەوامی ئیسرائیل لەسەر غەززە و پەرەسەندنی ئاڵۆزییەکانی لە بەرەی لوبنان و

ئێران، هەر بۆیە سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ خاڵێکی سەرەکی پێک دەهێنێت لە دیاریکردنی کاریگەرییە چاوەڕوانکراوەکان لەسەر داهاتووی پرسی فەڵەستین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بەم پێودانگە، گرنگیدان بە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی ئەمەریکا لە ئیسرائیل بەراورد بە ڕابردوو تا ئەندازەیەکی بەرچاو جیاواز و کاریگەرتر دەرکەوت. «ئەمیت سیگال»؛ شرۆڤەکاری سەرەکیی سیاسیی «کەناڵی ١٢ی ئیسرائیل»، ئەوەی ڕوون کردەوە بایەخی هەڵبژاردنی ترەمپ بۆ ئیسرائیلییەکان ئەوە نییە کە وردەکارییەکانی ئەم سیستمە تایبەتەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا بۆ ئەوان سەرنجڕاکێش بێت، بەڵکوو بە تەواوی ئاگاداری گرنگی ئەنجامەکە و کاردانەوەکانی سەرۆکی نوێن بۆ ئیسرائیلییەکان. ئەم دیدگایەی سیگال تاکوو ئەو ئەندازەیە ڕۆیشت کە بڵێت: «ناڕوونییەکی ئەوتۆ نییە کە ئیسرائیلییەکان دەیانەوێت ببنە سەرۆکی ئەمەریکا. ئەگەر ئیسرائیل (٥١)هەمین دەوڵەتی ئەمەریکا بووایە، بە دڵنیاییەوە ئەوە لەسەر دەستی پیاوێکی کۆمارییەکان دەهاتە دی».

سەرەڕای پێشوازییە فەرمییەکان بۆ گەڕانەوەی دۆناڵد ترەمپ، بەڵام هێشتا پرسگەلێکی گوماناوی چاوەڕێی دەکەن، بە تایبەتی بەردەوامیی شەڕەکانی غەززە و باشووری لوبنان، هەروەها پەرەگرتنی گرژییەکانی ناوچەکە لەگەڵ ئێران. ئەگەرچی لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیدا ترەمپ لێدوانی ڕوونی سەبارەت بە پلانەکانی بۆ ڕەخساندنی کەشی سەقامگیر و هێورکردنەوەی دۆخی ئەمنیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خستە ڕوو، ئەویش لە چوارچێوەی ئەو بەرنامە نوێیەی کە بە «ڕۆژی دوای شەڕ» ناوی برد، بەڵام بەردەوام جەختی لەسەر پێویستیی سەرکەوتنی ئیسرائیل و توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکان کردەوە لە کاتێکدا داوای کۆتاییهێنان بە شەڕەکەی کرد. لەم چوارچێوەیەدا ڕۆژنامەنووس و نووسەری میسری «ئەشرەف ئەشری» لەو باوەڕەدایە ڕەنگە ترەمپ پەیوەندییە نزیکەکانی لەگەڵ «نەتانیاهۆ» بقۆزێتەوە، بۆ ئەوەی فشاری بخاتە سەر بۆ ڕاگرتنی شەڕی غەززە و باشووری لوبنان. هەمان کات لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی «DW Arabia»، «ئەلئەشری» سەرنووسەری ڕۆژنامەی «ئەلئەهرام» پێی وایە ترەمپ هەوڵ دەدات «سیاسەتی گرێبەست» پەیڕەو بکات، کە ڕەنگە هاوکێشە لە ناوچەکەدا بگۆڕێت، بەڵام سیاسەتەکان بە مانایەی گۆڕینی میکانیزمەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ وردەکارییەکانی دیمەن و وێنە گشتییەکەی ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناگۆڕێت.

لە یەکەمین سەرۆکایەتیی ترەمپدا، هەریەک لە ئیمارات، بەحرەین، مەغریب و سوودان لە ساڵی ٢٠٢٠دا ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوە یان بە ناو «ڕێککەوتنەکانی ئەبراهام»یان لەگەڵ ئیسرائیل ئەنجام دا، بەڵام لە ئێستادا بزووتنەوەی حەماس گرووپێکی چەکداریی ئیسلامیی فەڵەستینییە، لە ئەڵمانیا، یەکێتیی ئەورووپا، ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناسێنراوە، هەر بۆیە ڕۆژنامەنووسی میسریی ئەشرەف ئەلئەشری ئاماژەی بەوە دا کە ترەمپ ڕەنگە جۆرێک لە سیاسەتی نێوەندگیری و ئاساییکردنەوە پێشنیار بکات لە بەرامبەر هاوکاریی ئابووریدا، ئەویش وەک ئامرازێکی دەستی ترەمپ بۆ ئەگەری گەیشتن بە بەشێک لەو ئاشتییەی کە لە ڕوانگەی ئەمەریکییەوە بە خواست و بەرژەوەندیی ئیدارەی نوێ دێتە کایەوە، دوور لە هەر جۆرە پابەندبوونێک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی فەڵەستین، ئەوکاتیش ئێران و حەماس و حزبوڵڵا بە شکستێکی چاوەڕوانکراو دێنە دەر.

لەگەڵ ئەوەشدا، پێدەچێت کۆتاییهێنان بە شەڕەکانی غەززە و لوبنان و زیادبوونی کاریگەرییەکانی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لوتکەی کارنامەی ستراتیژی دۆناڵد ترەمپدا بێت، وەک ئەوەی «مستەفا بەرغوتی»؛ سەرۆکی دەستپێشخەریی نیشتمانیی فەڵەستین ئاماژەی بۆ کردووە، بەوەی ناتانیاهۆ ڕووبەڕووی سەرۆکێکی توند و بڕیاردەر دەبێتەوە. لە لایەکی ترەوە «ئالۆن پینکاس»؛ دیپلۆماتکاری پێشووی ئیسرائیل بە «سی ئێن ئێن»ی ڕاگەیاندووە کە ترەمپ نایەوێت تاکوو ٢٠ی کانوونی دووەم و لەگەڵ دەستبەکاربوونیدا ئەو شەڕانە لە سەر مێزەکەی وەک پرسێکی سووتێنەر هەبێت. هەروەها ئاماژەی بەوەش کردووە کە پێدەچێت ترەمپ داوا لە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بکات «سەرکەوتن ڕابگەیەنێت» و دواتر لە ڕێگەی نێوەندگیرییەوە ڕێککەوتنێک ئەنجام بدات.

وێڕای ئەوانە و بە درێژایی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی، دۆناڵد ترەمپ بە ڕوونی ئاماژەی بەوە نەداوە کە چۆن ڕووبەڕووی شەڕی ئیسرائیل و حەماس دەبێتەوە، یاخود چۆن هەنگاوی سیاسیی جیاواز لە ئیدارەکەی جۆ بایدن دەنێت، هەر چەندە لە مانگی نیسانی ڕابردوودا ترەمپ ڕایگەیاندبوو کە ئیسرائیل پێویستە ئەوەی دەستی پێ کردووە تەواو بکات و بە خێرایی کۆتایی پێ بهێنێت، ئەمەش هەنگاوەکانی لە ماوەی یەکەم خولی سەرۆکایەتیدا پشتڕاست دەکاتەوە کاتێک قورسایی خۆی لە پشت پشتیوانییە درێژخایەنەکانی ئەمەریکا

بۆ ئیسرائیل دووپات کردەوە و نەشیشاردبوویەوە کە خوازیاری چارەسەرێکە کە هەردوو لا پێیان خۆشە، بەڵام بەرغوتی نەیشاردەوە کە ڕەنگە ترەمپ ڕێگە بە ئیسرائیل بدات بەشێک لە کەناری ڕۆژئاوا لە لایەن ئیسرائیلەوە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی «کۆتایی چارەسەری دوو دەوڵەتی». ئەمەش بەرئەنجامی ئەو سیاسەتە بوو کە لە ماوەی یەکەم خولی سەرۆکایەتیدا ترەمپ چەند هەنگاوێکی لە بەرژەوەندیی ئیسرائیل نا، کاتێک لە ساڵی ٢٠١٧دا قودسی وەک پایتەختی ئیسرائیل ناساند، ئەمەش سیاسەتی دەیان ساڵەی ئەمەریکا و کۆدەنگی نێودەوڵەتیی هەڵوەشاندەوە. هەروەها دانی بە سەروەریی ئیسرائیلدا نا بەسەر بەرزاییەکانی جۆلان کە لە شەڕی ساڵی ١٩٦٧دا لە سووریا دەستی بەسەردا گرت.

بەڵام لە کاتێکدا ترەمپ زۆر جار بانگەشەی ئەوەی کردووە کە تاکە سەرۆکێک بووە ڕاشکاوانە زۆرترین لایەنگری ئیسرائیلە، ئەگەرچی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناتانیاهۆ هەمیشە دۆستانە نەبووە، بە تایبەت لە ساڵی ٢٠٢١ کە ترەمپ؛ ناتانیاهۆی بە خیانەت تۆمەتبار کرد کاتێک پیرۆزبایی لە بایدن کردبوو بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٢٠. پاشان دوای هێرشەکەی حەماس لە حەوتی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو بۆ سەر ئیسرائیل، ترەمپ ڕەخنەی لە ناتانیاهۆ و دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل گرت کە ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئەوتۆ نەبوون و ڕاشیگەیاند کە ئەگەر سەرۆک بووایە؛ هێرشەکە ڕووی نەدەدا.

لەسەر ئەم بنەمایە، سیگال ڕوونی دەکاتەوە کە بنیامین ناتانیاهۆ ترسی بایدنی قۆستەوە لەوەی کە ناکۆکی لەگەڵ ئیسرائیل ڕەنگە دەنگدەران و لایەنگری ئیسرائیل دوور بخاتەوە، بۆیە دوو ئۆپەراسیۆنی داگیرکردنی لوبنان و هێرشەکانی لە جەبەلیای باکووری غەززەدا ئەنجام دا. چەند ڕۆژێک دواتر پێی وا بوو کە ئەگەر هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا لە ئاسۆدا نەبووایە، ڕەنگە ئەم ڕووداوانە بەو ئاسانییە تێنەپەڕینایە، هەر بۆیە زۆرێک لە ئیسرائیلییەکان پێیان وایە سەرکەوتنی کەمالا هاریس هۆکارێک دەدات بە ئێران و حەماس و حزبوڵڵا بۆ ئەوەی هیوایان بە دابەشبوون و ناکۆکیی ئەمەریکا و ئیسرائیل هەبێت، ئەمەش هاندانێک دەبێت بۆ بەردەوامبوون لە شەڕ، بە پێچەوانەوە سەرکەوتنێکی ترەمپ ئەم هیوایە دەکوژێنێتەوە و ناچاریان دەکات کۆتایی بە شەڕی بەرەیی بهێنن.

سەربارى ئەوانە، ئەمەریکا پێش هەڵبژاردن پاڵپشتیی کۆتایی ئاگربەست دەکات، ئەمەش واى کردووە کە «بۆئاز بیسموت»ئەندامى پەرلەمانى ئیسرائیل (کنێست)، لە پارتى «لیکود»ى نەتانیاهو، بە «سی ئێن ئێن»ى ڕاگەیاند هەڵبژاردنى ترەمپ لە «کاتى گونجاودا» هات، چونکە دەرفەتێک دەڕەخسێنێت بۆ فراوانکردنى ڕێککەوتنەکانى ئیبراهیم لە کاتێکدا شەڕەکانى غەززە و لوبنان بەرەوپێش دەچن. ئاماژەى بەوەش کردووە ئەو ڕێککەوتنانە کۆمەڵێک ڕێککەوتنن کە لە لایەن ئیدارەى یەکەمى ترەمپەوە ئاسانکاریيان بۆ کراوە و ئیسرائیل پەیوەندییەکانى لەگەڵ چوار وڵاتى عەرەبیدا ئاسایی کردووەتەوە، ئەمەش ئاسۆى دامەزراندنى دەوڵەتى سەربەخۆى فەڵەستینى خستووەتە مەترسییەوە. زیاتر لەوەش، پێی وایە کاتێک شەڕەکە کۆتایی دێت، هەموو لایەک پێویستى بە دەستپێکردنەوەى قۆناغێکى ڕاستەقینە دەبێت لە ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاستدا، لەم دۆخەدا ترەمپ باشترین کەس دەبێت بۆ هێنانەدیى «ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاستى نوێ». ئەمەش لە لایەن «ناداڤ شتراوچلێر»؛ ستراتژیستێکى سیاسیى نزیک لە ناتانیاهو گوتوویەتى هەڵبژاردنى ترەمپ پەیامێک بۆ دوژمنانى ئیسرائیل و لایەنە ئێرانییەکەى دەنێرێت. ئاماژەى بەوەش کرد کە پێشبینینەکردنى ترەمپ دەتوانێت بەو مانایە بێت کە فشارێکى زیاتر لەسەر ئیسرائیل دەبێت بۆ کۆتایهێنان بە شەڕەکانى غەززە و لوبنان، ئەوەش ئەگەرى هەیە هەوڵەکانى سەرلەنوێ ڕووبەڕووبوونەوەى ئێران چڕ بکاتەوە.

## چارەنووسی گرژییەکان لەگەڵ ئێران

لە پاش هەڵبژاردنى دۆناڵد ترەمپ، پێدەچێت چوار ساڵى داهاتوو ببێتە گەورەترین تاقیکردنەوەى کۆمارى ئیسلامى بێت، ئەویش لە ژێر چاودێریى ترەمپدا کە بە ئەگەرێکى زۆرەوە هەڵمەتى «زۆرترین فشار» بسەپێنێت کە ئەمەش گۆشەگیرى و دارمانى زیاترى توانا ئابوورییەکانى ئێرانى لێ دەکەوێتەوە، بە تایبەت کە دۆناڵد ترەمپ بەردەوام شانازى بەوەوە دەکات وەک سەرۆکێکى بوێر توانیویەتى لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەى ساڵى ٢٠١٥ بۆ کەمکردنەوەى بەرنامە ئەتۆمییەکەى ئێران کشاوەتەوە و دووبارە گەڕاوەتەوە بۆ سەپاندنى سزا ئابوورییەکان، تەنانەت فەرمانى تیرۆرکردنى قاسم سولەیمانى بە فەرمانى ڕاستەوخۆى خۆى بووە. زیاتر لەوە، پێی وایە لەوەتەى لە ساڵى (٢٠٢٠)ەوە پۆستى سەرۆکایەتیى جێ هێشتووە، ئێران پیتاندنى یۆرانیۆم و هەناردەکردنى نەوتى زیاد

کردووە، پشتیوانییەکانی بۆ گرووپە چەکدارەکانی ناوچەکە پەرەی سەندووە و بە ئاشکرا کەوتووەتە لێدانی ڕاستەوخۆی ئیسرائیل. لەم بارەیەوە "عەلی واعز»؛ بەڕێوەبەری پڕۆژەی ئێران و ڕاوێژکاری باڵای گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان، پێی وایە کۆماری ئیسلامی هێندە ناسک دەردەکەوێت کە هەڕەشەکان لە دژی ترسناکن، بە جۆرێک ئایەتوڵڵا خامنەیی هەوڵەکانی سنووردارە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو ئەو قەیرانانەی کە لە یەک کاتدا ڕوو دەدەن، ئەمەش لە کاتێکدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لێواری شەڕێکی فراوانتردایە و ئێران هەڕەشەی وەڵامدانەوەی هێرشی ئیسرائیل دەکات بۆ سەر خاکەکەی لەم مانگەدا. نیگەرانیی ئەوە هەیە کە هەڵبژاردنی ترەمپ هانی دەسەڵاتی نەتانیاهۆ بدات بۆ لێدانی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران، ئەمەش ئەگەرێکە کە پێشتر ئیدارەی بایدن هۆشداریی لە بارەوە داوە.

هەروەها ئاماژەی بەوەش کردووە یەک سیناریۆ هەیە کە ترەمپ بە ناتانیاهۆ دەڵێت پێش ئەوەی بە فەرمی دەستبەکار بێت کارەکە تەواو بکات، واتە ڕەنگە لە مانگەکانی تشرینی دووەم و کانوونی دووەمدا گرژییەکان بەرزبوونەوەی بەرچاو ببینین. ئیسرائیل هەوڵ دەدات سوودەکەی پاڵ بنێت بۆ لاوازکردنی ئێران و میحوەری بەرخۆدان (گرووپە چەکدارەکان) پێش ئەوەی ترەمپ دەستبەکار بێت، هەر بۆیە هۆکارێکی گرنگ لە پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا، چۆنیەتیی وەڵامدانەوەی ترەمپ دەبێت بۆ ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانی ئەم دواییەی ئەمەریکا کە پێشنیاری ئەوە دەکەن تاران هەوڵی تیرۆرکردنی داوە، ئەو تۆمەتانەی کە ئێران بە «بێ بەڵگە و بەدخوازی» ڕەتی کردەوە. بەم پێیە ڕەنگە ترەمپ سەرنجەکان ڕابکێشێت، چونکە بۆ ئەو دەبێتە تاقیکردنەوەی کۆتایی شارەزایی لە هونەری ڕێککەوتنەکەدا، بە جۆرێک لە ماوەی خولی یەکەمیدا سەرنجەکانی بۆ شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێراندا ڕەنگدانەوەی هەبووە، ئەگەرچی ئێران هەرگیز لە شەڕی ترەمپدا سەر نەکەوت، بەڵام لە دانوستانەکاندا نەیدۆڕاند! وەک ئەوەی خودی ترەمپ خۆی لە تویتێکدا لە ساڵی ٢٠٢٠دا ئاماژەی بۆ کردووە، لە کاتێکدا هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە تیمی ئاسایشی نەتەوەیی «ترەمپ» هاوبەشی ئامانجی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی قازانجی هەردوو لا لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا بن.

دۆناڵد ترەمپ لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتیدا ڕاشکاوانە سزاکانی بەسەر ئێراندا سەپاند، دوای کشانەوەی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ساڵی ٢٠١٥، کە بەرنامە

ئەتۆمییەکەی تارانی لە بەرامبەر چاوگە ئابوورییەکاندا سنووردار کرد، هەر بۆیە پێدەچێت هێشتا ئەم کاریگەرییانە لە سەرەتاوە بەدیار بکەوێت، چونکە بە پێی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی «ڕۆیتەرز»، دوای ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی ترەمپ بەهای ڕیالی ئێرانی نزمترین ئاستی لە بەرامبەر نرخی دۆلار لە بازاڕی ئازاددا تۆمار کرد. هاوکات «بورجو ئۆزچەلیک» توێژەری باڵای دامەزراوەی خزمەتگوزارییە شاهانەییە یەکگرتووەکان لە لەندەن، بە کەناڵی «DW»ی ڕایگەیاند ئیدارەی نوێی ئەمەریکا نایەوێت ئەمەریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران ڕابکێشێت، تەنانەت ئەگەر ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی نێوان ئیسرائیل و ئێرانیش ڕوو بدات، هەمان کات پێی وایە ترەمپ هەوڵ دەدات باڵادەستی و جیاوازیی خۆی نیشان بدات، بەڵام پێدەچێت لە ئێستادا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە هۆی کاریگەربوونی ئاڵۆزییەکانی شەڕی غەززە بە زەحمەت ئەم هەنگاوە بەدەست بهێنێت. زیاتر لەوە، «محەممەد ئەلساتوحی» توێژەر و شارەزای کاروباری عەرەبی-ئەمەریکی، هاوڕایە لەگەڵ ئەم بۆچوونە و پێی وایە ترەمپ بەوە ناسراوە کە بە لۆژیکی لەو ڕێککەوتنانە دەڕوانێت کە هەر بازرگانێک ئەنجامی دەدات.

جیاواز لەوانە، «ئاراش عەزیزی» نووسەری کتێبی «ئێرانییەکان چییان دەوێت» دەڵێت: «ڕەنگە عەلی خامنەیی ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئێران سەرۆکێکی جیاوازتری لە دۆناڵد ترەمپ پێ باشتر بێت، بە گشتی پێدەچێت ڕژێمی ئێران بیەوێت هاریس سەر بکەوێت». هەروەها ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا ترسی گەڕانەوەی ترەمپ لە هەموو میدیاکانی ئێراندا بەدی کراوە، بە تایبەتی کە ئەزموونێکی شکستخواردوویان لە سەرۆکایەتیی پێشووتری ترەمپدا هەبووە، ئەویش لەسەر بنەمای پێشبینییەکانی ترەمپ و سیاسەتەکەی جەخت لە فشاری زیاتر و نزیکبوونەوە لە ناتانیاهۆ دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بۆچوونە لە ئێراندا بە شێوەیەکی ڕەها و گشتگیر بەدیار نەکەوتووە، بگرە بە پێچەوانەوە ئاڕاستەیەکی سیاسی لە نێو تاراندا هەن کە پێیان وایە ترەمپ پراگماتیکتر و ڕوونتر لە دیموکراتەکان مامەڵە دەکات و یەکلاکەرەوەترە، ئەگەرچی لە نێوەندی هەردوو بۆچوونەکەدا «دکتۆر سەنام وەکیل»؛ جێگری بەڕێوەبەری پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقا لە «ئینستیتیوتی چاتام هاوس»، پێی وایە تاران نایەوێت لە سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکاوە دەست پێ بکات، چونکە هەر کەسێک ببێتە سەرۆک

لە دۆخێکی خراپتر لەوەی ئێستا هەیە مامەڵە دەکات. هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕاوێژکاری ڕێبەری باڵای ئێران ئاماژەی بەوە دا کە پراگماتیزم لە پەیوەندییەکانی داهاتوودا لەگەڵ واشنتن هەیە و ئەمەش لە ژێر ڕۆشنایی قەیرانە پەرەگرتووەکەی ئێستادا، بە لەبەرچاوگرتنی سووککردنی سزاکان کە ئەگەرێکی کراوە و ئامانجێکی سەرۆکی نوێ و ئیدارەکەی ترەمپە.

**سیاسەتی نوێی ترەمپ بەرامبەر ئایندەی سووریا**

بە سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمەریکادا، دۆسیەی سووریا گەرمتر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە مایەی سەرنج و مشتومڕەکان، بە تایبەتی کە هێشتا سیاسەتەکانی سەرۆکی نوێ بە ڕاشکاوی بەرامبەر بەو وڵاتە نەزانراوە و هێزی ئەمەریکییش لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی واشنتن دژ بە داعش هێشتا لەو وڵاتەدا ئامادەییان هەیە.

لە لێدوانێکدا توێژەری سووری-ئەمەریکی «واعیل ئەلسەوا»؛ ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاریی پڕۆگرامی سووریا لە «پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»ی ئەمەریکی بۆ لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هیچ لایەنێک ناتوانێت پێشبینیی هەڵوێستەکانی سەرۆکی نوێی ئەمەریکا لەسەر هەر پرسێکی نێودەوڵەتی بکات. هەروەها لە لێدوانەکانیدا بۆ «ماڵپەڕی ئەلعەرەبیە»، ئەو نیگەرانییەی خستەڕوو، کە بوونی سەربازە ئەمەریکییەکان دەبنە ڕەگەزێک لە ململانێکانی نێوان هێزەکاندا، لێرەدا مەبەستی کشانەوەی هێزەکان و کەمکردنەوەی بەشداریکردنی سەربازیی و بیرهێنانەوەی دژایەتییە درێژخایەنەکەی سەرۆکی نوێیە بۆ تێوەگلانی ئەمەریکا لەو ململانێیانە.

لە چوارچێوەی ئەم دیدگایەدا، جارێکی تر «واعیل ئەلسەوا» دەربارەی کەمکردنەوەی ئەگەری هێزە سەربازییەکانی، ئەوەی خستووەتە ڕوو کە ستراتیژیەتی خۆبەدەستەوەدان و سەقامگیریی ناوچەکە و فاکتەرەکانی نزیکبوونەوەی ترەمپ لە سووریا بۆ چەند بنەمایەک دەگەڕێتەوە، ئەوانیش کەمکردنەوەی ئامادەیی سەربازیی ئەمەریکا، سەرەڕای گرنگیی ستراتیژی ئەو هێزانە لە بەرەنگاربوونەوەی داعشدا. ئاماژەی بەوەش کردووە ئەم کشانەوەیە مەترسی و ناسەقامگیریی سیاسی و ئەمنی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، چونکە کەمبوونەوەی ڕۆڵی ئەمەریکا لە سووریادا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانەوەی گرووپە

توندڕەووەکان و چالاکبوونەوەیان.

سەبارەت بە هەڵوێستی سەرۆکی ئەمەریکا بەرامبەر بەشار ئەسەد، بەردەوام ئەوە دێتەوە یاد کە لە ڕابردوودا ترەمپ هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی بەرامبەری نەبووە و وا پێشنبینییش ناکرێت لە قۆناغی داهاتووشدا ئەم هەڵوێستە نیشان بدات.

هەمان کات لە بارەی مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوە و چالاکبوونەوەی داعش، لای خۆیەوە «نەواف خەلیل»؛ بەڕێوەبەری سەنتەری کوردی بۆ لێکۆڵینەوە، ئاماژەی بەوە دا کە دۆسیەی بەرەنگاربوونەوەی داعش بە تەنها دۆسیەیەکی کوردی یان سووری نییە، بەڵکوو ڕەهەندێکی جیهانی هەیە، لەم بارەیەوە درێژەدان بە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و جەختکردنەوەی لەسەر هاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکرات ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە. پاشان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمەریکا زیاتر ئاگادارە لە هەمووان، داعشیش هێزێکی مەترسیدارە، تەنانەت ژمارەی ئەو ئەندامە ئەمەریکییانەی کە لە لایەن هێزەکانی سووریای دیموکراتەوە دەستگیر کراون؛ ژمارەیان نزیکەی ١٢ هەزار کەسە. زیاتر لەوە، «ماڵپەڕی ئەلعەرەبیە نێت» ئاماژەی بەوە کردووە هیچ لایەنێک ناتوانێت بە ڕەهایی پێشبینیی ئەوە بکات کە سەرۆکی ئەمەریکا بیر لە چی دەکاتەوە، بەڵام ڕاستییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دووبارە پێگەیشتنێکی جیاواز لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، وەک کشانەوەی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا کە لە سەردەمی سەرۆککۆماری پێشوو باراک ئۆبامادا وەستا، بەڵام لە دوای ٧ی ئۆکتۆبەر دەشێت دۆخەکە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، چونکە ڕێی تێناچێت ترەمپ گۆڕەپانی سووریا بۆ ئێران و میلیشیاکانی جێ بهێڵێت یان ڕۆڵ و کاریگەرێتیی ڕووسیا بە بەرچاویەوە زیاد بکات، بە تایبەت کە پێشتر ئەزموونی لەشکرکێشییەکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی لە ساڵی ٢٠١٩ پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا لە بەردەستە. بێگومان ئەم هەنگاوانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر دۆسیەی کورد و هەڵوێستەکانی سەرۆکی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەبێت، بە تایبەت کە نزیکەی ٩٠٠ سەربازی ئەمەریکی لە سووریا لە چوارچێوەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی واشنتن دژی داعش لە سووریا و عێراق هەن، بەڵام ترەمپ بەنیازی ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠١٩دا بیانکشێنێتەوە، ئەگەرچی دواتر لە ژێر فشاری ڕاوێژکارەکانیدا بڕیارەکەی پێچەوانە کردەوە و جارێکی دیکە شوێنی خۆیان کردەوە.

«ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی لە سووریا» ئاماژە بەوە دەکات کە ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا یان سەرکردەکانی هێزەکانی سووریای دیموکرات بە تەواوەتی لە لایەن هیچ لایەنێکەوە جڵەوناکرێن، بۆ نموونە کاتێک ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا، هەمان کات لە ڕووی سەربازییەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیدارەی ئەمەریکا و واشنتن ئاسایی بوون، بە تایبەت لە قۆناغی سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپدا، تەنانەت لە دوای هەڵبژاردنەوەی بۆ دووەم جار، مەزڵوم عەبدی فەرماندەی هێزەکانی سووریای دیموکرات پیرۆزبایی لە ترەمپ کرد و ڕایگەیاند: «چاوەڕێی کاری هاوبەشە لەگەڵ یەکگرتوو دەوڵەتان بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش».

### سەرۆکی نوێ چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆسیەی عێراقدا دەکات؟

لە چوارچێوەی دەنگدانەوە جیهانی و ناوچەییەکانی سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی نوێی ئەمەریکادا، عێراق زووتر لە هەمووان پێشوازیی لەو سەرکەوتنە کرد و «محەممەد شیاع ئەلسوودانی» سەرۆکوەزیرانی عێراق پیرۆزبایی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن و دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی هەڵبژێردراو و جەیمس دەیڤید ڤانس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا و گەلی ئەمەریکای کرد. دواتر بە هۆی کاریگەرییەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمەریکا لەسەر عێراق، ئەلسوودانی لە تویتەکەیدا پابەندبوونی پتەوی عێراقی بە بەهێزکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان لەگەڵ ئەمەریکا لەسەر بنەماکانی ڕێزگرتنی یەکتر و بەرژەوەندیی هاوبەش دووپات کردەوە. زیاتر لەوە، ئاماژەی بەوە دا کە گەلی عێراق بەوپەڕی چاوەڕوانییەوە پێشوازی لەوە دەکات کە ئەم قۆناغە نوێیە سەرەتای قووڵکردنەوەی هاوکارییەکانی نێوان هەردوو وڵات بێت لە چەندین بواردا. ئەمە لە کاتێکدا سەرۆککۆماری عێراق عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، لە پۆستێکدا لە سەر پلاتفۆڕمی ئێکس نووسیویەتی: «هیوای سەرکەوتن بۆ ترەمپ و ئیدارەکەی دەخوازین لە پێشەنگایەتیکردنی ئەمەریکا بەرەو پێشکەوتن و خۆشگوزەرانیی زیاتر». ئاماژەی بەوەش کرد، چاوەڕێی قۆناغێکی نوێ دەکەین کە تیایدا هیوایەک هەبێت بۆ گەیشتن بە ئاشتی و سەقامگیری و پتەوکردنی پەیوەندییە بنیاتنەرەکان کە خزمەت بە بەرژەوەندی و خواستەکانی گەلان دەکات.

لە کوردستانیش نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم، لە ڕێگەی هەژماری فەرمیی خۆیەوە لە پلاتفۆڕمی ئێکس، بە گەرمی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆک ترەمپ و ڤانسی جێگری سەرۆکی هەڵبژێردراو کرد، ئاماژەی بەوەش کرد کە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە

چاوەڕێی کارکردنی هاوبەشن بۆ بەهێزکردن و قووڵکردنەوەی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق و ئەمەریکا. لە بەرامبەردا مەسروور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پیرۆزبایی لە ترەمپ کرد بە بۆنەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی. لە پۆستێکیشدا لە سەر پلاتفۆرمی ئێکس، ئاماژەی بەوە داوە کە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە چاوەڕوانی قووڵکردنەوەی پەیوەندیی هاوبەشی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا و پێکەوە کارکردنن بۆ بەرەوپێشبردنی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا.

سەرباری ئەو کاردانەوانە، بۆ تیشکخستنەسەر سیاسەتی چاوەڕوانکراوی دۆناڵد ترەمپ و چۆنیەتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ عێراقدا، «عەباس جبوری» شرۆڤەکاری سیاسی جەخت لەوە دەکاتەوە سەرۆکی نوێ ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە کە لە داهاتوودا کار بۆ بەدەستهێنانی دەکات. هەر چەندە فەزای سیاسەتی ئەمەریکا جێگیرە، بەڵام بە گشتی سەرۆکەکان خواستی تایبەتی خۆیان هەیە. هەروەها «ئاژانسی شەفەق»؛ ترەمپ بە یەکێک لە سەرۆکە دیکتاتۆرەکان ناو دەبات، گوایە هەوڵ دەدات هەندێک دامەزراوە پشتگوێ بخات و پێشێلکاریی زۆرێک لە دەسەڵاتەکان بکات، هەر بۆیە ڕاشکاوانە ئەوە دەخاتە ڕوو کە سەرکەوتنەکەی لە بەرژەوەندیی عێراقدا نییە، بەڵکوو ترەمپ هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بمێننەوە و ڕەنگە ژمارەشیان زیاد بکات. هەروەها سزا بەسەر هەر کەسێکدا دەسەپێنێت کە هەوڵی بەشداریکردن لە شەڕی غەززەدا دەدات، هەروەها سزا بەسەر ئێراندا دەسەپێنێت. لەم بارەیەوە ئەلجبوری ئاماژە بە دەستەواژەیەکی ترەمپ دەکات کاتێک دەڵێت: «عێراق نییە جگە لە نەوت»، بە پێی ئەم بنەما بازرگانییە، پێشنیار دەکات کە عێراق تیمێکی یەکگرتووی شارەزا ئامادە بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی نوێی ترەمپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق.

لای خۆیەوە «موجاشا ئەلتەمیمی» شرۆڤەکاری سیاسی، بڕوای وایە عێراقییەکان چاوەڕوانی زۆر بابەتی پەیوەست بە کاروباری سیاسی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکی لە دۆناڵد ترەمپ دەکەن، بە جۆرێک لەسەر ئاستی ناوخۆ عێراق پێویستی بە هەڵوێستێکی ئەمەریکی هەیە کە پاڵپشتیی حکومەتی عێراق بکات بۆ نزیککردنەوەی تێڕوانینی هەموو پێکهاتەکان لە یەکتر، لە ڕێگەی ڕێککەوتنی چوارچێوەی ستراتیژی نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بە تایبەت لە پرسی پشتیوانیکردن لە ئابووریی عێراق و

چالاکبوونی وەبەرهێنەری ئەمەریکی دەبێت تێیدا.

لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەش، بە گوتەی ئەلتەمیمی عێراق بە قەیرانی گەورەی وشکەساڵیدا تێدەپەڕێت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش دەیەوێت فشار بخاتە سەر وڵاتانی سەرەوەی ڕووبارەکان بۆ ئەوەی ئاوی زیاتر لە چوارچێوەی پشکی ئاوی عێراقدا ئازاد بکات، ئەم هەنگاوە بۆ عێراق جێی بایەخە. ئەمانە و جگە لە ڕێگریکردن لە دەستوەردانی وڵاتانی ناوچەکە لە کاروباری سیاسیی عێراق، بە سەرنجدان بەوەی کە ئەمەریکا هاوپەیمانێکی ستراتیژی عێراقە و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش حکومەتی عێراق چاوەڕێی ئەوە دەکات کە ترەمپ ئەرکەکانی ئەمەریکا بەرامبەر بە عێراق جێبەجێ بکات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو کەسە بووە سیستمی سیاسیی ئێستای دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام دامەزراندووە.

سەبارەت بە کاریگەرییەکانی سەرکەوتنی ترەمپ لەسەر ئابووریی عێراق، شارەزای ئابووری «دکتۆر مستەفا فەرەج» هۆشداریی دا لەوەی ڕەنگە سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ لە چەند ڕوویەکەوە کاریگەریی لەسەر ئابووریی عێراق هەبێت، لەوانە (نرخی نەوت، سزاکانی سەر ئێران، وەبەرهێنانی بیانی). هەروەها «ئاژانسی هەواڵی شەفەق» وەها وێنای دەکات کە ڕەنگە نرخی نەوتی نێودەوڵەتی کاریگەریی لەسەر سیاسەتەکانی ترەمپ هەبێت، بە کەمبوونەوە یاخود زیادکردنی، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر عێراق و توانا ئابوورییەکەی جێ دەهێڵێت، ئەوەش لە کاتێکدا ئاماژەیەک هەیە بۆ دابەزینی نرخی نەوت لەسەر ئاستی جیهان لە دوای سەرکەوتنەکانی ترەمپ. سەرباری ئەوەش، لە ئەگەری زیادکردنی سزاکانی سەر ئێران کاریگەری لەسەر جووڵەی بازرگانیی عێراق بە قورسی جێ دەهێڵێت، بە تایبەت دۆسیەی هاوردەکردنی غاز و بەکارهێنانی لە بواری وزەدا.

سەبارەت بە وەبەرهێنانە دەرەکییەکان، مستەفا فەرەج ئاماژە بەوە دەکات سیاسەتی بازرگانی و ئابووریی ترەمپ ڕەنگە کاریگەریی لەسەر ڕەوتی وەبەرهێنانی بیانی هەبێت، هەروەها سەقامگیریی بازاڕی عێراقیش ڕەنگە کاریگەریی لەسەر گۆڕینی سیاسەتەکانی ئەمەریکا بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبێت، هەر بۆیە کاریگەرییەکان بە گشتی پەیوەستن بە گۆڕانی سیاسەتە جیهانی و هەرێمایەتییەکان و توانا و خۆگونجاندنی حکومەتی عێراق لەگەڵیاندا و قۆستنەوەی ئەو دەرفەتانەی لە ئەنجامدا دروست دەبن.

هەروەها توێژەر لە کاروباری ئابووری «ئەحمەد عید»، ئاماژەی بەوە دا کە سیاسەتی

دەرەوەی ئەمەریکا لە ڕووی میتۆدۆلۆژیا و ئامانجەوە جیاوازیی نییە، بەڵکوو لە لایەنی کردەیی و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیە نێودەوڵەتییەکاندا جیاوازە، لەوانەش دۆسیەی عێراقییەکان، چونکە مامەڵەی کۆمارییەکان لەگەڵ ئێراندا وەک پێشوو نییە. هەر بۆیە دەستوەردانەکانی ئێران لە عێراق و کاریگەرییە گەورەکانی لەوێدا هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی، بەو پێیەی ترەمپ عێراق بە سەرچاوەیەکی ئابووری و ستراتیژی بۆ سیاسەتی ئەمەریکا دەزانێت، ئەمەش وایان لێ دەکات کە سەرنجەکان ئاڕاستەی ئەو وڵاتە بکەن وەک خاڵێکی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە ئاشکرایە لە ڕوانگەی ئابوورییەوە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا کار بۆ سنووردارکردنی فراوانبوونی ڕۆڵی ئابووریی ئێران دەکات کە ڕەنگە ببێتە هۆی فشاری زیاتر لەسەر عێراق سەبارەت بە هەناردەکردنی نەوت و وەبەرهێنانی گاز لە لایەک و سنووردارکردنی هاوردەکردنی غازی ئێران لە لایەکی دیکەوە. ئەمانە لە کاتێکدا ئەمەریکا لە ڕێگەی وەزارەتی گەنجینەی هەرێم و بانکی فیدراڵی بۆ توندکردنەوەی کۆنترۆڵی پارەی عێراق و چاودێری و کۆنترۆڵکردنی گواستنەوەی دارایی کار دەکات، بۆ ئەوەی نەگاتە سنوورێک تاکوو خزمەت بە ڕۆڵی سیاسی و ئابووریی ئێران بکات. بەم پێیە ئەگەری زیادکردنی سەپاندنی سزاکان هەیە، بە تایبەت بەسەر بانکە نوێیەکان و ئەو قەوارە کاریگەرانەی کە لە ناوخۆی عێراقدا کار دەکەن، کە ڕەنگە بگاتە ئەو ئاستەی سزا بەسەر بانکە حکومییەکاندا بسەپێنرێت. ئەگەر بانکی ناوەندیی عێراق خۆی نەپارێزێت لە تێوەگلانی خۆی لەو مەترسییانە، ئەگەرچی عێراقییەکان نابێت ئەوەیان لەبیر بچێت کە سیاسەتی ترەمپ بەردەوام لێدانی بەرژەوەندییەکانی ئێرانە کە ڕەنگە مژدەی بەئامانجگرتنی میلیشیا و بزووتنەوەکان بێت کە لە عێراقدا چالاکی دەکەن، چونکە لە ئایدۆلۆژیا و کردەوەی هاوبەشدا لە لایەنی ئێرانییەوە نزیکن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە و مەترسیی ئەمنی لە ناوخۆی عێراقدا کە ئەویش ڕاستەوخۆ لە واقیعی ئابووریی عێراقدا ڕەنگ دەداتەوە.

لە لایەکی ترەوە دەربارەی لێکەوتەکانی سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ و کاریگەریی لەسەر دۆسیەی ئەمنیی عێراق، «عەلی عەسکەری» شارەزای ئەمنی ئاماژە بەوە دەکات پرۆژەی ستراتیژی ترەمپ ئاڕاستەیەکی ئابوورییانەیە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەگەر بیەوێت ئەو بەڵێنانەی لە ڕابردوودا بە عێراقی داوە بە هۆی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆی، ڕەنگە پشتیوانیی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی عێراق و کەنداو بکات، لە کاتێکدا

ئابووریی عێراق پشت بە هەناردەکردنی نەوت دەبەستێت کە بەشێکە لە بووژانەوەی ئابووریی ئەمەریکا بە گشتی، ئەمەش بەو مانایەیە کە دەبێت ڕێککەوتنی ئەمنی لە نێوان عێراق و ئەمەریکادا جێبەجێ بکرێت. بە هەمان شێوە سەبارەت بە لایەنە جیاوازەکانیش، ئەوان لە پرۆسەی پێش و پاشەکشەدا دەمێننەوە لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا، ئەویش تەنها بۆ ئەوەیە کە سەقامگیریی هەناردەکردنی نەوت پێش سەقامگیریی عێراق بپارێزێت کە ئەمەریکا لەم ڕووەوە ترسی لە ئێران هەیە.

لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەدا، «مونقیث داغر» شارەزای سەربازی جەخت لەوە دەکاتەوە و دەڵێت: دوای سەرکەوتنی ترەمپ هیچ گۆڕانکارییەکی گەورە ڕوو نادات، بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی زۆر کەس، هەر چەندە ترەمپ لەو کەسایەتییە سیاسییانەیە کە دەتوانرێت پێشبینیی کردەوەکانی بکرێت، بەڵام چاوەڕوان ناکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا لێکەوتە و دەرئەنجامێکی کاریگەر نیشان بدات، دەشێت سوودی لە ئەزموونی پێشووی وەرگرتبێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی سیاسیی باڵای عێراقدا پێشتر دەنگێکی ناڕازی و ڕەخنەگرانە لە خودی دۆناڵد ترەمپ هەبووە، لەوانە: محەممەد شیاع ئەلسوودانی سەرۆکوەزیرانی عێراق پێشتر بە توندی هێرشی کردبووە سەر ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ؛ سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، لە میانی وتارەکەیدا لە مەراسیمێکی یادکردنەوە کە لە ساڵی ٢٠٢٣دا لە شاری بەغداد لە ساڵیادی تیرۆرکردنی فەرماندەی پێشووی سوپای قودسی ئێران قاسم سولەیمانی و ئەبومەهدی موهەندیس بەڕێوە چوو. هەمان کات بە فەرمانی فایق زەیدان؛ سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری لە عێراق، فەرمانی دەستگیرکردنی دۆناڵد ترەمپ دەرچووە لە پاشخانی ئەو فەرمانانەی کە بۆ کوشتنی سولەیمانی و ئەلموهەندیس دەریکردووە. ئەگەرچی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە پەرلەمانی عێراق نیازی عێراقی پشتڕاست کردەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ بە شێوەیەکی ئاسایی، سەرەڕای ئەو فەرمانی دەستگیرکردنەی کە لە لایەن دەسەڵاتی دادوەریی عێراقەوە دەرچووە. هەر بۆیە پەرلەمانتاری لیژنەکە موختار ئەلموسەوی لە لێدوانێکی پێشوودا بۆ «ئاژانسی شەفەق نیوز» ڕایگەیاندبوو بەرژەوەندیی نیشتمانی پێویستی بەم ڕێککەوتنە هەیە، جەختیشی لەوە کردەوە کە پەیوەندییەکانی نێوان بەغداد و واشنتن بە گەڕانەوەی ترەمپ بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ناچێتە قۆناغێکی نوێوە.

## سەرچاوەکان:


١. محمد فرحان: رئاسة ترامب الجديدة.. الشرق الأوسط ينتظر صفقات «رجل الأعمال"، DW العربية، ٢٠٢٤/١١/٦، ١٢:٠٠، https://shorturl.at/UZMiW.

٢. جوان سوز: سياسات ترامب حول سوريا.. هل يسحب القوات الأميركية؟ العربية. نت، ٨ نوفمبر ٢٠٢٤، ١٠:٣٠، https://shorturl.at/ncITa.

٣. يحى باسم: هذا ما سيحدث في الشرق الأوسط بحال عودة ترامب إلى البيت الأبيض، عربى ٢١، ١ نوفمبر ٢٠٢٤، ١١:٠٠، https://shorturl.at/88v8W.

٤. ثلاثية «شائكة» في العراق بعد فوز ترامب.. كيف سيتعامل معها الرئيس الجديد؟ شفق news، ٦ تشرين الثانى ٢٠٢٤، ١٢:٣٠، https://shorturl.at/xZI0E.

٥. ماذا يعني فوز ترامب بالنسبة للشرق الأوسط وأوكرانيا والصين؟ الجزيرة نيت، ٣ تشرين الثانى ٢٠٢٤، ٩:٤٥، https://shorturl.at/cnTBM.

٦. نخستين واكنش پزشكيان به انتخاب ترامپ: در توسعه روابط خود با ديگر كشورها به هيچ عنوان نگاه بسته و محدودى نخواهيم داشت، انتخاب، ١٧ آبان ١٤٠٣، ٩:٠٠، https://shorturl.at/nXIbR

7. Mostafa Salem, Nadeen Ebrahim and Mick Krever: Here's what's at stake in the Middle East under Trump's second term, CNN, November 6, 2024, 12:00, https://t.ly/Gwstd.

کتێبی ئایندەیی

ئایندەناسی

# فراوانی: ئاینده باشتره لەوەی بیری لێ دەکەیتەوە

**ئامادەکردن: ئایندەناسی**




**کتێبی «فراو انی: ئاینده باشتره لەوەی بیری لێ دەکەیتەوە»**

**(Abundance: The Future Is Better Than You Think)**

لە لایەن پیتەر دیاماندیس (Peter H Diamandis) و ستیڤن کۆتلێر (Steven Kotler) نووسراوە. چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە ساڵی ٢٠١٢ و چاپی دووەمی بە دەستکارییەوە لە ساڵی ٢٠٢٢دا خراوەتە بەر دیدی خوێنەران.

پیتەر دیاماندیس؛ خاوەنکار، لێکۆڵەری ئایندەیی، تەکنەلۆژیکار، نووسەری پڕفرۆشی نیویۆرک تایمز و دامەزرێنەری زیاتر لە ٢٥ کۆمپانیایە. بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەری لە دامەزراوەی تەکنەلۆژیای ماساچۆست و دکتۆرای لە پەیمانگای پزیشکیی هارڤارد بەدەست هێناوە. خاوەنی شەش کتێبە و ئەرکی خۆی لە تواناداركردنی خاوەنکارەکان بۆ

هێنانەکایەی ئایندەیەکی هیوابەخش، قایلکەر و فراوان بۆ مرۆڤایەتی دەبینێتەوە.

ستیڤن کۆتلێر؛ نووسەری پڕفرۆشی نیویۆرک تایمز، ڕۆژنامەنووس و یەکێک لە دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی گرووپی لێکۆڵینەوەکانی فلۆ (Flow)یە، هەروەها شارەزایەکی دیاری جیهانیی بواری کارکردی مرۆڤایەتییە. خاوەنی ١٤ کتێبە کە یانزەیان پڕفرۆشن و بە زیاتر لە ٦٠ زمانی جیهانی وەرگێڕدراون.

نووسەرانی کتێبەکە بە پۆلێنکردنی گرنگترین پێداویستییەکانی مرۆڤ کە بریتین لە: ئاو، خواردەمەنی، چاودێرییە پزشکییەکان، پەروەردە و ئازادی، بە ڕەچاوکردنی گۆڕانکارییەکانی بواری تەکنەلۆژیا و داهێنانەکانی مرۆڤایەتی و بە ناساندنی دەیان داهێنەری وەک: ستیڤن هاوکینگ، دین کامێل، دەینل کانمەن، ئیلان ماسک، بیل جۆی، ستوارت براند، جێف ئێسکال، ڕاتان تاتا و زۆرێکی تر، کە لە بوارە جیاوازەکاندا پێشکەوتنی گەورەیان هێناوەتە کایەوە، دەیانەوێت ئەو گریمانە بسەلمێنن کە مرۆڤ لە ئێستا و ئایندەدا، لە دۆخی زۆر باشتر و پێشکەوتووتر بەراورد بە ڕابردوو دەژیەت.

هەردوو نووسەر لە هەوڵی ئەوە دان کە وێنەیەکی جوان لە جیهانی ئێستا و داهاتوو بخەنە ڕوو، کە تێیدا بە هۆی پێشکەوتنە مۆدێرنە تەکنەلۆژییەکانەوە، پێداویستییە سەرەکییەکانی هەمووان، تەنانەت لە گۆشەگیرترین و هەژارترین ناوچەکانی جیهان؛ دابین بکرێت. ئەوان لە ڕێگەی دیدگاکانی تایبەت بە خۆیانەوە، ئەوەمان پیشان دەدەن کە ئایندە دەتوانێت گەشاوەتر و ڕووناکتر بێت لەوەی کە ئێمە وێنای دەکەین. بە هۆی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی وەک ئینتەرنێت، مۆبایلی زیرەک، وزە نوێبووەکان (Renewable energy)، جیهان بە شێوەیەکی گەشەسەندوو بەیەکەوە لکێنراوە و لە ئەنجامدا دەستگەیشتن بە پەروەردە، چاودێرییە تەندروستییەکان و سەرچاوەکانی ئاسانتر و لەبەردەستترە. ڕۆبۆت و بەئۆتۆماتیکیکردن؛ هێزی مرۆیی بۆ هەوڵە داهێنەرەکانیان ئازادتر کردووە و زیرەکیی دەستکرد (AI) یارمەتیی مرۆڤایەتی بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لە ئاڵنگالیترین کێشەکانی دەدەن. ئەم پێشکەوتنانە وایان کردووە پێداویستییە سەرەکییەکانی هەمووان وەک خواردن، ئاو و وزە بە شێوەیەکی فراوان دابین بکرێت. بۆیە ئەم پێشکەوتنانە بەم مانایە دێت کە ئێمە لە لێواری سەردەمێکی نوێی فراوانداین و جگە لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانمان، دەتوانین ڕووبەڕووی کێشە زۆر گەورەکانی وەک هەژاری

و نەخۆشی ببینەوە. بە واتایەکی تر: فراوانیی ئەم سەرچاوە بەدەستهاتووانەی بەرهەمی پێشکەوتنەکان، دەتوانێت بۆ بەدەستهێنانی ئایندەیەکی باشتر بۆ هەمووان بەکار بێت، بە مەرجێک ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا بەردەستی هەمووان بێت.

لە ڕابردوودا ئەگەر کەسێک بیویستایە ئیشوکارێک دەست پێ بکات، پێویستی بە سەرچاوەیەکی دارایی بەرچاو هەبوو، بەڵام لەم ڕۆژگارەی ئێستادا بە هۆی پلاتفۆڕمەکانی وەک ئامازۆن و کیکستارتر (Kickstarter)، هەر کەسێک کە بیرۆکەیەکی باشی هەبێت دەتوانێت پارە کۆ بکاتەوە و بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی خۆی ڕەوانەی بازاڕە جیهانییەکان بکات. بە هۆی هێزی ئینتەرنێتەوە ئیشوکارەکانی ئێستا دەستیان دەگاتە بازاری جیهانی کە لە ملیاران کڕیار پێک هاتووە. لە ئەنجامدا خاوەنکارەکان ئەو هەلەیان بۆ ڕەخساوە کە بەبێ پێویستییان بە سەرمایەی زۆر، کاروباری خۆیان ڕێک بخەن. ئەمە تەنیا نموونەیەکە کە تێبگەین چۆن تەکنەلۆژیا ئەم دەرفەتەی ڕەخساندووە بۆ ئەوەی جیهانێکی جیاواز بۆ هەمووان بهێنینە کایەوە. کارکردەکانی ئەم تەکنەلۆژیایە بێکۆتایی و بێسنوورە. هەر چەندێک ئەم تەکنەلۆژیایە کامڵتر و پەرەسەندووتر بە ڕێگەی خۆیدا بڕوات، توانای مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی جیهانێک لە فراوانی و هەل زیاتر دەبێت. بە سوودوەرگرتن لە هێزی تەکنەلۆژیا و هاوکاریکردنی یەکتر، دەتوانین ئایندەیەکی ڕووناکتر و دادپەروەرانەتر دروست بکەین.

ئەم پێشکەوتنانە کە سەردەمێکی نوێی پەرەسەندووی فراوانی دروست کردووە، وای کردووە جگە لە لایەنی چاکە و خێری گشتی، لە ڕووی کەسییشەوە گۆڕانکارییەکی گەورە بێتە کایەوە و دەستگەیشتنی کەسەکان بە سەرچاوەکان؛ باشترکردنی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئاسانتر کردووە. بۆ نموونە؛ خەڵک لە ئێستادا دەستیان دەگاتە بەرنامە فێرکارییە ئۆنلاینەکان، کە سوودی پەرەپێدانی توانای کەسیی هەیە و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

نووسەران پێیان وایە چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤی ئێستا لەگەڵ نەخۆشییەکان و چارەسەرکردنیان، نموونەیەکی باشی پێشکەوتنی مرۆڤی ئێستا و دڵخۆشییە بۆ ئایندە. لە ڕابردوودا خەڵکانێکی زۆر بە هۆی نەخۆشییە گشتگیرەکانی وەک ئاوڵە و تاعوون لەنێو دەچوون، بەڵام لە ئێستادا بە هۆی ڤاکسین و پێشکەوتنەکانی بواری پزیشکی، توانیومانە

زۆرێک لە نەخۆشییەکان بنبڕ بکەین و سەرباری ئەمەش لە ئێستادا توانایی ئەوەمان هەیە کە بە خێرایی ڤاکسین بۆ نەخۆشییە نوێیەکان دابین بکەین، شتێک کە تاوەکوو چەندین ساڵی ڕابردوو ئەگەری نەبووە. ئێمە لە ئێستادا توانای بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی و باشکردنی دۆخی تەندروستیی خەڵکمان لە ئاستێکی جیهانیدا هەیە. ئەم دەستکەوتە مایەی سەرنجدانە و دەریدەخات کە ئێمە چەندێک لە توانا تەکنەلۆژیاییەکاندا پێشکەوتنمان هەبووە. ئێمە لە ئێستادا دەتوانین زۆرێک لەو نەخۆشییانەی کە پێشتر بێ چارەسەر بوون؛ لەنێو ببەین، بە هۆی تەکنەلۆژیاوە زانیاریمان سەبارەت بە نەخۆشییەکان و چارەسەرکردنیان باشتر بووە. لە بابەتی نەخۆشییە دەروونییەکان، زیرەکیی دەستکرد یارمەتیدەرێکی گەورەیە و بە هۆی دیاریکردن و پێشبینیی نەخۆشییەکانەوە زیاتر لە ڕابردوو لە چارەسەرکردن نزیک بووینەتەوە و نەخۆشییە دەروونییەکان خێراتر و کاریگەرتر چارەسەریان بۆ دەدۆزرێتەوە. ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ ئەوەی بانگەشەی ئەوە بکەین کە دەتوانین ئایندەیەکی باشتر بۆ هەمووان بهێنینە کایەوە.

لە بواری خواردەمەنیدا، لە ڕابردوودا خواردمەنی کەمتر بووە، کشتوکاڵ ئاسان نەبووە و زەوییەکان بەرهەمیان کەمتر بووە، بەڵام لە ئێستادا بە هۆی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی بواری کشتوکاڵ وەک کشتاو (Hydroponics)، دەتوانین بەبێ پێویستی بە زەوییە فراوانەکان، تەنانەت لە ماڵەکانیشدا خواردن بەرهەم بهێنین. زیاتر لەمە، ئێستا ئێمە توانای دەستکاری و گۆڕینی جیناتی بەرهەمە خواردەمەنییەکانمان هەیە بۆ ئەوەی بە ئاوێکی کەمتر بتوانین بەرهەمەکانمان وەبەر بهێنین و بەرامبەر بە ئافات و نەخۆشییەکان بەرگە بگرن. لە ئەنجامدا ئەمڕۆ خواردنی پێویست بۆ هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی بەرهەم دهێنرێت و لە ئایندەدا تەنانەت زیاتر دەبێت. ئەم بابەتە سەبارەت بە سەرچاوەکانی دیکەی وەکوو ئاوی پاکیش ڕاستە، کە بە هۆی پێشکەوتن لە تەکنەلۆژیای پاڵاوتنی ئاو لەبەردەستتر دەبێت.

لە کۆتاییدا دیاماندیس و کۆتلێر بەردەوام جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکەنەوە کە ئایندە بە هۆی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان و داهێنانەکانی مرۆڤایەتییەوە لەوە باشترە کە مرۆڤەکان بیری لێ دەکەنەوە و جیهان بە بەراورد بە چەند دەیەی ڕابردوو شوێنێکی باشترە بۆ ژیان.

فەرهەنگی ئایندەناسی

# ئایندەناسی



# حکومەتی هاوپەیمانی

# Coalition Government



**ئامادەکردن: د. عابد خالد**

چەمکی «حکومەت» (Government) جگە لەوەی کە هەندێ جار بۆ واتای «دەوڵەت» بەکار دەهێنرێت، کاتێک هەردووکیان بە وشەی «Polity» هاوواتا بکرێن، هاوکات لە ڕووی سیاسی و دەستوورییەوە بە چەندین واتای تر بەکار دەهێنرێت کە بە واتا هەرە فراوانەکەی ئاماژەیە بۆ «ڕژێمی سیاسی» یان «دەزگای حوکمڕانی» (جهاز الحكم) لە دەوڵەتدا، بەم واتایەش حکومەت هەرسێ دامەزراوە سیاسییە سەرەکییەکە (واتە: دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەری) لەخۆ دەگرێت، هەروەها بە واتا ناوەندییەکەی: حکومەت ئاماژەیە بۆ «دەسەڵاتی جێبەجێکردن» بە تەنها، ئەگەرچی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆخۆی چەند دامەزراوە و یەکەیەکی تر لەخۆ دەگرێت (وەک: سەرۆکی دەوڵەت، ئەنجوومەنی وەزیران، دامەزراوە کارگێڕییە باڵاکانی دەوڵەت). بەڵام بە واتا هەرە سنووردارەکەی: حکومەت تەنیا ئاماژەیە بۆ «ئەنجوومەنی وەزیران: سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان»، کە زۆربەی کات لەو وڵاتانەی کە «سیستمی

پەرلەمانی» پەیڕەو دەکەن بە زاراوەی «کابینە» (Cabinet) ناوی دەهێنرێت، کە ئێمەش لەم بابەتەدا مەبەستمان لە حکومەت ئەم واتا سنووردارەیەتی، واتە «ئەنجوومەنی وەزیران»، یاخود «کابینەی حکومەت».

هەر چی چەمکی «هاوپەیمانی» (الإئتلاف - Caulation)یە، ئەوە ئاماژەیە بۆ واتای پێکەوەبوونی دوو توخمی جیاواز یان زیاتر، لە پێناو بەدیهێنانی ئامانج یان بەرژەوەندییەکی هاوبەشدا. چەمکی هاوپەیمانی بە واتا سنووردارەکەی، لە ڕووی مێژوویی و سیاسی و سەربازییەوە، بەکار دێت بۆ ناساندنی دۆخی یەکگرتن یان پێکەوەبوونی نێوان لایەنە جیاوازەکان لە پێناو چەند ئامانجێکی دیاریکراودا، گەرچی لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە هاوڕا و تەبا نەبن، ئەم دۆخەش کاتێک شیاوی هاتنەبوونە کە هەر لایەنێک لە هاوپەیمانێتییەکەدا دەستبەرداری بەشێک لە بیروڕا و مەرامەکانی خۆی ببێت، تا بتوانن لە پێناوی هێنانەدیی ئامانجە هاوبەشەکەدا پێکەوە هەڵبکەن.

کەواتە لە سایەی لێکدانی واتای سنوورداری هەردوو چەمکەکەی سەرەوە، دەکرێت واتای چەمکی «حکومەتی هاوپەیمانی» گەڵاڵە بکەین کە تیایدا مەبەستمان لە پێکهێنانی جۆرێک لە پێکهاتەی «ئەنجوومەنی وەزیران» یان «کابینە»یە، بە تایبەت لە سیستمە پەرلەمانییەکاندا. لەم چوارچێوەیەدا زۆربەی زانایانی سیاسەت و یاسای دەستووری، بە گشتی جۆرە سەرەکییەکانی «پێکهاتەی حکومەت» (تشكيلة الحكومة - Government Composition) پۆلێن دەکەن بۆ سێ جۆر کە بریتین لە: حکومەتی زۆرینە، حکومەتی کەمینە، حکومەتی هاوپەیمانی.

مەبەست لە «حکومەتی زۆرینە» (حكومة الأغلبية - Majority Government)؛ ئەو حکومەتەیە کە حزبێک بە تەنها بێ بەشداریی هیچ حزب و لیستێکی تر «کابینەی ئەنجوومەنی وەزیران» پێک بهێنێت، ئەمەش کاتێک دەبێت کە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان سەر بەو حزبەن. دیارە ئەم جۆرە لە حکومەت دەتوانێت لە ناو پەرلەماندا ئاستێکی باش لە پشتیوانی بۆ ئەو کار و پرۆژەیاسایانە بەدەست بهێنێت کە پێشکەشی دەکات، بەمەش جۆرێک لە ئارامی و ڕەوایەتی بۆ مانەوەی لە حوکمدا مسۆگەر دەکات.

لە بەرامبەردا مەبەست لە «حکومەتی کەمینە» (حكومة الأقلية - Minority Government)؛ ئەو حکومەتەیە کە حیزبێک بە تەنها «کابینەی ئەنجوومەنی وەزیران»

پێک بهێنێت، ئەگەرچی ژمارەی ئەو ئەندامپەرلەمانانەی کە سەر بەو حزبەن؛ لە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان کەمتر بن. هەر چەندە ئەم جۆرە لە حکومەت پێچەوانەی بنەمای یەکەمی دیموکراسییە کە مافی حومکردن بە زۆرینە دەدات، بەڵام لە دۆخە ناچاری و ڕاگوزەرەکاندا پەنای بۆ دەبرێت. لەم دۆخانەشدا دەبێت حزبی حوکمڕان بەردەوام لە هەوڵی مسۆگەرکردنی پشتیوانیی فراکسیۆنە جیاوەزەکانی لیست و حزبەکانی تری ناو پەرلەمان بێت، تا بتوانێت ڕەوایەتی بە مانەوە و پڕۆژە و کارەکانی بدات، بەڵام ئەم پشتیوانی و مانەوە و بەردەوامبوونە زۆربەی جار کورتخایەنە و هەمیشە لە ڕۆخی نائارامی و ئەگەری لەناوچووندا دەگوزەرێت.

لە نێوەندی ئەو دوو جۆرە پێکهاتەیەی سەرەوەدا، «حکومەتی هاوپەیمانی» (الحکومە الإئتلافیة - Caulation Government)؛ ئەو حکومەتەیە کە چەند حزبێک (دوو یان زیاتر) بە هاوبەشی پێکی دەهێنێن، کاتێک هیچ حزبێک لەو حزبانە ژمارەی کورسییەکانی لە پەرلەماندا نەگاتە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان. هەر چەندە ڕەنگە یەکێکیان زۆرینەی سادەی هەبێت، بەڵام بە هۆی کۆتوبەندە دەستووری یان سیاسییەکانەوە ناتوانێت بە تەنها کابینەی ئەنجوومەنی وەزیران پێک بهێنێت. دیارە ئەم جۆرە لە حکومەت زۆربەی کات نائارام و کورتخایەنە، بەڵام کە پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە ئەستەم بێت، بێگومان ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانی لە نێوان چەند حزب و فراکسیۆنێکی پەرلەماندا دەرچەیەکی شیاوە بۆ دەربازبوون لە قەیرانی نەبوونی حکومەت.

دەکرێت پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانی بە دوو فۆرم؛ شێواز وەربگرێت، یەکەمیان فۆرمی «حکومەتی هاوپەیمانیی ئاسایی» (حکومة الإئتلاف العادي - Regular Coalition Government)ە، کاتێک ئەو حزبەی زۆرینەی سادەی هەیە لەگەڵ چەند حزبێکی تر هاوپەیمانی ببەستێت تا پێکەوە ئاستی زۆرینەی ڕەها (واتە: ٥٠ +١) تێبپەڕێنن. دووەمیان فۆرمی حکومەتی «هاوپەیمانیی بەرفراوان» (الحکومة الإئتلافیة الموسعة - Broad Coalition Government)ە، کاتێک هەموو یان زۆربەی هەرە زۆری حزب و فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان لە پێکهێنانی «کابینەی ئەنجوومەنی وەزیران»دا بەشدار بن. ئەم شێوە فۆرمە لە حکومەت بە زۆری لە پێناو زاڵبوون بەسەر دۆخی قەیراناویی ئەستەمدا پەنای بۆ دەبرێت، وەک جەنگ و هەڕەشەی دەرەکی، یان تەنگژەی ئابووریی دژوار، یان

پشێوییەکی ناوخۆیی ئەوتۆ کە یەکێتی و سەربەخۆیی وڵات بخاتە مەترسییەوە، لەبەر ئەوەش بە «حکومەتی فریادڕەسی نیشتمانی» (حكومة الإنقاذ الوطني) ناوزەد دەکرێت، هەروەها ناوەکانی «حکومەتێکی ئاشتەوایی نیشتمانی» و «حکومەتی یەکێتیی نیشتمانی»ی بۆ بەکار دەهێنرێت. هەر چەندە ڕەنگە ئەم فۆڕمە لە پێکهێنانی حکومەت جۆرێک لە ئارامیی ڕواڵەتی مسۆگەر بکات، بەڵام حکومەتێکی لاواز بەرهەم دەهێنێت، ئەمە وێڕای نەهێشتن و نەبوونی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا.

وەک پێشتر وتمان، پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانی بە گشتی تایبەتە بە سیستمی پەرلەمانی، نەک سیستمی سەرۆکایەتی و سیستمی نیمچەسەرۆکایەتی، ئەمەش بۆ حەتمیەتی بەدەستهێنانی متمانەی زۆرینەی پەرلەمان بۆ بەرنامەی حکومەت دەگەڕێتەوە، بە پێچەوانەی سیستمی سەرۆکایەتی و نیمچەسەرۆکایەتی کە تیایاندا سەرۆکی دەوڵەت بەو دەسەڵاتە فراوانانەی پێی بەخشراوە، دەتوانێت زۆربەی بڕگەکانی بەرنامەی سیاسیی خۆی یان حزبەکەی بەئەنجام بگەیەنێت، بەبێ ئەوەی پێویستی بە بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی زۆرینەی پەرلەمان بێت. هاوکات بە ڕای هەندێک زانا، پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانی بە فۆڕمە بەرفراوانەکەی، بنەمایەکە لە بنەماکانی بونیادنانی سیستمی دیموکراسیی تەوافقی.

زۆربەی زانایان و پسپۆڕانی زانستە سیاسییەکان لەسەر ئەو ڕایە کۆکن کە حکومەتی هاوپەیمانی پەیوەستە بە نائارامی سیاسییەوە، ئەمەش بە واتای ململانێی چەکداری نییە، بەڵکوو زیاتر ئاماژەیە بۆ لێکترازانی ڕای گشتی و پەرشوبڵاویی مەیل و ئاڕاستە باوەکانی، بە جۆرێک کە هیچ حزب و لایەنێک ناتوانێت ڕەزامەندیی زۆرینەی ڕای گشتی بەدەست بهێنێت و لە ئەنجامیشدا بە تەنیا حکومەت پێک بهێنێت. ئەو لێکترازان و پەرشوبڵاوییەش هەندێک جار ڕووکاری نارەزایی و تووڕەیی و بێئومێدبوونی جەماوەرە لە زۆربەی حزب و لایەن و ڕەوتە باوەکان.

هەندێک لە زانایان ڕایان وایە پەنابردن بۆ پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانی، بە جۆرێک لە جۆرەکان دەرئەنجامی شکستی سیاسییە، کە ڕێگر بووە لەوەی هیچ حزبێک و لایەنێک زۆرینەی ڕەها بەدەست بهێنێت. هەندێکی دی ڕایان وایە ئەمە دەرئەنجامی هەڵکەوتەی نەخشەی سیاسی و فرەیی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، بەڵام لای هەندێکی دی دەشێت دەرئەنجامی سیستمی هەڵبژاردنی پەیڕەوکراو بێت.

لە کۆتاییدا وەک سروشتی هەموو جۆرێک لە هاوپەیمانی، وا دەخوازێت ئەو حزب و لایەنانەی دەیانەوێت دەستپێشخەری پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانی بکەن، یان ویستی بەشداربوونی تێیدا هەبێت، ڕووبەڕووی ئاڵنگاری زۆر دەبێتەوە. لەو ڕوانگەیەوە کە دەبێت لە پێناو پێکهێنانی حکومەتەکە خۆی لەگەڵ هەڵوێست و بیرەڕا و بەرژەوەندی و بەرنامەی زیاد لە حزب و لایەنێکدا بگونجێنێت، کە ڕەنگە لەگەڵیاندا جیاواز یاخود تەواو ناکۆک بێت. بۆیە پێویست دەکات پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتەکە (بە هاوپەیمانی) پلەیەکی بەرچاو لە نەرمینواندن و ئامادەیی سازشکردن و دەستبەرداربوون لە بەشێک لە ئیمتیازات و بەخشینی بە ئەوانی دی هەبێت، لە ئاکامدا دەشێت حزبی دەستپێشخەر یان بەشداربوو خۆی لە بەردەم تەنازولکردن لە بەرنامەی هەڵبژاردنەکەی خۆیدا ببینێتەوە بە شێوەیەک کە بنکە جەماوەرییەکەی خۆی نیگەران و تووڕە بکات، بەمەش ببێتە قوربانیی دامەزراندنی هاوپەیمانییەک کە هەرگیز ناتوانێت گەرەنتیی بەردەوامبوونی بکات، کاتێک بزانین کە درەنگ گەیشتن بە بڕیارەکان و زەحمەت کۆکردنەوەی ڕایەکان لەسەر هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی حکومەت و لەرزۆکیی پایەکانی هاوپەیمانیی نێوان لایەکانی، هەموویان هۆکارگەلێکی ڕێگرن لە بەردەم هەبوونی کاتی پێویست بۆ جێبەجێکردنی زۆربەی ئەجێنداکانی بەرنامەی حکومەتەکە، ئەمە لە حاڵەتێکدا کە ئەگەر هەمان ئەو پێدراوانە نەبنە هۆکاری زوو داڕمانی خودی حکومەتە هاوپەیمانییەکە خۆی.

## سەرچاوەکان

1. Lanny W. Martin and Randolph T. Stevenson, Government Formation in Parliamentary Democracies, American Journal of Political Science, Vol. 45, No. 1 (Jan., 2001).

2. Peter Holmes Collin, Dictionary of Politics and Government, Bloomsbury Publishing Plc, London,This edition, 2004.

3. Frank Bealey, Allan G. Johnson, The Blackwell Dictionary of Political Science: A User›s Guide to Its Terms, Blackwell Publishing Ltd., , Oxford, 1999.

٤. د. جابر سعيد عوض، النظم السياسية المقارنة، النظرية والتطبيق، مطبعة العشري، بدون تاريخ الطبع.

CFS


Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

CFS

Center for Future Studies


# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی


































CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

































CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٢٢) ساڵی پێنجەم، تشرینی یەکەم ٢٠٢٤